# سۆسیۆلۆژیای مۆدێرنە

د.حیکمەت نامیق عەلی

ناسنامەی کتێب
# سۆسیۆلۆژیای مۆدێرنە
د.حیکمەت نامیق عەلی ( مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین )
پێداچوونەوەی زمانەوانی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر فەرهاد عەزیز
بابەت :کۆمەڵناسی
بەرگ و ناوەڕۆک : ئیبراهیم ساڵح
نرخ: 3000
ژمارە سپاردنی : ژمارە (4) ی ساڵی 2022

©
مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێرست

بەشی یەکەم:        لاپەرە ... ١٤
سەرهەڵدانی مۆدێرنەو ناساندنی لەڕووی کۆمەڵناسی و فیکریەوە

بەشی دووەم:        لاپەرە ... ٤٢
پوختەی مۆدێرنە لەڕوانگەی هەریەک لە مارکس و دۆرکهایم و ڤیبەرەوە

بەشی سێیەم:        لاپەرە ... ٩٠
مۆدێرنەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی

بەشی چوارەم :        لاپەرە ... ١٣٧
لەنێوان  ترادیشن و مۆدێرنەدا

بەشی پێنجەم:        لاپەرە ... ١٥٨
قوتابخانەی فرانکفۆرت

بەشی شەشەم :        لاپەرە ... ١٨٥
پۆست مۆدێرنە و ئەنجام

سەرچاوەکان        لاپەرە ... ٢٤٤

# پێشەکی

بیرۆکەو ئایدیای مۆدێرنە، بەشێکی گرنگی تیۆری هاوچەرخی کومەڵناسی پێک دەهێنێت، بەشێوەیەک کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵناسی دانا بە جۆرێک دەشێ بگوترێ مۆدێرنیتە، لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست دروست بوو. هێندێ پێیان وایەکۆمەڵناسی لە ناوەخندا پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرنەوە هەیە.ئەو پەیوەندییە بنیاتییە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە زیاتر گەنگەشەی لەسەرکرد، بەڵام بەرەبەرە زیاتر گرنگی پێدرا و شوێنی خۆی لەنێو کایەی سۆسیۆلۆژیادا گرت.

ڕێنساس و هیومانیزم و دونیای سێکولاریزم دووبارە هەڵسەنگاندیان بۆژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کرد بەوەی کە جیهانێکی نوێ، جیاوازتر لەدنیای پێش مۆدێرن بەڕێوەیە کار لەسەر دووبارە لەدایکبوونەوەی مرۆڤدەکات. پێشوتر لە دونیای پێش مۆدێرنەدا مرۆڤ دەستەوەستان بوو لە ئاست کێشەو دیاردەکان بەتایبەتی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا بەدەست کۆمەڵێک کێشەی سروشتی کۆمەڵایەتیەوە گیرۆدە بوبوو، بۆیە مۆدێرنە گرنگی زیاتری بە دونیای ژیاری مۆڤەکانداو لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی نائەقلانی بۆدیاردەکان دوورکەوتەوە. (Alberto Martinelli, Global Modernizationa ,p6)

ئامـانج لـه نوسـینی ئـەو کتێبـە بریتیـە لەئاشـنابون بـە چـەمک و بنـەماکانی مۆدێرنــەو بــە مــودێرنکردن و پەیوەنــدی بــە تیــۆری کۆمەڵناسـیەوە، لـە زانکۆکـانی کوردسـتاندا زۆر بـە لاوازی ئـەو بابەتە وەک میتۆدۆلۆژیـاو تیۆر کـاری لەسـەر دەکرێت لەکاتێکدا ئەرکی سـەرەکی کۆمەڵناسـی بریتیـە لـە لێکوڵینـەوەی مۆدێرنـە و تیۆرەکـانی، چونکـە سۆسـیۆلۆژیا بۆ ئـەوە هـات تـاکو بیرۆکـەی مۆدێرنە لەناو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا بچەسپێنێت، بۆ ئـەوە دروسـت بـوو تـاکو دووبـارە تـاک لـە کۆت و بەنـدی کلاسـیکی و هەژموونی ئەفسانەو دیاردە نا ئەقڵانییەکان ڕزگاربکات. ئامانج لە نوسینی ئەو کتێبـە شـۆڕبوونەوەیە بـە چـەمک و ئایدیای گـەورە کۆمەڵناسان و شـەنوکەوکردنی تیۆرەکانیان، هـەروەها ئامـانجێکی تری نوسینی ئەو بابەتە بریتیە لە پەیوەندیی مۆدێرنە بـە گۆڕانی کۆمەڵایــەتی دواتــر ڕەخنــەگرتن لــە مۆدێرنــە لــە ڕوانگــەی فرانکفۆرتیەکانـەوە هـەروەها پەیوەنـدیی نێـوان مۆدێرنـەو دوای مۆدێرنەو جیاوازی نێوانیان.

یەکێک لەو پرسیارە هەنووکەییانەی، کـە پێویسـتی بـەوەڵامی وردی ئــەکادیمی هەیــە ئــەوەیش ئەوەیــە پەیوەنــدیی نێــوان گــۆڕانی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنە چیە؟ چۆن مۆدێرنە وەک پرۆژەیەکی فیکری کاری کردە سەر گۆڕینی ڕەفتـاری تـاک و گروپـەکانی نێـو کۆمـەڵگا واتە دەکرێ پرسـیارەکە بەشـێوازێکی تـر بکـرێ ئـەویش پەیوەنـدیی پێش مۆدێرنەو سەرهەڵدانی مۆدێرنە چیە؟ئێمە هەوڵدەدەین وەڵامـی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، کە بووەتە گرفتی توێژینەوەی تیۆری ئـەو کتێبە. هەروەها گرفتێکی تری ئەو باسـە پەیوەندیی نێوان مۆدێرنـەو پۆسـت مۆدێرنەیـە لەدیـدی کۆمەڵناسـیەوە بـۆ نموونـە ئایـا پۆسـت

مۆدێرنــە درێژەپێــدەری هــەمان پــرۆژەی مۆدێنیتەیــە یــان ســیماو خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە.

مـــۆدێرنیتی یـــان مۆدێرنـــە وەک پێکهاتەیـــەکی سۆســـیۆلۆژی بەشـیۆەیەکی هەمەلایەنـە دروسـت بـوو لـە بوارەکـانی ئـابوری و کۆمەڵایــەتی و سیاســی و کولتــوری، بەشــێوەیەک ڕەنگدانــەوەی لەسەر گشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ هەبو، ئەو بەشـە کار لەسـەر ئەو مۆدێلانە دەکات کە کاریگەری لەسـەر دروستبونی مـۆدێرنیتە لەلایان بیریارانی کۆمەڵناسیەوە هەبوو بەمانایەکی تر ئەو بەشە بۆ لێکۆڵینــەوە لەســەر ڕۆڵ و پێگــەی زانایــانی بــواری کۆمەڵناســی و پێشــبینی و بۆچوونــەکانیان تەرخانکراوە.کۆمەڵناســانی کلاســیک بەگشتی و لەسـەروی هەمویانـەوە (کـارل مـارکس و مـاکس ڤیبـەرو دۆرکهـایم سـکۆت لاش) و ئـەوانی دیکـە نـاوەڕۆکی کۆمەڵناسـی مۆدێرن پێک دەهێنن. دواتر کۆمەڵناسانی هاوچەرخی وەک (گیدنزو ئۆلریش بێک و باومان) و ئەوانی تر هەروەها بەشێکی دیکەی ئەو کتێبە شیکردنەوەی تێوری فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری و مێژوویـی قۆناغەکانی سەرهەڵدانی مۆدێرنەیە.

مۆدێرنە وەک چەمکێکی کۆمەڵناسی خـاوەن پڕۆسـەیەکی دوالیزمـی بـوو، بەمانایـەکی دیکـە وەک کردەوەیـەکی دینـامیکی لـە سـێتەری کـارکردنی دەرکـەوت، بـەژداری کـرد لـە دووبـارە بونیادنانـەوەی تێگەکان و ناساندنی دوالیزمی چەمکەکانی پەیوەست بە فیکر وەک دوالیزمـی کـارو سـەرمایەی مـارکس و لادان و هەڵوەشـانەوە لای (دۆرکهـایم) و ئـازادبوونی مـرۆڤ لـەنێوان ترادیشـن و ئەقلانییـەتی (ڤیبەر). قسەکردن لەسەر دووبارە بونیادنانـەوەو تێگەیشتن لەسـەر ئەو ململانێیانەی کە مۆدێرنـە کـاری لەسـەر دەکـات وە ک پێکهاتـە،

وەک پـرۆژە هاوشـێوەی گرفـت و پشـێوی نێـوان یـەکانگیری و جیاوازیەکانــە یــان هەڵوەشــانەوە و سیســتەمە یــان تــەنگژەی ئــازادبوون و هەژارییــە لای کولتــوری کەســەکان. بــۆ زیــاتر شارەزابوون و ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتە پێویستە لەچەند شوێنێکی ئەو کتێبە تیۆرەی سەرمایەداری (مارکس) وەرگرین کە بەشێوەیەکی بابەتییانەو کۆمەڵناسییانە باسی سەرمایەداری کردوە وەک بنەچەیــەک بــۆ ســەرهەڵدانی مۆدێرنیتــە دواتــر تیۆــوری کۆمەڵناسـانی کلاسـیک و تازەگـەری و فەیلەسـوفانیش وەرگـرین، چونکە مۆدێرنە چەندە پرسێکی کۆمەڵناسیە ئەوەندەش پرسێکی فەلسەفیە بۆیە پرسیاری توێژینەوەکەش فرە ڕەهەندو فرە میتودە.

## میتۆدۆلۆژیا

لەسۆســـیۆلۆژیادا دوو میتــودی گرنــگ هــەن کــە هەمیشـــە بەکاردەهێنرێت لەناو تیۆری کۆمەڵناسیدا چی تیۆری بونیادییەکان بێت چی تیۆری پۆزەتیڤیزم بێت، بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵناسی ئەو دوو جۆرە ڕێبازە کاری لەسەر دەکرێت، توێژەر لەنێو هەریەک لـــەو دوو میتـــۆدەی کۆمەڵناســـیدا، بـــۆ کۆکردنـــەوەی داتـــاو شیکردنەوەی زانیاریەکان فرە ڕێباز و ئامراز بەکاردەهێنێت.

ئەو میتۆدەی کە کاری لەسەر کراوە لەو کتێبەدا میتۆدی چۆنایەتیە بـەدرێژی کـار لەسـەر شـیکردنەوەو وەسـفکردنی دەقـەکان دەکـات دواتر شییان دەکاتەوە (ئەمیر مارڤاستی) میتۆدی چۆنایەتی بریتیە لە شیکردنەوەو وەسفکردنی چۆنی بابەتەکە. (marvasti amir p7)

(ئـالان بریمـان) ALAN BRYMAN پێـی وایـە تـوێژەر کـاتێ میتـۆدی چۆنایـەتی بـەکاردێنێ، باشـترین کـاری بریتـی دەبێـت لـە

سەرنج و تێبینیکردن نەک تەنیا لەبواری کۆمەڵناسی بەڵکو لە بواری ئسنۆگرافی و ئەنترۆپۆلوژیشدا ئەو میتۆدە گونجاوە. (bryman , 1988, p 45) لە میتۆدی چۆنایەتیدا دەکریَ تویژەر شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکار بێنێت یاخود دیکۆمێنت بەرێگای جیاواز، بەلاّم ئەوەی گرنگە لەمیتۆدی چۆنایەتی سەرنج و تێڕوانینیی بابەتیبوونی تویژەرە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گەیشتن بە ڕاستی ئەو پرسیارانەی کە لە گرفتی تویژینەوەکە ئاراستەی کردوە، بەلاّم مەرج نییە وەلاّمی تەواوی پرسیارەکانی دەستکەویّت وەک تویژەرانی بواری چۆنایەتی و چەندایەتی باسی دەکەن یەکیّک لە ئامانجەکانی میّتودی چۆنایەتی بە گووتەی(ڕانجیت کومار) Ranjit Kumar وەسفکردنی دۆخی دیاردەیەکە یان کیّشەو ڕووداویّکە بەسەرنجدان و تیّبینیکردن هەروەها تویژینەوەی شیکاریstudy explanatory دەبیَ بەشیّوەی ڕیّکخراو و سیستماتیک گۆڕاوەکان وەسف بکات، چونکە ئیمپیّریکەلی تویژینەوەی چۆنایەتی تەنیا ئەو جۆرە مەعریفەیە کە مرۆڤ بە دەستی دیّنیّت لەرێگای هەست و ئەزموونەوە هەروەها یەکیّک لە کارو ئەرکی میتۆدی چۆنایەتی لای تویژەر بریتیە لە سەرنج و تیّبینی لەکاتی لیکۆلّینەوەدا. observation
(kumar ranjit,1999) new dalhi, p,17 -20)

# دیاریکردنی چەمکەکان

**چەمکی مۆدێرنەو بەمۆدێرنکردن:**

ئـەو دوو چەمکـە فیکـری و کۆمەڵناسـییە ڕۆژانـە لەسـەر زاری خەڵکـــە، بەتایبـــەتی لـــە نێـــو ڕاگەیانـــدن و سیاســـەت و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان ولـە شـوێنە ئەکادیمییـەکانیش تەنانـەت باسـی ئـەو چەمکانـە دەکرێـت هـەروەها بۆپێشـڤەچوونی کـۆی سێکتەرەکانی نێو کۆمـەڵ دووبـارە باسـی ئەو بابەتانـە دەکرێت واتـە ئێسـتا مۆدێرنـەو بـە مـۆدێرنکردن دوو چـەمکی بـاوی نێـو کۆمـەڵگان. مـن هەوڵـدەدەم بـە شـێوەیەکی ئـەکادیمی لەڕوانگـەی سۆسیۆلۆژیەوە ئەو چەمک و تێگە فیکریانە شی بکەمەوە.

مۆدێرنـــە لـــەبواری کۆمەڵناســـیدا بـــۆ هـــەموو ئـــەو گۆڕانـــە کۆمەڵایەتیانـە بـەکارهاتوە کەلـە ئـەوروپا لـە کایـەکانی ژیانـدا لـە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ڕوویاندا لە ژێر ناوی دیموکراسیەت و بـــە پیشەســـازی کـــردن و شـــاربوون ئـــەو چەمکـــە لەبەرانبـــەر کۆمـەڵگای نـەریتی داهێنـرا ئەمـەش ئامـاژە بـە ژیـانێکی نـوێ لـە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، هـەروەها ئـەزمونێکی تـازەی ژیانکردنی مرۆڤەکانە بەرانبەر جیهان بەگشتی.

بـاوکی داهێنـانی ئـەم چەمکـە و ڕەگوڕیشـەکەی بـۆ (مـارکس و ڤیبەر و دۆرکایم) دەگەرێتەوە مۆدێرنـە لای ئـەو زانایانـە بەگشـی ئاماژەیەکی تازەیە بۆ هەستکردن بە خودو لێپرسراوێتی بەرانبەر بە هەمو ئەو چالاکییانـەی، کـە مـرۆڤ بـە هۆشـیارییەوە ئـەنجامی دەدات.

کۆمەڵگای مۆدێرن خاوەن ئەزموونێکی تازەی ئازادییەکانی مرۆڤە، هەروەها مۆدێرنەکرانەوەی کۆمەڵگاکانە بەرەو ئایندەیەکی کراوەتر، لێرەوە پەیوەندی نێوان مۆدێرنەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی بەتین و بەردەوامە بەشێوەیەک مۆدێرنە وەک پڕۆژەیەک هەمیشە ئامانجی گۆڕانکاریکردنە لە کۆمەڵگاو دامودەزگاکانیەتی. (Hans Haferkamp and Neil J. Smelser,p38)

بەمۆدێرنکردن MODERNIZATION

بریتیە لە هەموو ئەو گۆڕانکاریە کولتوریی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆمەڵگا ڕوودەدەن واتە پرۆسەیەکی مێژو کردە، کە بەدرێژایی مێژوو لە ئەوروپا ڕوویانداوە لەسەر ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا وەک هەموو ئەو شۆڕشە پیشەسازی و سیاسیانەی کە لە ئەوروپا بەرپاکرا بەمۆدێرنکردن زیاتر مۆرکێکی ڕۆژئاوایی پێوەدیارە بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسا توانی گۆڕانکاری بکات لە خودو تاکێتی و هۆشیاری مرۆڤەکان، لە هەمانکاتدا شۆڕشی پیشەسازی توانی گۆڕانکاری مادی و تەکنەلۆژی و ئامرازەکانی گواستنەوە دەستەبەر بکات. {بەمۆدێرنکردن} کۆمەڵێک پرۆسەی بەیەکەوە بەستراوە تێیدا گۆڕانکاریەکی جۆری لەنێو ڕێکخستن و پەیوەندیە شارستانیەکانی کۆمەڵگا دێنێتەکایەوە. (Alberto Martinelli,2005 ,P8)

چـــەمکی مـــۆدێرنیزم modernism بەشـــێوەیەکی گشـــتی پەیوەندیی بە بزوتنەوەی هونەرمەندانەوە هەیە، کە لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، لـەنێو کایـەی ئەدەبـدا، لەنێویشـدا ڕۆمـان نوسـەرەکانی وەکVirginia Woolf لەسالّی (١٨٨٢ -١٩٤١ James Joyce سـەری هەڵدا and D. H . Lawrence (1885–1930)ئەوانـە ئـەزموونێکی ئـەدەبیان تـاقی کـردەوە بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگـاو ڕێبـازێکی نـوێی ڕۆماننوسـین بـە شـێوەی جیاواز.

(Simon Malpasp10)

ئـەو چەمکـە ئاماژەیـە بـە پێویسـتی و حەتمیـەتی گەشەسـەندنی تەقـــەلای مـــرۆڤ لـــە هـــەموو کایـــەکانی ژیـــانی دا هـــەروەها پەرەسەندنی هێزی ئەقڵە.

پۆسـت مۆدێرنـە: ڕووبەڕووبونـەوەی یـان بـەرەنگاری فـۆرمی مۆدێرنەیە لە دووتوێی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییدا، زانایانی پۆست مۆدێرنــە زۆرجــار ئــەوە دووپاتدەکەنــەوە کــە ڕێگــای تــازەی ڕێکخســـتنی ماریفـــە بەســـەرچووە پێویســـتی بـــە دووبـــارە بیرلێکردنـەوە هەیـە(malpas , simon , 2003, p11) .پۆست مـۆدێرنیزم: ئـەو چەمکـە بـەپێی فەرهـەنگی کۆمەڵناسـی ئێسـتا بـەکاردەهێنرێت لـەبواری جـوانی ناسـیدا، گفتۆکردنـە لـەبارەی وەسفکردنی بزووتنـەوەی هونـەری کەلـە سـاڵی ١٩٦٠ سـەریهەڵدا وەک کاری (ئەندی ۆرهۆل)کـە تـوانی مـۆدێرنیزم تێپـەڕێنێ تێیـدا کارەکانی فرە پارچە پارچەی فۆڕمی جوانی بوو جەختی لەسەر

پلــۆرالیزم و جیاوازیــەکان دەکــردەوە بانگەشــەی ڕیــالیزمی نەدەکرد( oxford ,dictionary of sociology ,p584 ).

بەگشتی ئەو چەمکە ئاستێکی فراوان و هەمە لایەنی بزووتنـەوەی کولتورییـە کـە بـە فـرە ئاراسـتەیەکی تایبـەتی بنچینـەو بنـەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا پەیوەستە. (yaghoubi, roya, p1

# بەشی یەکەم
# سەرهەڵدانی مۆدێرنەو ناساندنی لە ڕووی کۆمەڵناسی و فیکریەوە

مێـژووی سـەرهەڵدانی مۆدێرنـە، تاڕادەیـەکی زۆر ئـاڵۆزو بگـرە تەمومژاوییە بە بەڵگەی ئەوەی کە فرە ئاراستەو فرە بۆچوونە لەبارەی بنەماو فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و تیۆری کۆمەڵایەتی و فەلسـەفییەوە، هـەروەها ئـەو مێـژووە دەچێتـە نـاو هـەموو کایـە جیاوازەکـانی ئـەدەب و هونـەرو کۆمەڵناسـی و فەلسـەفیەوە هـەروەها مۆدێرنـە لـە ڕووی کردایـی و ئەزمونگەرییـەوە بـەرەنجامی شۆڕشـە یـەک لـەدوای یەکەکانـە بـۆ دەرخسـتنی ئـەو مێـژووە ئێمـە کۆمـەڵێک تیـۆری فەلسـەفی و کۆمەڵناسـیمان وەرگرتـوە ئـەو بەشـە تـەخانکراوە بـۆ شـیکاری و ئەزمونگـەری خودی ناساندنی مۆدێرنە لە ڕووی چەمک و ڕوانینە کۆمەڵناسی و هزرییەکانەوە لەگەڵ خستنەڕووی ئەنجامی بەشی یەکەم.

مۆدێرنـە وەک پڕۆژەیـەکی فیکـری چەنـدیین ڕووی هەیـە ئیشکالیەتی ئەو پڕۆژەییە فرە ڕەهەند و میتۆدە، هەر زانایـەک لـە دیـدی خـۆی پێناسـەی کـردوە ئێمـە هەوڵـدەدەین قۆناغـە مێژووییـەکانی سـەرهەڵدانی ئـەو چەمکـە شـی بکەیینـەوە. دواتـر ناساندنی بەدرێژیی لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسی و بیریارانی فەلسـەفی هـەروەها نیشـاندانی ئـەو خەسڵەت و ئەدگارانەیـە کـە مۆدێرنـە دواجـار سـەربەخۆیی خـۆی وەرگـرت وەک پـڕۆژە و

شێوازێکی نوێی شیکردنەوەی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بۆیە ئەو بەشە گەڕانە بەدوایی دەرکەوتنی سەربەخۆیی خودی ئەو چەمکە بەپێی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتی و مێژوویانەی کە کۆمەڵگاکانی پێدا تێپەڕیوە.بیرۆکەی مۆدێرنە پێش ئەوەی سۆسیۆلۆژیستەکان کاری لەسەر بکەن وەک بوارێک لە کۆمەڵناسییدا فەیلەسوفان تەنانەت ئەدیبانی ڕۆشنگەریش کاریان تێداکردوە وەک ڕەهەندێکی گرنگی هزری ئەوبوارە، لێرەدا پێویستە هەم گفتۆگۆلەسەر تێکستە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی بکەین و هەم باس لە تیۆرو دیدگای فەیلەسوفان بکەین لەم بارەیەوە.

(گیرارد دیلانتی) پێی وایە کە مۆدێرنە لە بنەڕەتدا بریتیە لە سەربەخۆیی خودی و سەربەخۆیی کەلتور و سەربەخۆیی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زۆربەی کایەکانی دیکەی ژیان. (Gerard Delanty, 1999,p 18) لێرەدا سەبەخۆییی دەبێتە بنەچەی سەرهەڵدانی مۆدێرنە، سەرەتا لەو skepticism گوومانە فیکرییانە هات کە فەیلەسوفان لە بوارەکانی ئەزموونی ژیانی مرۆڤ کاریان لەسەرکرد بۆیە گوومانکردن وەک یەکەم پرسی مەعریفی بووە بابەتی سەرهەڵدانی مۆدێرنە دواتر بەرەبەرە دەسەڵاتی خود پەرەی سەندو نرخی ئەو مەعریفەیە بووە هۆی ئەوەی بەشێوەی بنەڕەتی گۆڕانکاری لە کولتوری ئەوروپاو وێناکردنی مرۆڤ لەم بارەیەوە ڕوویدات.

هزری مۆدێرنە بەپێی سەرچاوە کۆمەڵناسی و مێژووییەکان لەسەرەتای سەدەی شازدەو حەڤدەوە لەنێوان پێش مۆدێرنەو

مۆدێرنەدا سەریهەڵدا، چونکە تەوژم و ئاراستەی پێش مۆدێرنە بەرپەرچی بیرۆکەی مۆدێرنەی دەدایەوە. سەرەتای ئەو گەنگەشەکردنە لەلایەن نوسەری کتێبی (فێربونی تازەو کۆندا) هات لەلایەن (ولیام تیمپلی) لەساڵی ١٦٩٦ بڵاوکردەوە تێیدا نوسەر باسی ئەوەدەکات مۆدێرنەکان ستایلی ژیانی کۆن ڕەتدەکەنەوە وەک ئایدیای جوانی بێکۆتاو سەردەمی پەرستنی ئۆگەستین، تێیدا بۆچوونەکانی لەبەرژەوەندی گەشەکردن و نوێگەری بوو. بەمانایەکی دیکە ئەو جۆرە گوتارە زانستیانە بوو بۆ شیکردنەوەی دیاردە کۆن و تازەکان دوای ئەوە زانای بەناوبانگی ئینگلیز(فرانسیس باکۆن) دژی بۆچوونەکۆنەکان وەستایەوە و پشتگیری زانستی کرد بۆ ئەوەی کاریگەری ئەو زانستە لەسەر کۆمەڵگا ڕەنگبداتەوە، بۆیە مۆدێرنە بووە جۆرێکی تایبەت لە ئاگایی و هۆشیاری مرۆڤەکان بایەخی بەو پرسە دا بۆ سەربەخۆیی خود لەسەدەکانی ناوەڕاست و پێشووتر مۆدێرنە لەڕابردوو قەتیس کرابوو لە داهاتو و ئێستا دوورکەوتوبوویەوە، تەنیا پەرستنی سروت و کەنیسەی بۆ ژیانی مرۆڤ بە پێوەر دادەنا.

(کانت) لە کتێبی ڕوشنگەری چییە؟ پێی وایە کە ئێمە ڕۆشنگەر نیین، بەڵام لەسەردەمی ڕۆشنگەری دەژین، مەبەستی ئەوەیە مرۆڤی هاوچەرخ دروست نەبووە بەهۆی کەلتورو کۆمەڵگا لەلایەک و ئاکار و واقع لەلایەکی دیکەوە رۆشنگەری دەبێت بە هێزەوە بێتە نێو سەردەمەکە تا ئێستاش مرۆڤ ناتوانێ بەشێوەی تەواو بێتە ناو دۆخەکەوە مرۆڤ پێویستە توانستە ئەقڵییەکانی بەکار بهێنێ بەبێ ئەوەی کەسی دیکە ئامۆژگاری

بکات. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کانت مۆدێرنەی پەیوەست کرد بە ڕێگایەکی تایبەتی بیرکردنەوە. ڕۆشنگەری دەرچوونی مرۆڤە لە نائەقلانییەتی خودی، چونکە بەدیدی (کانت) پێنەگەیشتو immaturityکەسێکە ناتوانێ بیربکاتەوە هەمیشە پشت بە ئامۆژگاری ئەوانی دیکە دەبەستێ بەومانایەی کە خۆی نییە. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆشنگەری واتا خولانەوە لە دەروی سەربەخۆییدا، هەروەها ڕەخنە گرتندا، بەوشێوەیە بەکارهێنانی ئەقڵ دەبێتە خەسڵەت و سێنتەری مۆدێرنەو ڕۆشنگەری.(Gerard, 2000, p2-9 Delanty)

زانایەکی دیکەی ئەو بوارە(هێگلە)، ئەگەرچی وەک باسمانکرد ئێمە پێویستە ئاشنای ڕەگو ڕیشەی سەرهەڵدانی مۆدێرنە بین، چونکە هەردوو بوارەکە بەچڕی کاریان لەسەر کردوە واتە بێ گەرانەوە بۆ شیکاری فەیلەسوفان توێژینەوەکەمان جۆرێک لە کەموکورتی تێدا دەبێت، مۆدێرنە لەڕوانگەی هێگلەوە پێچەوانەی کانتە ئەو بیرۆکەی مۆدێرنەی بە فەلسەفەی مێژووەوە پەیوەست کرد. واتا ئەو چەمکە بریتیە لە کاتی ئاگایی و هۆشیاری ڕەنگدانەوەی ئاگایی مێژووە، دەرککردن و پەیپێبردنی ئەو ڕێگایەیە کە گوزارشت لە یەکانگیری ڕابردو و ئێستا دەکات. (هێگل)نموونەی شۆڕشی فەرەنسی و هاولاتیبوونی یۆنان دێنێتەوە کە فۆرمێکی گشتگیر و تۆتالیتیان بونیات ناوە لێرەوە ئەو ڕووندەبێەوە کە پێچەوانەی کانت دەروانێتە مۆدێرنە، چونکە لای (کانت) ئەو چەمکە لە ناوەخن و جەوهەردا ئەزموونی ڕۆشنگەری بوو لە دووتوێی کولتوری مۆدێرنیتیدا، بەلام لای

(هێگل) مۆدێرنە گەورەترە لە ڕۆشنگەری پەیوەندی بە مێژوو هەیە ئیپیستمۆلۆژی دەبێتە تیۆری کۆمەڵایەتی نەک تەنیا تیۆری مەعریفە بێت. پرسیار لای(هیگل) ئەوەیە چۆن مەعریفە لەناو مێژوو دروست دەبێت و گەشە دەکات، واقع و ڕیالیتی بەهۆی مەعریفەوە دروستدەبێت، لێرەدا ڕەخنەی ماریفە فۆرمێکی گەشەکردوی ئاگاییە، مەزنترین فۆرمی ماریفە لای(هیگل)بریتیە لە ئاگایی وەک خود هۆشیاری دەرەنجامی فیکری (هیگل) لەبارەی مۆدێرنەوە دەکرێ بەو شێوەیە وەسفی بکەین بە کورتی مۆدێرنە لەنێو دژبەریی ناوەکی و ململانێدایە وەک خود و مەعریفە واتە لە تەنگژەدایە و ئەستەمە سەربەخۆبێت.لە سەرەتای کتێبی فەلسەفەی ماف، بۆچوونەکانی لەبارەی تیۆری کۆمەڵگای مەدەنی دەخاتە ڕوو دەڵێ مۆدێرنە پرۆسەییەکی نەرێنی و دژە، ئاکاری ژیان یان ئاکاری گەل لەناو بوارێکی تایبەت دروست دەبێت و نەشونما دەکات، بەڵام بواری گشتی مەبەستی کۆمەڵی مەدەنیە و دەوڵەت و بواری سیاسیە ئەو پێی وایە کۆمەڵگای مەدەنی ئاکاری کۆمەڵایەتی تێکدەدات، چونکە سیستمی پێداویستیەکان لەژێر سێبەری سەرمایەداری بەدیدەهێنرێت لێرەدا ئاکاری ژیان دابەشی زێدەڕۆیی و لەدەستچوون دەبێت لای(هیگل) دەوڵەت ئەوپەڕی گوزارشتکردن و ڕەنگدانەوەی گەلە لەبەرانبەر کۆمەڵگای مەدەنییدا، چونکە دەوڵەت کەموکورتی و نەنگییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی قەرەبوو دەکاتەوە. کەوابێ بۆچوونی(هیگل) لەبارەی تیۆری کۆمەڵایەتیەوە بریتیە لە پارچەپارچەبوون و نامۆبوونی ئاگایی لەنێو کۆمەڵی مەدەنی دواتر گەڕانە بەدوای چارەسەری سیاسی

بۆ ئەو پرسانە، مودێرنە وەک مۆتیف و هاندەرێک وایە بۆ گوزارشتکردن لەو ناکۆکییە.(ibid,p 17-18).

لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە مۆدێرنە بەشکردن و پارچەپارچەبوون بەرهەم دێنیت وەک کۆمەڵناسانی پۆست مۆدیرنە باسی دەکەن ئێمە لەبەشەکانی دیکە بە درێژی باسی دەکەین، پرۆژەی مۆدێرنە ئەوەندە ئالۆزە تەنیا لە بواری کۆمەڵناسییدا قەتیس نابێ، بەڵکو زۆرێک لە قوتابخانە فیکری و ئەدەبیی و هونەرییەکان کاریان لەسەر کردوە وەک میتۆدۆلۆژیاو تیۆر، ئێمە هەڵدەدەین بە پوختی ڕوانگەی فیکری و کۆمەڵناسی بخەینە ڕوو وەک چوارچێوەیەکی مێژوویی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی پرۆسەی مۆدێرنە و تێڕوانینی تیۆری و میتۆدی بۆ ئەو بابەتە هەروەها پێویستە فاکتەر و بنەما فیکریەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بخەینە ڕوو.

وەک باسمان کرد مۆدێرنە وەک کایەیەکی سۆسیۆلۆژی خاوەنی چەندین تیۆرو لێکدانەوەی فیکری و کۆمەڵناسیی و مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبییە، بۆیە پێویستە وەک دەسپێکێک بۆئاشنابوونی زیاتری ئەو بابەتە لەڕوانگەیەکی مێژوویی و هزرییەوە چوارچێوە مێژویەکەی دیاریبکەین.
مۆدێرنە ساتێکی مێژوویی یەکلاکەرەوەی ڕێڕەوی عەقڵی ئەوروپا پێکدەهێنێت، چوارچێوە مەرجەعیەکان، ڕێگە

خۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی ئەو پرۆژەیە، لەبەرئەوە دەرکەوتەیەکی ئەوروپیانەی پێوەدیارە. خۆی لەخۆیدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بیرمەندانی ڕۆشنگەری دەبەستێت. مۆدێرنە ئاراستەیەکە بەرەو تێکشکاندنی پیرۆزی، گوتاری مۆدێرنە بریتی بوو لە بە عەقلانیکردنی تیۆرو کارکردن لەڕوانگەی رەفزکردنی هەموو شتێکی نامەعقول. هێندێک وای دەبینن کە مۆدێرنێتە لەگەڵ (دیکارت) سەریهەڵداوەو دروستبووە. بەوەی کە خودی (دیکارت)هەڵگری پرۆژەی نوێگەریە، ئەو خاوەنی ئەو وتە فەلسەفیەیە کە دەڵێ (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) ئەمە خۆی لەخۆیدا گوزارشت لە حەقیقەتی بوونی مرۆڤ لەژیاندا دەکات، بەڵام هەر زوو ئەو وتەیە ڕووبەڕووی ڕەخنەو بۆچوونی تازەتر بوویەوە. چونکە پرەنسیپی خودگەرایی و فەلسەفەکەی ڕووبەڕووی بەشتبوونی مرۆڤ بوویەوە و مرۆڤی توشی زۆرێک لە کێشەو دەردەسەری سیاسی و توندو تیژی کرد.

بۆ وێنە هەندێک لە بیرمەندان پێیانوایە ئەو وتەیە ئەگەر لە ڕابردوودا هۆشیارکردنەوەی مرۆڤ بێت وەک خود، ئەوا لەئێستا دا بووەتە بەربەستی بزوتنەوەی نوێبوونەوە.(تیۆدۆر ئەدۆرنۆ) یەکێکی ترە لەو کۆمەڵناسانەی پێیوایە چەمکی مۆدێرنە یان تازەگەری پێشوتر بەکارنەهێنراوە تەنها لەگەڵ هونەردا نەبێت، ئەویش لەنیوەی سەدەی حەڤدەدا لە کارەکانی (بۆدلێر)ی شاعیری فەرەنسیدا گوزارشتی لە پرسی تازەگەری کردوە، ئەو لە تێکستەکەیدا (وێنەی ژیانی تازەگەری) وا پێناسەی تازەگەری کردوە بەوەی کە بەجێهێشتنی زەمەنە یان جۆرێک لە زەمەنی

کـاتی و تێپـەڕیو پێکـدەهێنێت. بـەمانای ئـەوەی کـە تازەگـەری نواندنی ژیانی ئێستایە، یان دۆخێکی ئێستاییە. ئامانجی تازەگەری لای(بـۆدلێر) دیـاریکردنی چەنـدێتی نییـە لـە سـەردەمێکی مێژوییـدا لـەپێناو دروسـتبوونی دژبوونێـک لـەنێوان تازەگـەری و سـەردەمە مێژووییەکانی تـردا، بـەڵکو خـۆی لەخۆیـدا بوونێکە بۆخـۆی. بـەو شـێوەیە مێـژوو زیجیرەیـەکی یـەک لـە دوایەکـە لـە ئێسـتادا، یـان زنجیرەیـەکی بـەردەوامی تازەگەریـە. ئەمـەش واتـای ئەوەیەکـە تازەگەری یان مۆدێرنە هیچ شتێک لە ڕابردودا فێرنابێت، بووەتـە هۆی ئەوەی کە لەئێستادا لەدایک بێت.

یان بەمانایەکی دیکە تازەگەری دەگاتە سـەرمەدی، یـان لـە سـاتی ئێستادا بەردەوامە، نەک لـە میانـەی پەیوەسـتبوبونی بـە کـەلتوری کۆنەوە، چونکە ئینتیمابوون بۆ سـەردەمێکی مێژوویی نابێتە هۆی داماڵینی سـیفەتی تازەگـەری لەمرۆڤـدا، بـەڵکو تازەگـەری دەبێتـە بابـــەتێکی ئارەزوومەندانـــە، مـــرۆڤ بەشـــێوەی مەبەســـت وەریـدەگرێت، یـان وەریناگرێ.کـاتیی و مۆدێلـە، دنیـایی بـەڕای بۆدلێر ڕوویەکی دیکەی هەمیشـەییە لـەنێو دوالیزمـی مرۆڤایەتیدا. (لوڤیڤر هنری ص١٧

لێرەدا هاوبەشیکردنی (بـۆدلێر) لـە پرسـی مۆدێرنـە بەشـێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت، کە بووە هۆی وەرچەرخانێکی فەلسەفی مەزن لەمیانەی وەسفکردنی تازەگەریدا.

ئاراستەیەکی دیکەی سەرهەڵدانی مۆدێرنـە، یـان تازەگـەری بریتین لە زاناو کۆمەڵناسانی ئینگلیز، لەسەروی هەموویانەوە (جۆن لۆک و ئادەم سمیت) و ئەوانی تر. سیمای دەرکەوتنی تازەگەری لای (جۆن لۆک) بریتیە لە دامەزراندنی سیاسـەتی لیبـراڵ، چونکە لەگەڵ لۆکدا

دەوڵـەت بـووە هـۆی دابینکردنـی ئاسـایش و ئـازادی تاکـەکان و سـەلامەتیان و پاراسـتنی نێوانیـان. (لـۆک) پێیوابـوو ئـەزموون سـەرچاوەی هـەموو مەعریفەیـە، ڕەفـزی بیرۆکـە سروشـتی و فیتریەکانی کرد هەروەها (ڕۆسۆ) یەکێکی دیکە بوو لەو زانایانەی ڕۆڵی هەبوو لەم بوارەدا، ئەو وەک ڕەخنەگرێکی دیاری مۆدێرنە بانگەشـەی ئـاوێزانبوونی لەگـەڵ سروشـتکرد. دژی نایەکسـانی و فـەوزای کۆمەڵایـەتی، کـە ئەمـەش بـووە هـۆی هاتنـەئارای پـەیمانی کۆمەڵایـەتی. هاوشـانی (لـۆک) بەیەکـەوە ڕۆڵیـان هـەبوو لـە دروسـتبوونی دەوڵـەت و سیاسـەت لەسـەر بنـەمای پـەیمانی کۆمەڵایەتی. هێندێکی تر لەو ئاراستە فیکریانەی باسی سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە دەکەن، ئاماژە بە زاناو بیرمەندانی ئەڵمانی دەکەن، لەوانە (کانـت و هیگـل و هابرمـاس)، پێیانوایـە تازەگـەری بەشـێوەیەک لەشـێوەکان لەگـەڵ کانتـدا بەرجەسـتەبوو، (هابرمـاس) پێیوایـە کـە مۆدێرنە لەگەڵ (هیگل) دەستی پێکرد، چونکە بەڕای (هابرماس) ئەو یەکەم کەس بوو، کە دابڕانی مۆدێرنەی لەگەڵ ئاماژە پێوەریـەکانی ڕابـردوو و نموونـەیبوونی سـەردەمی کلاسـیکی, لـەچواچێوەی پرسـێکی فەلسـەفی دانـا هـەر لـە فەلسـەفەی سـێکولاریزمەوە تـا بـە کانـت دەگـات، لـەچوارچێوەی ڕەخنـە گرتنێکداکەلـەپوورو ئەزموونەکانی ڕیفۆرم و ڕێنساس لە خۆدەگرێت.(علی المحمداوی ، ص ،٩٣)

ئاراسـتەیەکی دیکـەی سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی مۆدێرنـە، قوتابخانـەی فرانکفـۆرت بووکـە ئـەقڵی کـردە پێـوەرێکی بابـەتی بۆلێکدانـەوەی پرسـەکانی نێـو کۆمەڵگـە، هـەروەها ڕەخنـەی کـردە بابـەتێکی تـری جەوهـەری کۆمەڵگـەی مـۆدێرن. لەکۆمەڵناسـە

بەناوبانگـەکانی ئـەو ئاراسـتە فیکریـە،(تیۆدۆر ئـەدۆرنۆ و مـاکس هۆرکهایمەرو هێربرت مارکۆزەو ئەریک فرۆم و هابرماس) بوون.

## فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی مۆدێرنە

١- فراوانبوون و گەشەسەندنی بەرهەمهێنان و ئابووری وڵات و توانستی مرۆڤ و ڕێگەی تازەی کارکردن، هەروەها فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی مۆدێرنە بریتییە لە بەکارهێنان و بەجێهێنانی توانا و فۆڕمی تازەی بەرهەمهێنان و چالاکی بەرهەمداری، هەروەها جێگرەوەی پیشەسازی لەکارکردندا.

٢- شۆڕشی پیشەسازی، فاکتەرێکی گرنگی سەرهەڵدانی مۆدێرنێتەیە، ئەو شۆڕشە باشترین کۆنترۆڵی لەکارکردندا بەدیهێنا، هەروەک گۆڕانێکی نوێ و پەرەسەندنێکی تازەی لەبواری سەرمایەداریدا هێناکایەوە، چونکە لەسەرەتادا سەرمایەداری بەشێوەی کشتوکاڵی بوو، بەڵام لەسەدەی نۆزدەدا بووە هۆی پاڵنەری جوڵەیەکی تازەی گەشەسەندن، ئەویش پیشەسازی بووکە تێیدا سەرمایەداری بەشداری ئاراستەیەکی تازەتری لەدامودەزگاو سیستەمەکاندا کرد، ئەویش پشتگیری بەسیستەماتیزەکردنی پرۆژەی ئەستۆپاکی و قازانجی کرد، هەروەها بازاڕی بۆ میکانزمی کلیلی بەرهەمهێنان گۆڕی.

٣- مۆدێرنە وەک فۆرمێکی تازەی حکومەت سەیری پەرەسەندنی کرد واتە مۆدێرنە بەشدارییەکی بێوێنەی لە پێشکەوتنی دامودەزگا سیاسیەکاندا کرد. ڕێکخستنی بیرۆکراسییانە دەرفەتێکی دا بە دەوڵەت کە لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی مەزن بگێڕێ. هاوکات کۆمەڵێک بیرۆکەی تازەی سیاسی لەگەڵ خۆیدا هێنا وەک ناسیۆنالیزم و هاووڵاتی بوون و دیموکراسی و سۆشیالیست و موحافیزکاری و لیبراڵیزم، هەروەها گەشەکردنی تازەی بیرمەندانی حوکومەت، جۆرێکی تر

بــوو لـــە گۆڕانکــاری خێــرای نێــوان ڕەهەنــدی سیاســی و ڕۆشنبیراندا.

٤- ڕۆشنگەری لەسەدەی هەژدەدا ڕێگایەکی تازەی لە سروشت و کۆمەڵگەو جیهان بەگشتی هێنایەکایەوە. موژدەی سەردەمێکی تازەی پزیشکی و زانستی و داهێنانی تەکنەلۆژی دا، هەروەک مــوژدەی کەمبوونـــەوەی کاریگـــەری دامودەزگـــا ئـــاینی و مەزهەبیەکانیداکە تییدا ئەو پرۆسەیەشی ناونا سێکولاریزم، واتە جیاکردنـەوەی ئـاین لـە دامودەزگاکـانی دەوڵـەت و سیاســەتدا، هـــەروەها دروســـتبوونی هۆشـــیاری و ئاگامەنـــدی لـــەبارەی عەلمانیەت و گەشەکردنی زانست و باوەڕێکی تازە. ڕۆشنگەری کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لە سەرهەڵدانی مۆدێرنە هەندێک لە کۆمەڵناســەکان پێیانوایــە پەیوەندییــەکی بــەتین هەیــە لــەنێوان مۆدێرنە و ڕۆشنگەریدا، بەجۆرێک وای وێنادەکەن کە مۆدێرنە بەردەوامی ڕۆشنگەریە خۆی لە بەهاکانی لیبراڵیەتدا دەبینێتەوە، وەک ئازادی و سەروەری عەقڵ و عەدالەت. ڕۆشنگەری بەمانا کانتیەکەی ئازادبوونی مرۆڤە لەو ڕێنماییانەی، کە بەسەرخۆیدا دەیسەپێنێت. ئەو جۆرە ڕێنیشاندەرەی کە مرۆڤ دەستەوەستان دەکەن، لەبەکارهێنانی توانستی تێگەیشتن، لێرەوە کانت دەڵێ: (ڕۆشنگەری بەکارهێنانی ئەقڵی مرۆڤە بەبێ پشتبەستن بەوانی دیکە).

٥- تاکگەرایی، بەشێوەیەکی فراوان هەر ئایدیاو بۆچوونێک، جەخت لەسەر تاکێتی و تاکگەرایی بوون دەکاتەوە، ئەو تێرمە بۆ وەســف کردنــی کۆمــەڵێک بیرۆکــەی فەلســەفی و مەزهــەبی

بــەکاردەهێنرێت، بــۆ نموونـــە لەفەلســـەفەی سیاســـیدا، وەک تاکگەرایی لیبراڵیەت وەسف دەکرێت ، کە جەخت لەسەر ئازادی تاکەکــەس دەکاتــەوە. (تۆکفیــل) پێیوایــە تــاکێتی جۆرێکــە لــە خاوەنـدارێتی کـە ئـیش لەسـەر خـود دەکاتـەوە. (گیـدنز) پێیوایـە سـەرهەڵدانی مۆدێرنـەو دابەشـکردنی کـاری کۆمەڵایـەتی، بـووە هۆی ئەوەی زیاتر جەخت بخرێتەسەر تاکگەرایی، وای دەبینێ کە گرنگتـرین چیرۆکـی مۆدێرنـە بریتیـە لـە پەیوەنـدیی ناسـنامەی خــودی، چونکــە بژاردەیــەکی ئــاڵوزو جیــاوازە. ئــەو پێیوایــە تاکگەرایی ڕووبەڕووی هەموو لایەنەکانی ژیان دەبێتەوە، (گیدنز) پێیوایە زیادبوونی ڕۆڵی تاک لە بڕیاردان لەژیانی تایبەتیدا دەبێتە هــۆی بــە دەســتهێنانی دڵنیــایی و تاکگــەرایی. لەڕاســتیدا تــاک کاریگەریــەکی زۆری لەســەر گۆڕانکارییــەکان لــەژیانی تایبــەتی خۆیدا هەیە. (Marta Björg Hermannsdóttir ,2011, p4)

زۆرجار بە کلیلی خەسڵەتە گرنگەکانی مۆدێرنە هەژماردەکرێت. مۆدێرنە بەتەنها ناکرێ بەشداری گۆڕانکاری بکات لە پێکهاتە و سترەکتوری کۆمەلایەتی، بەڵکو هاوکات لەگەڵیدا بەشداری لە گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئامرازو ئەگێنتەکانی کۆمەڵگە دەکات. هەروەک مودێرنێتە لە ئاستێکی دیاریکراوی ئامرازەکان دەکۆڵێتەوە، بۆئەوەی ڕێژەی کۆنترۆڵی پێکهاتە و سترەکتوری کۆمەڵایەتی کەم بێتەوە تاکگەرایی زیاد بێت. گۆڕانی پێکهاتەو سترەکتوری کۆمەڵگە دەبێتە هۆی ئازادبوونی تاک لە نێو سترەکتۆردا، لەم بارەیەوە مۆدێرنە لە گەشەکردنی ئەگێنتەکان و ئازادبوونی تاکەکان لە خودی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بونیادنانی تاکێکی چالاک لەم پڕۆسەیەدا سەرکەوتووبووە.

لەڕاستیدا پەرەسەندنی مێژوو بووەهۆی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی تاکگەرایی بەهۆی پوچەڵکردنەوەی ئەزموونەکانی پێشوترو پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە داب و نەریتە کلاسیکیەکان. دوای لە دەستدانی ترادسیۆنەکان، تاک پشتگیری تۆڕێکی تری کرد یان گوزارشتی لە واقیعی خۆی کرد. ڕەنگدانەوەی پڕۆسەکانی مۆدێرنە بووە هۆی توانەوەی ئەدگارەکانی پێشوتر، کە خۆی لە ترادیشنەکان دەدزیەوە، کۆمەڵگا لە فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی وەک چین، خێزان، پێگە، مێژووی ژیانی مرۆڤ (بیۆگرافیا) ئازادبوو.

بێگومان تاکەکەس بەشێوەیەکی فراوان بۆ ئەوانە دەگەڕایەوە، بەڵام ئێستا گۆڕاوە بۆ تێڕامان و وێناکردن، (ئۆلریش بێک)ی کۆمەڵناس پێیوایە تاکگەرایی کۆتاییهێنا بە کۆمەڵگەی کلاسیکی، لەمیانەی ئەو پڕۆسانەی خوارەوە؛

١- چینەکان بێ بەشکرابوون لە ناسنامەی کۆمەڵایەتیی واتە تاکگەرایی وەک پرۆسەیەک ناسنامەی نەبوو، بۆیە گروپە کۆمەڵایەتییەکان سەربەخۆیی ناسنامەیان لە دەستدا، لەئەنجامدا بیرۆکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان گرنگی لەدەستدا.

٢- نایەکسانی لە تاکێتی بووە هەستکرن بە کەمی و نیگەرانی لەڕووی دەروونیەوە. ئەو جۆرە نایەکسانیە بووە هۆی دوبارە پێناسەکردنەوەی مەترسیەکانی بڕیاردانی تاک لایەنە لەسەر کۆمەڵگە، دەرەنجامی ئەوەش وێناکردنی کۆمەڵگەبوو وەک

کێشەیەکی سایکۆلۆژی، وەک هەستکردن بە تاوان و ململانێ و دەمارگیری(beck ,urich , 2002 , p 46-47).

## پێناسەی مۆدێرنە

مۆدێرنە چەندین تێڕوانین و تیۆری جیاوازی هەیە و هەریەکیان لەڕوانگەی دنیابینی خۆیەوە، دەستنیشانی چەمکی مۆدێرنەی کردوە بۆ نموونە :

-بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، مۆدێرنە ئاماژەیە بە قۆناغێکی مێژوویی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا سەریهەڵداوە و دەناسرێتەوە، و بەهۆی دیمۆکراسیەت و شۆڕشی پیشەسازیەوە، بابەتەکانی مۆدێرنێتە جیاوازن لەگەڵ کۆمەڵگە نەریتیەکان، فۆرمی پەیوەندی کومەڵایەتی لەکۆمەڵگە کلاسیکیەکاندا فورمێکی هاوشێوەیە لە چوارچێوەیکی بچوکدا، هەروەک ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تیدایە، باوەڕێکی بەهێزیان هەیە بە بەهاکان، بوونی بنەمایەکی توندی سزادان لەبەرامبەر پێشێلکردنی داب و نەریتەکان، هەروەها پەیوەندییەکان ڕووبەڕوون و تێیدا پرسیارکردن بە کەمی بوونی هەیە، بەهۆی ڕازیبوونی تاک و گەڕانەوەی بۆ پێگە کۆمەڵایەتییەکەی.Oxford dictionary of sociology ,p342)

گواستنەوەی کۆمەڵگە نەریتیەکان بۆ مۆدێرنیتی، دوای بەشداریکردنێکی بەرچاوی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بوو، لە دێهاتەکانەوە بۆ شارەکان گوڕانکاری و گەشەسەندنی بەرهەمهێنان لە بواری ئابووریدا بووە هۆی سەرهەڵدانی تایبەتمەندیی و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی. هەموو ئەمانە بووە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێش

مۆدێرنەو هاتنەکایەی جۆرێکی تری پەیوەندیی کە دور بوو لە پەیوەندیی هاریکاری و سۆزداری نێوان مرۆڤەکان لێرەدا چەمکی مۆدێرنە سەریهەڵدا کە خۆی لە تاکگەرایی و ئازادییەکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە.

(پیتەر وەیگنەر). پێیوایە مۆدێرنە زۆر جار بە ئازادی و دیموکراسیەت دەناسرێتەوە هەروەها پاراستنی ئەو دامودەزگایانەیە کە لەسەر هەمان بنەمای ئازادی کۆمەڵ دروستبوون. گرنگترین ئەو دامودەزگایانە بریتین لە دیموکراسیەت لە سیاسەتدا، ئابوری بازاڕوزانست و لێکۆڵینەوە لە ڕاستی.( peter wagner,p3,7 )

- ساتێکی بەردەوامە هەوڵی بەئەقلانیکردن و بەمرۆڤایەتی بوون دەدات، بە شێوەیەکی ئەقلانی هەوڵی ڕێکخستن کۆنترۆڵی و ئابوری دەدات .

- سڕینەوەی پیرۆزییەکانە لەژیاندا،(ئالان تۆرین) یەکێکە لە کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان و جەخت لەوە دەکاتەوەکە مۆدێرنە پەخشکردن و بڵاوبونەوەی چالاکیە ئەقڵی و زانستی و تەکنەلۆژی و ئیداریەکانە لەبەرئەوە لە گەشەسەندنی بەرچاوی جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و خێزانی و سیاسیدا پێکدێت. هەروەها مۆدێرنە کار دەکات بۆ دوور خستنەوەی هەموو ئاراستەیەکی نادیارو روحی و سیحری، چونکە لەبنەمادا مۆدێرنە بۆ ئەوە کاردەکات تاوەکو لە نێو کۆمەڵگەدا زانست شوێنی شتە پیرۆزییەکان بگرێتەوە، ڕەخساندنی دەرفەتێکی تایبەت بۆ بیرو باوەڕەئاینیەکان (ئالان تۆرین) پێیوایە تازەگەری

یان مۆدێرنـە لـە سـەر دووبنـەما دروسـتدەبێت، چالاکی ئـەقڵی و داننان بە مافی گشتی هەموو تاکێک. (تۆرێن ،ئالان ، ص١٦)

- پێناسەی (ژان بۆ دریار) چـەمکێکی سۆسـیۆلۆژی یان سیاسـی یـان بەتـەواوی مێژویـی نییـە، بـەڵکو مۆدێرنـە جۆرێکـە لـە شارستانیەت و پێچەوانـەو دژە لەگـەڵ کلاسـیکی بەمانایـەکی تـر ئەو چەمکە لەگـەڵ گشـت کـەلتورێکی کۆن دژبووە. لەبەرامبـەردا فرەیـی جـوگرافی و هێمـایی خـۆی دەسـەپێنێت، بـەوەی کـە تاکـە شتێکی هاوشێوەیە لەگشت جیهاندا، کە لە ئـەوروپا سـەریهەڵداوە. سـەرباری ئـەوەی واتایـەکی تـەمومژو نادیـاری هەیـە، ئامـاژە بـە پەرەسـەندنی مێژوویـی و هـزری دەکـات، چونکـە یەکانگیریـەکی ئاڵۆزی بەخشیووە لەنێوان ئەفسانەو واقیعدا واقیعێکی جیاواز لە هەموو بوارەکاندا، تەکنەلۆژیایەکی هاوچەرخ، وڵاتێکی هاوچـەرخ، دابـو نـەریت و مۆسـیقای هاوچـەرخ، هەریـەکێکیان وەک سیاسـی گووتـارێکی گشـتی و زەرورەتێکـی فەرهـەنگی سـەرهەڵدەدەن. مۆدێرنە کە خۆی سـەیرو سەمەرەی هەندێک جموجۆڵی قووڵـە لە شـێوەی ئـابووری و کۆمەڵایەتیدایـە، لەئاسـتی ئـادابی گشـتی و شێوەی ژیـان و هەڵسـوکەوتی ڕۆژانـە هەسـتی پێدەکرێ، تـا ئـەو کاتەی دەچێتە پێشـەوە، کـە دەکرێ بڵێین کاریکاتێرێکە بۆخـۆی. بـەردەوام لـە ڕوانگـەی شـێوە، نـاوەڕۆک، لـەکات و شـوێندا لـە دۆخێکی ئاڵوگۆڕی جەوهەریدایە، جێگیر نییە. Harvey david, 1990, p20)

(زیگمۆن باومان) ... لە وتارێکدا بەناوی مۆدێرنێتە چییـە؟ دەڵێت هەریەکە لە ئێمە ئەوە دەزانێت کە ئەوپرسە تایبەتە بە گونجاندن و کۆکبـوون لەگـەڵ تـازەترین بیرۆکـە بەشـێوەیەک جیهـانبینی و

وێناکردنی  زۆر پێشکەوتو تر لە پێشوتردا بێت، نوێبوونەوەی جیهان بریتییە لە بەردەوام بوون بە ئاراستەیەکی خێرا، مۆدێرنێتە واتا بەردەوامبوونی گۆڕانکاری، هەروەک ناوەڕۆکی مۆدێرنە بریتییە لە خەباتکردن لەپێناو بوونێکی باشتر، کردەوەیەکی باشتر، دەستکەوتی باشتر، هەروەها (باومان) پێیوایە مۆدێرنە بەهۆی هێزی مەزنی سەرمایەداری و زانست و ئەندازەوە، لەئەوروپا سەریهەڵداوە کاریگەری بواری پزیشکی و سیستمی گواستنەوەو گەیاندن زۆر هۆکاری تر بوونە هۆی سەرهەڵدانی مۆدێرنە لە ئەوروپا.(dennis smith p6, 7 ).

**ڕووانینێکی دیکەی کۆمەڵناسیانەی مۆدێرنە**

بریتیە لە هەموو ئەو پرۆسانەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تایبەتمەندیەکی دیاری کراوی ئەو خەسڵەت و سیما دیاریکراوانەی کە هەڵگری مۆدێل ن و تازەن، کاراکتەری کۆمەڵگای مۆدێرن پێک دێنن.لە ڕووی سیاسیەوە زاڵبوونی فۆڕمی عەلمانیەت و سەروەربوونی ڕەوایەتی و دیاریکردنی سنوری هەرێمەکان و هەروەها خەسڵەتێکی دیکەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنە.

-ئاڵوگۆری ئابوری بە نەختینەکردنی لە ڕووی ئابوریەوە پشت بە لایەنێکی گەورەی بەرهەمهێنان دەبەستێ هەروەک پشت بە بەرخۆری و کەلوپەلی بازاڕ دەبەستێ، دواتر زاڵبوونی لەڕادەبەدەری خاوەنداریێتی سەروەت وسامانی تایبەت هەروەها کەڵەکەبوونی سەرمایە بەشێوەی سیستماتیک.

-کاڵبوونەوەو نزمبوونەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی ترادیشنەکان (داب و نەریتەکان) ئەو جۆرە زیاتر گرنگی بە پەیوەندی نێوان ئاغاو ڕێنجبەر دەدا لەڕابردوودا لەکۆمەڵگای تازەی سەرمایەداری ئەو جۆرە جیاکایە لەنێوان ژن وپیاو ئاغاو ڕێنجبەر کاڵ بوویەوە.

-کاڵبوونەوەی ئاینداری وەک بەشێک لە کۆمەڵگای نەریتی، زاڵبوونی عەلمانیەت و کەلتوری ماتریاڵ کە خوی بەرجەستەکرد لە دووتوێی تاکێتی و ئەقلانیەت و ناسنەمەی خودی (hall, stuart , 1992,uk ,6

مۆدێرنە فۆرمێکی دیارو دەگمەنی ژیانی کۆمەڵایەتیە بە کۆمەڵگای مۆدێرن جیادەکرێتەوە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، ئەگەرچی مۆدێرنە وەک سەرەتا باسمانکرد مێژوویەکی ئێجگار

ئـاڵوزی هەیـە کـە پێـک دێـت لـە هاتنـەدی زۆرێـک لـە پرۆسـە مێژوییە جیاوازەکان بەیەکەوە لەناو دۆخی جیاوازی ئەو پرۆسە مێژووییـــــە کاریـــــانکردوە وەک لەســـــەرەوە ئاماژەمـــــان بۆکرد.گەشـــەکردنی عەلمانیـــەت و دروســـتبونی چینـــەکان و کەمبوونـەوەی جیـاوازی ڕەگـەزی و بـە جیهـانیکردنی ئـابوری سـەرمایەداری هـــەروەها کۆمـــەڵگای تازەگـــەری و مۆدێرنـــە بەشـێوەیەکی بـەربڵاو جیادەکرێتـە وە بـە چـڕی بـەرخۆریی و بەکاربردنی بەرهەم و زۆری و بۆری ستایلی ژیان و لاوازبوونی تراديشنەکان لەبەرژەوەندی هـەڵبژادەی تاکـەکان دروسـتبوون و نەشــونماکردنی پــرۆژەی خاوەنــداریتی لــەژیانی کۆمەلایەتیــدا مۆدێرنە پەیوەستە بە کۆمەڵێک دامودەزگا هەریەک لەو دەزگایانە خـاوەنی جۆرێـک لـە گۆڕانکـاری و پێشـڤەچوونن وەک دەوڵـەتی نەتــەوەیی و نێونەتــەوەیی و داینامیــک و فراوانبــوونی ئــابوری ســـەرمایە و گەشـــەکردنی فەرمانگـــەکا ن و بیرۆکراســـیەت و رێکخستنی سیستمە کۆمەلایەتیەکان.

(Held david and mcgrew tony , 2001,uk,p2-3)

## بنەما سەرەکییەکانی مۆدێرنە

– خودێتی یان خود، به بنەمای سەرەکی مۆدێرنێتە دادەنرێت، چونکە هەموو پێوەر و راستیەکان دەگێڕێتەوە بۆخودی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە وای لێدەکات ببێتە دەستەبەری داهێنانەکانی، هەوڵدەدات کۆتایی بێنێت بە کەلەپوری کۆن، کە بەهۆی هێزێکی دەرەکییەوە لەدەرەوەی ویستی مرۆڤەکان بەرهەم هاتوە. واتای خودێتی پێکدێت لە هەڵوێستی تاکی مرۆڤ بۆ نرخاندنی جیهانی دەرەکی و پەیوەندیەکانی کە لەخودەوە سەرچاوە دەگرێت ڕەنگە دیارترین سیماو خەسڵەتەکانی مۆدێرنە ڕێگەپێدانی خود بێت بۆ هەڵوەشانەوە و لابردنی سیحر لە بیرکردنەوەو کردەوەدا، هەروەک ئازادبوونی مرۆڤە، مشتومڕی نێوان کۆیلەو سەردار، جێگرتنەوەی چەمکی هاوولاتی بوون لەبەرامبەر چەمکی شوانکارەیی، یان ڕەعیەتدا، وەک کۆنتێکستی مێژویی، پڕەنسیپی خودی دەرەنجامی ڕیفۆرمی پڕۆتستانتی بوو، کە پڕەنسیپی خودگەرایی بنیادنا بەمەبەستی زاڵبوون و سەرکەوتنی فیکری مرۆڤ و کارو مافەکانی و بڕوابوون بەخۆی، بەپێچەوانەی باوەڕبوون بە دەسەلاتی کلاسیکی و ڕێنیشاندەری ئاینی، پڕۆتستانتی باوەڕی بەسەروەری خود هەبوو. پێیوایە کە ماف و ئاکار لەسەر زەوی ئامادەن بۆ ویستی مرۆڤەکان، لەکاتێکدا لە ڕابردوودا تایبەت بوو بە هێزی ئاینی و میتافیزیکی. (هابرماس) دەرکەوتنی ریفۆرمی ئاینی بەو شێوەیە پوختدەکاتەوە و دەڵێت کرانەوەی ڕووداوە مێژوییەکان، کە پڕەنسیپی خودێتی سەپاندی، بریتی بوو لە ڕیفۆرم و ڕۆشنگەری بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسی توانی پچڕانی مەعریفی تەواو بکات. لەگەڵ هەموو ئەوانەشی لەسەرووی ئەقڵ و

سرووشتەوەبوون نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو هەموو ئەو لێکدانەوە ئەفسانەییانەی کە شرۆڤەی پەیوەندی نێوان خود بە بابەتی دەرەکیەوە دەکرد، بەلام شۆڕشی فەرەنسی وەرچەرخانێکی سیاسی و پراکتیکی بوو کە دەستکەوتەکەی سەرهەڵدانی مافی مرۆڤ بوو، لەپێناو کۆتاییهێنان بە هەیمەنەی دەسەلاتی ئاینی و خاوەنداریێتی ڕەها. لێرەدا فەلسەفەی مۆدێرنە دروست بوو، کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو فەلسەفەیە خودە و واتای سێنترالیزمی خودی مرۆڤایەتی و ئازادییەکانی دەگەیەنێ. (هابرماس) پێیوایە پرەنسیپی خود، چوار چەمکی سەرەکی لەخۆدەگرێ: یەکەم تاکگەرایی دووەم مافی ڕەخنەگرتن، سێیەم سەربەخۆیی کردار، چوارەم ڕامانی فەلسەفی، بەومانایەی کە فەلسەفە خوو بە بیرۆکەی هۆشیاری خود دەگرێت. لێرەوە لەگەڵ مۆدێرنەدا هەریەکە لە ژیانی کۆمەلایەتی و ئاینی و سیاسی ئەخلاقی و هونەری و زانستی، بووەتە بەرجەستەبووی پرەنسیپی خود.(Marta Björg Hermannsdóttir p6-8)

(ئالان تۆرین) لەبارەی کارایی خودەوە، کۆمەڵێک تیۆرو بۆچونی تازەی لە دونیای مۆدێرنێتە و کۆمەڵگەی دوای تراديسۆنەکان هێنائاراوە، ئەو پێیوایە خود بەرهەمی لێکهەڵوەشانەوەی چوارچێوەی کۆمەلایەتییە، سەرباری دابڕانی لە کۆمەڵگەو بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی کۆمەلایەتی هاوشێوەی مردن، بەوشێوەیە تاک ڕووبەڕووی پارچەپارچەیی بوویەوە کە تێیدا کۆمەڵێک حەقیقەتی بۆتاک بەجێهێشت، وەک تاکێکی لاوازو نیگەران، ملکەچی هەموو بانگەشەو وێنەی کەلتووری جەماوەر

بوویـەوە، بـەجۆرێک تـاک هـیچ نییـە جگـە لـە شاشـەیەک بـۆ پەخشـکردنی حـەزو ئـارەزوە خەیاڵیـەکانی لەکەناڵـە تازەکـانی گەیاندن.
ئەو پێیوایە پەیوەندییەکی لێکدابڕاو لەنێوان خود و خودی کارا هەیە، ئەو جۆرەیە تەنها کورت ناکرێتەوە لەو پێناسەی کە دەڵێ من بڕیار دەدەم، بەوەی خودێکی کارام هەبێت، ئەگەرچی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا (ئەنتۆنێۆ گیدنز) بە درێژی باسی ئەو بابەتەی کردوە، وەک ئامادەگی تاک و بیرکردنەوە لەخود و خۆشەویستی و پاپەندبوون، بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، واقعێکی ترە پێچەوانەی (گیدنزو ئەوانی دیکەیە)، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری جیاواز: یەکەم من دەستنیشانی تاکێکی کارا دەکەم، بەوەی ڕووبەڕووی جیهانی نا کەسی بەکاربەر ببێتەوە، یان جیهانی توندو تیژی و شەڕ، چونکە ئێمە لێک هەڵوەشاوەین، لێکدابڕاوین، هەمیشە گومڕاین، لە دۆخێکەوە بۆدۆخێکی تر دەگوازرێینەوە، هەروەک گومڕای هەڵوێست و پەرچەکرداری نێو کۆمەڵین. خودی کارا وەبیرهێنانەوەی خودە، ویستی گەڕانەوەیە بۆخود پێچەوانەی ڕەوتی ژیانی ئاساییە. خودی کارا پێویستی بە بیرۆکەی خەباتی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ هۆشیاری چینایەتی و هەستی نەتەوایەتی، بەڵام بەشێوازێکی تازەتر کە دووربێت لە سیما دەرەکیەکان، ئەوەی کە بە بیری من دادێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی خودی کارا، وێنەی بەرگریکردن و وێنەی شەڕکردنە لەپێناو ئازادیدا، بەڵام هۆی دووەم ئەوەیەکە خودی کارا هەمیشە هاوشان نییە بە خودێکی کامڵ، بەڵکو لە جیهانی ماف و ئەرک و ئە خلاقیبوندا بمێنێتەوە

نەک ئەزموون و تاقیکردنەوە. (Touraine , alain, 2007) 107-108)

-ئەقڵانیەت: یەکێکە لەباوەڕەگرنگەکانی مۆدێرنە، بەئەندازەی ئەوەی خودێتی بنچینەی یەکەمی مۆدێرنەیە. لەبەرامبەردا ئەقڵانیەت بنچینەی دوەمی مۆدێرنێتەیە خودێتی مرۆڤەکان توانستێکی سەربەخۆی ئەقڵیان هەیە لەبەرامبەر فاکتەرە دەرەکی و میتافیزیکیەکان. بەئاراستەی مەعریفەی کۆمەڵایەتی و خودی و سروشتی، بەواتای جەوهەری ئەقڵانیەت بەو جۆرە بە ئەقڵانیکردنی خودی مرۆڤایەتی هاتەکایەوە، چونکە خودێتی یاسا ئەقڵانی و دروستەکان رێکدەخات، بەشێوەیەک دەرکەوتنی مرۆڤ وەک خود توانای ئەوەی دەبێت، تەنها ملکەچی حوکمی ئەقڵ بێت، تاکو شرۆڤە و لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتورییەکان.( الحیدری ، ابراهیم ،ص٤٣٨الی ٤٣٩)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەقڵانیەت کۆڵەگەیەکی سەرەکی بیرۆکەی تازەگەری و مۆدێرنەیە. ئەقڵانیەت پشت بە دۆزینەوەی یاسا سروشتیەکان و هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدات و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکاریدەهێنێت و ئەوەش لایەنێکی گەشاوەی عەقڵی مۆدێرنەیە، هەروەها تازەگەری یان مۆدێرنە گرنگی بە ئەزموون دەدات، وەک سەرچاوەیەکی بەنرخی مەعریفە. هەروەها یەکێکی تر لە دەستکەوتە هەرەگرنگەکانی عەقڵانیەتی مۆدێرنە ئەوەیەکە ڕەفزی ئەفسانەو سیحر دەکات، کاتێک بیەوێ سود لەئەزموونی ژیانی ڕابردوو وکەلەپوری کۆن وەربگرێت، لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن و بەڵگەی ئەقڵی و لێکۆڵینەوە دەبێت،

نـەک شـوێنکەوتنی کوێرانـە. ئـەوروپا بەگشـتی ئەقڵانیـەتی کـردە پێوەر بۆ هەڵسەنگانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوان ئەقڵانیـەتیان کردە پێوەری کاری پیشەسازی و بازرگانی.

ئەزموونگەریی: هەموو ئەو بیرکردنەوە مەعریفیانە دەگرێتەوە کە مـرۆڤ بەرانبـەر سروشـت وکۆمـەڵگا هەیـەتی لـەرێگای پشـت بەسـتن بـە ئیمێریکـەل، لێـرەدا هـەموو بابـەت و شـتەکان و بونـەوەری مرۆڤایـەتی بـەهۆی ئەزمونکردنـەوە لەواقیعـدا دەبێت. سەیری( hall ,sturart , 1992 ,p21 )

بۆتێگەیشتنی زیاتر لـە و پرۆسـەییە کۆمـەڵێک ڕووکاری دیکـەی ئەو بابەتە بە خاڵ دەخەینە ڕوو.

-پەرەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیا و گواستنەوەی بنـەماکانی بـۆ نێو دامودەزگاکان و پراکتیککردنی بەسەر کۆی بوارەکانی ژیـانی مـرۆڤ کـە ئەمـەش لای خۆیـەوە بـوە هـۆی گەشـەکردنی بنـەمای سەرچاوەکانی ئابوری و کاریگەری لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بـەرزەفتکردنی دانیشـتوان وژینگـەو گـۆڕانی وێنـای مـرۆڤ، هەروەها گەشەی لایەنی بایۆلۆژی.

-زیادبوونی چڕی تەکنەڵۆژیاو وزەو بە پیشەسازیکردنی کۆی ئامێرەکـانی تەکنـەلۆژی، کەئـەوەش لای خۆیـەوە بـوە هـۆی زیـادبوونی بەرهـەم هێنـان و ئـاڵوگۆڕی نـرخ و کاڵاکـان و خزمەتگوزاریەکان بەگشتی

-گەشەسەندنی بازاری ئابوری جیهان و چڕبوونەوەی پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان لەنێوان نەتەوە جیاجیاکانی جیهان.

--گۆڕانکاریی کردن لە سیستمی چینەکان و زیادبوونی بزاوتی کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی کرێکاری فارمەکان و زیادبوونی چینی کرێکارو بۆرژوا بەشێوەیەکی فراوان.

-جیاوازیکردن و جیاکاری تایبەتمەندی پێکهاتەی وەزیفی و پسپۆڕیەکان لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی دابەشکردنی کار لەنێوان چینەکان و ڕەگەزەکان هەروەک جیابونەوەی بواری گشتی لە کەرتی تایبەتدا هەموو ئەوانە فۆڕمێکی تازەیەی خەباتیان لەم بارەیەوە داهێنا.

--مۆدێرنە بەهاکانی وەک تاکێتی و ناسنامەی خودی و ئەقلانیەت و سودگەرایی بەرهەم هێنا کە لە کۆمەڵگادا ڕەنگی دایەوە.

-تایبەتمەندێتی کردنی ژیانی privatization of خێزان دوورکەوتنەوەی لە فشارە کۆمەڵایەتیەکان، دواترئازابونی ژنان لە هەژمونی باوکسالاری.

-بە دیموکراتیکردنی پەروەردەو گەشەسەندنی. martinelli alberto 2005,p10-12) –

# ئەنجامی بەشی یەکەم

پـەپێی شـیکردنەوەی تێکسـت و دەقـی زانایـان و بـەکارهێنانی کۆمــەڵێک ســەرچاوەی زاســتی لــەبواری کۆمەڵناســی و فیکریـدا،گرفتی مۆدێرنـە لەوێـدا دەسـتی پێکـرد کـە پێچەوانـەی ڕوانینی کلاسیکە بۆ دیاردە سروشتی و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان، مۆدێرنــە هەوڵــدەدات شــێوازێکی تــری ڕوانــین و مەعریفــە دروستبکات کە تێیدا سەربەخۆیی خود بکاتە سێنتەری بریـاردان، لێـرەدا بـەپێی شـیکردنەوەی تیـۆری و ڕێبازەکـانی کـارکردنی مۆدێرنـە گەیشـتینە ئـەو ئەنجامـەی کـە مۆدێرنـە کـار لەسـەر سـەربەخویی خـود و کۆمـەڵگاو کولتـور و سیاسـەت و ئـابوری دەکـات لەبەرانبـەر هـەژموونی دەسـەڵاتە یەکـدوایی یەکـەکان، مۆدێرنــە پچرانــی ئــەو پەیوەندییەکلاســیکی و تازەگەرییــە کــە هەرلەسەرەتاوە کـاری لەسـەر کرد.گەیشـتینە ئـەو ئەنجامـەی کـە کــارو خواســتی مۆدێرنــە بــەکارهێنانی هــەموو ئــەو ئــامرازو میکانیزمــە تازانەیــە کــە زانســت هێناییــە کایــەوە بەمەبەســتی زاڵبـوونی ئـەقل و تـاکێتی و جیاوازییـەکان و ناسـنامەی خـودێتی مرۆڤـەکان. دواتـر پاراسـتن و ڕێزگرتنـی جیاوەزییـەکان. لێـرەدا مۆدێرنە وەک پڕۆژە وەک ئایدیا دروسـتکردنی خـودو ناسـنامەی خودییە دواتر ڕەنگدانەوەی لـە بوارەکـانی ژیـانی مـرۆڤ. تـوێژەر گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـە قۆنـاغی پـێش مۆدێرنـە بـە قۆنـاغی زاڵبوونی ئەقڵیـەتی کلاسیکی و ئاینی و لاهـوتی ناسـرابوو، بـەڵام دوای هۆشیاری و ئاگایی ئەقلی مرۆڤـەکان و گوومانکردنـەکانیان

لەبارەی زاڵبوونی چەمکەکانی بەر لە مۆدێرنە توانییان ئەو بۆشاییە مەعریفیە پڕبکەنەوە کە پچڕابوو. هەروەها توانیان قۆناغی مێژوویی لەبەرژەوەندی ئەقڵ تێپەڕێنین بەخستنەگەڕی هەموو ئامرازو هۆکارەکان. دواتر سەرهەڵدانی مۆدێرنە وەک بنەما لە لەناو کۆمەڵگادا چەسپا، بۆیە دەرککردنی مرۆڤ بە کێشەو گرفتەکان بووە هاندەرێک بۆ سەرهەڵدانی فاکتەرو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی مۆدێرنە هەروەها توێژەر ئەوەی لا ڕوون بوەوە کە مۆدێرنە دژو ناکۆکە لەگەڵ پیرۆزکردن و پیرۆزی دیاردە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان هەمیشە پرسیارو گوومانی لەسەریان هەیە.

# بەشی دووەم
# پوختەی مۆدێرنە لەڕوانگەی هەریەک لە مارکس و دۆرکهایم و ڤیبەرەوە

سـەرەتای شـارەزابوونی مودێرنـە پێویسـتی بـە خوێندنـەوەو ئەزموونکردنی دەقەکان و شیکردنەوەکانی هەریـەک لـە (مـارکس و ڤیبـەر و دۆرکهایمـە) بـەبێ شـارەزابوون لەوانـە ئەسـتەمە لـە بیرۆکەی مۆدێرنە تێبگەیین، وەک لەم بەشە ئاماژەمان بوکردووە ڕەگ و ڕیشـەی مۆدێرنـەو بنـەماکانی ئـەو پـڕۆژە فیکـری وکۆمەڵناسـیەمان بـۆ ڕوون دەبێـتەوە لەڕوانگـەی سـێکوچکەی کلاسیکی دامەزرێنەرو قوتابخانەی کۆمەڵناسی دواتر شـیکردنەوە و نیشاندانی ڕەخنەکان و ئەنجامەکانە.

**سەرمایەداری مۆدێرن و مۆدێرنە لای مارکس:**

بۆچوونـە تیۆریـەکانی (مـارکس) لـەبارەی سـەرمایەداری بنـەماو ڕەگوڕیشەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی مۆدێرنەیە بەگشتی وەک پڕۆژەیـەکی فیکـری ئـەو پێـی وایـە، کلیلـی سـەرەکی یـا خاسـێتی سـەرەکی مۆدێرنـە بریتیـە لـە بـەنرخکردن، ئـەوجۆرە بـەکاڵاو نرخکردنە پێدەنێتە گشت کایەکانی ژیانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئـابوری و شـێوەی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکان. ئێمـە تـەنها شـیکردنەوە بـۆ بۆچـوون و تیـۆرە کـانی مـارکس دەکـەین هەوڵـدەدەین تـەنها ڕەهەنـدە کۆمەڵاتییەکـە ی سـەرمایەداری

وەرگرین، چونکە ئەو بابەتە چەندە کۆمەڵناسییە ئەوەندە زیاتر پەیوەندیی بە ئابوری و ژمێریاری و ئابوری سیاسیەوە هەیە.
بەهەرحاڵ (مارکس) لە کتێبی (مانفێستی کۆمۆنیزم) دا پێشبینی هاتنەکایەی بیرۆکەی مۆدێرنەی کرد لەساڵی ١٨٤٨ کە بە ساڵی بەردەوامی شۆڕشکردنی بەرهەمهێنان وەسفی کرد پێی وابوو ئەو شۆڕشی بەرهەمهێنانە کاریگەری نێگەتیفی بەسەر لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە، هەروەها دەڵی هەموو شتە ڕەقەکان دەتوێنەوە لە هەوادا (مارشاڵ بێرمان) لەم بارەیەوە پێی وایە، کە(مارکس) باشترین تیۆردانەری مۆدێرنە بوو ئەو پێی وایە سەرمایەداری واتە مۆدێرنە هەر سەرمایەدارییشە کە بۆرژوای کۆمەڵایەتی دروستدەکات، بە جۆرێک کە بۆرژوا گەورەترین هێزی بەرهەمهێنانە واتە هەر ئەویش گۆرانکارییکردن لە کۆمەڵگادا سەرمایەداری دێنێتەکایەوە. سروشتی سەرمایەداری گشتگیرەو جیهانگیریەکە توانی  هەموو فۆرمێکی کلاسیکی پێش خۆی لەناو بەرێت، پەیوەندیی دەرەبەگایەتی و کۆیلایەتی نەهێشت. سەرمایەداری گەورەترین شۆڕشی بەرهەمهێنانی کەلو پەل و کالایە، ئەگەرچی پێشبینی شۆڕشی کرد بەرانبەر بۆرژوا بەشێوەیەک هێزی بەرهەمهێنان دەگاتە ترۆپکی خۆی، لەبەرامبەردا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان  واتە هێزی کارو مرۆڤ دەستەوەستان نابێت، بەلام دواتر سەرمایەداری هەر بەردەوام بوو لە خۆنوێکردنەوە و بلاوبوونەوەی لەنێو کۆی پەیوەندییە کانی نێو کۆمەڵدا وەک (ئێریش بێک)دەڵێ لە ئێستادا

کرێکــــارو چینـــــه پــــــەراوێزخراوەکان بەرانبــــــەر هـــــەژمونی سەرمایەداری هێزیان لێبڕاوە(Derek Sayer,p5-6) .

(مـارکس) لـە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدە باسـی ئـەوەی کـرد کـەوا ســـەرمایەداری دەبێتـــە هـــۆی گـــۆڕانی کۆمەڵایـــەتی لـــەنێو کۆمەڵگادا.ئەو پێی وایە سەرمایەداری کۆمەڵێک کێشـەو تـەنگژەی سیاســی و کۆمەڵایــەتی لەگــەڵ خۆیــدا دەهێنێــت، کــە خــۆی دەبینێتـــەوە لـــە ئـــاڵوزی تەکنـــەلۆژیاو بـــەکارهێنانی لەلایـــەن مرۆڤەکانــەوە. (مــارکس) پێــی وایــە، کۆمــەڵگای ســەرمایەداری مـۆدێرن وەک قۆنـاغێکی مێژوویـی دواجـار لەلایـەن سروشـتی پەیوەندییــــە ئابورییەکانــــەوە دیاریـــــدەکرێ. بۆچونــــــەکانی (مارکس)ڕەخنەیـەکی ڕیشـەیی بـوو لـەو دۆخەکۆمەڵایەتیـەی کـە سـەرمایەداری خوڵقاندویـەتی تیایـدا نایەکسـانی و نـا عەدالـەتی زۆری لەدابەشکردنی سەروەت و کۆتکردنی زیـاتری ئازادیـەکانی مرۆڤ تێدایە.(مارکس)گەشـەکردنی مێـژوی گۆڕانی کۆمەڵایـەتی بــە شــتێکی حــەتمی تێــدەگات، بەتایبــەتی گواســتنەوەی قۆنــاغی دەرەبەگایــەتی بۆســەرمایەداری هــەروەها بــە قۆنــاغێکی گرنــگ وەسفی دەکات کە تێیدا مرۆڤ لە کۆمەڵێک کۆت وبەند ئازادبوە.

(مارکس) پێی وایە کۆمەڵگا لە بنەڕەتدا بریتیـە لـە بەرهـەمهێنانی مــادە نــەک شــتی تــر. تێگەیشــتن لــە مێــژووش بەرهــەمی ئەومشـــتومڕەیە. پەیوەندییـــە مرۆڤایەتییـــەکان لای (مـــارکس) سـەنتەری کارەکانیـەتی واتـە ئـەو هەمیشـە ئامـانجی بەگشـتی بــــەدیهێنانی ئـــازادی مرۆڤـــەکان و نـــەمانی چینــــەکان و

دەستەبەرکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی بەر لەهەمو شتێک بوو. ئەو گۆڕانکاریانەی مۆدێرنەو سەرمایەداری لەگەڵ خۆیان هێنایان کە تییایدا سەرمایەداری کۆنترۆڵی تەوای جومگەکانی ژیانی مرۆڤی کرد هەروەک ئابوری و سەرمایە،کاریگەری تەواوی لەسەر دەوڵەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جێهێشت بەشێوەیەک پەیوندییەکان لای (مارکس) تەنیا، ئابوری دەستنیشانیان دەکات. دواتر کولتورو دامودەزگاکان و ئەزموونی مرۆڤەکان تیایدا گەشەدەکات کە (مارکس)ناوی لێناوە سەرخان لەوبارەیەوە لە کتێبی ئابوری سیاسی دەڵێ بوونی کۆمەڵایەتی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات نەک بە پێچەوانەوە.

ئەگەرچی سەرمایەداری لای(مارکس) ناتوانێت ئازادیی و یەکسانی بۆ چینی کرێکارو توێژەکانی تر دابین بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغێکی گرنگی تێپەراندنی مێژوییە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات، بەڵام ئەو قۆناغە گلۆباڵە لای (مارکس) ئەوپەڕی چەوسانەوەو نایەکسانی تێدایە بەرانبەر بە چینی کرێکارکە دواجار بە بۆچونی ئەو سۆسیۆلۆژیستە تەنیا سیستەمی سۆشیالیستی ئەو جۆرە چەوسانەوەیەی بۆرژوازیەت ناهێڵێت. پێچەوانەی ئەرگومێنتی لیبراڵیەکان کە پێیان وایە گەشەی ئابوری دەبێتە هۆی زۆربوونی سەروەت وسامان و سودی بۆگشت کۆمەڵگادەبێت.(مارکس) بە پێچەوانەوە دەیبینێ لەسیستمی سەرمایەداریدا کە زیاترجیاوازی چینەکان دەردەکەێت و نایەکسانی و خاوەندارێتی بەشێوەیەکی بەرچاو سەرهەڵدەدات

لەوبارەیەوە ئەو بیرۆکەی هەماهەنگی cooperation لەنێو کرێکاراندا بەکارهێنا. Robert J. Antonio, p97 )

وەک باسمانکرد (مارکس) یەکەم کۆمەڵناس بوو بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ باسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مۆدیرنەو سەرمایەداری و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادیەکانی مرۆڤی کرد، بەشێوەیەک هەموو جۆرە ئایدیالیزمێکی پوچەڵکردەوە، ئەگەرچی ئەو لەشیکردنەوەی کۆمەڵگاو بیرۆکە فەلسەفی و کۆمەڵناسیەکانی سودی لە فەلسەفەی( هیگل) وەرگرت، بەڵام ئەو توانی فەلسەفە لە تێڕامانەوە بکاتە واقع و بەشێوەیەکی کۆمەڵناسیانە دەست بۆگرفتە قووڵەکانی دنیای مۆدێرنە بەرێت.ئەوپێی وایە سەرمایەداری بەشێوەیەکی نایەکسان لەنێو کۆمەڵگا دابەشبوە بەشێوەیەک چینی هەژار بێبەشە لە هێزو ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، خاوەنداریتی و شێوازەکانی بەرهەم هێنان لەبەرانبەردا چینی سەرمایەدار خاوەنی هەموو شێوازەکانی بەرهەم هێنانە تەواو دەسەڵاتی هەیە بەسەر کۆی پەیوەندییەکان، بۆیە مرۆڤ لەکارو لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان توشی نامۆبوون دەبێت. سەرمایەداری هەمیشە (exploitative) پەیوەندیەکی نایەکسان لەکاردابەشکردندا دروست دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی نایەکسانی لەنرخ و دەستکەوتی مادی و نەبوونی زێدەبەها، بۆیە سەرمایەدار مرۆڤەکان توشی چەوسانەوە دەکات، بەتایبەتی چینی کرێکار،(مارکس) بەپشت بەستن بە ماتریالیزمی دیالێکتیکی تیۆرەکەی گەڵاڵەکرد، ئەو پێی وایە یاساکانی ژیان جۆرێک لەدژبوونی تێدایە وەک سەرمایەداری دژە لەگەڵ سۆسیالیستی

هەروەک بۆرژاو کرێکار، هەمیشە لە ململانێی بەردەوام دان، واتە ژیانی کومەڵایەتی پڕیەتی لە ململانێی چینایەتی، ئەو پێی وایە بونەوەری مرۆڤایەتی واتە کارکردن و خەباتکردن لەپێناو مانەوەو زاڵبوون بەسەر سروشتدا. ئەگەرچی ئەو پێی وایە دەوڵەتی سەرمایەداری دەبێتە هۆی دروستبونی کۆمەڵگای مۆدێرن، بەڵام ئازادی و عەدالەت و یەکسانی بەرجەستە ناکات لەنێوان مرۆڤەکان، چونکە سەرمایەداری وەک پرۆژەیەک دەبێتە مایەی نادادی و نامۆبونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەشێوێنی، بۆیە خاوەنداریێتی گەورەترین بەربەستە لەدنیای مۆدێرنەو کۆمەڵگای مەدەنیدا، چونکە دەبێە هۆی نایەکسانی لەدابەشکردنی سەروەت وسامان و زاڵبونی هەیمەنەی سەرمایەداری بەسەر کۆی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا. مۆدێرنە لای (مارکس) بەندە بەسەرهەڵدانی بۆرژوا، کۆمەڵگای مۆدێرن بریتیە لە سەرجەمی ژیانی بازرگانی و پیشەسازی. مۆدێرنە لای ئەو کۆمەڵناسە دەکەوێتە ژێرخانی کۆمەڵایەتی ئەو ژێرخانەی کە گۆڕەپانێکە بۆ ململانێ و کێشمەکێشی چینایەتی، لەلایەکی دیکە ئەوبنەماو کۆڵەگە پتەوەیەکە هەرپەرەسەندن و پێشڤەچونێکی کۆمەڵایەتی دەگرێتەخۆ، کە ڕوودەدات. Stuart Hall ,p113-14)

لێرەدا ئەو ڕوون دەبێتەوە کە مۆدێرنە فەزایەکە بۆ ململانێی ئابوری و چینایەتی و لەنێوان سەرجەم توێژوو چینەکانی کۆمەڵگا،(مارکس) پێی وایە، دەوڵەتی مۆدێرن درێژکراوەی کۆمەڵی مەدەنیە بۆ بەهێزکردنی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە دواجار پاراستنی بەرژەوەندیەکانی موڵکیەت و

سەرمایەداری، ئەگەرچی پێی وایە، ئەو پرۆژەیە دەشێ وەک ڕیفۆرمێک لە سیستەمی سەرمایەداریدا بێتە ئەنجام وکاریگەری لەسەر دابینکردنی هێندێک مافی هاوڵاتیان هەبێت کەلێی زەوتکراوە، بەڵام ئەوە بەلای ئەو گۆڕانکاری قووڵ نیە لەپێکهاتەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرن لای (مارکس)ئەو دەزگایەیە، کە گوزارشت لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار دەکات. دەسەڵاتێک لە ژێر ناوی دیموکراسیەتی زۆرینەو پەراوێزخستنی کەمینە و دووبارە خۆی لە شێوەی بازاڕی ئازادوو نیولیبرالیزم بونیاد دەنێتەوە.
(Robert J. Antonio, p-38-110)

دیارە (مارکس) لەهەموو زاناکانی دیکە ئیشی لەسەر سەرمایەداری کردوە، ئەو سەرمایەداری گرێداوە بە مۆدێرنەوە بەو مانایەی کە سەرمایەداری دەبێتە هۆی دروستبوونی پرۆژەی مۆدێرنە وەک ئەلتەرناتیفێک بۆ پرکردنەوەی هەموو کەموکوریەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە لە پێشوتر هەبوون، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا کۆمەڵێک کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی کۆمەڵگاو پەیوەندیەکانی دەبێتەوە بەشێوەیەک بەهای مرۆڤایەنی دەکەوێە ژێر پرسیاری قووڵەوە.لەژێر سایەی سەرمایەداریدا بازاڕی ئازاد لە کاردا بەلای (مارکس) بەکارهێنان یان زەوتکردن دەشارێتەوە یان بەمانایەکی دیکە دیموکراسیەت لەڕووی سیاسیەوە پێشنیازی دادوەری کۆمەڵایەتی دەکات، کەچی لەواقیعدا نامۆبوونی کۆمەڵایەتی لەکارکردن لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی (مارکس)

ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنە بویەوە بەتایبەتی لەلایەن کۆمەڵناسانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونە تیۆریەکانی تاکوئێستاش جێگای بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردنە.(مارکس) پێی وایە کۆمەڵگا بەهۆی جۆری بەهەمهێنانەوە جیادەکرێتەوە هەرئەوەشە کۆمەڵگا ڕێکدەخات بۆ نموونە فیودالیزم دژی سەرمایەداریە، هەموو جۆرێکی بەرهەمهێنان دروستدەبێت بەپێی پەیوەندیی چینەکانەوە.لەکتێبی سەرمایەدا مارکس ماتریالیزمی دیالێکتیکی تیایدا بەکارهێنا بۆ خەسڵەتی سەرمایەداری و دژبەریەکانی هەوەک بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەو دینامیکی شێوەی بەرهەمهێنان، ئەگەرچی سەرمایەی(مارکس) زیاد لە دیدێکی هەیە، بەلام ئەوەی کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین ئەو گۆڕانە کۆمەلایەتیەیە کەوا مێژوی جیهان بەرەو گەشەسەندنی سەرمایەداری دەبات لەوێشەوە دورستبوونی دامەزارە مەدەنیەکانی خودی مۆدێرنەی سەرمایەداری تیایدا دونیابینی ئەو پرۆژەیە لەنێو کۆمەڵگای سەرمایەداری بەجەستە دەبێت.

Ben Fine and Alfredo Saad-Filho ,2004,p4-5

(مارکس) تاکە بیریاری کۆمەڵناسی بوو بەشێوەی ڕادیکاڵ باسی گۆڕانی کۆمەلایەتی بکات، بەپشت بەستن بە ماتریالیزمی مێژوویی فۆڕمی گۆرانی کۆمەلایەتی دیاریکرد، هەروەها پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی بەرهەمهێنان و گۆڕانی پەیوەندیی کۆمەلایەتی و مێژووی پوخت کردەوە.گۆڕانی کۆمەلایەتی پەیوەست کرد بە گەشەسەندنی بەهەمهێنانەوە، واتە چەند

بەهــەمهێنان زیــاد بکــات پەیوەنــدی کۆمەڵایــەتی زیــاتر گــۆڕانی بەسەردادێت سەرمایەداری دەگاتە ئەوپەڕی، بازرگانی ئازاد بڵاو دەبێــتەوە، بــۆرژوا دەگاتــە ترۆپکــی کــارکردنی لــەنێو سیســتمی ســـەرمایەداریدا، بـــۆرژوا مـــۆرکێکی جیهـــانی وەرگرتـــووە بـــۆ بەرهەمهێنان و بەکاربردن، لەمیانەی زەوتکردنـی بـازاڕی جیهـان، بۆرژوازیەت بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی بینیوە لـە گۆڕانکاریـــە یەکدوایەکـــەکانی جیهـــانی بـــەر لەمۆدێرنـــەو دوای مۆدێرنــە بەشــێوەیەک تــوانی هــەموو فۆرمــەکانی تــری ژیــانی کۆمەڵایەتی پێشتر لەناوبەرێت، بەهۆی سەرمایەداری مۆدێرنـەوە سیستمی کۆمەڵاتی گۆڕانی بەسـەرداهات، کولتوری کۆمەڵایـەتی، کـە خـۆی لەسـەرخانی کۆمەڵایـەتی دەدۆزێـەوە گـۆڕانی ڕیشـەیی بەســـــەردادێت. پەیوەنـــــدی نێـــــوان هێـــــزی بەرهـــــەمهێنان و پەیوەندییەکانی گۆڕانی تەواوی بەسەردادێت بەگووتەی (مارکس) لەسیسـتمی مۆدێرنـەی سـەرمایەداریدا کۆمـەڵگا هەمیشـە دۆخـی مـــادی دووبـــارە بەرهەمدێنێتـــەوە لەهـــەموو کۆمەڵگایەکـــدا بەرهەمهێنان نرخ و بەها ی بەسود دروستدەکات، وەک خـواردن و جلوبەرگ و خانوبەرە، هەروەک بەرهەمهێنان production دامەزراوەی نامادیی بەرهەمدێنێ وەک پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزاریـــەکانی مـــرۆڤ، هـــەموو ئەوانـــە پێویســـتە بـــۆ بـــەردەوامبوونی کۆمـــەڵگا. بەوشـــێوەیە دابەشـــکردنی کـــارو بەرهەمهێنانی نرخ و بەهاکان خەسڵەتی هەمیشـەیی مرۆڤـە. تاکـە خەسـڵەتی سـەرمایەداری لای(مـارکس) بریتیـە لـە کەرەسـتەی بەرهــەمهێنان بـۆ قـازانجکردن، گرنگتـرین خەسـڵەتی جیـاوازی سـەرمایەداری ئەوەیـە کـە دەبێتـە هێـزی کـار هـەروەها دەبێتـە

کەرەستەو کەلو پەل. لەگەڵ ئەوەشدا سەرمادار دەبێتە فرۆشیار و کرێکاریش دەبێتە کڕیار، نرخی هێزی کاریش بریتیە لە کرێ. بەوشێوەیە کرێکار هێزی کاری خۆی بەسەرمایەداری دەفرۆشێت بۆ بەرهەمهێنانی نرخێکی دیاریکراو.
Robert J. Antonio ,p91-93 ئەگەرچی (مارکس) مۆدێرنەی بەستۆتەوە بەقۆناغی گەشەکردنی سەرمایەداری و لەناوبردنی فۆڕمی پێشوی سیستمی کۆمەڵایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدیدی ئەو زانایە سەرمایەداری نرخ و بەهای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناودەبات دەیکاتە کاڵا و بەشتکردن و مادیکردنی تەواوی ژیانی مرۆڤ هەروەها نامۆبونی تەوای کرێکارو چینی هەژار بەدوای خۆیدا دێنێ، چەوسانەوە جیاوازی چینایەتی دەگاتە لوتکە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی ئەو پەیوەندییە هاوسەنگی لەدەستدەدات دواجار لەنێو ئەو سیستمە سەرمایەداریەدا شۆڕش و ڕاپەڕین سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەو بۆچوونە بەتێپەربوونی کات بووە شوێنی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵێک زانای کۆمەڵناسی و بیرمەندانی بواری ئابوری و ئەنترۆپۆلۆچی، چونکە ئەزموون ئەوەی سەلماند سەرمایەداری مۆدێرنە زۆر زیرەکانە کاری لەسەر ڕەخنەکانی (مارکس)کرد بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەی و دووبارە خۆنوێکردنەوەی چەسپاندنی لەنێو جیهاندا سەرمایەداری توانی لەرێگای کۆمەڵێک ئامرازی خۆشگوزەرانی ململانێی چینەکان کاڵبکاتەوە و شۆڕش دوابخات وململانێکان لەئێستادا زیاتر خۆی لە ناکۆکی نەوەکان و گرووپەکان و تایفەو ئیتنکیەکان دەبینێتەوە. کۆمەڵگا تەنیا بە

چینەکانەوە جیاناکرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێک دابەشبوونی تر هەیە وەک جیاکاری ژێندەری و ئیتنیکی و نەتەوایەتی و ئاینی و ڕاسیزم و هتد,Kieran Allen,p55,2011)

دنیا لە ئێستادا نەوەک هەرلە قۆناغی مۆدێرنەدا دەژیت، بەڵکو لە دونیای دوای مۆدێرنەو دوای پیشەسازی دەژیت، تەکنەلۆژیاو دونیا زانیاری لە برەوسەندندایە، (مارکس) وەک تێور کۆتایی نەهاتوە بە بەڵگەی ئەوەی چینەکانی کۆمەڵگا تا ئێستاش بوونیان ماوە، کەلێنی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی لەوپەڕی دایە، نامۆبوونی تاک لە کۆمەڵگادا هەمیشە بوونی هەیە ڕەنگە ڕێژەی ئەو جۆرە نامۆبوونە لەکۆمەڵگایەک بۆ یەکێکی دیکە بگۆرێت، ڕەنگە لە هێندێ کۆمەڵگادا ئەو جۆرە نامۆبوونە لە خود لەگەڵ هەژموونی زیاتری سەرمایەداری پەرەبسەنێ ڕەنگە تەنیا ئابوری و نادادی دابەشکردنی سامان تاکە فاکتەر نەبێت، بەڵکو فاکتەری بیروباوەڕو ئاین و کولتوریش ڕۆڵیان هەبێت لەم بارەیەوە بەگشتی ئەو جۆرە نا ئۆمێدییە ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناهاوسەنگی کۆمەڵگاو پەرچەکرداری مرۆڤەکان لەهەمبەر هەژمونی سەرمایەداری لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕێژەی جیاوازی چینایەتی لەو پەڕی هەڵکشانیدایە ئەو جیاوازیە بەرەبەرە بەشێکی زۆری جەماوەر و کۆمەڵگا تووشی نا ئومێدییەکی تەواو دەبێت و پەنگ دەخواتەوە، ئەگەر دوورکەوینەوە لە دەربڕینە مارکسیەکەی ئەوا یەکسەر پرسیاری ئەوەمان لادروستدەبێت، کە چینەکان تەنیا پەیوەست نیین بە لایەنی مادی، بەڵکو وەک ئاماژەمان بۆکرد، دنیایەک

خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیی جیاجیـا لـەخۆدەگریٚ، وەک خـاوەن پێگـەی کۆمەڵایـەتی و سیاســی و بازرگـانی و پـەروەردەیی و هێمایی کۆمەڵایەتی و هتد... ئەو جیاوازیە چینایەتیە تەواو ڕەنگی داوەتـەوە لـە نـاو گەڕەکـە میلییـەکا ن و بـازاڕە هاوچەرخەکانـدا، زانکـۆ حکومییــەکان و ئەهلیەکانــدا، کــەلێنێکی ئێجگــار گــەورە دروســتبووە لــە نێــوان چینەکانــدا بەشــێوەیەک چینــی ناوەنــد خەسـڵەت و تایبەتمەندییــەکانی بەتــەواوی غایبــە و ناســنامەی سـڕاوەتەوە بـەهۆی هـەژموونی چینـی باڵادەسـت. چینـی ناوەنـد ئێجگـار گرنگـە هەمیشــە پێشــەنگی بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان بوون، خاوەن ماریفەیەکی بەهێز بوون بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵیان هـەبووە لەگەشـەکردنی ژێرخـان و سـەرخانی کۆمەڵایەتیدا، ئێمـە لەبەشـەکانی داهـاتوو باسـی ئـەو چینـە دەکـەین. (مـارکس) خاڵی نییە لـە ڕەخنـە، بـەڵکو زۆرێـک لـە کۆمـەڵناس و بیریـارانی دوای (مارکس)ڕەخنــەی قووڵیــان لــە تێورەکــەی گــرت بــەوەی تــەنیا ڕوویــەکی ســــەرمایەداری و ئــابوری نیشــانداوە بەتایبــەتی فرانکفۆرتیەکان، دواتر ئێمە باسی ئەو قوتابخانە فیکریانە دەکەین وەک تیۆری جێگرەوەی (مارکس) هەژمار دەکرێن، هەروەها زۆر تێـوری دیکــە و سۆسیۆلۆژیســتی دیکــە ڕەخنــەیان ئاراســتەی (مــارکس) کــرد بــەوەی تــەنیا چــین ی لــە دووتــوێی ئــابوری شیکردۆتەوە، کەچی لەدنیای دوای پیشەسازی و سـەرمایەداری نــەوەکان شــوێنی ململانێــی کۆمەڵایــەتی و ئــابوری چینــەکان دەگرنەوە یان چین دەکریٚ خاوەن پێگەی دیکەی پەروەردەیی و هێماییی و کولتوری هـەبێت جگە لە فاکتەری ئابوری بەهـەر حاڵ

ڕەخنــەکان زۆرن هەریەکــەو لەدیــدگای ئــەزمونی زانســتی و سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆیەوە لەپرسەکان دەڕوانێت.

**دۆرکهایم و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی:**

یەکێکی تر لەو کۆمەڵناسانەی کەوا ڕۆڵی گرنگی هەبوو وەک تیۆر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنە وەک پرۆژەی هزری (ئەمیل دۆرکهایمە)، ناکرێ باسی مۆدێرنە بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ دەقەکانی (مارکس و ڤیبەر و دۆرکهایم)، چونکە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد ئەوانە قوتابخانەی کۆمەڵناسیین تیۆردانەری کۆمەڵگای تازەگەریین، ئەو ئیشی لەسەر کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی بەر لە مۆدێرنە و مۆدێرنەی کرد، کە هاوتەریب بوو لەگەڵ بارودۆخی ئەو کاتی کۆمەڵگاوە، ئەو کۆمەڵناسە ئیشی لەسەر کۆمەڵێک چەمک و دیاردە و بابەتی جدی وەک دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنی، ئاین، ئاکار، ئابوری و چەندین دیاردەی دیکە کرد، هەموو ئەو بابەتانەی ئەو کاری لەسەر کرد هاوکات بوو لەگەڵ ئەو تەنگژە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریانەی کە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا و فەرەنسا دووچاری بوو.

(دۆرکهایم) دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بەسەرچاوەی سەرەکی هزری مۆدێرنە دادەنێت، مرۆڤ لەوێوە هەست بە خودێتی ئۆرگانیکی دەکات، ئێمە هەوڵدەدەین بەپشت بەستن بە کۆمەڵێک دەقی دۆرکهایم شیکردنەوەیەکی وردی کۆمەڵگا بکەین لە قۆناغی بەرلە مۆدێرنە بۆ قۆناغی مۆدێرنە یان بەمانایەکی دیکە لە هاریکاری میکانیکی بۆ هاریکاری ئۆرگانێکی خودێتی، چونکە هاریکاری یان سۆلیداریێتی بە سەرچاوەی

ســـەرەکی ئاکـــار هـــەژماردەکات لێـــرەدا دابەشـــکردنی کـــاری کۆمەڵایـەتی  تـەنها مارکیتێـک یـان بـازاڕی بـزنس نیـە، بـەڵکو جۆرێکـە لـە ئاکـارو مـۆڕالیتی. ئەگـەرچی (دۆکهـایم) کاریگـەری ڕاستەوخۆی زانایانی پەرەسـەندنی لەسـەر بوو وەک (داروین و تیـۆوری  سپنسـەر)  لـەبارەی پەرەســەندنی کۆمـەڵگا بەشـێوەی بایۆلۆژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانی وردتر لەکێشـە قووڵـەکانی کۆمەڵگای فەرەنسی بڕوانێت.

(دۆرکهـایم) تێبینـی چەنـد ووردە کایـەی کـرد کاتێـک لـە دۆخـی کۆمەڵگای فەرەنسـی کۆڵیـەوە لەسـەروی هەموویانـەوە دەرونزانـی کۆمەڵایەیتی کە لەکۆمـەڵێک بۆچـوونی سـۆزمەندی و هـاودەردی پێکهاتوە لەوسەردەمەدا باوبووە وەک ئەفسـانەو نـەریتی ئاینی و بۆچونی سیاسی و زمان، هەروەها هاوشێوەبوونی زاسـتی ئاکار لەبەرانبـەر زانسـتی یاسـا کـە دۆرکـایم بایـەخی سـەرەکی پێـدا لەتوێژینەوەکانیدا(ROBERT N. BELLAH,p 15) .

دیسپلینی خودی دەبێتە جەوهەری چاکەکاری و پەروەردە کردن و گەشەسەندنی ئاکار هـەروەها ئەو دابەشکردنە سـەرچاوەیەک بـۆ بەختـەوەری تـاک نیـە. بەپێچەوانـەوە لەگـەڵ دروسـتبوونی تایبەتمەنـدیی جیاجیـا و سـەپاندنی بەسـەر تـاک، خۆشـگوزەرانی کـەمتر دەبێـت. دابەشـکردنی کـار وەختـێ پـەرە دەسـەنێ کـە دامودەزگاکانی دەوڵـەت گەشـە بکات، یـان بەمانایـەکی دیکە ئـەو گەشـەکردنە پرۆسـەیەکی  دامودەزگاییـە، لەگـەڵ زیـادبوونی ئـەو ڕۆڵـە ئیـدی ئـەو جیاکردنەوەیـە شـوێنی خـۆی دەگـرێ و دەبێتـە بنەمایـەک بـۆ دروسـتبونی یاسـاو ڕێسـا و مومارەسـەکردنی

کۆمەڵگا بەپێی تایبەتمەندیی و پسپۆری، بەڵام هەمیشە کۆمەڵگا گیرۆدەی کۆمەڵێک کێشەی قووڵ دەبێتەوە، تێیدا چەندیین دیاردەی تر سەرهەڵدەدەن دیسان دەبنەوە کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی. بیرۆکەی ئەو دابەشکارییە لای (دۆرکهایم) بەرەنجامی زیادبونی چڕی دانیشتوانە. (دۆرکهایم) هەوڵیدا ئەوە نیشانبدا، کەوا لەکۆمەڵگای مۆدێرنەدا پەیوەندیی هەیە لەنێوان ئاکارو یاسادا ئەو پەیوەندییە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و هاریکارییەکان دەپارێزێ و زیاتر گەشەی پێدەدات. Watts miller , 1996 p32)

پێش ئەوەی باسی ناوەڕۆکی دابەشکردنی کار بکەین لەدیدی (دۆرکهایمەوە) پێویستە بە کورتی ئاماژە بە هەردوو جۆری ئەو جیاوازیە بکەین کە (دۆرکهایم) لە دیدێکی کۆمەڵناسیانە شەنوکەوی کۆمەڵگای کردوە ئەویش جیاکاری نێوان هاریکاری میکانیکی و هاریکاری ئۆرگانیکیە.

هاریکاری میکانیکی خەسڵەتی کۆمەڵگایەکی بەشبەشکراوە، segmentary بەڵام هاریکاری ئۆرگانیکی خەسڵەتی کۆمەڵگایەکی جیاوازی وەزیفیە، یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی هاریکاری میکانیکی بەگووتەی (دۆرکهایم) بریتیە لە پێشێلکردنی یاسا و زاڵبوونی سۆزداری و ڕێزنەگرتنی رێساکان، ئەگەرچی لەهەردوو جۆرەکەدا بەگووتەی دۆرکهایم کۆمەڵگە یەکانگیرە، بەڵام سروشتی هەر یەکێکیان جیاوازە، لە هاریکاری میکانیکیدا دەبینین کۆمەڵگا پشت ئەستورە بە ویژدانی گەلەکی یان کۆ ئاکار، بەڵام بەپێچەوانەوە (دۆرکهایم) پێماندەڵی لەنێو شەریحەی هاریکاری ئۆرگانیکیدا ئەو جۆرە ئاکارە گشتیە

بەرەبــەرە لاواز دەبێت.لــەنێو جــۆری میکانیکییــدا کــۆ ئاکــار دورستدەبێت کە لە بنەڕەتدا ویژدانی گشتی سەپاندوویەتی کە کۆمــەڵێک بوچــوون و هەســت دەگرێتــەوە بــۆ ئــەوەی ڕەفتــاری جێگیریــی کۆمــەڵگا ڕێکبخــات، ئەگــەر هاریکــاری میکــانیکی کــار لەســەر بیروڕاو هەستی گشتی بکات کە لە ویژدانی گشتییەوە ســەرچاوەی گرتــوە ئــەوا لەبەرامبــەردا هاریکــاری ئۆرگــانییکی کارلەسەر سیستمی ئەرک function دەکات لەنێو کۆمەڵگادا کە بەڕای (دۆرکایم)ئەو جۆرە سیستمێکی ئاڵۆزو تێک چرژاوە. ئەو جۆرە سیستمە ئاڵۆزە بە جیاوازی و هاوشێوە نەبوون لەنێو دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی جیادەکرێتەوە، تۆڕێکی ئاڵۆزە لە کارکردن و ئەکگەرایی کارلێککردنی لایەنەکان لەگەڵ یەکتر، بەڵام لەنێو سیستمی ئۆرگانیکیدا جۆرێک لە جوڵە دەبینرێ، بەڵام لە میکانییکیدا بە پێچەوانەوە جێگیربونی سیستمەکەیە بەتایبەتی لە نێــو کۆمــەڵگای ســەرەتاییدا، ئەگــەرچی ئــەو پێــی وایــە لــەنێو هاریکــاری میکانیکیشــدا جۆرێــک لــە جوڵــە هەیــە لــەنێو جوڵــەی فەلەک دەخولێتەوە کە (دۆرکهایم) ناوی لێناوە جوڵەی بەشەکی ئەوجۆرە بەشێوەی نائیرادی سەرهەڵدەدات وەک جوڵەی مرۆڤی ســەرەتایی لــەچوارچێوەی عەشــیرەت و خێڵــدا، یــان جوڵــەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەندامانی خێڵەکەیدا، بەڵام هەموو ئەوجوڵەو هۆشیارییە لای تاک پشت دەبەستێ بە ویژدانی گشتی ئەو ڕێساو ڕێکخستنانەی کە بەشێوەی ستاتیکی جێگیربوون. بۆنموونە کاتێک ئەندامانی خێڵێکی دیاریکراوی کوردی جۆرێک لە هۆشیاری خودییان لادروست دەبێت هەوڵدەدەن ئەندامانی

خێڵەکەی خۆیان هۆشیاربکەنەوە، بەلاَم لەهەمان کاتدا دەبینی خودی ئەوکەسە لە بۆنەو چەژنەکاندا پابەندی تەواوی بنەماکانی خێڵەکەی دەبێت یان بۆنموونە ئەگەر خێڵەکەی توشی کێشەو گرفتێکی کۆمەلاَیەتی بوو هەرزوو هاوسۆزە لەگەڵ خێلەکەی یان هاوبەشی مادی و مەعنەوی خێلەکەی دەکات و دووبارە دەچێتەوە پاڵ خێل و عەشیرەتەکەی. یان نموونەیەکی زیندوو کاتێک لەسەر کێشەیەکی پوچ و هەرزان ئەندامی خێلێک ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە هەر دوو خێلەکە لەبەرانبەر یەکتر دەوەستن هەرچی خەسلَەتی نێگەتیف هەیە بەکاریدەهێنن بۆ پاراستنی هەیبەت و کەرامەتی خێل، لێرەدا کەسێتی گەلەکی یان خودێتی گشتی تایبەتمەندییەکانی کەسێتی تاک دادەماڵێت، بەو مانایەی کە ویستی تاک و ئازادییەکانی هەلَدەمژێ و پێڕەویی ڕەفتاری میکانیکی دەکات.

لەناو هاریکاری ئۆرگانیکی بە گووتەی (دۆرکهایم)جۆرێک لە گونجاندن هەیە، ئەگەرچی لەگەڵ سەرهەلَدانی شاربوون و پێشڤەچوونی تەکنەلۆژیاو چڕی دانیشتوان دابەشکردنی کاری کۆمەلاَیەتی بە دۆخی ئالَوزو پڕ کێشە تێدەپەڕێت، بەلاَم دواجار هەرکەسەو مومارەسەی پسپۆری وردی خۆی دەکات کە پێشووتر لەنێو کۆمەلَگای بەر لە مۆدێرنە نەشونمای نەکرد بوو، هەموو ئەو جۆرە پسپۆڕیی و ئەرکە تازانە لە دنیای مۆدێرنەدا پشت بە جیاوازی ئاشکرا دەبەستێ لە نێو سیستمی دابەشکردنی کاری کۆمەلاَیەتییدا، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هەرکاتێک تاکەکان یەکانگیر بوون لەگەڵ یەکتر ئەوا جۆرێک لە گونجاندن و

هارمۆنیـەتی کۆمەڵایـەتی لـەنێو هاریکـاری ئۆرگانیکیـدا دروسـت دەبێت.

ئەگـەر هاریکـاری میکـانیکی ئـازادی و ویسـتی مرۆڤـەکان بـەپێی ڕێسا خێڵەکییـەکان سنورداربکات و توانـای خـودی و کەسـێتیان دیـاری بکـات، ئـەوا لەبەرامبـەردا هاریکـاری ئۆرگـانیکی دەرفـەتی ئـازادی تـاک دەرەخسـێنێ بۆئـەوەی گوزارشـت لـە ئازادیـەکانی خۆیان بکەن، هەروەها مومارەسەی توانست و کارامـەیی خۆیـان دەکـەن لەهەمانکاتدا پێویسـتیان بـە وانـی دیکـەش دەبێت، چونکە مـرۆڤ بونـەوەرێکی کۆمەڵایەتییـە نـاتوانێ بێ هاریکـاری ئـەوانی دیکـە بژییت، بۆیـە هەمیشـە پێویسـتیان بەکۆمـەک و یارمـەتیدانی یـــەکترە لـــە کاروبـــاری ڕۆژانـــەییان. بـــەپێی بۆچـــوونی (دۆرکهایم)هەرکاتێک کۆمەڵگا ڕەهەندو بنەمای سەرەتایی تێدابوو ئەوا جۆری میکانیکی تێیدا زاڵدەبێت یان بەمانایەکی تر هەرکاتێک کۆمەڵگا لەدۆخی بەر لە مۆدێرنە ژیا ئەوا جێگیربـوون و سـتاتیکا تێیدا زاڵـە بەسـەر ئاراسـتەی بیرکردنـەوەو ڕەفتـاری کۆمەڵایـەتی تاکەکاندا.

ئـەرکی ئـابوری بـەپێی بۆچـوونی (دۆرکـایم) جیادەبێتـەوە و ڕێکـدەخرێت لـە نێـو هاریکـاری ئۆرگانیکیـدا، وەک باسـمانکرد پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی لـە قۆنـاغی پـێش مۆدێرنـە تارادەیـەک سـادەبوو دابەشـکردنی کـار لـەنێو کۆمـەڵگا کشـتوکاڵیەکان بەشێوەی ڕێژەیی کەمتر هەبوو، چونکە بەیەکەوە ڕاویان دەکرد دارییـان کـۆدەکردوە هـەرەوەزی تـەواو هـەبوو لەنێوانیانـدا

ئەركييان هاوبەشبوو لەنێوانييانـدا جيـاوازى كـەم بـوو تاكايـەتى بوونى نەبوو.(Michael Hughes, p11-12)

بە گووتەى (دۆركهايم) ئـەركى ئـابورى و كۆمەڵايـەتى و سياسـى و بـە گـوێرەى پسـپۆرى دابەشـدەكرێت، ئـەو پێـى وايـە چـالاكى گرووپەكان لە ژياندا هێزى ئاكاريان پێدەدات كە ئـەوەش رێگـرى دەكـــات لـــە توشـــبوونى گرووپـــەكان بـــە بـــەرەڵايى و خۆويستىegoistic and anomic، سەربارى ئەوەى كـە لـەناو جـۆرى هاريكـارى ئۆرگانيكيـدا تاكايـەتى سـەرهەڵدەدات، بـەڵام (دۆكهاييم) ئاماژە بەوە دەكات بۆئەوەى سترەكتورى كۆمەڵايەتى هاوسەنگى خۆى بپارێزى پێويستە كار لەسەر گرووپ و كۆمەڵگا بكـرێ بـۆ سـەقامگيرى و تێـك نـەچوونى بنيـاتى كۆمەڵايـەتى و سيســـتەمە. (دۆركهـــايم) پێمانـــدەڵێ پێكهاتـــەى كۆمەڵايـــەتى و بنياتەكـەى لەميانـەى هامەهـەنگى نێـوان سيسـتمى دابەشـكردنى كـارەوە دەبێـت، واتـا ئـەركى هـەموو دابەشـكردنەكە لاى ئـەو كۆمەڵناسـە دەبێتـە يـەكانگيرى و تـەكاملێ بنيـاتى كۆمەڵايـەتى، يـەكێك لـە مەرجـە سـەرەكيەكانى دەركـەوتنى ئـەو دابەشـكارييە بريتيە لە چڕبوونى لايەنى مادى و جياوازى قەبارەى دانيشـتوان، لێـرەدا تـاك لاى (دۆركهـايم) ڕۆڵـى پسـپۆڕى و تايبەتمەنديـيـە كۆمەڵايـەتى و ئـابورى و ئەركـەكانى تـرى لا پيـرۆز دەبێـت، دواترخـۆى دروسـتدەكات لـەناو كۆمـەڵگادا و هاريكـارى و هەماهـەنگى ئـەوانى ديكـە دەكـات. بەتايبـەتى لەكۆمـەڵگاى پيشەسـازييدا پێويسـتە كرێكـارو خاوەنكـار لێـك جيابكرێنـەوە و ڕێكبخـرێن لـە چوارچێـوەى دەوڵەتـدا ئەگـەرچى ئـەو لەگـەڵ خاوەنـدارێتى بەكۆمـەڵ دابـوو بـۆ دەسـتەبەركردنى ئاكـار و

ڕێکخستن لە نێو کایەی ئابورییدا پێی وابوو زۆرێک لە کێشـەو و تـەنگژەکان چارەدەکـات، سـەرباری چـالاکی گرووپەکـان collective activity سەختە لەنێو کۆمەڵگایـەکی ئالۆزدا تـەنیا دەوڵـەتە دەتـوانێ ئـەو فـرە پسـپۆری و ئاڵوزیانـەی کۆمـەڵگا ڕێکبخات و ژیانی هاوبەش دروستبکات، دەوڵەت لای (دۆرکایم) شـوێنێکە بۆ نوێنەرایـەتی گردبوونـەوە و گفتوگۆو ڕەنگدانـەوەی هەست و ویژدانی گشتی، چونکە دەوڵەت بەسروشت پێچەوانـەو دژی تـاک نییـە بـەڵکو گەشـەکردنی دەوڵـەت پەیوەسـتە بـە گەشەکردنی تاکەوە بەشێوەی ئەرێنی بەیەکەوە پەیوەستن.

(دۆرکهایم)گرنگییـدا بـە تیـۆری communication گەیانـدن وپەیوەندییکردنی سیاسی کە تایبەتمەندیی دیموکراسیەتی تێدایـە لەڕوانگەی دۆرکهایمـەوە ئەوجۆرە ڕێکخستنە سیاسیە پێویستە هاوشـان بێـت یـا هاوتـەریب بێـت لەگـەڵ گەشەسـەندن و پێشڤەچوونی کۆمەڵگا، بۆیە هەردەبێ دەوڵەت بەقووڵی پەیوەست بێـت بـە بـەهای ویژدانـی و هەسـتی کۆمـەڵگاوە.(دۆرکهایم) لەزۆربـەی دەقەکانییـدا جـەخت لەسـەر دەوڵـەت دەکاتـەوە بـۆ ڕێکخسـتنی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری وکـارکردن هـەروەک بۆرێکختسـنی پیرۆزییـەکانی تـاک، لەبەرئـەوە سـروتەکان لای (دۆرکایم)گـەورەترین ئاسـتی بیرۆکـەی ئـەخلاقی کۆمـەڵگان.

(ROBERT N. BELLAH, p35-36)

سەرمایەداری بە بۆچوونی(دۆرکهایم) توشی نەخۆشی ئەنۆمی بووە کە خۆی لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ڕێکخستن دەبینێتـەوە، کەئـەوەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر قـەیرانی ململانێـی

چینەکان دەبێت دواتر دەبێتە هۆی لەناوچونی یەکبوون، ئەو پێی وایــە کــە ئــەنۆمیی دۆخــی کۆمــەڵگای ســەرمایەدارییە هــیچ خەســڵەتێکی ئــەخلاقی تێدانییــە کــە ڕەفتــاری تــاک ڕێکبخــات، هەروەها لەغیابی دادوەری دەژیت لێرەدا پێشێلکردنی هاریکاری ڕێکخســتن دروســتدەبێت، بۆیــە میراتــی ســەروەت و ســامان هەڕەشەن بۆ هاریکاری ئۆرگانیکی بۆ دەستەبەرکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی پێویستە زاڵ بین بەسەر ئەو نەخۆشیەی کەرەنگە بەشێکی زۆری بۆ شیاونەبوون و ناکارایی تاکەکان بگەرێتەوە. в.осипова,1997,с,121

## ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دۆرکهایم کراون

ئەگەرچی دۆرکهایم ڕووبەرووی ڕەخنەی زۆرێک لە توێژەرانی کۆمەڵناسی بووویەوە لەوانە توێژەی بواری کۆمەڵناسی سیاسی (ســتێڤن لوکێس)لــە لێکۆڵینەوەیکــدا بــەناوی( ژیــان وکارەکــانی دۆرکهــایم ڕەخنەیــەکی تێــوری) تێیــدا تــوێژەر ڕەخنەیــەکی هەمەلایەنــەی لــە (دۆرکهــایم) گرتــوە. ئێمــە بــەکورتی باســی شــیکردنەوەی هەنــدێکیان دەکــەین ســێنتەری ســەرەکی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی ویژدانی گەلەکی یان کۆ ویژدانە لای(دۆرکهایم) ڕوڵێکی بەرچاوی هەیە لەکۆکردنەوەو پێکەوەیی گرووپەکۆمەڵاتییەکان لەناو فۆڕمی گروپی پێشکەوتن خوازدا ئەو لەو کتابە بانگەشەی ئەوەدەکات کە تەنیا بەشێکی دیاریکرای ژیانی دەروونی کۆمەڵگا گەشەکردوەکانە، دواتر ڕۆڵی لاواز و نادیار دەبێت مرۆڤ و کۆمەڵگا پەیوەستدەکات بە خواستی بالاترەوە.

هەرزوو دۆرکهایم بەدیدی(ستیڤن) وازی لەو تیزە هێنا کاری لەسەر ئاین و بیروباوەڕو ئەخلاق کرد وادەبینی کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە لەهەموو کۆمەڵگاکان، زیاتر ڕۆڵی بەخشیە ئاین و ئاکاری کۆمەڵگا نەک سەربەخۆیی تاک. هەروەها یەکێکی دیکە لەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی کراوە ئەوەیە کە ئەو دابەشکردنەی کاری کۆمەڵایەتی تایبەت نیە بە کۆمەڵگا تازەگەریەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاینی وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی ناساند پەیوەستی کرد بە کۆمەڵگاوە هەرلەناو بیروباوەڕو ئەخلاقی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ.
(lukes ,steven, 1985,usa , p5)

تویژەری بواری کۆمەڵناسی ئێرلەندی (کیران ئالین) لە لێکۆلینەوەیەکدا بەناوی( دەروازەیەکی ڕەخنەیی لەبارەی دۆکهایمەوە) ئەو تویژەرە بەهامان شێوە ڤیبەری خستۆتە ناو تەرازووی ڕەخنەوە کە دواتر ئێمە باسی شیکردنەوەکانی دەکەین بەهەرحاڵ ئەو کۆمەڵناسە تیشکی خستۆتە سەرخاڵە نەرێنیەکانی (دۆکهایم)سەرەتا پێی وایە (دۆکهایم)تەواو کاریگەرە بە بۆچوونەکانی(سپنسەر و ئۆگست کۆمت)

سەرەکیترین ئەرگومێنتی (دۆرکایم) بریتیە لەو ئاکارو ئەخلاقەی کە ڕاستەخۆ گەشە دەکات کاتێک مرۆڤ بەیەکەوە دەژیت، چونکە بەدیدی ئەو مرۆڤ پێویستی بە خوداوەند نییە بۆ دابەزیینی ئاکار بۆسەرزەوی، چونکە کاتێک گرووپ پێک دێت هیچ شتێک نییە لەمپەربێت لەبەردەم پێشڤەچوونی ژیانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتییدا، ئاکار لای ڕەخنەگرانی (دۆرکهایم) تەنیا

ئامرازێکە بەهۆیەوە مرۆڤ فێری دەبێت بۆئەوەی پابەندی شتێک بێت یان بۆ پشتگیریکردنی هەندێ شت دوورتر لەخۆیان بڕوانن واتە ئاکار کۆمەڵێک ڕێسایە هانی گروپی هاوبەش دەدەدات چاکە بکەن لەسەرویی بەرژەوەندی تاک واتە بەرژەوەندیەکانی تاک نەبەزێنێت، بەڵام (دۆرکهایم)دەیەوێ تاک ملکەچی کۆمەڵگابکات ئەوە مەرجی ئازادبوونیەتی، لێرەدا دۆرکهایم لەگەڵ ئاکارێک بووکە بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگای خۆی نەک بیرۆکەی ئەو ئاکارەی کە دیالۆگ دەکات لەنێوان ڕۆح و خوداوەندا.allen , Kieran 2017, p16,17

(کیران) پێی وایە(دۆرکهایم) پشتگیری تەواوی گەشەی بۆرژوای کردوە نەک تەنیا وەک سیستمێکی چەوسێنەر بەڵکو وەک سیستمێکی ئالۆزی هەمیشەیی بۆئەوەی پێویستی بەنوێبوونەوەی بەردەوامی ڕێکخستنەوە هەبێت، ئامانجی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی لای ئەوزانایە بۆ ئەوەبووە کە دەوڵەت ئەو دامەزراوەنە دروست بکات بۆئەوەی ڕێگابکاتەوە بۆ سەرمایەداری بۆمەبەستی دابەشکردنی کار، چونکە لای ئەوچینی کرێکار هیچ پێگەو شوینگەیەکی نەبوو بۆ ڕێکخستنی خۆی وەک بەرهەڵستکار، بۆیە شۆڕشی سۆشیالیستی لای ئەو مەترسیە ژیانێکی ناهەموار دێنێت بۆشارەکان. بۆیە لەڕوانگەی ڕەخنەگرانییەوە دۆرکهایم بەهەمانشێوەی زاناکانی دیکە کەسێکی ئایدۆلۆژی بووە دژی شۆڕش و حوکمی خەڵک بوە بۆنموونە وەستایەوە دژی بۆچونەکانی (ڕۆسۆ) لەبارەی حوکمی میللەت بۆخۆی، چونکە لای (دورکهایم)دیموکراسیەت تەنیا تەنگژەو فەوزا لەگەڵ خۆی دێنێت(ibid 25).

سـەرەڕای ئـەو ڕەخنانـەی ئاراسـتەی تیـۆری دۆرکهایمیـان کـرد سـەرباری پاسـەوەکانیان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا (دۆرکهـایم) تائیسـتاش بـە مـەزنترین زانـای کۆمەڵناسـی هـەژمار دەکـرێ لـەنرخی زانسـتی کـەم نابێتـەوە ئـەوەی(دۆرکهایم)گووتی ڕەنگدانەوەی ئەوکاتی ژیانی فەرەنسی بوو ئەوە ڕاستیە، زاناش و کۆمـەڵناس و ئـەدەبناس دواجـار تـاکێکن لـەو کۆمەڵگایـەی کـە تێیـدا پەروەردەبوونـە، بۆیـە بـە دڵنیاییـەوە کاریگـەری تـەواویان هەیـە ئـەو فاکتـەرە ناوخۆییـەی کـە ڕۆژانـە بەریەککـەوتنی ڕووبـەڕووی لەگـەڵی هەیـە، بۆچوونـە ئاکارییـەکانی دۆرکهـایم بەڕای ئێمە تا ئیستاش ماون و کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە، چونکە دواجار ئاکار کۆمـەڵگاو تـاک بۆ پاراسـتنی هەندێک بـەها ڕێکدەخات.

بە بۆچوونی ئێمە (دۆرکهایم) تائێشتاشی لەگەڵ بێت بۆچوونـەکانی لـەبارەی دابەشـکردنی کـاری کۆمەڵایـەتی وەک تیـۆر گرنگـی خـۆی هەیـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا جێگـای ڕەخنـەی کۆمەڵناسـانی دوای ئەوبوون، چونکە دابەشکردنی کار لەگـەڵ سـەرهەڵدانی کۆمـەڵگاکان و دوستبوونی شارسـتانیەت و شـارەکان گەشـەیان کـرد. بەرەبـەرە پسپۆری و ئەرک دورسـتبوو لەگـەڵ هۆشـیاربوونی مـرۆڤ و درک کردنـی ڕاسـتیەکان هـەروەها مـرۆڤ بـەپێی دۆخـی کۆمەڵایـەتی وگەشـەی ئەقڵی و کارکردنەوە توانی خەسڵەت و دۆخی کۆمەڵایەتی هەر قۆناغێک تێپەرێنێت.(دۆرکهایم) زیاترکۆمەڵگای وەک نـەریت و سرووتی ئاکاری وێناکردوە بەومانایەی ڕۆڵی تاکی لەنێو کۆمەڵگای مـۆدێرن و ئازادییـە کەسـییەکان سـنورداركردوە. هـەروەها

بۆچوونەکانی هاوشێوەی سپنسەر و چەند زانایەکی پێش خۆی بوە بەشێوازێکی تر ی مۆدێرن بۆچوونە تیۆریی و سەرنج و تێبنییەکانی observation خستە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (دۆرکهایم)وەک سۆسیۆلۆژیست دەبێتە بنەمای تیۆری و ئیمپێریکەڵی زۆرێک لە نوسەرە ئەکادیمستەکانی کۆمەڵناسی و توێژەرانی ئەو بوارە. ناکرێ باسی مۆدێرنێتە بکەین بەبێ ڕۆڵی سەرەکی ئەو زانایە لە برەوسەندنی کۆمەڵگای فەرەنسی و دانانی بنەمای گەشەسەندن و گۆڕانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگاکەی خۆی کە دواجار تیۆرەکانی ڕەنگی دایەوە لە لەولاتانی ئەورووپی و ئەمریکی بایەخێکی تایبەتییان پێدا و بووە تێورو قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی وەک مێتودو ڕێبازی دەخوێنرێت و گرنگی خۆی لەدەست نەداوە. بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگای کوردی تابلێی بەسودە ئەو تیۆرە کاتێک باسی فۆرمی جیاوازی دابەشکردنی کاردەکات، مرۆڤ لەوە تێدەگات کە کۆمەڵی کوردی چەند پەیوەستە بە جۆری هاریکاری میکانیکی تائێستا ئەو قۆناغەی تێنەپەڕاندووە لەگەڵ هەبوونی چەند جوڵەو و بزووتنەوەیەکی ڕووکەشانە بەئاراستەی گۆڕانکارییکردن، بەلام خولانەوە لەهەمان قۆناغدا بەبێ ئەوەی کاریگەری جێبێلێ دەتوانیین ئاماژە بەوە بکەین تایپی ئۆرگانییکی لەکۆمەڵگای کوردییدا وەک ڕووکەش، بوونی هەیە بەشێوەی کرچووکاڵ، بەلام لەواقیعدا هەمیشە ڕۆڵی تەواوکاریی پرۆژەکانی میکانییکی دەگێڕێت نەوەک سەرهەڵدانی خودی هاریکاری ئۆرگانییکی و سەربەخۆبوونی پسپۆر و ڕوڵ گێرانییان لە کۆمەڵگادا ئەوەی کە بوونی هەیە ڕێک تەواوکردن و ڕاستکردنەوەی ڕۆڵی میکانیک و دووبارە بنیاتنانی ئەو سیستەمەو جێگیربوونی ئەو قۆناغەیە، بەبەڵگەی ئەوەی مێنتالێتی خێلایەتی هێشتا وەک خۆیەتی

هـەژموونی هەیـە. هەمیشـە دووبـارە لـەناو هـەرِەمی دەسـەڵات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خـۆی پێناسـەدەکاتەوە بەشـێوازێکی تـر خێڵەکان بۆپاراستنی شکۆ و ناوبانگی و چەند بابەتێکی دیکـەی بـەر لە مۆدێرنە لە ململانێدان لەسـەر چەنـد دیاردەو ڕووداوێکـی تـابلێی پـووچ هێشـتا سیاسـەت بەئاراسـتەی خێڵایـەتی و خزمایـەتی و دۆسـتایەتی کاردەکـات لـە بـەرگی دامودەزگـای حیزبـی و چەنـدیین دامەزراوەی دیکە لەکاتێکدا ئەو دەزگاو دامەزراوانە بەرهەمی دنیای مۆدیرنەو سەرمایەدای و بیرۆکراسیەت و ئەقلانیەتن.

# ماکس ڤێبەر و مۆدێرنە

دیارە (ڤیبەر) وەک سۆسیۆلۆجستێکی کلاسیکی ڕۆڵی یەگجار بەرچاوی بینی لە پەرەسەندنی هزری مۆدێرنە. ئەو هات کۆمەڵێک بیرۆکە و چەمکی داهێنا لە بواری کۆمەڵناسی و سیاسەت و فەلسەفەو زانستەکانی دیکە. ئێمە هەوڵدەدەین بەشداری ڤیبەر لەبواری مۆدێرنە شیبکەینەوە بەپشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی پاشان ئەو تێگەو چەمکانە بە پوختی بخەینە ڕوو کە دایهێناوە لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی (ڤیبەر)کراون ئاماژەی بۆبکەین (ڤیبەر وەک مارکس) پێی وایە مۆدێرنە قۆناغی بەر لەخۆی بەیەکجاری وردوو خاشکرد و کۆتایی پێهێنا، وای کرد سروشتێکی لەناو سیستمی سیاسی دروست بکات. هەروەها مۆدێرنە هەمدیسان توانی لەنێو سیستمی بیرۆکراسیدا بەئەقلانیکردن و دڵنیایی بەرهەم بهێنێت. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە دەسەڵاتی کاریزمی و نەریتی بەهۆی خودی مۆدێرنەوە لەناوچوو.

(ڤیبەر) دەڵێ ژیانی ئێمە لەدنیای مۆدێرنەدا بە چڕی بابەتیبوون تێیدا زاڵە ئێمە خزمەتی دامەزراوەکان دەکەین لەجیاتی ئەوەی ئەوان خزمەتمان بکەن، ئێمە لەپێناو کارو بەرژەوەندییەکان لێرەین و ئامادەییمان هەیە نەک بەپێچەوانەوە، ژیانی ئێمە بەباشی لەگەڵ لۆژیکی ئەقلانیەتی فەرمی ئاوێزانە. (Adorno,

(داڤید لیی و هاوارد نیوبای) 1991,p107-109 پێیان وایە کە ئەرگومێنتەکانی (ڤیبەر) کاریگەری زۆریان جێهێشت لە بواری کۆمەڵناسی و کایەکانی دیکە. lee david and newby howard ,1983,p150)

(برایان تێرنەر) پێی وایە بۆئەوەی لە مۆدێرنە تێبگەیین پێویستە لە ڤیبەر تێبگەین، کرۆکی خەسڵەتی بەمۆدێرنەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لای (ڤیبەر) بریتیە لە بەئەقلانیکردنی زۆربەی کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و زیادبوون و بڵاوبوونەوەی بەعەلمانیکردن و داماڵینی سیحر و پەرەسەندنی بیرۆکراسیەت و گەشەکردنی بە فرەییکردن pluralization پلۆرالیزەیشنی بیروباوەڕو و بەها. turner brian,1992 preface)

پێناسەی مۆدێرنە لای (ڤیبەر) بەرەنجامی بە مۆدێرنەکردنە هەروەها ئەو بەمۆدێرنە کردنەش لای ئەو پرۆسەی بەئەقلانیکردنە واتە مۆدێرنە بەرەنجامی پرۆسەی بەئەقلانیکردنی کۆمەڵایەتی بوو. ڕیشەی ئەو بەئەقلانیکردنە لای ڤیبەر بۆ زوهدی تایفەی پڕۆتستانی دەگەڕێتەوە. (turner brian هەمان سەرچاوە لاپەرە ١٢) ئەو پرۆسەیەش لای(ڤیبەر) کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە بەشداری ئەو کردەوەیە دەکەن وەک

-جیاوازیکردن و جیاکاریکردنی بواری کۆمەڵایەتی لە دووتوێی پسپۆڕێتیدا، سەربەخۆیی دامەزراوەکان بەدەستدەهێنێت.

-گەشەسەندن و برەوسەندنی تێڕوانین و تێگەیشتنی سەروەرێتی و هێز، گونجاو و لەباربوو و بۆ دروستکردن و نەشونماکردنی هاوڵاتی بەشێوەی پلەبەندی لەناو کولتوری شارەکانی ئەوروپادا.
-بڵاوبونەوەو فراوانبوونی ئەقلانیەت بەیاساکردنی فەرمانگە رەسمیەکان ئەوەش بوە هۆی گەلاڵەبوونی لاهوتیەت وەک زانست هەروەها گواستنەوەی هونەری بیناسازی بۆ ناو سودی گشتی بە کردارو پراکتیک.
-خۆگونجاندنی ستانداری ڕێکارەکانی بیرۆکراسییەت لەنێو دامەزراوە گرنگەکانی کۆمەڵگادا.
-جیابوونەوەی کۆتایی نێوان تایبەت و (سۆزداری ) وگشتی (ئەقلانییەت (turner brian,1992,p 13 , 15)
به ئەقلانیکردن لای ڤیبەر چییە؟
(سیمۆن ستێوارت) لە توێژینەوەیکدا بەناوی(سۆسیۆلۆژیای کولتور چێژو بەها) پێی وایە بەئەقڵانیکردن بەپێی شیکاری (ڤیبەر) پرۆسەیەکی مێژووکردی تایبەت و دەگمەنە لەجیهانی ڕۆژئاوادا سەریهەڵدا، بەشدرای چڕی ئەوەدەکات دەست بەسەر واقیع دابگرێت و سەروەر بێت بەهۆی بیرلێکردنەوەیەکی زۆر یان هەژمارکردن calculation هەروەها بەهۆی تەکنیکی ڕێکارەکان و نەخشەو پلانی مێتۆدییەوە، هەموو ئەوانەش بەیەکەوە بەشداری دەکەن لە زاڵبوون و سەرداریکردن بەسەر جیهانی سروشت و کۆمەڵگاو تاکەکەسدا. واقعیش لای (ڤیبەر) دەشێ ئاشنای بین بەباشی ئێستا زانستی یاساو پزیشکی لە هەڵکشاندان بۆیە جیهان لە ئێستادا داماڵراوە لە بیروباوەڕی سیحری و جادوویی، لێرەوە ئەقلانیەت سیستمێکی میتۆدیە وەک

ڕێگاو پرەنسیپی هزری مرۆڤ بۆ ڕێکخستن. stewart simon,uk ,2013,p9)

(سیمۆن ستێوارت) ئەوەی سەلماندوە کە بە ئەقلانیکردن لای (ڤیبەر) دوو ڕێگای هەیە یەکەم: ڕەفتاری ئەقلانی بەشێوەی ڕێکخراو و ئاراستەکراو لە ژیانی مرۆڤدا ئەو جۆرە ڕەفتارە ئاکارییە ڕیشەکەی پاڵنەرێکی ئاینی و میتافیزیکی و ئاینداری هەیە ئێستا ئەو جۆرە ڕەفتارە بەسەر مرۆڤدا زاڵە و جیگیرکراوە.

دووەم: هەرچەندە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەک یاساو زانست و هونەر پەیوەستن بە ئاکارەوە، بەلاَم ئێستا جیابونەتەوە لەگەڵ یەکتر سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتوە.(ibid 10)

(ڤیبەر) وەک زانا کلاسیکیەکانی دیکە لە هەموو کون و کەلەبەرێکی کۆمەڵگای کۆڵیوەتەوە، بەلاَم هەمیشە بە کۆمەڵێک چەمک و تیز و مێتۆد ناوبانگیان دەرکردوە وەک چۆن (مارکس) بە چەمکی نامۆبوون ئەو تێرمە خەسڵەت و کاراکتەری سەرەکی کتێبی سەرمایەی مارکس داگیردەکات بەهەمان شێوە لای (ڤیبەر)یش چەمکی ئەقلانیەت تەواوی تێورو هزری کۆمەڵناسیانەی ڤیبەر داگیر دەکات. لەنێو زۆربەی کتێبە تیۆرەکانی ڕەنگیداوەتەوە. ئەگەر لای (مارکس) هێزی پاڵنەری مێژوو ڕێگاو جۆری بەرهەمهێنان بێت لەبەرانبەردا لای (ڤیبەر) بەشێوازێکی دیکەیە ماتریاڵ و ئایدیا و باوەڕ بەهەمانشێوە ڕوڵیان لەئاراستەکردنی ڕوداوەکانی نێو تاک و گرووپ و کۆمەڵگادا هەیە.

تیٚروانینی(ڤیبــەر) لــەبارەی ســەرمایەداری و کۆمــەڵگاو چــین و پیٚگــەی کۆمەڵایــەتی و ســەرهەڵدانی مۆدیٚرنــە لــەزۆر شــویٚندا جیاوازبوون واتە میتۆدی کارکردن و ئاراستەی بیرکردنەوەیان لەیەکتر جیاوازبوو، هەریەکە جیهانبینی خویان هەبوو لەبارەی پرســـەکاندا، دیاردەکـــانی نیٚـــو کۆمـــەڵگادا، شـــیکردنەوەی شۆڕشەکاندا، هەروەها هەریەکە لەژینگەو دۆخیٚکی کۆمەڵایەتی جیاواز ژیاوە کاریگەری ئایدۆلۆژی و سیاسیان لەسەر بووە، ئیٚمە لەبەشی ڕەخنەکان باسی ئەو بابەتە دەکەین، بەڵام ئامانجی ئەو کتیٚبە زیاتر کارکردنە لەبارەی مۆدیٚرنیتە نەوەک هەموو تیۆرو چەمک و میتۆدە جیاوازەکانی (ڤیبەر)و ئەوانی دیکە واتە تەنیا جەختکردنەوە و کارکردنە لەسەر مۆدیٚرنە وەک ئەوەی لەپیٚشـــەکی و پرســـیاری لیٚکۆڵنەوەکـــە ئاماژەمـــان بـــۆکردوە. هەرچەندە کۆمـەڵیٚک چـەمک و تیٚـرم هـەن تایبـەتن بـە خـودی مۆدیٚرنـــەوە وەک ئەقلانیـــەتی (ڤیبـــەر) و ســـەرمایەداری لای هەریەکیٚکیان و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی لای دۆرکهایمەوە.

## سەرمایەداری لای ڤیبەر

(ڤیبـەر) پیٚچەوانـەی مـارکس سـەرمایەداری شـیکردۆتەوە ،ئـەو زیاتر بەشیٚوەی ئایدیالیزمانە ئەو پرسەی تاوتویٚکردوە، بۆنموونە (داڤید لیی وهاوارد) پیٚیان وایە بۆچوونەکانی(مارکس) زیاتر لە ئایدیاڵ تایپ دەچیٚت نەوەک شیکردنەوەی تەواوی فاکتەرەکان (سەیری داڤید لیی و هاوارد نیٚوبای بکە لاپەرە ١٦٧بۆ ١٦٨)، بـەڵام مـن پـیٚم وایـە هـەردووکیان لەســەر ئـەوە کـۆکن کـە سـەرمایەدرای بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی مۆدیٚرنـە لـە ئـەورووپا، هـەردووکیان تـەبان لەسـەر ئـەوەی سـەرمایەداری بـووە هـۆی

گەشەکردنی کۆمەڵگاکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە. هەروەها کۆکن لەبارەی ئەوەی کە سەرمایەداری لە ئەوروپا زیاتر گەشەی کرد.(سیمۆن) پێی وایە کە کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵیان هەبوو لە سەرهەڵدانی سەرمایەدایی مۆدێرن لای( ڤیبەر) بەکلیلی دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەقلانیەتی سەرمایەداری دادەنرێت.

-یەکەمین فاکتەر بەکارهێنانی ژمێریاریی وەک نۆرم بەشێوەیی ئەقلانی بۆ بەهێزی و توندوتۆڵی پیشەسازی و پرۆژەکانی کارکردنی، کە دەستکەوت و مایە دیاریدەکات بەپێی میتۆدێکی تازەی هاوسەنگی دەستپێوەگرتنەوە. bookkeeping

-سەرهەڵدانی بازاڕی ئازاد بێگومان ئەو جۆرە لای (ڤیبە ر) قۆرغ ناکریَ لەلایەن چینەکانەوە هەروەها ئازادی کاکردن و بە بازاڕکردنی ژیانی ئابوریی کۆمەڵایەتی بۆ نوێنەرایەتی کردنی مافی خاوەنکارو خاوەنداریێتی. (stewart simon,uk 2013,p11)

هەموو ئەو جۆرە پێشڤەچوونەی کۆمەڵگاو گۆڕانکاریەکانی بەڕای( ڤیبەر) بۆ ئەقلانیەتی ئاینی پرۆتستانت لەناویشدا بۆ مەزهەبی کالڤینی دەگەڕیتەوە، چونکە بەڕای ئەو ئاینزاکان نوێنەرایەتی ڕۆشنبیری ئەقلانی دەکەن و خاوەنی بەهای پیرۆزیین، ئەگەرچی ئەو پێی وایە سەرمایەداری بەو شێوەیە ئەقلانیە ئاینیە لەنێو مەزهەبەکانەوە بڵاو دەبێتەوە وەک مەزهەبی کالڤینی و کارما، Kharma لە هیندستان، تایفەکانی دیکە لە چین و تایوان و چەند شوێنی دیکە. بێگومان (ڤیبەر) نەک تەنیا

ئـەو جـۆرە ئەقلانیەتـەی لـە ئایـندا وێـناکرد، بـەڵکو لـە بـواری سیاســـی و هونـــەرو مۆســـیقاو ڕەفتـــارو کردەوەکـــانی مرۆڤـــدا بەرجەستەکرد.

ئەو پێشڤەچوونە بەردەوامەی ئەقلانیەت لای (ڤیبەر) لەئەنجامی ئەزموونی ئەقڵەوەیە کە بەهۆیەوە پڕۆژەی سـەرمایەداری ئـازادو ئـامێری بیرۆکراســیەتی دەوڵــەت درووســتبوو. ئەوپێشــڤەچوونە کۆمەڵێک گۆڕانکاریین لەچالاکیەکانی مرۆڤدا کە بەرەو ئامانجێکی دیــاریکراو هــەنگاو دەنێــت، دوای لــەناوچوونی شــێوەی ژیــانی کۆمەڵگا کلاسیکیەکانی پێش مۆدێرنە.
گواستنەوەی مۆدێلی پیشەسازی سادە بۆ مۆدێلی سـەرمایەداری ئاڵوز، بەهۆی ئەو ڕەفتارەی کە خاوەن تەوژمی بەرهـەمێنان بـوو ئیشی لەسەر گەشەی سـەرمایەداری کـرد. هەروەها(ڤیبـەر) دەڵـی گـەڕان بـەدوای سـود یـا قـازانج، کـە ئەمـەش هـانی سـەرکەوتنی تاکەکەس دەدات، کە سـەرمایە کەڵەکەبکات، (ڤیبـەر) وای دەبینـی پێویستە سـەرمایەداری و بازرگـانی کـردن بـە یاسـایەکی ئـەقلانی ڕێکبخرێت، هەروها پێی وایە مرۆڤ پێویستە خۆی تەرخان بکات لـــــەڕێگای زوهـــــدو دەستپێوەگرتنەوە(تقشـــــف) هـــــەروەک پاشەکەوتکردن و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەهۆی کارکرن بە ئەمانەتەوە. ئەوشێوازە ئەقلانیەتە لە ژیـانی مرۆڤدا زهنیـەتێکی ئابوری پێـک هێنـا کـە خۆی لەبنـەما ئەخلاقیـەکانی سـەرمایەداری دەبینێتـەوە بۆچونـەکانی (ڤیبـەر) لـەبارەی گەشـەی ئەقلانیـەت و بیرۆکراسیەت گرنگیەکی تایبـەتی مشـتومڕێکی زۆری بەدەسـتهێنا لەبواری زانستدا، (ڤیبەر) لە کتێبی (ئاکاری پڕۆتستانتی و ڕوحـی

سەرمایەداری) پێی وایە کە تەنها لایەنی مادی ڕۆڵی نیە لەگەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری کەلتوری هەیە کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەر ڕەفتارو هۆشیاری تاکەکان و گۆڕانە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ وێنە گواستنەوەی کۆمەلگاکان لە دەرەبەگایەتیەوە بۆ جۆری سەرمایەداری فاکتەرە کەلتوری و ئاینەکان ڕۆڵی کارایان بینی لەم بارەیەوە(ڤیبەر) لەکتێبی ئابوری و کۆمەڵگا پێی وایە خەسڵەتی سەرەکی مۆدێرنە بریتیە لە بیرۆکراسییەت و ئەقلانییەت.

خاسیەتی یەکەم واتە ئەقلانیەت کۆتایی هێنا بە سیحرکەئەوەش گۆڕانێکی مەزنی لە کولتوری کۆمەڵگاکان هێنا کایەوە disenchantment، لەبەرامبەردا بووە هۆی نەهێشتنی بیرکردنەوەی ئەفسانە کەئەمەش بووە هەوێنی سەرهەڵدانی بنەمایەکی تازەتر بۆبینینی شێوەی ژیان کە ئەویش خۆی لە بینینی ئەقلانیەتی زانستی دەبینێتەوە، بەلام سەرباری ئەوەی (ڤیبەر) ڕۆڵی ئەقلێ بالاکرد لەگەل ئەوەشدا ئەو زاڵبوونە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیران وەک قەیرانی کۆمەڵگا و شارستانیەت. لە بەشی ڕەخنەکان باسیدەکەین.

بەلام خەسڵەتی دوەم: بریتیە لە بیرۆکراسیەت دەشێ بلێین ئەگەر ئەقلانیەت ڕێکخستنێک بێت بۆ تێگەیشتن لەجیهاندا ئەوا لەبەرامبەردا بیرۆکراسیەت ئامێرێکە بۆ ڕێکخستنی دەولەتی مۆدێرن ئەو دوو خەسڵەتە دەبنە هۆی دورستبوونی کۆمەڵگای مۆدێرن.(ڤیبەر) ئاماژە بە دوو ئەقلانیەتی مۆدێرنە دەکات ئەوانیش ئەقلانیەتی مەبەستدار و ئەقلانیەتی بەهادارە. ئەوەی یەکەم

سەرجەم هۆکارە باش و کاریگەرەکان هەڵدەبژێری بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. (ڤیبەر) لەوباوەڕە دایە ئەوجۆرە ئەقلانیەتە، دەسەڵاتداری سەردەمی مۆدێنیتەیە. بەدرێژایی مێژوو کاریگەری لەسەر ئاراستەی بزافی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بەجێهێشتوە. بەتایبەتی لە ڕۆژئاوادا بیرۆکراتیەتیش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو جۆرە لە ئەقلانیەتە مەبەستدارە بۆیە دەڵێت دەوڵەتی مۆدێرن بیرۆکراتی بوونیەتی، هەروەها نەهامەتیەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ بیرۆکراسیەت پێی وایە بیرۆکراسیەت پێکهاتەیەکی چارەنوسازو ئاراستەکەرە، دەست دەخاتە ناو بڕیارەکانی ئێمە لەچوارچێوەی زانست و تەکنەلۆژیادا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا لەکوردستاندا، بیرۆکراسیەت شێوەیەکی ئەقلانی هەیە واتا بەشێوەیەک ئیش دەکات کە دامودەزگاکانی دەوڵەت تیایدا بەئەقلانی کرابن یان بەپێچەوانەوە شتێک نیە ناوی ئەقلانیەتی مەبەستدارو بیرۆکراسیەت. ئەوکاتەی ئەقلانیەت هەیە لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی دەولەت کە یاساو سیستەم هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاری بازرگانی و کاری پیشەسازیکردن، تا ئەو شوێنە بوونی هەیە کە بازاڕی ئازاد ئەو پەڕی تاکگەرایی یا ئیندیڤیژواڵیزمی تێدابێت وەک (ڤیبەر) دەڵێ یان تا ئەو شوێنە بوونی هەیە کە هاوشاریان و هاولاتیان تێیدا لە دیاریکردن و دەست نیشانکردنی پیاوانی کار ڕۆڵ ببینن. بۆیە بەدیدی ئێمە ئەقلانیەتی بیرۆکراسیەت بوونی نیە لەدامودەزگاکانی هەرێمدا بۆ وێنە یەکێک لە خەسڵەتەکانی بیرۆکراسیەت بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفییە بەپێی کارامەیی و توانای وەزیفی خۆی، لەکاتێکدا لەکوردستان سیستمی پلەبەرزکردنەوە نائەقلانیە بەشێوەی کەسی بوونی هەیە لەزۆر شوێندا، لێرەدا شتێک نامێنی ناوی ئەقلانیەتی کارکردن بێت لە

دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، لەهەمانکاتدا سەرمایەداری وەک سیستم بوونی نیە، چونکە ئامانجی سەرمایەداری قازانج و دروستکردنی بەرهەمە بۆکۆمەڵگا وەک(ڤیبەر) لە کتێبی economy and societyئاماژەی بۆدەکات، بەڵام ئەوەی لەکوردستاندا هەیە بەرخۆرە نەک بەرهەم، هەروەها قازانجەکان بۆ بەرژەوەندی کەسی و سیاسی و حیزبیە، نەک بۆ سەرجەمی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی.
2016,москва, с, 200 макс вебер

# زانست وسیاسەت وەک پیشە

بابـەتێکی دیکـەی گووتـاری (ڤیبـەر) لـەبارەی بـە مـۆدێرنکردنی ژیانی کۆمەڵگا برییتە لە سیاسـیەت و زانسـت و پیشـە کـار بکـەن لەناو دامەزراوە ئەکادیمی و کـارگێڕی و بیرۆکراسـیەکاندا، وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد تاکە بنەچـەی سـەرهەڵدانی مۆدێرنـە لای (ڤیبەر) بـە ئـەقلانییکردنی هـەموو کایـەکانی کۆمەڵگایـە. ئەگـەرچی زانست وسیاسـەت وەک پیشە لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی جـەنگی یەکەمی جیهانی وەک وانە لە زانکۆکان لەناو قوتابیاندا پێشکەشی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو بابەت گرنگی زۆریـان هـەبوو مشـتومڕی زۆری هێنایەکایـەوە هـەر دوو وانـە lectures چەنـد مانگێگ ماوەیان هەبوو دواتر لەدووتوێی کتێبێک بـەناوی زانسـت و سیاسـەت وەک پیشـە بەزمانی ئەڵمانی بڵاو بوویەوە دواتـر بـۆ چەندیین زمانی
بیانی وەرگێردرا.

ئەگـەرچی بەشـێکی زۆری ئـەو دوو وانەیـەی تـەرخانکردوە بـۆ جیاوازی هەردوو سیستمی خوێندنی ئەکادیمی ئەمریکاو ئەڵمانیا و سـەرسامبوونی (ڤیبەر) بە خوێـندنی ئـەمریکا، هـەروەها چەنـد تـەوەرێکی پەیوەسـتکردوە بـە پابەنـدی مامۆسـتای ئـەکادیمی داماڵینی لـە بـەهای ئایدۆلۆژی و دوورکەوتنەوەی لەسیاسـەت و بابەتیبوونی مامۆستا لەکاتی وانە گووتنەوەدا. هەروەها بەگشتی قسەلەسـەر سەربەخۆبوونی زانکۆکان و زانستەکان دەکات.

زانست لای (ڤیبەر)هەمدیسان برتییە لە داماڵینی لە جادووگەریی و سیحر دواتر بەپیشەییبونی لەناو کایەکاندا، پیشەی زاست چیەو واتا و بەهاکانی چین لە ژیانی مۆدێرندا؟ سروشتی پیشەییبونی زانست لای (ڤیبەر) بریتیە لە بەهای پیشەییبونی زانست لەناو چارەنوسی دۆخی بەئەقلاننیکردن و بە بیرۆکراسیکردندا هەروەها چاندنی مەعریفەیە لای جەماوەر و ڕێکخسنی خود و پسپۆری بوونە هەروەها ڕۆڵی حکومەتە بۆ هاندانی تویژەر بۆ تویژینەوە بە شێوەی ئازادو دیسپلینکراو،(ڤیبەر) دەڵی من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە پەرەسەندن و پێشکەوتن بەردەوام دەبێت بەشێوەی دیسپلین، قوتابی کاتێک دەردەچیّ لە زانکۆکانی ئەڵمانیا چۆن وەکو کەسێکی ئەکادیمی خزمەت بکات؟ بابەتیبوون لای (ڤیبەر) دوورکەوتنەوەی تویژەرە لە بەهاو نۆرمەکان، ئەو بە وردی و درشتی باسی ئەوەی کردوە چارەنوسی پیاوی زانست ئەوەیە کە پیشەکەی خۆی خۆش بویت. (weber, max , 2004 usa p 6-27)

وەک سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کەوا سیاسەت بەدرێژایی مێژویی ئەوروپا، بەداینەمۆی پێشڤەچوونە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت. سیاسەت بەرلەوەی کایەیەکی دیاریکراوی هەبێت لە کۆمەڵگادا ئەوا وەزیفەو کایەیەکی گرنگی بونیادو پێکهاتەی کۆمەڵگایە بەگشتی. لەدنیای بەرلەمۆدێرنە سیاسەت بەئاراستەی دژە چاکسازی و دژە ئازادی و دژە دیموکراتیەت ئیشی لەسەر کۆمەڵگا دەکرد، بەڵام دوای شۆرشە

یەک دوای یەکەکان ئیدی وەزیفەی سیاسەت گۆڕا بەئاراستەی بەپیشەیی بوونی و سەربەخۆیبونی لەهەمبەر خزمەتی کۆمەڵگاو هونەری بەڕێوەبردنی دەوڵەت، دوور لە بەرژەوەندی و بەکارهێنانی وەسیلەکانی لەپێناو ئامانجی سیاسیەکان و پیاوانی دەوڵەت. من دەمەوێ لەو بەشەدا شەنوکەوی تێکستە کۆمەڵناسیەکانی (ماکس ڤیبەر) بکەم و پەیوەستی بکەم بە واقعی هەرێمی کوردستان و بەربەستەکانی بەپیشەیبوونی کاری سیاسەت. سەرەتا پێویستە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە پێناسەو شرۆڤەی کایەی سیاسەت بکەین. سیاسەت تاوتوێی ڕێڕەوی جۆری چالاکیەکان دەکات لەهەموو کایەکاندا وەک سیاسەتی مەعریفی و سیاسەتی فێرکردن و سیاسەتی گوندنشین و شارنشینی لە هەرێمێکی دیاریکراودا، دەشێ قسەلەسەر سیاسەتی ئافرەتێکی بەتوانا وکارامە بکەین لەبەرامبەر زاڵبونی بەسەر مێردەکەیدا، ئەوەش بەجۆرێک لەسیاسەت دادەنرێت. (ڤیبەر) پێی وایە سیاسەتی ئیدارەدانی کۆمەڵگا خودی دەوڵەتە، واتە بەکاریگەری مومارەسەکردنی ئەو سیاسەتکردنە بەسەرکۆی ئیدارەی دەوڵەتدا.(ڤیبەر) دەوڵەت پەیوەست دەکات بە هێزەوە، بەمانایەکی دیکە یەکێک لە خەسڵەتەگرنگەکانی دەوڵەت هێزە، بەڵام ئەو هێزە دەبێ پشت بە ڕەوایەتی ببەستێ لە چوارچێوەی هەرێمێکی دیاریکراو کە ئەو دەوڵەتە یان ئەوهەرێمە سنوری هەبێت لەوانی دیکە جیای بکاتەوە، کەواتە بەپێی بۆچونە کانی (ڤیبەر) دەوڵەت دیارترین تایبەتمەندی بریتیە لە توندوتیژیەکی ڕەوا لە هەرێمێکی دیاریکراودا، کەواتە سیاسەت پێک دێ لە سەرفکردنی توانایەکی بێوێنە بەئامانجی بەشداریکردن

لەدەسەڵاتدا، بۆیە کەسی سیاسی لای ڤیبەر برتییە لەو مرۆڤەی کە مومارەسەی کارێکی گشتی دەکات بەمەبەستی وەرگرتنی دەسەڵات و ئارەزووکردن بۆدەسەڵات. بەڕای ئەو زانایە سیاسەتکردن یان ئەوەتا ئامرازێکە بۆ ئامانجێکی میسالی یان خۆ ویستی یان ئەوەتا بۆ چێژوەرگرتن لێوەی سیاسەت دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەت کۆمەڵێک نموونەی باڵا پێشکەشی کۆمەڵگا دەکات. بەپێی ئەو ئاماژانەی سەرەوە دەوڵەت بریتیە لەدەزگایەک کەخاوەنی مافی ڕەوایەتی دانە. دیارە (ڤیبەر) لەزۆربەی کتێبەکانی ئاماژەی بە جۆرەکانی دەسەڵات و تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەریەکەیانی بەدرێژی کردوە، ڕەنگە ئەوە پێویستی بە نوسینێکی دیکە هەبێت.weber , 2004 usa p 32

من دەمەوێ هەندێ واتای گرنگی (ڤیبەر) لەمەڕ پیشەی سیاسەت باس بکەم. ئەو دەڵی پێویستە لەسەر پیاوی سیاسی تەنیا مومارەسەی کاری سیاسی نەکات وەک پابەندبون بە بانگەشەو پەیامەکەی بەڵکو پێویستە لەبەرامبەر کارە سیاسیەکانی مومارەسەی ئیدارەبکات بەشێوازێکی ناحیزبی، ئەمەش پێویستە بۆ سەرۆکی حیزبێکی سیاسی و گشت ئەو فەرمانبەرانەی کە حیزبین. لێرەدا (ڤیبەر) سەرکەوتنی حکومەت و دەسەڵات پەیوەست دەکات بەجیاکردنەوەی حیزب لەگشت سێکتەرە ئیداریەکان، بەواتایەکی دیکە پاراستنی شکۆی پلەوپایەی وەزیفی بریتیە لە وەلانانی ئینتیمای حیزبی لە ئیدارەدا، ئەگەر ئەو کۆنترۆڵکرنە نەبێ ئەوا بە بۆچوونی (ڤیبەر) سیستەمەکە

بەیەکجاری لەباردەچێت، چونکە بەرپرسیاری مەزن مەرجی سەرکەوتنی سیاسیەکی بەپیشەیە، هەروەها ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن مەرجی سەرکەوتنی ئیدارەی دەوڵەتە ،سەرەڕای گۆڕانکاری کردن لە حیزب و حکومەتدا. هەروەها سیاسەتکردنی لەنێو کۆمەڵگادا پەیوەست کرد بە ئاکارەوە کە دوانەیەکن ناشێ لێک جیاببنەوە. سیاسی لای(ڤیبەر) بریتییە لە قوربانی دان و وەفاو هەستکردن بە بەرپرسیاری و باوەڕبون بە ئاکارو بەخشین لەپێناو کۆمەڵگادا. لەکوردستان تائێستاش حیزب لە حکومەت جیانەکراوەتەوە. زانکۆ لە دەستێوەردانی سیاسی جیانەکراوەتەوە، ئەکادیمیا لەژێر پرسیاری قووڵ و قەیرانی مەزندایە هەمیشە لەسەر ئەو ڕیتمە کلاسیکیە کاردەکات، حیزب نەبووەتە پیشە بەڵکو تەنها لەپێناو بەرژەوەندی وبەردەستکردنی مادەو خۆدەوڵەمەندکردن و ناوبانگی و ڕەمزی کۆمەڵایەتییە. سیاسەتکردن لەکوردستان بۆ ئەوەیە خەڵک چێژ لە هێز وەرگرێ نەک بیروباوەڕو ڕەفتاری سیاسی بە ئاراستەی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و تازەگەری. لێرەدا سیاسەتکردن بریتیە لە بازرگانی کردن و کەڵەکەکردنی سەرمایە بەئاراستەی خزمەتی کەسی، بەدیوەکەی تری حیزب بەربەستە لە بەردەم نەشونماکردنی ئیدارەیەکی سەرکەوتوو وەک ئەوەی (ڤیبەر) باسی دەکات.

# ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ڤیبەر کراون

بێگوومـان هـەر تیۆرەیـەک کـە بـوە تیـۆرو ناوبـانگی پەیـدا کـرد دوایـی ماوەیـەک ڕووبـەڕووی ڕەخنـەی نـەیارەکانی دەبێتـەوە، چونکـە جـوانی کۆمەڵناسـی لـەوە دایـە ڕەهاگـەریی نییـە بـەڵکو ڕێژەییە و دەکرێ شیاوی ڕەخنەگرتن و تێبینی و سەرنجی زیاتر بێت. هەم بۆ دەوڵەمەندی بابەتەکە هەم دەشێ بۆ ڕەتکردنەوەی بابەتەکـە بێـت، چونکـە ڕاسـتی بـەدرێژایی مێژوویـی فیکـری و کۆمەڵناسیدا ڕێژەییە بوە هەر لایەنێک پێی وایە ڕاستی کۆتا لای ئـەوە، وەک ئاماژەمـان بـۆکرد هەرزانایـەو لـەژێر کاریگـەری ئاراسـتەیەکی فیکـری وسیاسـی دابـوە بـۆ نموونـە خـودی (ڤیبەر)کاتێک بانگەشەی داماڵینی بەها و ئایدۆلۆژیا دەکات، کەچی خۆی پشتگیری ئایدۆلۆژیا دەکات. کاتێک باسی پیاوی زانستی سرف دەکات، کەچی بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی کە بەردەستە خۆی سیاسـی بـووە پشـتگیری حیزبـی نـازی ئـەڵمانی کـردوە. ڕەنگـە بەشـێکی پەیوەنـدی بـەو خۆشەویسـتیەی هـەبێت بـۆ گـەل و نەتەوەکەی هەیبو یان بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە زاڵبوونی هەژموونی ناسیۆنالیزم و شەری نەتەوەکانەوە هەبێت. نەک تەنیا ڤیبـەر بـەڵکو(کارل مـارکس و دۆرکهـایم) و بەشـی زۆری سۆسیۆلۆژیسـت و فەیلەسـوفان بـەدرێژایی ئـەزموونی ژیـانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان پشتگیری لایەنێکیان کردوە لە دژی

لایەنەکەی تر واتە لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی وێستگەی ژیانی خۆیاندا بەو قۆناغە تێپەڕیون، بەڵام دواجار هەمدیسان گەڕاونەتەوە ناو دنیای ئەکادیمی خۆیان و نرخی ئەکادیمیان پێ لە دنیای سیاسیی گرنگ تر بووە.
(کیران ئالێن) یەکێکە لە سۆسیۆلۆژیستە ئەکتیڤەکانی ئێرلەندا، لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (پێشەکی ڕەخنەیەک لەبارەی ماکس ڤیبەرەوە) ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی ڤیبەر کردوە لەبارەی پشتگیریکردنی حیزبی نازی و ڕۆڵی (ڤیبەر) لە سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا هەروەها (ئالێن) لەو کتێبەدا (ڤیبەر)بە کەسێکی ئایدۆلوژی توندڕەو وێنادەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە ڤیبەر کۆمەڵناسیکی بەناوبانگ بوو. ئەو پێی وایە (ڤیبەر و مارکس) بەفراوانی لە کۆمەڵگایان کۆڵیەوە نەک گریمانەیەک تایبەت بێت بە بەشێکی کۆمەڵگا. لێکۆڵینەوە چۆنایەتیەکانیان جیانەکردەوە بە شێوەی ئەکادیمی لە نێوان سیاسەت و ئابوری و ملکەچی پێوەرەکان نەبوون وەک ئەوەی ئێستا سۆسیۆلۆژیا کاری لەسەر دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە شیکاری هەمەلایەنەیان کرد بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداری و ئەزمونی ژیان لەژێر بارودۆخی سەرمایەدارییدا. (ڤیبەر) بانگەشەی بێلایەنی خۆی دەکرد، کەچی لایەنگیری تەواو و دژبەریی هەبوو بۆ نموونە پێی وابوو پێویستە ئاشنای بوونی ململانێی کۆمەلایەتی بین لەرووی سۆسیۆلۆژیەوە، کەچی ئاماژەی بۆئەوە دەکرد پێویست ناکات ڕووبەرووی سیستمەکە ببینەوە. یەکێک لەو پارادۆکسانەی ڤیبەر بەڕای (ئالێن)ئەوەیە کە( ڤیبەر) زۆر هۆگری سیاسەت بوو هەروەها قسەکردنی (ڤیبەر) لەبارەی

ئـازادی بـەها لـە بـواری کۆمەڵناسـیدا ئـەو پـەڕی پێشـێلکردن و سوکایەتی بوو نەک پابەندبوون پێوەی. (ڤیبـەر) لـەکتێبی ئـابوری و کۆمەڵگا بەڕای (ئالێن) لەبارەی دەسەڵاتی مـەزن کـاری لەسـەر مێـژووی کۆمـەڵگاکان کـردوە بەشـێوەی فـراوان نـەک کـۆنکرێتی واتـە ئـەو سـتایلی گشـتگیر و هەمەلایـەن بـوو. دەرکـەوتنی (ڤیبـە) وەک تیۆری مۆدێرن بە نێوەندگیری Johannes Ferdinand (جۆهانیس فردیناند) سەرۆکی دادگای نازیەکان بوو. (Kieran Allen,uk ,2004,p1-15)

خاڵێکی دیکە کە(ئالین) جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە بۆچی تەنیا کەپیتالیزم لە ئەوروپا سەریهەڵدا بۆ لەئاسیا سەری هەڵنەدا، ئەگەرچی میتۆدی کارکردنی( ڤیبەر) لەو لێکۆڵینەوەیـەدا فاکتـەری ناوەکی کولتوری بووە، زاناکانی بواری کۆمەڵناسی پێیان وابـوو ئەو کۆمەڵگایانەی کە دواکەوتون و تـازە پێگەیشـتون بـەرەنجامی سیستمی ناوەکی خۆیان بوون لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵگایانەی کەبـە پیشەسـازیکراون سـەرکەوتنەکانیان بـۆ هانـدانی کـەلتوری کۆمەڵگاکانیان دەگەڕێنەوە بۆ پرۆژەی کارکردن.

ئەگـەرچی (ڤیبـەر) ڕووبـەڕووی ڕەخنـەی زۆری کۆمەڵناسـانی دوای خۆی بوویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک (برایان تێرنـەر) دەڵێ مۆدێرنە یەکسانە بە ڤیبەر. ئەو ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی بینـی لـە برەوسـەندنی فیکـری مۆدێرنـە بـە ئاراسـتەی جیـاوازی قوتابخانـەی (مـارکس) کۆمەڵناسـێکی پـر بەرهـەم بـوو. ڕەنگـە مەزنترین کۆمەڵناس بیت توانی بێتی دیاردە هەمەلایەنـەکان شـی بکاتەوە وەک (هابرمـاس) دەڵـێ یەکـەم کـەس بـووە بـەقووڵی کار

لەسەر دنیای تازەگەری و سیکولاریزم و دەرهاویشتەکانی ئەو دیاردەیە بکات، بۆیە ئێمە وای دەبینین سەرباری ڕەخنەکان، بەڵام (ڤیبەر) بنەچەو بنەمای مۆدێرنەی بەشێوەی فرە ڕەهەندی بەمانا کۆمەڵناسیەکەی دۆزیەوە. کاریگەریەکی بێوێنەی جێهێشت لە کۆمەڵناسیدا بە بەڵگەی ئەوەی کە توانی زۆرێک لە کۆمەڵناسان و توێژەرەانی بواری سیاسی بە خۆی سەرقاڵکرد، ئەو توانی کۆمەڵێک چەمک و واتای تازەی کۆمەڵناسی بەدیبهێنێت، وەک بیرۆکراسیەت و ئەقلانیەت و کۆمەڵناسی ئاین و ڕێکخستن و کۆمەڵناسی مێژوویی  و کردەوەی کۆمەڵایەتی کە هەناوی کارەسەرەکیەکانی (ڤیبەر) پێک دەهێنێت  تێورەکانی (ڤیبەر) کاری کردە سەر قوتابخانە وەزیفییەکان و بەتایبەتی (تالکۆت پارسۆنز دواتر گیدنزو  هابرماس) و ئەوانی دیکە. ئەو هات کۆمەڵناسی ئاینی لە چوارچێوەیەکی زانستیانە دارشت وێناکردنێکی کۆمەڵناسیانە پێ بەخشی ولە توێژینەوەکانیدا ئەم پرسەی لە کۆمەڵناسیدا چەسپاند ،لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک خەسڵەتی بەخشیە توێژەر لەسەروی هەموویانەوە وەک داماڵینی بەهای کەسی لەکاتی لێکۆڵینەوەکاندا،  بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد (ڤیبەر) خاڵی نەبوو لە ڕەخنە وەک بە پیرۆزکردنی ئەخلاقی پرۆتستتانتی و هەروەها ئەوروپای بە سەرچاوەی عەلمانیەت و مۆدێرنە وێناکرد ڕەنگە ئەوە تاڕادەیەکی زۆر هەقیقەت بێت، چونکە هەرگیز سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵات نەیتوانی بنەماکانی مۆدێرنە لەگەڵ خۆی بهێنێت هەروەها (ڤیبەر) وەک هەموو کۆمەڵناسانی دیکە کاریگەری بیرۆکەی نەتەوایەتی لەسەر بوو.

## ئەنجامی بەشی دووەم

ئێمە باسی تیۆری هەریەک لە(مارکس و دۆرکهایم و ڤیبەر)مان کرد وەک سێ کوچکەی کۆمەڵناسی کلاسیک لەسەرهەڵدانی مۆدێرنەدا لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەیان کراون، چونکە ڕەخنە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی هەر توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی گرنکە بۆچوونە دژەکەش وەرگری بۆ دەوڵەمەندی و زانستیبوون و بێلایەنی توێژینەوە. کۆمەڵگای کوردی ئەگەر بە پوختی بیکەینە ئەنجامی بەشی دوەمی توێژینەوەکەمان دەتوانیین بڵێین تا ئێستا توێژینەوەیەکی وردی ئەکادیمی بوونی نیە لەسەر ئەو چەمک و وێناکردنانەی کە (مارکس) دایهێنا وە لەسەر چین و ململانێی چینایەتی و نامۆبونی کرێکار بۆ تێپەرینی خەسڵەتی هەر قۆناغێکی کۆمەڵگا، بۆیە توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە(مارکس)وەک تییۆر تەنیا لە کتێبەکان و ناوەندەکانی خۆیندن دەخوێنرێت لە هیچ سەردەمێکی کۆمەڵایەتی نەبووەتە پراکتیک بۆدروستبوونی چینایەتی و ململانێکانی لە کوردستاندا تەنیا بەشێوەی ڕووکەشانە لەبواری سیاسی و حیزبی بەشێوەی کرچووکاڵ کاری لەسەرکراوە، بۆیە ئەو تێورەش بەرهەمی ئەقلی ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئاوابوە، لێرەدا وەک باسمانکرد چین بەمانا مارکسیەکەی دروست نەبووە، تاکو لەوێوە سەرمایەداری و مۆدێرنە و کۆمەڵگای مۆدێرنە دروست بێت،

دواجار شۆڕش بێته کایەوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەشێوەی ڕادیکـاڵ بەمانایـەکی دیکـە چینـی سـەرمایەدار و بـۆرژوا بـە تێگەیشـتنە مارکسـیەکەی دەرنەکـەوتووە، تـاکو کارگەیـەک دامەزرێنێ کرێکار تێیدا کاربکات بەمانایەکی دیکە هێزی بەرهـەم هێنـان دروسـت نـەبووە تـاکو ببێتـە ململانێـی چینایـەتی و هۆشیاربونەوە. هەروەها توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە چین و توێژەکان بەشێوەی جیاجیا بوونیان هەیە، بەڵام بە تێگەیشتنی دیکەی تیۆری کە زیاتر لە (دۆرکهایم و ڤیبەرەوە) نزییکە، توێژەر گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـە هاریکـاری میکـانیکی ڕووبـەرێکی فراوانی دنیای ئێمەی داگیرکردوە. لەبەرانبەردا جۆری ئۆرگانیکی بە شێوەی کرچوکاڵ بوونی هەیە وەک پێشتر ئاماژەمـان بۆکرد بۆ نموونە خێڵ تائێستاشی لەگەڵ دابێت لـەناو قۆنـاغی میکانیکی دەخولێتـەوە تێپـەریان نـەکردوە و مێنتـاڵیتی خێڵایـەتی بەسـەر کۆمەڵگادا زاڵە. لەهەمانکاتدا ئەوانـەی پێگـەی کۆمەڵایـەتیان هەیـە خـاوەن سـەرمایەیەکی هێمـایین. پۆسـت و پلەوپایـەی بـەرز بەدەستدەهێنن بە مانا (ڤیبەر)یەکەی ئاغاکان و خێڵەکان دەبن بـە سـەرۆکی دامـەزراوەی گرنگـی زانستی وکـارگێڕی و حیزبـی بـە دەگمەن پسپۆریەتی سەربەخۆ کاری خۆی دەکات دەبێ هەمیشـە وەلائـت هـەبێت. بیرۆکراسـیەت وەک پێشـتر ئاماژەمـان بـۆکرد بەشێوەی نا ئەقلانی لەدامەزراوە فەرمیەکانـدا بـوونی هەیـە، ئـاین وەک ئـەوەی (ڤیبـەر) باسـی دەکـات نەبۆتـە ڕێگـا خۆشـکەر بـۆ دروستبوونی ڕۆحی سـەرمایەداری و لـەدایک بـوونی گۆڕانکـاری و خۆگونجانـدنی لەگـەڵ دۆخـی تـازەی مۆدێرنـەدا بەپاسـاوی ئەوەی مۆدێرنە بەرهەمی ئەقلی ئەوروپایەو لەگەڵ بنـەماکانی ئـاین

دژە. توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵی کوردی تەنیا سودی لە لایەنی مادی مۆدێرنە وەرگرتوە نەبووەتە ستایلی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لەلایەکی دیکەوە سەرمایەداری لە لایەن گروپ و کەسانی دیکە بە خراپ بەکاردەهێنرێت بەهۆی پێگەی حیزبی و سیاسیانەوە بۆتە هۆی ئەوەی بازاری ئازاد لەلایەن گروپێکەوە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن بەڕێگای ناشەرعی دوور لە پێوەرەکانی بیرۆکراسیەت و ئەقلانیەت قۆرغ بکرێت.

## بەشی سێیەم
## گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنە

گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنیتە هەمیشە پەیوەستن بەیەکەوە بەومانایەی کە مۆدێرنە بۆ ئەوەهاتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی بۆئەوەی گۆڕانی کۆمەڵگا و بنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەئاستەی تازەگەری و مۆدێرنە بگۆڕێت. مۆدێرنیتە لەنێو تێکستی بیریاران و سۆسیۆلۆژستەکانەوە هاتە خوارەوە بۆئەوەی شۆڕبێتەوە ناو خێزان و فۆرمەکانی دیکەی کۆمەڵایەتیەوە. ئەو بەشە تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە پێشەکی کتێبەکەدا وەک گرفتی توێژینەوەکە خستمانەڕوو پەیوەندی نێوان مۆدێرنەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی چیە؟ چۆن گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاری کردە سەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی تاکەکان؟ بۆیە ئەو بەشە کار لەسەر سروشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فاکتەرو بەربەستەکان و ڕۆڵی چینی ناوەند لەگەڵ نیشاندانی ئەنجامی ئەم بەشە دەکات.

دیارە مۆدێرنە وەک پڕۆژەیەکی فیکری و کۆمەڵایەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هێناکایە وە. زۆرێک لە کومەڵناسە هاوچەرخەکان پێیانوایە لەگەڵ دەرکەوتنی مۆدێرنە، کۆمەڵناسی گەشەی کرد بەتایبەتی وەک پرۆسەیەک وەک پڕۆژەیەک بۆگۆڕانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەسازی بوون ئەمەش بووە

شوێنی گفتوگۆی بیرمەندان. دیارە پەیوەندییەکی دیارو ئاشکرا هەیە لەنێوان هەریەک لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تازەگەری و مۆدێرنەدا بەهۆی ئەورۆڵە مەعریفیەی کە دەستەبژێری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگادا دەیگێرێ. ئینجا چی دەستەبژێری رۆشنبیری بێت یان بیرۆکراسیی بێت. کە بێگومان ئەو جۆرەگرووپانە رۆڵیان هەیە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەروەک ئەورۆڵە کاریگەریەکی دیاری لە گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە.

لەبەرئەوەی پرۆسەی نوێ بوونەوە پەیوەندیی بەگۆڕانی شارستانی و پیشەسازی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە هەیە بۆیە تاڕادەیەک پرۆسەکە ئاڵوزە زۆرجار ڕووبەڕووی کێشمە کێش و ململانێ و ناسەقامگیری سیاسی دەبێتەوە. (کلۆد ئاک) پێی وایە پرۆسەی تازەگەری و نوێ بونەوە کاریگەری بەسەر سەقامگیر بوونی سیاسیەوەهەیە. بەهۆی بوونی فاکتەری پێشبینی کراوی نا سەقامگیریی سیاسی لەکۆمەڵگا مۆدیرنەکاندا، لەکاتێکدا کۆمەڵگا کلاسیکیەکان دووچاری ناسەقامگیری سیاسی نابنەوە.(دکتورة الجولانی ،فادیة، ١٩٨٤، ص ٦٦

لەناو خەیاڵی کۆمەڵناسیدا یەکێک لە کلیلی سەرەکی گۆڕانەکۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە هاوچەرخیبوون زۆرجار ئەوە سەلماوە کە ئەو سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین لەچاو چەرخی پێشوودا گۆڕانێکی بنەڕەتی ڕوییداوە، adams , matthew).

(p1,2007چیرۆکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدیدی توێژەرانی بواری سۆسیۆلۆژیای گۆڕان دوای سەدەی بیست و سەرەتای

سەدەی بیست و یەک بەشێوەی ئاڵوز دەستی پێکرد. گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی فرە ئاراستەو دیاریکراوە.(هەمان سەرچاوە لاپەرە ٢) واتە سۆسیۆلۆژیا پێمان دەڵێت دەشێ گۆرانکارییەکان هەم لەسەر ئاستی بچووک بێت هەم لەسەر ئاستی گەورە بێت بۆنموونە ئاستی بچووکی وەک خێزان و گرووپە جیاجیاکان بێت کاریگەرییەکی کاتی و کەم جێبێلێت یان پێکهاتەو قەبارە گەورە بێت. دواجار ڕەنگبداتەوە لەسەر هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵ، بەڵام نابێ ئەوەمان بیرچێت ئەو جۆرە گۆڕانکارییە نا ماددییانە زۆر هێواش و لەسەرخۆن پشوو درێژیی و تەقەلایی زۆری دەوێت.

بێگومان گۆڕان ومۆدێرنە هەمیشە پەیوەستن بەیەکەوە. بەشێوەیەکی بەربڵاو مۆدێرنە کاریگەری بەسەر گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکاندا هەیە. مۆدێرنە کاریگەری بێوێنەی هەبووە لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. سەرەتا پێویستە چەمکی گۆڕان دیاری بکەین وەک کایەیەکی گرنگی سۆسیۆلۆژیا دواتر تیشک دەخەینەسەر کاریگەری مۆدێرنە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا.
گۆڕان یەکێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگایەکی واقیعی، کە دەشێ گۆرانکاری لەنێو هەرکۆمەڵگایەک ڕوودات زوو یان درەنگ، بۆ تێگەیشتن لە چەمکی گۆڕانکاری هەریەک لە شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەڕا و شۆڕشی فەرەنسی باشترین گوزارشت لەو چەمکە دەکات. تێیدا لەمیانەی ئەو شۆڕشانە گوڕانکاری کۆمەڵایەتی و زانستی بەشێنەیی هاتە کایەوە.

سروشتی تیۆرەکانی کۆمەڵناسی و لیکۆڵینەوەکانی وایە، کە هەمیشە پشت بە گۆڕانکاری دەبەستێت لە پێگە ی کەسەکان و چین و بارودۆخی گرووپە کۆمەلایەتییەکان، ئەوەش بەڕوونی لەکارەکانی (مارکس و دۆرکهایمدا) وەک بەشێک لە لیکۆڵینەوە لەم بارەیەوە ڕەنگی داوەتەوە، وەک گۆڕان لە ئاین و یاساو ئەخلاق و بەهای کۆمەلایەتی وەک بنچینەیەکی ئاڵۆزی تاک لەنێو کۆمەڵگادا. گوڕان وەک چەمک ئاماژە بە ڕوودانی ژیانێکی تازە دەکات لە پێکهاتەو پەیوەندیەکۆمەلایەتییەکان، (گیدنز) پێی وایە لە ئێستادا پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان بەهۆی مۆدێرنەوە گۆڕانێکی ڕیشەییان بەسەرداهاتوە. ئەو دەڵێ پێش مۆدێرنە پەیوەندییەکان بەهۆی دابونەریت و خزمایەتیەوە، سنوری پەیوەندیەکانی دیاری دەکرد، بەلام لە گەڵ هاتنی مۆدێرنە ئەو سنورە کۆتایی پێهات، ئیمرۆکە پەیوەندییەکان زۆر نادیارو تەمو مژاوین بۆنموونە پەیوەندی خزمایەتی زۆر ڕووکەشە. من نیشتەجێ ی شوێنی لەدایک بونم نابم کە شوێنێکی لۆکاڵیە، یان ناوم لە لاپەرەکەم هەیە، ئەوە ناونیشانی وێب سایتەکەمە. پرسیاری ئێستای هاولاتی دۆزینەوەی ناسنامەی خود ئەوەیە چۆن بژیم؟چۆن هەڵسوکەوت بکەم؟ چی بخۆم چ جل وبەرگێک بپۆشم (giddens ,Anthony , 1991 .p 15).

دیارە پەیوەندییەکی دیارو ئاشکرا هەیە لەنێوان هەریەک لە گۆڕانی کۆمەلایەتی و نوێ گەری یان مۆدێرنە بەهۆی ئەوڕۆڵە مەعریفیەی کە دەستەبژێری کۆمەلایەتی دەیگێرێ لەکۆمەڵگادا،

ئینجا چی دەستەبژێری ڕۆشنبیری بێت یان بیرۆکراسیی بێت.کە بێگومان ئەو جۆرەگرووپانە ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەروەک ئەو ڕۆڵە کاریگەریەکی دیاری لە گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە. (جاسۆن فینکل و ڕیچارد گابل) پێیان وایە پڕۆسەی نوێ بونەوە دەبێتە هۆی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لاوازبوونی پێوەرە کلاسیکی و نەریتەکان، کە پێشوتر ڕێنمایی کردەوەکانی مرۆڤیان دەکرد. هەروەها ئەو پرۆسەیە ئاماژە بەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و کولتوریانە دەکات، کە لە سیستەمەکانی کۆمەڵگا ڕوودەدات هەروەها وەرگرتنی شێوەی ژیانێکی تازەتر لەجاران.(د.الجولانی ،فادیة ،١٩٨٤،ص٥٩

ئەو گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی لەدەستدان و کەمبوونەوەی دەسەلاتی ناوەند و ئەو سەرکردە سیاسیانەی کە دەسەلاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان هەبوو. هەروەها زۆریک لە کۆمەڵناسەکان ئاماژە بە کاریگەری گۆرانی کۆمەڵایەتی بە گۆڕانی ئابوری دەکەن، بەوەی ڕەهەندی ئابوری پەیوەندیەکی پتەوی بە گۆڕان و نوێ بونەوە هەیە.

کەواتە مۆدێرنە ڕوڵێکی گرنگی لە گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا بینی ئەوە جگە لەگۆڕانە مادیەکە کە خۆی لە تەکنەلۆژیا دەبینێتەوە و پاڵنەرێکی سەرەکی مۆدێرنە بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگاکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بوو.

## سروشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنە
## The Nature of
## Social Change and modernity

ڕۆژانــە چــی ڕوودەدات لــە پەیوەندییــە کۆمەڵایەتیەکانــدا کاتێــک گــۆڕانێکی گرنــگ لەکۆمــەڵگا دەبێت، ڕەنگە ئــەو گۆڕانــە بــەچڕی ڕووبــدات وەک شــەڕ یــان داگیرکــاری یــان ئــەوەتا ڕوخــانی سیستەمێکی سیاسی وەک ئەوەی لە کۆتایی ١٩٨٠ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات ڕوویدا. دیارە بەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە ناخۆشی و ترس و تۆقینی تازەی لەمیانەی هێندێک گۆڕانکاری کتوپڕی دا لەگــەڵ خۆیــدا هێنــا، لایــەنێکی گرنگــی کۆمــەڵگاش تیــادا گــۆڕانی بەســەر دادێــت. ڕەنگــە ئــەو جــۆرە گواســتنەوەو وەرگۆڕانــە کاریگەری لەژیانی ڕۆژانەی خەڵک بکات.

ڕەنگە سیماکانی لە شوێنی کارکردنـدا دەرکـەوێت. (ئەرسـتۆ) پەرۆشـی گۆرانکـاری بـوو ئـەو گـۆڕانی پەیوەسـتکرد بـە گەشـەی جەستەو ئۆرگانیکـەوە هـەروەها یەکـەم کـەس بـووە لێکۆڵینـەوەی کـردووە لـەبارەی گۆڕانـەوە بەشـێوەیەکی زانسـتی لێکۆڵینـەوە لـە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کلیلی ئەرکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیانە پێک دەهێنێت.

(ئیـبن خەلـدوون) کـاری لەسـەر ئـەوە کـردەوە، بۆتێگەیشـتن لـە گـۆرانی کۆمەڵایـەتی پێویسـتە میتـۆدێکی مێژوویـی بـەکاربهێنریت

هەروەک ئاماژەی بە فرە فاکتەر کردوە بۆ تێگەیشتن لە گۆرانی کۆمەڵایەتی

گونجاوترین پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە سیفەتی چاککردن لەخۆدەگرێ یان بریتیە لە گۆڕینی ئاراستەو کردەوەی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان. (لەیۆر) پێناسەی گۆرانی کۆمەڵایەتی کردوە، چاککردنە یان ڕیفۆرمکردنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لەتاکەوە بۆ گرووپ ڕەنگە ئاستی ئەو گۆڕانکاریانە لەئاستی هەڵوێستی تاکەکەس و دامودەزگاکان و جەماوەرو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان بێت. هەروەها لەئاستی کارلێککردنی کولتور و هاوڵاتی گواستنەوەی جیهانگیریەوە بێت. (بۆدۆن) ئاماژە بەوە دەکات کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی چەمکێکە کار لەسەر هەموارکردن و گۆڕانکاریکردن لە دیاردەکۆمەڵایەتییەکان لە تاکەکەسەوە بۆگشت دەکات، (گیدنز) تێبینی ئەوەی کرد هەموو شتێک لەگشت کاتەکاندا گۆڕانی بەسەردادێت لە پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەو جۆرە گۆڕانکاریەی کە لە بنەمای دامودەزگاکان ڕوودەدات. (گیدنز) دەڵێ سەختە ئێمە پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکەین، چونکە هەموو شتێک گۆڕانی بەسەر دادێ هەموو ڕۆژێک ڕۆژێکی نوێیە هەموو ساتێک ساتێکی نوێیە، هەروەها(هیراکلیتس)دەڵێ ناکرێ مرۆڤ هەنگاو بنێتەوە دووبارە بۆهەمان ڕوبار یان هەمان شەپۆلی ئاوەکە بەدیبکاتەوە، چونکە دوەم شەپۆلی ئاوەکە جیاوازە، لەبەرئەوەی ئاوەکە بەدرێژی هەڵدەقوولێ مرۆڤەکەش بەشاراوەیی گۆڕانی بەسەر دادێ (goodwin ,robin. 2009,p1-10.).

کەواتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی چییە؟ بریتیە لەگۆڕانکاریکردن لە ڕێگاو شێوازەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ڕێکخراو بیروباوەڕەکان ڕێکدەخرێن و پراکتیزەدەکرێن بەتایبەتی ئەو خەڵکانەی کە باوەڕیان بە پرۆسەکە هەیە لەکاتێکدا زۆربەی کۆمەڵ بەشدار دەبێت لەو پرۆسەیە، ڕەنگە گۆڕانەکە هێواش بێت کۆمەڵگا بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات بەگشتی گۆران بریتیە لە دیاردەیەک کە ڕوودەدات لەکۆمەڵگا یان بەواتایەکی تر کۆمەڵگا هەمیشە لەنێو پرۆسەی گۆڕانکاریەکانە. گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ڕوودانی ڕووداوێکی تازە لە ژیانی مرۆڤەکان، چونکە مرۆڤ بە حەتمیەتی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان بەستراوەتەوە.

پرۆسەی گواستنەوەی کولتورو کۆمەڵگاکان بەدرێژایی مێژوو بریتیە لە یەکەم: هەندێ جار مەبەستدارە بەڵام بێ پلانە دووەم: ڕووداوێکی حەتمیە واتە هەردەبێ، بەڵام هەندێ کۆمەڵگا خەسڵەتی گۆڕانکارییان خێراترن لەوانی دیکە.سێهەم: هەندێ پرسی گۆرانکاری هەیە گرنگیەکەی لەوانی دیکە زیاترە.

## هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی
## Causes of Social Change

ململانێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕەنگە گۆڕانەکان فشارو گرفت لەنێو تاک و گرووپەکان دروستبکەن بەهۆی ئەو گۆرانکاریانە

هێز و دەسەڵات لە دەست بدەن یان ئەوەتا بەدەستی بێنن وەک سەرمایەدارەکان و کرێکارەکان.

## ئایدیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی:
## Ideas and social movements

ڕەنگە ئایدیاکان پێداویستی سەرەکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بن، کە دەشێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ دەستەبەربکەن

داهێنان Invention ، پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی بابەتی تازەو ئایدیاو جۆری کۆمەڵگاکانەوە هەیە.
Discovery Taking note of certain elements of a cultureدۆزینەوە پەیوەندی بە خەسڵەتە تایبەتیەکانی کەلتورەوە هەیە.بڵاوبونەوەDiffusion و فراوانبوونی بەرهەمەکان هەروەها، گواستنەوەی زانیاریەکان لەکۆمەڵگایەکەوە بۆیەکێکی تر (سەیری hughes,michaels,sociology , 2005, p448-448) زۆر هۆکارو فاکتەری دیکە هەن بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی مێژوویی و سیاسی کۆمەڵگاکە گۆڕانی بە سەردادێت، ڕەنگە لە کۆمەڵگای کوردیدا فاکتەرەکان نەرەخسابن، بەوشێوەیەی کە لە دنیای دەرەوە هۆکارەکان یارمەتی دەرن بۆیە گۆرانکاری تیۆرەیەکی ڕێژەییە، بەڵام مرۆڤ و کۆمەڵگا بەپێی ئەزموونی ژیانی خۆی گۆڕانی بەسەردادێت ئەگەر لەسەر ئاستی هۆشیاری تاکەکەسیش بێت نەک پێکهاتەی کۆمەڵگا وەک

ئەوەی کە قوتابخانە بونیادییەکان باسی لێوەدەکەن.کاتێک دەڵێین ڕووداوێکی حەتمییە واتە هەر تا ک وگرووپێک گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵام دەبێ نەخشەو پلانی بۆ دانرابێت.

هەندێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ئەوانە هەیە، کە لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەژین، ڕەنگە ئەو گۆڕانکارییانە وەک دەروازەیەک بێت بۆ ڕێکخستن و سنوردارکردنی پەیوەندییەکان، ڕەنگە شوێن پێی کاریگەری ئەو گۆرانکارییانە کار لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و تاکەکان زیاتر بکات هانی ئەوەیان بدات کە خواستی تازەیان هەبێت بۆ گۆرانکاری بۆ نموونە نەمانی ڕژێمی پێشوو لە کوردستاندا و دواتر ڕاپەرینی لێکەوتەوە نەوەیەک دروست بوو خواست و ئامانجی تازەی لا دروستکرد. یان ڕاپەرینی بەهاری عەرەبی بەهەمان شێوە، دنییایەک گۆرانکاری سیاسی کۆمەڵایەتی هێنایە کایەوە بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی، یان لەوڵاتانی دیکە بۆ وێنە کۆمەڵێک یاساورێسا دەرچوون وەک سیاسەتی یەک منداڵ بوون لە وڵاتی چین لەساڵی ٧٩، ئامانجی ئەو یاسایە ڕێگریکردن و سنوردانان بوو بۆزۆری منداڵ یان فرەژنی بووە نایاسایی و بەپێی یاسای هاوسەرگیری چین هەروەک لە (هیندستان) هاوسەرگیری منداڵ لەساڵی ٥٥قەدەغەکرا ڕێسا بنچینەیەکانی (ئەفغانستان) دوای ئەوەی کە هاتنە سەر دەسەڵات، لەساڵی ١٩٩٦ئەوەی قەدەغەکرد، کە ئافرەت بچێتە دەرەوە یان جل وبەرگی سەرنج ڕاکێش لەبەر کات یان بۆنموونە پێچە

لەبەرنـەکات. دوای کۆتـایی هـاتنی (کۆمـۆنیزم) لـە ڕۆژهـەڵاتی ئـــەڵمانیا مەنهـــەجی خوێنـــدن پێویســـتی بـــە پەرەســـەندن وپێشـڤەچوونی تـازە بـوو وەک بـەهرەی کەسـێتی و ڕەفتـاری گونجـاو بـۆ ئـابوری و دۆخـی سیاسـی و شـەڕوململانێ بەردەوامەکانی دیکە دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر خێزان و لە ئەستۆگرتن و تەبەنی کردنی تازەچەند سەدەیەک بەر لە ئێستا (دۆرکهایم) پێشنیاری ئەوەی کردوە کە ڕێژەی خۆکوشتن کەم دەبێتـەوە لـەوەختی قەیرانـە نەتەوەییـەکان، هـەروەک لـەو کاتـەدا یـەکانگیری کۆمـەڵگا گەشـە دەکـات بـەم دوایانـە جیابونـەوە بەشـێوەیەکی بـەرچاو کـەمی کـردوە لەئـەنجامی هێرشـە تیرۆرسـتیەکان، بـەڵام ئـەوەش لەکۆمەڵگایـەک بـۆ یـەکێکی تـر دەگۆڕێـت بـەهۆی سـەرهەڵدانی مۆدێرنـەو هـەژموونی سەرمایەداری و بەجیهانیکردنی کۆمـەڵگاو فراوانبوونی سۆشیاڵ میدیا ڕێژەی جیابوونـەوە ڕۆژانـە لەبرەوسەندن دایە زۆرێک لە ئـەدەبیاتی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان لـەبارەی پەیوەندییـەکان پێشـبینی کاریگـەری ئـەو پەیوەندیانـەیان کـردوە بـەوردی وبـەدرێژایی گۆڕانـەکانی نێـو کۆمـەڵگا، لێرەدا جـەخت لەسـەر کۆمەڵێک گۆڕانکاری کراوە لەڕووی بیرو باوەڕو بەهاکان یان شـێوازی بیرکردنـەوەی کۆمـەڵگاکان، بەهۆیـەوە گۆرانکاریـەکان بەشـێوەی پلـە بـە پلـە گواسـترایەوە یـان ئـەنجام درا لـەنێو کۆمەڵگاکان. تیۆرەکانی بە مۆدێرنەکردن ئەوەیان سەلماندوە کە بـەهای بـە پیشەسـازیکردن دەبێتـە هـۆی خۆگونجانـدن و ئاوێزانکردن لە نێو بەهای سیستمەکان. (سەیری , Goodwin Robert , 2007,p2-3)

بــەپێی بۆچــوونی زانایــانی بــواری سۆســیۆلۆژی گــۆڕانی کۆمەڵایەتی واتای گەشەکردن بەرەو هەندێ شتی باشتر ئەوان وای دەبیـنن گـۆران سـودی هەیـە و کـاریێکی باشــە (ئۆگســت کۆمت)کە دامەزرێنەری کۆمەڵناسیە پێی وایە، کە بۆتێگەیشتن لـە کــاتی ســـەرهەڵدانی مــۆدێرنیتی پێویســـتە لەچوارچێوەیـــەکی مێژوویـەوە سـەیری بکـەین (کۆمـت) بایـەخی بـە سـێ قۆنـاغی یاسـایی دا، کـە دەبنــە بنــەما بـۆ پەرەسـەندنی کۆمەڵایـەتی بـە جۆریک، کە باوەری بەوەیە پەرەسەندن دەبێتە شوێنی گرنگی کۆمــەڵگاکان لــە ســـەرەتای ئاینیـــەوە بــۆ قونــاغی فەلســـەفی پێشکەوتوو دواتر بۆ قوناغی زانستی مۆدێرنی ئەقلانی و قۆناغی تیۆلـۆژی، ئـەوجۆرە قۆناغـە بـەوە دەناسـریتەوە، کـە کۆمـەڵێک وێنەو بۆچوون زاڵە بەسەر مرۆڤدا ئەوانە وا ی لێدەکەن بەدوای سروشـت وهۆکارەکـانی بگـەرێ بتپەرستی، کـاتێ مـرۆڤ بـاوەڕ بەوە دەکات، کە هەمووشتێک لەسروشتدا ژیانێکی هاوشێوەیەو پیرۆزە (پۆلۆ سیزم) کاتێک مرۆڤ بەهۆی خەیاڵەوە باوەڕی بە فرە خوایی هەیە، بەڵام (مۆنۆسیزم) باوەڕی بە تاک پەرستی هەیە بەهۆی بێداربوونی ئەقل کە کۆت کرابوو بەهۆی خەیاڵەوە. دواتـر قۆنـاغی میتـافیزیکی دێـت لـەم قۆناغـەدا مـرۆڤ شـوێنی کۆمەڵێک واتاو شیکردنەوەی جیهان دەکەوێت لە ڕوانگەی چەمک و زاراوەی وەک ئایـدیاو جەوهـەرو شـێوە، بـەکورتی کۆمـەڵێک چەمکی ڕەها، گۆڕانکاریکردنی دامودەزگاکانی تایبەت بەو قۆناغـە بەیەکەوەبەستراوە کاریکی سەرەکیە، ئەو قۆناغە لەلایەن پیاوانی ئاینی و سەربازی ویاساناسانەوە کۆنترۆڵکراوە.

گرنگترین قۆناغ بریتییە لە The Positive or Scientific Stageقۆناغی زانستی کرداریی لەکۆتایی سەدەی هەژدە ئەو قۆناغە دروستبوو دەناسریتەوە بە تێبینی کردنی زیاتر بەسەر خەیاڵ یا ن بەواتایەکی تر هەموو چەمکێکی تیۆری دەبێتە پۆزەتیف بەکورتی ئەو قۆناغە بە پیشەسازی زانستی دەناسرێتەوە.

(مارکس) و ئەوانی دیکە جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ململانێ پڕۆسەیەکی سروشتییە هەروەک وای دەبینن کە دۆخی ئێستای هەرکۆمەڵگایەک تۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی تێدایە ماتریالیزمی دیالێکتیکی لەڕوانگەی مارکسەوە هەموو سیستەمێکی ئابوری بەوپەڕی توانـاوە گەشە دەکات لەنێو دەوڵەتدا لە هەمانکاتدا دژبوونە ناوەکیەکان هاوبەشی دەکەن لە کەوتن و لەناوچوونی ململانێی چینایەتی سەرچاوەی هێزە بۆگۆڕانکاری هەروەها (مارکس) پێی وابوو ئەو ململانێیە کلیلی تێگەیشتنی مێژوویی مرۆڤایەتیە، ئەو دەڵێ هەموو گۆرانکارییەک بەرهەمی بەردەوامی ململانێکانە لەنێوان گروپە دژەکاندا هەموو گەشەکردنێکی ئابوری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای چارەسەری دژەکان لەکۆتایدا دوبارە ئەو دژبوونە سەرهەڵدەداتە.

## بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەک سەرچاوەیەک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵێک خەڵکە کردەوەی هاوبەشیان هەیە ئامانجیان هاوبەشە، کە خۆی دەبینێت لە کاری هاوبەش و هەندێ گۆڕانکاریکردن لەبوونی کۆمەڵگا بەدرێژایی مێژوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بوونیـــان هـــەبووە بـــەپێی هەلومەجـــە کۆمەڵایـــەتی و ئـــابوری و کۆمەڵایەتیەکەیـــەوە ڕۆڵ و پێگـــەی گـــۆڕانی بەســـەر داهـــاتوە لـــە ســـەردەمی شۆڕشـــە پیشەســـازی و کولتورییەکانـــدا بەشـــێوەیەک خـــۆی بـــەیانکردوە لـــەدوای شۆڕشـــی پیشەســـازی و مۆدێرنـــەوە گۆرانیـــان بەســـەرداهاتوە، بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان لەجیهانـــدا ڕۆڵـــی بـــەرچاوییان هـــەبوو لـــە برەوســـەندنی دیموکراســـیەت و کۆمەڵگای مەدەنی، لەوڵاتانی بـەریتانیاو ئـەمریکاو چەندین وڵاتـی دیکە نمایندەی ئەو پڕۆسەیان دەکرد. بزووتنەوەکۆمەڵایەتییەکان حیزبی سیاسی یان گروپێک نەبوون بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات یان ئەرکیان سەقامگیری سیاسی نەبووە بە ئەندازەی ئـەوەی کۆمەڵیک گرووپی نافـەرمی بوون هێنـدێک جار ئامانجییـان تـەمو مـژوو نادیـاربووە. ڕەنگـە تاکـە ئامـانج و خواسـتیان گـۆڕانی کولتورەکە بێت. هەمیشـە لـەپێناو بـەدیهێنانی ناسنامە لـە ململانێ دابـــوون وەک بزووتنـــەوەی فێمێنیســـتی ئافرەتـــان تێورەکـــانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی فرە ڕەهەندو ئاراسـتەن هێنـدێکیان ئامـاژە بەوەدەکەن کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کارکردنە لەسەر بزاوتـی کۆمەڵایـەتی وەک کولتـورو کۆمـەڵ، هەنـدێکی دیکـە پێیـان وایـە بزووتنەوەی کۆمەڵایـەتی پاڵنـەرو خواسـتی سـەرەکیان بریتیـە لـە گۆڕانکاری، لەسەرەتای سەدەی بیست لەڕووی سۆسیۆلۆژیەوە ئاراســتەی کــارکردنی بزووتنــەوەکان بەرمــەبنای کــارکردن بــوو لەسەر کۆ ڕەفتار بەشێوەی فراوان وەک شـۆڕش و توندو تیـژی و فـەوزاو ئـاپۆڕاو هتـد بـەڵام ئاراسـتەی دیکـەی سۆسـیۆلۆژیای بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کردەوەی پێکـەوەیی و گەلـەکی بـوو کـە

ئەمەش پەرچەکردارێکی ناعەقلانی خێراو بۆ پڕۆسەی گۆرانی کۆمەڵایەتی بوو.

**هەندێ پێناسەی کلاسیکی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەو شێوەیە پێناسەکراوە وەک**

-پڕۆژەیەکی هاوبەشە بۆ دروستکردنی سیستمێکی نوێ کۆمەڵایەتی

-پڕۆژەیەکی هاوبەشە کار لەسەر گۆرانی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکات

-توانای مرۆڤەکان بۆ گۆڕانی نۆرم و بەهاکان گرووپەکان کار لەگەل یەکتر دەکەن بۆ بەردەوامبوون و هاندانی گۆرانی کۆمەڵایەتی.

(press , salem, 2011, p38

(ئەلبێرتۆمێلوسی) کومەڵناسی ئیتاڵی پێی وایە بزوتنەوی کۆمەڵایەتی شێوەیەکە لە شێوەکانی کارکردن بەشێوەی کۆمەڵ جەخت لەسەر هاریکاریکردن دەکاتەوە هەروەها هەڵگری ململانێیە، سنوردانان و وەرگرتنی هەڵوێستە بەرانبەر سیستەم. ئەو کۆمەڵناسە ئاماژە بەوە دەکات ناسنامەی بزووتنەوەی کۆن جیاوازە لە ناسنامەی بزووتنەوەی تازە ئەوەی دووپاتکردۆتە کە پرسی ناسنامە ی تاک و گرووپی بزووتنەوەکان پەیوەندییەکی گرنگی بە پڕۆسەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەپێی بۆچوونی (میلۆسی) هەڵکشانی ئەو جۆرە ناسنامە تازەیە بەهۆی سێ هۆکارەوە هاتۆتەکایەوە.

یەکەم:گواستنەوەی کۆمەڵگای ئەوروپا لە پیشەسازییەوە بۆ دوای پیشەسازی.
دووەم:گەشەکردنی چینی ناوەندی بەشێوەی تازە.
سێیەم:گۆرانی ناسنامەی بزووتنەوەکان لە شێوەی شاراوە بۆ ئاشکرایی.

بەم شێوەیە میلۆسی وای دەبینی بزوتنەوەی تازەگەری جیاوازە لەکلاسیکی لەبارەی توانستی گەمەکردن بە زانیاییەکان و توانای گۆڕانکاری دامودەگاکان و پێکهاتەی سیاسەت بەشێوەی ڕاستەوخۆ ونا ڕاستەخۆ. (press , salem, 2011, p ٩٣) (melucce , alberto, 1996, p97 )

(ئالان تۆرێن) وا وێنای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەکات بەوەی کە جۆرێکی تایبەتە لە ململانێیی کۆمەڵایەتی. خود لای (تۆرێن)ئەگێنتەکی گرنگی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ڕەهەندی کولتوری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لای تاک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەشێوەی کردەوەی گەلەکی پڕ بایەخە بۆیە بەپێی (تۆرێن) بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بە کردەوەیی پێکەوەیی ئامانجیان سێنترالی بەهای کولتوریە، لەبەرئەوە بزووتنەوە تازەکان لای ئەو دەبنە تیکەڵەیەک لە ململانێی کۆمەڵایەتی و بەشداری کولتوری. چین لە کۆمەڵگای دوای پیشەسازیدا بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت.(تورین، ألان، نقد الحداثة، ص٢٤٧(press , salem, 2011, p 94)

**بەپێی بۆچونی(گیدنز) دەتوانین چوار بواری گرنگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکەین**

١- بزوتنەوەی دیموکراسی کە لەنێو مافەسیاسیەکان کار دەکات

٢- بزوتنەوەی کار ئەویش کاردەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاری کار

٣- بزوتنەوەی ئیکۆلۆژی بایەخ بە بزوتنەوەی ژینگەیی دەدات

٤- بزوتنەوەی ئاشتی خوازانە کارکردنە بەرەو ئاشتی (giddens,Anthony , 1991,p159).

**(مانیوێل کاستل) سێ جۆری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ جیهانگیری دیاریکرد.**

**-ڕەوایەتی دان - بەرگریکردن - پڕۆژە**

پێدانی ڕەوایەتی بە بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکان وەک چۆن (کاستل) وەسفی کردوە بەوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دروستدەبێ لە میانەی داودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی، کە لە دەرەوەی دەوڵەتە بزوتنەوە بەرگریکارەکان و ناسنامەکان( کاستێل) پێناسەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بەوەکردوە کە جەخت لەسەرئەو جۆرە ناسنامانە دەکات، کە دوورخراینەوە یان بە پەڕاوێزخراون وەک گرووپ و ڕەگەزە جیاوازەکان، کەمایەتیەکان یان ئەوانەی بەرهەمی وەڕسبوونی دامودەزگاکانن و ئایدۆلۆیای باوی کۆمەڵگان (castell manuel , 2010, p 153).هەروەها لەلایەن (کاستێل) وەسفکراوە بەوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی تازەی کەلتوری بەکار دەهێنن بۆ داهێنانی ناسنامەی تازە و دووبارە پێناسەکردنەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی یان هەوڵدان

بۆ گۆڕانی هەموو بەشەکانی کۆمەل وەک بزوتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی ژینگەیی.

## بزووتنەوە نوێیەکان
## New Social Movements

تیۆری نوێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەوروپا سەریهەڵدا، تاوتوێی ئاراستە دیاریکراوەکانی بزوتنەوەکان دەکات. لەماوەی دوای سالّی ١٩٦٠ هەروەک کار لەسەر گرووپ و ناسنامە و بەهاو شیوەی ژیانی تاکەکان دەکات. چەمکی نوێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەکردنە بە بزوتنەوەی ژینگەیی و بزوتنەوەی فێمینیزم و بزوتنەوەی ئاشتیخوازانەو بزوتنەوەی دژە شەڕو کەمینە ئەو جۆرە بزوتنەوانە وەک ئاماژەمان پێدا لەکۆتایی سالی ١٩٦٠ سەریانهەڵدا هۆکاری ئەوە چیە؟ ئەو بزوتنەوانە بە بزوتنەوەیەکی نویێ خۆیان نمایش دەکەن یان دەناسرێنەوە بەوەی رێکخستنێکی تازەیان هەیە. جیادەکرێنەوە لە بزوتنەوە کلاسیکیەکان، کۆمەڵناسان ئەوەیان سەلماندوە، کە بزووتنەوەی نویێ کۆمەڵێک پرس لەشێوەی ناسنامەی کەلتورەکان دەوروژێنێت، لەچوارچێوەیەکی جیهانیدا، کە بە فراوانبوون و زیادبوونی گەیاندن دەناسرێتەوە یان ئاشنایەتی گرنگی بە جیاوازییە کولتوریەکان هەیە. (ئالان تۆرێن و میلۆسی) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە کۆمەڵگای مۆدێرن لە ئێستادا لە چوارچێوەی کۆمەڵگای دوای پیشەسازی بوونی هەیە، ململانێی کولتورە جیاوازەکان شوێنی ململانێی چینایەتیان گرتۆتەوە. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە تازەکان خۆی لە بنەمای تازەی

چینــی ناوەنــد دەبینێتــەوە، بــەپێی بۆچــونی (گیــدنز) گرنگتــرین خەســڵەتی ئــەو چینــە ئەوەیــە، بەئاگاییــە لــەوەی چیــنن، بــەڵام خــاوەنی هــیچ جــۆرە هۆشــیاریەک نیەئــەو جــۆرە بزووتنەوانــە مەیلیان ئەوەیە، کە رێککەوتنی بەهێز لەگەڵ گرووپەکانی دیکە ئەنجام بدەن بەپێ بۆچوونی (گیدنز) ئەو گرووپانە دەناسرێنەوە بەگرووپە پەراوێزخراوەکان لەشێوەی بێکاری و ژنی ماڵەوەو قوتابیــان و هتد.(ســەیری haferkamp,hans , 1999, oxford,p47)

-کەسێتی مەزن وەک ئامرازێک بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی Great individual as agents of change .

گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێوەرێکی گەورەی گواستنەوەی مێژویی لەخۆدەگرێ، ئەویش بریتیە لە بەدەستهێانی کردەی مرۆڤایەتی لە مێژویی کۆمەڵگاکاندا هیچ شتێک نیە وەک توانستی مرۆڤەکان کاریگەری خۆی نەبێت، بەمەبەست و بێ مەبەست، بۆیە مێژوو لەلایەن ژن و پیاوەوە دروست دەبێت. ئەوە نکۆڵی لێناکرێ جگە لە هەندێ تیۆری میتافیزیکی و لاهوتی نەبێت.

بەکورتی ئێمە دەپرسین کێ مێژوو دروست دەکات؟ چی جۆرە مێژوییەک دروست دەکەن؟ چۆن دروستی دەکەن؟ ئەو جۆرە پرسیارانەی کە خودی کارەکتەرەکانی ئەنجامی دەدەن هەروەک پلەی کاریگەری کردەوەکانیان ڕەنگە ڕێڕەوی مێژوو بگۆرێت. پرسیاری ئەوەی کە کێ مێژوو دروست دەکات ؟ ئێمە پێویستە ئاگاداری بنەمای جیاوازی نێوان کاراکتەری کەسەکەو کۆی ئەگێنتەکان بین وەک کۆی کردەوەکان و ئەرکی گرووپەکان و

بزووتنـــــەوە کۆمەڵایەتییـــــەکان و بەکۆمەڵایـــــەتیبون و حیزبەسیاسیەکان و حکومەت.(sztompka ,piotr,uk,1993,p259).

کەسـانی ئاسـایی ئەوکەسـانەن کـە ژیـانێکی سـادەیان هەیـە. دەخـەون کاردەکـەن دەخـۆن و دەخۆنـەوە گەشـت دەکـەن دەخوێننەوە پیاسەدەکەن ...هتد جۆری دوەم: بریتین لـە کەسـانی نائاسـایی کـە خـاوەن کەسـێتی تایبـەتن وەک خـاوەن ماریفـەت و بەهرەدارو بـەتواناکان. جۆرێکی تر پێک دێت لەهـەموو ئەوانـەی کە شوێنگەی گرنگیان بەدەستە و دەسەڵات ورۆڵێکـی دیاریکراو دەدەنـە ئـەوان ڕێگایـان پێـدەدەن مامەڵـە بـە چارەنوسـی خـەڵک بکەن.

## کەسایەتی مۆدێرن
## Modern personality

ئامـادەگی ئـەوەی تێداهەیەکـە ئـەزموونی تـازە وەرگـرێ یـان مرۆڤێکـی کراوەیـە بـەڕووی داهێنـان و گۆڕانکاریـەکان تـازەترین ڕێگا بەکاردێنیت، هـەروەها دەگەڕێتـەوە بـۆ نـوێترین سـەرچاوەی زانیـاری لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕازیـە بـە فـۆڕمی تـازەی ڕێوڕەسـمی هاوسـەرگیری و مـارەکردن. هـەروەها نـوێترین جـۆری قوتابخانـەی گـەنجان پەسـەند دەکـات. ئامادەباشـی سـەبارەت بـە پێکهێنان و باوەڕبوون بە بۆچونێک سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی گەورە ئەو پرسانە مۆرکێکی گشتیان هەیـە بەشـێوەیەکی فـراوان، بەمەبەستی گەڕان بەدوای بەڵگە بۆسـەلماندن و پاڵپشـتی کردنـی

جیاوازی ئەو بۆچوونانەی کە هەیە مرۆڤی مۆدێرن توانای ئەوەی تێدایە، کە دان بە بۆچوونی جیاواز بنێت ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆجەخت کردنەوە لە کاتی ئێستاو داهاتوودا نەوەک ڕابردوو هەروەک بەرنامەی ڕۆژانەی هەیە و پابەندە بە مەوعید، مرۆڤی مۆدێرن هەست بە دادوەری دەکات لە دابشکرنەکاندا پێی وایە دەبێ پاداشتی کەسەکان بەپێی یاساو ڕیساکان بێت نەوەک ئارەزوی کەسەکان، بۆیە شێوەی پاداشتەکان پێویستە پشت بە توانای کەسەکان ببەستێ ڕێزگرتنی کەرامەتی ئەوانی دیکە بەتایبەتی ئەوانەی پلەوپایەیەکی نزمیان هەیە(ibid 77).

## ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا
## The mass media and social change

زۆرێک لە زاناکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە یەکێک لە خەسڵەتەکانی مۆدێرنە بە جیهانیکردن و بڵاوبوونەوەی سۆشیاڵ میدیا و تۆڕەکانییەتی، ڕاگەیاندن ئێستا هەموو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی واقعی کردۆتە میدیا واتە میدیا بۆتە کۆمەڵگابە جۆرێکی تر کاریگەری و بایەخی میدیا لەسەر واقعی جیهان کۆنترە لە خودی میدیا بەدرێژایی مێژوو سەرەتای میدیای تازەی تەکنەلۆژی وەک چاپکردن و فیلم و تەلەفزیۆن و ڕادیۆو سەکۆی راگەیاندن. قسەیەکی باو هەیە دەڵی میدیا کاریگەریەکی بێوێنەی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان بەجۆرێک دەتوانێ گەمە بە ئەقلی جەماوەر بکات قەناعەت بەو شتانە بکات کە لەجیهاندا ڕوودەدەن لەمیانەی وشە و پرۆپاگەندەوە لەئێستادا ئەنتەرنێت وەک نوێترین میدیای تەکنەلۆژی دووبارە دیبەیتی لێکۆڵینەوەی

میــدیای نــوێکردەوە بۆکاریگەرییــەکانی لەســەر کۆمــەڵگادا، کاریگـەری میـدیا لەسـەر کۆمـەڵگا تـوێژەرانی سـەرقاڵکردوە لـەم بارەیــەوە بەتایبــەتی لەکایــەی گەیاندنــدا، زۆری نۆرمــەکان و زانسـتی کۆمەڵایـەتی هـەروەک تێـورە سـەرەکیەکانی گەیانـدن تاوتوێ ئەوەیان کردوە کە چۆن میدیا کاریگـەری هەیە بەسـەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بۆچوونی ئـەو کۆمەڵناسـە ئەوەیـە، کـە میدیا گرنگیەکـەی زیـادی کـردوە بـە چـڕی زۆر جـار ڕوون نیـە بـۆ تێگەیشــتنی ژیــانی کۆمەڵایــەتی هــەروەها بــۆ دروســتبون و نەشونماکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی سـەردەمی تازەگـەری هەمدیســان ڕۆڵـی کاریگـەری بەتایبـەتی لـە دورسـتبوونی ڕای گشـی و ڕاپـەڕین و شۆڕشـەکاندا هەیـە. haferkamp,hans 1999, p53)

لای (ژان بۆدریــــارد) کۆمــــەڵگا بووەتــــە دژکــــار بــــەهۆی ڕاگەیاندنــەوە ئــەوە لەکاتێکـدا ئـەو جـۆرە تـرس و بانگەشــەییە لەدوای مۆدیرنە دروسـتبوو زۆرجـار ئـەو بۆچونـە ڕۆڵـی گرنگی هەبووە لە دەرکەوتنی ئـەوەی چـۆن لەهەموشـوێنێک ڕاگەیانـدن بـوونی هەیـە. هـەروەها بـەخێرایی ملکـەچی ئـەو دژبوونـە بـووە ژیـانی کۆمەڵایـەتی لای (بۆدریـار) هـەمان ژیـانی ڕاگەیانـدن نیـە. لای(بۆردیــۆ) پرســەکە بــەجۆرێکی دیکەیــە ڕاگەیانــدن ڕۆڵــی شـێواندنی واقعـی کۆمەڵایـەتی و گـەورەکردنی بابەتـەکان دەدات. هــەروەها پێــی وایــە ئایــدیۆلۆژیا هەمیشــە ئامادەباشــی هەیــە بــەجۆرێک جیهــانبینی ئایـدۆلۆژیا لـەڕووی سیاسـیەوە بەسـەر

جەماوەر لەناو کایەی ڕاگەیاندندا دەسەپێنێت. (سەیری ,١٩٩٨ , p2 BOURDIEU)

**ژنە کۆمەڵناسی ئوسترالی (دیبۆرا لوبتۆن) پرسی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی دیکە دەبینێ لە**

توێژینەوەیەکدا بەناوی(سۆسیۆلۆژیای دجیتاڵ) تێیدا ئاماژەی بەوە کردوە ژیانی کۆمەڵگاکان ئێستا بەگشتی بۆتە دیجیتاڵ و بە ژمارە کراوە لەنێو کۆمپیوتەردا، پلاتفۆڕمی سۆشیاڵ میدیا وەک چاودێرێک کاردەکات لەنێو کۆمەڵگادا، بەهۆی ئەو دیجتەڵەو چاودێریکردنی دیکەی تەکنەلۆژیەوە بەشێوەی فراوان لەنێو کایەی کۆمەڵایەتیدا شانسی بینینی مرۆڤ و چاودێری و تۆمارکردنی هەڵسوکەوتەکانی زۆر بووە، چونکە زۆربوونی سۆشیاڵ میدیا تازەکان شوێنی سۆشیاڵ میدیای کۆنی گرتۆتەوە وەک توێتەرو فەیسبووک و کاری ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەنوسی و گواستنەوەی زانیاریەکان بەشێوەی زیندوو. لێرەدا چاودێریکردنی دیجیتەڵەکان دروستدەبێت وەک سیکوریتی ئەو جۆرە چاودێریکردنە ژمارەییە تەنیا ئامێرێکی حکومەت نیە بەتەنیا، بەڵکو بەشێکە لە بازرگانی و ئابوری کە جیا نابێتەوە یان بەشێکە لە دامەزراوەی پەروەردەو چاودێری کۆمەڵایەتی و پۆلیس و سیستەمەکانی دیکە ئەمەش بەلای ئەو ژنە کۆمەڵناسە ڕاگەیاندن و ئەنتەرنێت ڕێگاکە ئاسان دەکەن بۆ چاوەدێری گەشەی جیهانی وکۆکردنەوەی فرە ئاراستەی جیاوازی چاودێری بۆ هەماهەنگی کردنی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتر.

بەڕای (دیبورا) ئەو جۆرە چاودێریکردنە لە بواری سۆشیاڵ میدیادا جیاوازە لەگەڵ فۆرمەکانی پێشوتر، چونکە شتەشاراوەکان و تایبەتمەندییەکان ئەمباردەکات. ئەم جۆرە چاودێریکردنە بەجێدەهێنرێت بەهۆی تۆمارکردنی بەژمارەکردن و دیجیتاڵکردنی چالاکییەکانی مرۆڤەوە دواتر ئەو زانیاریانە ئەمبار دەکەن هەورەها بەهۆی ئالگۆریزم پێشبینی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکەن. (lubton, , Deborah ,2015,p33-34)

(مانوێل کاستێل) یەکێکە لەکۆمەڵناسە دیارەکانی بواری ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا ئەو پێی وایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەنێویشدا ڕاگەیاندن بۆتە کلیلی بەرهەمهێنانی ئابوری، ئەگەرچی (کاستێل) لە دیدێکی تەواو کۆمەڵناسیانە دەڕوانێتە دیگیتاڵ و ڕاگەیاندن، چونکە لەڕوانگەی ئەوەوە تەکنیکی مەعریفە لەسەردەمی زانیاریەکان بەچڕی زیاد دەکات. لەسەر ئەو بنەما مەعریفیە بەشداری لەئابوریەکی تازەدا دەکات لەسەرئاستی جیهانی بڵاو دەبێتەوە، چونکە ئێستا کۆمەڵگا بۆتە تۆڕو چۆتە نێو هەموو کایەکان. ئەوەی کە گرنگە (کاستێل) پێی وایە سۆشیاڵ میدیا دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە دروستکردن و نەشونماکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوریەکی جیهانی و وێناکردنی کولتورێکی نوێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. (castells manuel 2004, p 233)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە سۆشیاڵ میدیا دەبێتە شوێنی بازرگانی کردن و ساغکردنەوەی کاڵاکان، چونکە سروشتی

سەرمایەداری وایە بەردەوام بەشێوازی دیکە خۆی تازە دەکاتەوە. هەروەها هەوڵی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی مرۆڤەکان دەدات بە ڕێگاو شێوازی تازەی تەکنەلۆژی لێرەدا سەرمایەداری گلۆباڵ کاری بریتیە لە بەڕاگەیاندنکردن و بە ژمارەکردنی بابەت و دیاردەکان بەگشتی ئینجا بەپێی هەلومەرج و دۆخی ژینگەیی و کولتوری کۆمەڵگاکان کاریگەری جێدێڵی بە ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ڕەفتارو بیرکرنەوەی مرۆڤەکان. جگە لەمەش بەدیدی ئێمە سۆشیاڵ میدیا بووەتە واقعێکی کۆمەڵایەتی تازە شوێنی واقعی کۆنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جارانی گرتۆتەوە بە ئەرێنی و نەرێنییەوە. بەمانایەکی دیکە سۆشیاڵ مێدیا لەسەردەمی گلۆبال واقعێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دروستکرد، کە بە کۆمەڵگای سۆشیاڵ مێدیا دەناسرێتەوە دنیایەک تۆڕی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی میدیایی دوست بوون تۆ لەوێوە خۆت بە هەموو جیهان دەناسێنی. سۆشیاڵ میدیا لەئێستا ڕۆڵی بەکۆمەڵایەتی بوون دەگێرێیت، کولتوری میدیایی تەواو زاڵە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەچەشنێک کە لە ئێستادا ناسنامەی تاک دیاریدەکات.

## جۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی
## Pattern of social change

بەپیشەسازیکردن لە ئەوروپا لەساڵی ۱۷۵۰بۆ۱۹۱٤ ڕوویدا سەرەتا لە بەریتانیا ڕوویدا تێیدا سێ قۆناغ بوو هەریەک لەوقۆناغانە پەیوەندیی بە جیاوازی هەرێمەکان و خودی

تەکنەلۆژیاوە هەیەکە هاوکات شۆڕشی پیشەسازی کۆمەڵێک گۆرانکاری لەگەڵ خۆی هێنا.

١- گۆران لە پێکهاتەی ئابوری، چونکە هاوبەشی کردن لە کەرتی کشتوکاڵی ڕێژەکەی کەم بوەوە بەبەراورد بەکەرتی پیشەسازی و بازرگانی زیادی کرد.

٢- بەکارهێنانی سەرچاوەی تازەی هێز کە بێگومان بەرهەمی شۆرشکردن بوو

٣- گواستنەوە بۆ کارگە بە شێوەیەکی فراوان

٤-داهێنانی تەکنەلۆژی

٥- وەبەرهێانی جۆری تازە لەم بارەیەوە

دیارە بەشێوەی درەنگ دەرەنجامی ئەو شۆڕشە پیشەسازییە کاریگەریەکەی دەرکەوت. لەنێوان سەدەکانی هەژدە بۆبیست وەک دەرکەوتنی خێزان و چینی تازە، کە توانیان خۆیان لە گەڵ کرێ و ئابوری تازە بگونجێنن ئەو جۆرە گۆڕانە لە بەرهەم هێنان بووە هۆی دەرچون لە ماڵ بۆ بەرهەم هێنان بەشێوەیەکی فراوان.

بەپیشەسازیکردن یان سەرمایەداری کاریگەریەکی بێوینەیان کردە سەر پێکهاتەو چینەکان (مارڤین پێری) دەڵێ بەپیشەسازیکردن بۆهەتاهەتایە لەئەوروپادا دابەشکردنە کلاسیکیەکانی کۆمەڵگای لەناوبردکە خۆی لەپیاوانی ئاین و چینی خانەدان وخەڵکە عامیەکە دەبینیەوە، کە ئەوەش لای خۆیەوە بووەهۆی دروستکردنی چینی تازەی کارکردن و فراوانبوونی چینی ناوەندو وردە بۆرژوا pery marvin,p 288 ).

**دووەم: شارنشینی وەک ڕێگایەک بۆگۆڕانکاری**

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئەلمانی (فرناند تۆنیس) لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەوەکرد، کە چۆن ژیان لەنێو شارنشینە پیشەسازییەکاندا لەبەرامبەر گوندنشینەکاندا جیاوازە.(تۆنیس) زیاد لە ڕێگایەکی پێشکەشکرد لەئەوروپادا بۆبەردەوامبوون و کاراکردن و تێگەیشتن لەگۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەوپێشنیاری ئەوەی کرد، کە ئێمە لەگۆڕانی کۆمەڵایەتی تێدەگەین، بەهۆی جیاکردن لە نێوان کۆمۆنیتی و کۆمەلگا. communityخەسڵەتی ئەو جۆرەیان بەوە دەناسرێتەوە کە جۆرێکە لە دەوڵەتی گوندنشینی، بەومانایەی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بەیەوەکە کارکردن ئامانجیان یەکانگیریە، بەهۆی پەیوەندییە خێزانی و نزیکەکانەوە یا خود دراوسێییەوە، هەروەها بەهۆی نیشتەنی گرووپەکان ژیانی کۆمەڵ دەناسرێتەوە هەروەها پەیوەندیی نزیکایەتی و ژیانی پێکەوییان هەیە، هەروەها ئەندامانی کۆمەڵ پابەندن بە زمان و نەریتی هاوبەش. بەپێچەوانەوە بەشەکەی تری کۆمەڵگا جۆرێکی ڕێکخراوە، کە خەڵک بەیەکەوە تەنها لەسەر بنەمای خودی و تاکایەتی و پەیوەندی گرێدەدەن. شێوەی ژیان لە جۆری gesellschaft برتییە لە هاندانی تاک بۆ پێداویستیەکانی خودی مرۆڤەکان نەوەک خۆشگوزەرانی هەموان.

(ڕیچـــارد لاپیــر) لــە کتێبــی گــۆڕانی کۆمەڵایــەتی دووو جــۆری سەرەکی دیاریکردوە.

١- گۆڕانی چەندیی

٢-گۆڕانی چۆنیی (گۆڕانی مەودا ناوەندو گۆڕانی کاتی)

گـۆڕانی چەنـدی: quantitative changes ئاماژەیـە بـە زیـــادبوونی قـــەبارەی دانیشـــتوان و دابەشـــکاری و گەشـــەی بـەکاربردن و دابینکردنـی خزمەتگوزارییـەکانی وەک کردنـەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو ژمارەی گەشتیاران و هتد.

لەکاتێکدا گۆڕانی چۆنی: qualitative changes ئاماژەیە بـەو گۆڕانکارییـەی دروسـتدەبێت لەئـەنجامی شـێوازی مامەڵـەکردن و کــارلێککردنی تاکــەکان لــە ڕێکخســـنی کۆمـــەڵگادا، ئـــەوەش دەگوازرێتـەوە بـەهۆی کۆنترۆڵی نافـەرمی بۆ کۆنترۆڵی فـەرمی، بۆیـە وەختـێ شارسـتانی بـوون دروسـتدەبێت ئـەوا لەبەرامبـەردا کار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

گۆڕانی مـەودا ناوەنـد: middle level change ئەم جۆرە هاوبەشی کارا دەکەن لە ئاراستەکردنی پرۆسەی گۆڕانکارییەکان وەک گەشەکردنی مومارەسەی دیموکراتی لە ژیانی مرۆڤەکان و گەشەکردنی دامودەزگاکانی بیرۆکراسیەت.

گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی کـاتی: transitory social chang ئـەم جـۆرە گۆڕانکارییـە کاریگـەری بەسـەر تـوێژێکی کۆمەڵایەتییـەوە هەیـــە بەشـــێوەی خێـــرا، بـــەڵام بۆماوەیـــەکی کاتییـــە، دواتـــر بەســەردەچێ بەومانایــەی نابێتــە ڕەفتــار، هــەروەها شــوێن پێــی

بەسەر ڕێسای سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان جێ ناهێڵێ.( د.خلیل معن ،ص ،١٠٣بۆ ١٠٤).

## بەربەستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردییدا

کۆمەڵێک بەربەست و لەمپەر هەن بەدرێژایی ئەو چەند دەیەی ڕابردوودا تا ئێستاش بەڕای ئێمە بەربەستی سەرەکیین لەبەردەم گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا کە لەناو قۆناغی ڕاگوزەرییدا قەتیس ماوە. بەپێی ئەنجامگیریە ئەزمونییەکانی سۆسیۆلۆژیا گواستنەوەی فۆڕمەکانی کۆمەڵگای ڕاگوزەری سەختە بۆ ناو دنیای مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناسنامەی کەسی و جۆرەکانی دیکەی ناسنامە گەڵاڵە نەبووە بەو مانایەی کە خاوەن هۆشیاری و ئاگایی خودی بێت، بۆیە بەدیدی ئێمە پرۆسەی گواستنەوە کارێکی ئێجگار سەختە، چونکە کۆمەڵگای کوردی و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست بۆ چاندنی کەسایەتی و گەشەی ئەقڵی و چەندین کێشەو گرفتی قووڵی تر هەمدیسان لەبەردەم کۆمەڵگای کوردیدا بەربەستن. بەڕای ئێمە فاکتەری هەرەسەرەکی بەردەم گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی خۆی لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە.

-فاکتەری ئاینی دەشێ ئاین ببێتە بەربەست لە هەمانکاتدا دەشێ ببێتە هاندەر بۆگۆڕانکاریە مادی و کەلتوریەکان، ئاین یارمەتی دەری پڕۆژەی مۆدێرنە نییە بەڵکو پارێزەری ترادیشنەکانەو کۆنسێرڤاتیڤانە بەرگری لێدەکات.

-سەربەخۆنەبوونی زانست لەمبارەیەوە لەمپەری سەرەکییە بۆیە داهێنان وەستاوە زانست کاری خۆی ناکات نەبۆتە

ڕەهەندێکی سەرەکی کاریگەری بەسەر کۆمەڵگا جێبێلێت. هەروەک جیانەکردنەوەی زانست لە سیاسەت هەمدیسان بەربەستی بەردەم وەستانی ئەفراندن و داهێنانە.

-لاوازی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەمدیسان گەورەترین بەربەستن، چونکە بەدێژایی مێژوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ناسنامەیان دیارنییە تەواوکەری پرۆژەی ڕەهەندی سیاسین نەک ئامانجیان گۆرانی کۆمەڵایەتی بێت. زاڵ بوونی بەهای کۆن بەسەر کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، مەبەست لەو بەربەستە ئەوەیە کە تا ئێستا بیرکرنەوەی کەسایەتی کورد بیرکردنەوەیەکی کلاسیکییە. بەهای تازەگەری و مۆدێرنە سەری هەڵنەداوە.

-نەبوونی پرۆژەی رۆشنبیران، بە هەردوو جۆرەکەیەوە بە گووتەی فۆکۆ تایبەتمەندو گشتیەوە هیچ کاریگەریەکیان لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگاو سیستمی سیاسیەوە دروستنەکردوە بەدرێژایی ئەو چەند دەیەیەی ڕابردوو بەشێوەی ڕێژەیی مشەخۆرانە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکەدا کردوە.

## مۆدێرنەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی
## Modernity and social change

مۆدێرنیتە بەسەنتەری سەرەکی خوێندنی گۆرانی کۆمەڵایەتی دادەنرێ. مۆدێرنە ئاماژەبە پەیوەندی ئێستا بە داهاتوو دەکات . ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی مۆدێرنە : بەپێی تێوری کۆمەڵناسانی

تازەگەری سێ ڕەهەندی گرنگی بەمۆدێرنکردنی کۆمەڵگا هەیە بریتیین لەمانەی خوارەوە
-زیادبوونی جیاوازییەکان لەکۆمەڵگاداsocial diversity :
پێش کۆمەڵگای پیشەسازی خێزان پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو بەرانبەر بە تاکەکان کە پشت ئەستور بوو بە هێزی ئاینی بێگومان ئەمەش هاندەر نەبوو بۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و جیاوازیەکان، بەڵام مۆدێرنە زیاتر هانی ئەقلانیەتیداو تاکایەتی سەریهەڵدا. بەمۆدێرنکردن پاڵپشتی ئەقلانیەت و بۆچونە زانستیەکان دەکات. نەریتەکان کۆنترۆڵ و هێزی خۆیان لە دەستداو، هەروەها خەڵک هەڵبژاردەی زیاتری تاکایەتی بە دەستهێناوە، بۆ وێنە گەشەکردنی شارەکان و فراوانبوونی بیرۆکراسیەت. Goodwin Robert , 2009 , 29-33 .
-هۆشیاربوونەوەی مرۆڤەکان سەبارەت بە کات و ئایندەی ژیانیان مۆدێلی پێش مۆدێرنە مرۆڤ بۆ ڕابردوو دەژیا بەڵام لە جیهانی مۆدێرنەدا مرۆڤ بەرەو ئاینده دەژیت.
-فراوانبوون و پەرەسەندنی هەڵبژاردە کەسییەکان The expansion of personal choiceکۆمەڵگا نەریتیەیکان یا پێش پیشەسازی واسەیری ژیانی خۆیان دەکرد، کە هێزێک هەیە لە پشت ئەوانەوە کۆنترۆڵی مرۆڤەکانی کردوە وەک رۆح و چارەنوس و هتد(sztompka ,piotr,1994 ,p70-73)

## ئاین و گۆڕانی کۆمەڵایەتی
## Religion and social change

دەکرێ ئاین هێزێکی موحافیزکاربێت وەک ئەوەی (مارکس) وەسفی کردوە. لەهەمانکاتدا دەشێ ئاین هانی گۆڕانێکی بێ ئەندازەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بدات، بەڵام لای( ڤیبەر) بە پێچەوانەوەیە(ڤیبەر) ئەوەی سەلماندوە ئایینداری وەک بیرۆکەیەکی تایبەت بووەتە شوێنی بەدیهێنانی شەپۆلی گۆرانکاری کە ئەو جۆرە لەگۆڕانکاری شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا لەگەڵ خۆی هێنا. هەروەها گەشەکردنی سەرمایەداری پیشەسازی بەهۆی مەزهەبی کالڤنیەوە بووە کە ئەو بزوتنەوەییە خۆی لەنێو ڕیفۆرمی پرۆتستانتی بینیەوە. وەزیفەگەراکان پێیان وایە ئاین یەکبوونی هێزی کۆمەڵایەتییە یارمەتی پاراستنی دۆخی کۆمەڵایەتی دەدات. لەکاتێکدا (مارکس) ڕازییە بەوەی کە ئاین بەرهەڵستکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتییە بەشێوەی نەرێنی یارمەتی بەردەوامبوونی سیستمی چینایەتی دەدات لەژێر سایەی سەرمایەداریدا هەرچەندە وشەی موحافیزکار دەکرێ بەشێوەی جیاواز بەکاربێت.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی هۆکارێکە بۆگۆڕانی ئاین ئەوەش بنەمای عەلمانیەتە ئەو جۆرە گفتوگۆیە بایەخ بە ڕۆڵی ئاین دەدات لەکۆمەڵگادا وەک جەوهەری ئەو گفتوگۆیە لەبارەی فاکتەرو کاریگەریەکانیەوە. ئاین فاکتەرێکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی(ڤیبەر) پێی وایە کە ئاین هێزێک بوو بۆ گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەو پێی وایە پرۆتستانت هەستی بە بەرپرسیاریەتی کربوو بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری ئەوەش بەڕوونی لەکتێبی ئەخلاقی پرۆتستانی و ڕۆحی سەرمایەداری(ڤیبەر)ئاماژەی

پێکردوە بەم شێوەیە باوەڕە ئاینداریەکانی پڕۆتستانتی پەیوەستە بــە بــوونی پێویســتی دۆخــە ئابورییــەکان، کــە بــووە هــۆی پەرەســەندنی سیســتمی ســەرمایەداری بەتایبــەتی مەزهــەبی (کالڤینیزم)کاریگــــەری لەمبارەیــــەوە هــــەبوو. (hughes,Michel,2005,p273).

## شۆڕش وەک لوتکەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی
## Revolutions the peak of social change:

زۆرجــار شــۆڕش مانیفێســتی وروژانــدن دەکــات بــۆ گــۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەراوردکردنی شۆڕش بە فۆڕمەکانی دیکەی گۆڕانی کۆمەڵایــەتی بــە کۆمــەڵێک خەســڵەت جیــا دەکرێتــەوە شــۆڕش گۆڕانێکی فراوان لەگەڵ خۆی دێنێ لـە نێو کایـەکانی کۆمـەڵگادا، شـۆڕش دەسـتدەبات بـۆ گشـت ڕەهەنـدەکانی نێـو کۆمـەڵگا وەک ڕەهەندی سیاسی و کەلتوری و ڕێکخستنی کۆمەڵایـەتی و ژیـانی ڕۆژانـەی تاکـەکانی نێوکۆمـەڵگا. لـە هـەموو بوارەکانـدا شـۆڕش ئامــانجی گۆڕانکاریــەکی بنــەرەتی دەبێــت، ئــەو گۆڕانــە دەبێتــە نـاوەخنی دامودەزگـا کۆمەڵایەتیـەکان و ئەرکـە کۆمەڵایەتییـەکان. گۆڕانکـــاری بەشـــێوەیەکی بـــەربڵاو ڕوودەدات یـــان ئـــەوەتا تەقینـەوەی ئـەو گۆڕانـە ڕوودەدات بەشـێوەیەکی کتـوپڕی لـەنێو پڕۆســەی مێژوویــی کۆمــەڵگاکان. خەســڵەتێکی دیکــەی شــۆڕش ئەوەیـــە پەرچـــەکردارێکی هـــاودەردیی و فیکـــری بینـــەرو بەشـداربوانی پڕۆسـەکەیە یـان ئـەوەتا ئامادەکارییـەکی گشـتیە لەشێوەی جۆش و خرۆش و هەستکردن بە بـەهێزی و گەشـبینی

مرۆڤەکان ئەو شۆڕشە هەمو شوێنەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. (sztompka ,piotr 1994,p,300-202)بەشێوەیکی رادیکاڵ بڵاودەبێتەوە. واتە لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات. زۆرجار کتوپرییە یان ئەوەتا توندو تیژی لەگەڵ خۆی دێنێت. وەک شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیاو شۆرشی پیشەسازی لە ئەوروپا و شۆڕشەیەکدواییەکانی فەرەنساو وڵاتانی دیکە هەموو ئەوانە گۆڕانێکی جۆرییان هێنا کایەوە بەشێوەیەک توانی ڕیشەی پێکهاتەی کولتوری و کۆمەڵایەتی بگۆڕێت. سەرلەبەری سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دووبارە بنیات بنرێتەوە.یان ئەوەتا بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی بەهاری عەرەبی کە تەنیا توانی گۆڕانێکی چەندی بەئاراستەی نەرێنی و توندو تیژی لەڕووی فۆرمی سیاسیەوە بهێنێتە کایەوەو تائێستاش لەڕووی سەقامگیری سیاسیەوە کاریگەری خراپی ئەو دۆخە بوونی هەیە. هەموو ئەو جووڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بوونە هۆی دروستبوونی چەندین گروپی توندڕەو کە دواجار دەرەنجامی خراپی لێکەوتەوە.

## شۆڕش لای کارل مارکس
## Revolution on karl marx

زۆرجار سیستمی کۆمەڵایەتی بە بەردەوامی گۆرانکاریکردن لە هێزەکانی بەرهەم هێنان دەناسرێتەوە بەتایبەتی لە بواری تەکنەلۆژیدا مارکس ئەوەی سەلماندوە هەموو سیستمێکی ئابوری جگە لە سۆشیالیستی هێزێک بەرهەم دێنێ ، کە لە

ئەنجامدا دەبێتە هۆی فۆرمێکی نوێ لە ئابوریدا. ئەو پرۆسەیە لەگەڵ هێزی بەرهەم هێناندا دەسپێدەکات، وەختێ گۆڕانکاری گەورە لە تەکنەلۆژیا ڕوودەدات بەجۆرێک دەتوانێ بۆ ڕەزامەندی پێداویستی مرۆڤەکان هێزی سروشت ڕامبکات، چینی نوێ کار لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو هێزە نوێیە گەشەکردوە دەکات. لەقۆناخێکی دیایکراودا ئەو چینە نوێیە، ململانێ دەکات لەگەڵ خاوەنداریێتی کلاسیکی کە پشت بە هێزی کلاسیکی بەرهەم هێنان دەبەستێ. لەکۆتاییدا هەندێ جار ئەوە ڕوودەدات، کە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی بەرهەم هێنان گۆڕانی بەسەر دادێت هاوکات لەگەڵیدا پێشڤەچوون لە هێزەکانی بەرهەم هێناندا ڕوودەدات.
(allen , Kieran , 2011, p 158- 168)

## شۆڕشی سەرمایەداری
## The Capitalist Revolution

ئەگەرچی شۆڕشەکان بەگشتی گۆڕانێکی مەزنیان لەنێو سترەکتۆری کۆمەڵگا هێناکایەوە، بەڵام شۆڕشی سەرمایەداری تا ئێستاش شوێنی خۆی گرت و بووە ئەڵتەر ناتیڤی جیهان کاری لەسەر خاوەنداریێتی و ئازادی بژاردەی مرۆڤەکان کرد، بەپێی تیۆرەکانی بواری کۆمەڵناسی لەسیستمی سەرمایەدارییدا بازاڕ سەرهەڵدەدات کە تەبا و کۆک نیە واتە لەگەڵ شێوازی ژیانی دەرەبەگایەتی ناکۆکە بازاڕ چینی دەوڵەمەندو بازرگان دروستدەکات. هەروەها کارگەکان کرێکاری تازە دروستدەکەن داهێنانی تەکنەلۆلۆژی تازە گرفتیان دروستکردیە لەنێو دامودەزگا کلاسیکیەکاندا هەروەها چینی تازە هەڕەشەی

جێهێشتن و دەستبەرداربونی شتە کۆنەکانی کەرتی کشتوکاڵی دەکات. ئەو ململانێیە لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی شۆڕش و دروستکردنی چینێکی تازەو لەسەر بنەمای هێزی نویێ بەرهەم هێنان پێکهاتەی تازەی چینەکان سەرهەڵدەدەن هەروەک گۆڕانکاریی دەکەن لە دابەشکردنی سەروەت و سامان و هێز لەسەر بنەمای فۆڕمێکی تازەی ئابوری، سەرمایەدرای شوێنی دەرەبەگایەتی دەگرێتەوە ئەو چینانە پێشبینی بەدەسهێنانی گۆڕانی بەرزتر دەکەن لە خاوەندارێتیدا دواتر دەبێتە شۆڕش کاتێک ئەوە دەبێتە کێشە لە نێو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگادا.

ئەگەرچی ئەو تیۆرە مارکسیە تاسەردەمێک لەهەندێ وڵات سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەرەبەرە شکستی هێناو پووکایەوە سەرمایەداری توانی کرێکارو چینەکانی دیکەی لەخۆبگرێ و ئاوێزانیان بکات لە گەڵ حەزو ئارەزوەکانی سەرمایەداری بیانگونجێنێت، کەرەستەو کەلوپەل بوو بە نۆرم، پیشەسازی سێکس بووەتە تۆڕێکی گەورە لەپێناو کڕینی خەیاڵ و خۆشیەکانی خواستی مرۆڤی شێواندووە مرۆڤ، سەرمایەداری زیرەکانە شۆڕشەکانی کۆتایی پێهێنا. پێشتر تۆپی پێ دیاردەیەکی لۆکاڵی بوو ئێستا بۆتە کاڵایەک بازرگانیەکی گەورەی پێوەدەکرێ. پێشتر هونەر وەک چالاکیەکی کۆمەڵایەتی پیشەیی سەیردەکرا تێیدا هونەرمەندان داهێنانی مەزنیان دەکرد لە فیستیڤاڵەکاندا لەسەر کورسی و دانشتنەکاندا، بەڵام ئێستا قوتابیانی ئەو بوارە خولی ڕاهێنانی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە بەوەی چۆن هونەر بە بازاڕی بکەن. ( Allen, ٢٠١ p26)

## ڕۆڵی چینی ناوەند
## middle class

دیارە چینی ناوەند بەدرێژایی مێژوویی کۆمەڵایەتی و کولتوری و فیکری و سیاسی ڕۆڵی مەزنی بینیوە لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگادا، زۆرێک لەوشۆڕش و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕوویاندا لە سترەکتۆری کۆمەڵگای ئەوروپاو ئەمریکا و ڕوسیادا چینی ناوەند پێشەنگ و سەردەستەی گۆرانکاریەکان بوون ئەوە ئەو راستیەیە کە هەرگیز لەبیر ناکرێ. لەناو توێژینەوە سۆسیۆلۆژی و مێژوویی و فەلەسەفیەکاندا چینی ناوەند ئەو چینەن کە ڕووبەرێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێن لەڕووە ئابوریەکەی ئەو چینەیە کە لە نێوان هەژارو دەوڵەمەندان دەگرێتەوە، بەڵام چینی ناوەند تەنها بە لایەنە ئابورییەکەی ناپێورێت بەمانایەکی دیکە چینی ناوەند ئەو چینەیە کە بەرهەمی هەیە کار لەسەر پرۆسەی بەرهەم هێنان دەکات ئینجا چی بەرهەمی مادی بێت چی بەرهەمی فیکری و داهێنان بێت لە نێو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی و ئابوریی و سەربازی و ئاینی دا. لە مێژووی شۆڕشەکانی فەرەنسادا بیریاران و فەیلەسوفەکان پێشەنگی گۆرانکارییەکان بوون وەک چینێکی خاوەن بەهرەو پسپۆڕ هەروەها بەهەمان شێوە گۆرانکارییەکانی ئەمریکا لەلایەن چینی ناوەندەوە دروستبوو لە ڕوسیادا خانەدانەکان و پیشەوەران ڕوڵی کاریگەریان لە گۆڕینی سترەکتوری کۆمەڵگادا بینی.

(پەیار لارۆک) پێی وایە چینی ناوەند بەوە لە چینی کرێکار جیادەکرێتەوە کە چێژ لە پاشەکەوتی مادی وەرگرێت یان چێژ لە بەرهەمی پەروەردەو پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانی دەبینێ. کۆمەڵێک بازرگان و پیشەوەری سەربەخۆن و مومارەسەی پیشەی خۆیان دەکەن، بەڵام ڕێکخستنی کەم لەنێوانیاندا هەیە بۆیە گردبوونەوەو ناڕەزایی کەم ڕوودەدات. هەروەها جگەلە فەرمانبەران وپیشەوەران وبازرگانەکان بەڕای ئەو توێژەرە پزیشک و پارێزەریش دەچنە پاڵ چینی ناوەند. (لاروک بیار ١٩٧٢،ص ٦٧-الی٦٨

زۆربەی خانەدانەکانی فەرەنسا ئەقلیەتی سەرمادارییان گرێدا بە چینی ناوەند لە سەدەی هەژدە لە فەرەنسا تەنانەت هێیندێک لە خانەدانەکان چوونە پاڵ بەهاو بنەماکانی لیبرالیەت و فەیلەسوفەکان خواستیان ڕزگاربوون بوو لە ستەم وئەنارشیەت، بۆیە باوەڕیان بە چاکسازیی بوو لە فەرەنسا بەپێی پێوەرەکانی ئەقلانیەت، خۆی ئەو شۆرشە شۆرشی بۆرژواکان بوو. (perry marvin, 2011 , p 273).

(ڤێبلێن سۆرستیین) ئابوری ناس و کۆمەڵناسی بواری چینەکان توێژینەوەیەکی گرنگی لەسەر دۆخی چینی خۆشگوزەران لە ئەمریکا کردوە یەکێک لە پرسیارەکانی توێژینەوەکەی ئەوەیە ئایا بازرگانەکان باشن بۆ ئەمریکار یان خراپن؟ تێیدا توێژەر ڕەخنەیەکی توندی لە بازرگان و سەرمایەدارەکانی ئەوکاتی گرتوە بەوەی زۆر چاوچنۆک و چەپەڵن بەرانبەر کۆمەڵگا هەمیشە لەپێناو بەرخۆری و خاوەندایێتی خۆیان کار دەکەن بۆ

سودی کەسی تێیدا دامەزراوە ئەکایمی و بانکی و ئاینیەکانیان بۆ بەرخۆری بەکاردەهێنن دوور لە بەرهەمهێنان و گەشەکردنی کۆمەڵگا. ئەو جۆرە بەرخۆرییە سەرنجڕاکێشە یان کەشوفشی بەکاربەر Conspicuous consumption تەنیا بۆ بەدەستهێنانی پێگەی بەرز بوو لە کۆمەڵگادا کە (ڤێبلێن) ناوی لێنابوو بەربەریەتی هاوچەرخ، لێرەدا( ڤێبیلێن) پێمان دەڵێت پەیوەندییەکی بەتیین هەیە لەنێوان ئەو جۆرە لەئابوری و پێگەی کۆمەڵایەتی و کولتوری بەومانایە خەڵک شتومەک دەکڕێت بۆ ئەوەی نیشانی پێگەی خۆی بدات لەبەرانبەر ئەوی دیکەدا. بڕوانە (Veblen ,thorstein , 2007,p8-9).

(ڤێبلێین) ڕەخنەی لەو جۆرە سامانە بەرخۆرییە گرت و پێی وابوو ئەوە تەنیا لە دەستدانی بەرهەم هێنان و وەبەرهێنانە. ئەو تیۆرە بووە هۆی گەشەکردنی سێکتەری ئابوری هەروەها بەباوکی دامەزراندنی سەدەی بیست دادانرێت بۆڕەخنەگرتن لە قازانجی سەرمایەداری و بەرخۆری.

گومانی تێدانیە ئەرکی چینی ناوەند بەپێی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، چینی ناوەند لە پێش مۆدێرنە ئەرکی زیاتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بوو. لەلایەن بیریارو کەسانی خاوەن هزرەوە ئەرکی ئەو چین و گرووپە بازرگانی کردن بوو بەمەبەستی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی سێکتەرە جیاوازەکانەوە، بەڵام لە سەردەمی پۆست مۆدێرنە زیاتر کاری ئەو چینە گۆڕا بۆ ستایلی ژیان و پارچەپارچەبوون و جێگرەوەی بە کارو ڕۆڵی دیکە. چینی ناوەند لای (بۆردیۆ)دەبێتە گروپێکی پێکچوو homogenousئەو گرووپە لای (بۆردیۆ) هاوتەریبە لەگەڵ

وورده بـۆرژوا واتـه کـاری بەرهەمهێنانـه بەتایبـەتی لـه بـواری پەروەدرەو خۆیندنی باڵادا، چونکه سـەرمایه تـەنیا پەیوەست نیه بـه ئابوریـیـەوه بـەڵکو هــەڵگری چەنـدیین سـەرچاوەی دیکـەی کۆمەلایەتییــه وەک کولتــورو ســەرمایەی هێمــایی هــەروەک پەیوەندیی به گشت کایەو سێکتەره پەروەردەیەکانەوه هەیه بۆ دروستبوون و فۆڕمەڵەبوونی چینی ناوەند، ئەگەرچی هەموو ئەو بەشانەی که (بۆردیۆ) کاری لەسـەر کرد پەیوەسـته به چەمکی هابیتۆسـەوه، بـەڵام ئێمـه تـەنیا سـودله چـەمکی چینـی ناوەنـد وەردەگـرین بـۆ شـیکاری پرسـەکە، (بۆردیـۆ) ئـەو چەمکانـەی لەکۆمەڵگای فەرەنسا بەشێوەی ئاماری و ئیسنۆگرافی جیاواز له ژیـانی کۆمەڵایـەتی بـەکارهێنا لـه دووتـوێی گـۆڕاوی پـەروەردەو پیشەو دەست مایەدا تێیدا ئەوەی دووپاتکردەوه که کۆکردنـەوەو بەدەســـتهێنانی ســـەرمایەی کۆمەڵایـــەتی بەشـــێوەی جیاجـــا دابەشــکراوه و بڵاوبۆتــەوه لێــرەدا (بۆردیــۆ) چینــی ناوەنــدی پەیوەستکرد به کایەی پـەروەردەوە، چونکـه لای ئـەو مامۆسـتاو ئەکادیمیسـت و بازرگـان سـەرمایەی کۆمەڵایـەتی بەرهـەم دێنـێ. لێـرەدا کـاری تـازەی چینـی ناوەنـد و شـێوەی ژیـانی بریتیـه لـه بەرهـەمهێنان ئەوانـه فـۆرمی تـازەی ئـابوریین نـاوی لێنـاوه ورده بـۆرژوا هــەوڵی بەدەسـتهێنانی هێـزو قـازانج دەدەن ئـەرکیان دەوەسـتێته سـەرئەوەی کـه چەنـد پێداویسـتیەکان بەرهەمـدێنن. کۆنترۆلی خەڵک دەکەن لەسەر بنـەمای دڵنییـایی و سـەرفکردن و چێژوەرگـرتن بـەهۆی توانسـتی وەبـەرهێنانیان. ئـەوەی جێگـای سـەرنجە(بۆردیۆ) وای دەبینـێ کـه چینـی ناوەنـد و ورده بۆرژوا

لەناو سێکتەری پەروەردەدا نایەکسانی کۆمەڵایەتی و دابەشکاری دروستدەکات.(wynne , Derek,1998, p 50-51

هـــەروەها تـــویژەری بـــواری کۆمەڵناســـی(گۆلت ســـۆرپی Goldthorpe)پێی وایە ئێستا چینی ناوەند وەزیفەی گۆڕاوە ئەو گرووپە لەبنەڕەتدا بۆخزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییە هەروەها شوێنگەی ئەو گرووپە لەناو پلەبەندی سیستمی کۆمەڵایەتیدا تەنیا بەهۆی دەست مایەو خاوەنداریێتی دەستنیشان ناکرێ، بەڵکو لـــەمیانی دەرفـــەتی ژیـــان و ئـــەزموونی زۆر و سروشـــتی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەگەڵ گرووپەکانی دیکە دیاری دەکرێت، ئەو پێی وایە لەبەریتانیای تازەدا شوێنی ئەو گرووپانە لەناو دامەزراوەکاندا بەشێوەی بەربڵاو بوونیان هەیە بەتایبەتی لەناو خۆیندنی باڵاو سێکتەری  پەروەردەدا لێرەدا(گۆلد سۆرپی) چینی تازە بە بزاوتی کۆمەڵایەتی وێنادەکات. لەناوەخندا دەکرێ گەشە بەو متمانەیە بدەن ئەو جۆرە گرووپە تەنیا فەرمانبەران و تەکنیکی باڵاو فراوانبوونی پسپۆریی و بەرێوەبەرەکان ناگرێتەوە، بـــەڵکو ئـــەو گرووپانـــە دەرکـــەوتنی فـــۆرمی خزمـــەتگووزاری کۆمەڵایەتین  تێیدا کۆمەڵێک  خێزان و تاکەکانن کە پارێزگاری لە ناسنامەی چینایەتی خۆیان دەکەن.ibid 14)

وەک باســـمانکرد بـــەجیهانگیری کـــردن و نیـــو لیبرالیـــزم و ئایدۆلۆژیای سیاسی ڕۆڵی گەورەیان بینی لە گۆڕینی ژیانی چینی ناوەند ئێستا ئەو چینە لەبزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییەوە بووەتە بزووتنەوەیەکی تەماعکار و مشەخۆر هەموو خواستی پەیداکردنی سەرمایەی کەسی و کردنەوەی بازاڕو کردیت کارت و چەندیین شێوازی بەرخۆری پەیڕەو دەکات هەم بۆ خودی

بزنسەکە هەم بۆ کۆمپانیاکە لێرەدا چینی ناوەند ئەرک و تێروانینی تەواو گۆڕاوە بۆ گۆڕانکارییەکان، چونکە دوای سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنە کە لە بەشەکانی دیکە باسی دەکەین مرۆڤ بۆتە کاڵاو بەشتومەک کراوە لەلایەن کۆمپانیاو سەرمایەدارییەوە. بێگومان ئەو فۆرمە لە ژیانکردن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆیەکێکی دیکە دەگۆڕیت لەکۆمەڵگای ڕۆژئاوادا چینی ناوەند پەرش و بڵاو و پارچە پارچە بووە بەهۆی کولتوری مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنەوە زیاتر سروشتێکی هونەری و کولتوری هەیە، بەڵام پرسەکە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بە جۆرێکی دیکەن. بۆ نموونە لەکۆمەڵگای کوردیدا چینی ناوەند وەزیفەی جیاوازە بەهۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو چینە چەکەرەی نەکردوە بۆگەشەکردن و پەرەسەندن و تێپەرینی ئەو دۆخە ڕاگوزەرییەی کە هەیە ئەمەش پەیوەندیی بە کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆییەوە هەیە.

(ایبراهیم حیدری) توێژەری بواری کۆمەڵناسی لە کتێبی(کەسێتی عێراقیدا گەڕان بەدوای ناسنامە) ئاماژە بە سەرهەڵدانی چینی ناوەند دەکات لە سەرەتای دروستبوونی عێراقدا پێی وایە ئەو چینە لە پیاوانی بازرگان و خاوەن کارو پیشەوەران و مامۆستایان پێک هاتبوون، بەڵام گەشەکردنی ئەو چینە لاوازبوو بەهۆکاری مەرجەعیەتی کلاسیکی ئەوکات ملکەچی دەسەڵات بوون لەلایەکی دیکە شوێنکەوتەی خێڵ و ئاین وتایفی بوون بۆیە تا ئێستاش دەرکەوتن و گەشەکردنی ئەو چینە سەخت و ئاڵوزە

بەهۆی شوێنکەوتەی کۆمەڵگای عێراقی بە ئایدۆلۆژیای خێڵەکی و ئـاینی و تایفییەوە.هـەروەها سـەرەتای دەرکـەوتنی ئـەم چینـە لەشـــێوەی گرووپـــی بچـــوک دەرکـــەوتن وەک بازرگـــان و ئەفەندییـەکان ئەوانـەش بەرژەوەنـدییان هاوتـەریب بـوو لەگـەڵ ئیدارەی ئینگلیـزو حکومـەتی عێراقـی ئـەوکات، توانیـان کۆمـەڵێک پۆست وەرگرن، بەڵام نەیانتوانی چینێکی پیشەسازی پێک بهێنن کە ڕۆڵی هەبێت لەگەشانەوەی ئابوری عێراقدا، بۆیـە بـەدەربڕینی (حیـدری) بنچینـەی ئـابوری وڵات دەسـتەبەر نـەبوو بـۆ یارمـەتی دانـــی برەوســـەندنی ئـــەو چینـــە، چونکـــە لەبنـــەمادا پشـــتی بـــە بنچینەیـەکی ئـابوری وپیشـەگەری لاواز بەسـت بـوو نـەیتوانی بەرگری لە خۆی و بەرژەوەندیەکانی بکات .(الحیدری ،ابراهیم ،٢٠١٣)

لێرەدا ئـەوە ڕووندەبێتـەوە کـە چینـی ناوەنـد هـەم بـەپێی تێـوری (ڤێبلێن) و هـەم تێوری (بۆردیـۆ) بوونیـان هەیـە لـە کوردسـتان و عێراقدا، بەڵام ڕۆڵیان لاوازو پەراوێزخراوە زیاتر بۆ خاوەندارێتی تایبەت کاردەکەن  یان زیاتر بۆ نمایش و کەشوفشی کاردەکەن نـەک دەرکـەوتنیان بـۆ گـۆڕینی سیاسـەت و واقعـی کۆمەڵایـەتی ئەوە سەرەڕای لەمپەری سەرەکی دۆخی کۆمەڵایەتی و مێنتاڵیتی کوردی و عێراقی پێکهاتەی کۆمەڵگاو فۆرمی کلاسیکی خێزان.

هەندێ پێیان وایە کاری سەرەکی چینی ناوەند گۆڕینی سیاسـەت و سیستمەکەیە، بەڵام ئـەرکی سـەرەکی ئـەو چینـە لـەناو سـترەکتۆری کۆمەڵگادایـــە زیـــاتر پەیوەندییـــەکی ڕووبـــەڕووی هەیـــە لـــەناو کۆمەڵگادا، بۆیە ئەرکی گۆڕینی کۆمەڵگایە بە مەرجی هـەبوونی ئـەو سەرمایە کۆمەڵایەتی و ئابوریەی کە لەبەر دەستیەتی بە ئاراستەی سودی گشتی. مـەرج نیـە ئـەوەی خـاوەن سـەرمایەیەکی مـادی بێت

سەر بەچین بێت، چونکە زۆر کەس هەیە دەوڵەمەندە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و خاوەن سەرمایەیەکی مادی زۆرە کەچی نەخوێندەوارە هیچ هۆشیاریەکی نییە کەواتە چینی کۆمەڵایەتی ناپێورێت بە هەبوونی دووچین لە کۆمەڵگادا وەک ئەوەی (مارکس) باسی دەکات، بەڵکو خاوەنی چەندیین چین و گرووپە زیاتر بە پێوەری پێگەی کۆمەڵایەتی و خێلایەتی و سەرمای هێمایی ئەژمار دەکرێت.

## ئەنجامی بەشی سێیەم

گۆرانی کۆمەڵایەتی و مۆدێرنە دوو ڕووی یەک دراون. بەمانایەکی دیکە مۆدێرنە وەک پرۆژەو ئایدیا گۆرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی هێنا ئینجا چی بەشێوەی ڕیفۆرم چی بەشێوەی شۆرش. ئێمە گەیشتنیە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو پرۆسەکە تەواوکەری یەکن، کۆمەڵگای کوردی گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە بەشێوەی مادی و تەکنەلۆژی کاری کردۆتە سەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بەتایبەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا لەناویشیدا سۆشیاڵ میدیا و کەرەستەی بیناسازی، بەڵام زۆربوونی ڕێژەی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئەنتەرنێت توشی جۆرێک لە سەرلێشێواوی فیکری و سایکۆلۆژی بۆتەوە، چونکە خود نەبۆتە سێنتەری بریاردانی ئەقلانە بەڵکو بەشێوەی نەرێنی ئەو ئامرازە تەکنەلۆژییانە بەکاردێنێت کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆی هێنایە ئێرە، بۆیە جۆرێک لە ناهەوسەنگی دروستکردوە لەنێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بنەما مادییەکانی مۆدێرنە،

لێکەوتەکانی چەندیین کێشەی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی لەناو کۆمەڵگا دروستکردوە وەک نامۆبوون لە پەروەردەو ئایین و هونەر وچێژو وخێزان و زۆرێک لەکایەکانی دیکە، چونکە کۆمەڵگای کوردی لەئێستادا زۆر ئاڵوزە هیچ قۆناغێکی بەسروشتی کۆمەڵایەتی وبنیاتی نەبڕیوە، بەڵکو هەمیشە لەغیابی تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنە ژیاوە. سەرەڕای ئەوانەش کۆمەڵێک بەربەستی ئاینی و کولتوری هەیە ڕیفۆرمی ئاینی و سیاسی و کۆمەلایەتی بەخۆی نەبینیوە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بوونیان نیە ئەوەی هەیە وەک پێشتر باسمانکرد تەواوکەری سیستمە کۆمەڵایەتیەکەی بەر لە مۆدێرنەیە، کۆمەڵگای کوردی شۆڕشە کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و شۆڕشەکانی دیکەی سەرمایەداری بەخۆیەوە نە بینیوە، هەروەها توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازییەکان و هەڵبژاردە کەسیەکان دروست نەبوون، بەڵکو هەر فۆرمە کۆنەکەی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی پێشووترە تەنیا بەشێوەی ڕێژەیی ئەو ڕەهەندانەی مۆدێرنە بوونی هەیە. ئەویش بەشێوەی ماتریاڵی و ڕووکەشانە. توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی گۆڕانکارییەکان کاتیی و چەندیین نەک چۆنی لە پەیوەندییەکانیدا هەروەها ململانێکان نەبوونەتە مشتومڕی دیالێکتیکی لەنێوان ئاراستە جیاوازەکانی کلاسیکی و مۆدێرندا نە لە سەر ئاستی سیاسی نەلەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا ، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا هەژموونی لایەنی مادی بەشێوەی زەق هەستی پێدەکرێت لە ناو ڕەوشی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهای کۆن و کلاسیکی بەرگری سەخت دەکەن بۆ مانەوەی دۆخی کلاسیکی بۆیە تا

ئێستاش زیاتر قۆناغی کلاسیکی زاڵە بەسەر کۆمەڵگا و پەیوەندییەکانیدا.

بزووتنەوەکۆمەڵایەتیەکان بەشێوەی لاواز هەمدیسان دەردەکەون ئەو بزووتنەوانە پێشووتر بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک مافی ناسنامەی نەتەوایەتی کاریان کردوە، بەڵام بەشێوەی کلاسیکی، واتە ئامانجی سەرەکییان گۆڕانکاری نەبووە لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتوری بە ئەندازەی ئەوەی زیاتر بۆ پرسی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی و گۆرانکاری رەهەندی سیاسی لەرابردوودا بووە.

بزووتنەوەی ئافرەتان و قوتابیان و ژینگە و چەندیین ناوی تر هەن، بەڵام نەک نەیانتوانیوە گۆڕانکاری بکەن بۆ یەکسانی لەکارکردن و گۆڕینی کولتوری و چەندین ماف و ئازادی دیکەی پەیوەست بەکۆمەڵگا، بەڵکو درێژەپێدەری هەمان ئەو سیستمە خێڵەکی و کلاسیکیەن کە بوونیان هەیە تەواوکەری پرۆژەی بەحیزبی کردن و خۆدەوڵەمەندکردن و مشەخۆرین بەسەر کۆمەڵگادا.

چینی ناوەند لەکوردستاندا بەدرێژایی مێژوو بەدرێژایی ئەو چەند دەیەی دواییدا ڕۆڵی نەبووە لەگۆرانکارییەکاندا دەتوانیین بڵێین ئەو چینە تەواو خاڵییە لە چالاکی و بزێویی و جوڵەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وەک چۆن چین بە چەمکە مارکسیەکەی ڕۆڵی نیە بە هەمانشێوە بە تێگەیشتنە (ڤیبەری وبۆردیۆییەکە) ی وردە بۆرژوا، نەبووەتە کاراکتەرێکی ئەکتیڤ تەنیا وەک مشەخۆر لەشێوەی ڕۆشنبیر و نوسەر و چالاکی

مـەدەنی و پـەروەردەکارو بازرگـانی چـاوچنۆک دەردەکـەوێ، کـاری درێژەپێـدەری فـۆرمی کلاسـیکی و دووبـارە بنیاتنـانی واقعەکەیـە. لەبەرژەوەنـدی سیسـتمەکە بەگشـتی ئـەو جـۆرە چینـە لەکۆمـــەڵگادا بەتـــەواوی ناســـنامەی وونـــە لـــەنێو پانتـــایی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکاندا تا ئێستا هـیچ ڕۆڵێکی هـەقیقی نییـە لـە گۆرانکارییەکاندا بۆ دروستبوونی بنەمای مۆدێرنە، هەمیشە خۆی بەدوورگرتوە، بەڵام بەشـێوەیەکی دیکـە خـۆی نمـایش دەکـات بـۆ نموونـــە چینـــی ناوەنـــد لـــەناو ســـەرمایەی کۆمەڵایەتییـــدا بـــەکاردەهێنرێت بـــۆ وەربـــەرهێنان و خاوەنـــدارێتی کەســـی ودابەشکاری و چینەکان و سەرهەڵدانی نایەکسـانی و ناعەدالـەتی بەشێوەی فراوان لە ناو سێکتەری خوێندن و نیشتەجێبووندا ئـەو جۆرە جیاکارییە ساڵانە پەرەدەسێنێ لـەژێر نـاوی بـازاڕی ئـازادو نیـو لیبرالیزم بۆ نموونـە کردنـەوەی چەنـدیین زانکـۆی ئـەهلی و کۆمپانیـاو کـەرتی پـەروەردەو کـەرتی تەندروسـتی و ئوتێـل و بەنزینخانـەو شـتی تـر وەک چـۆن باسـی ئـەوەمان کـرد لەئیسـتادا ئـەرکی چینـی ناوەنـد وەک سـتایلی ژیـان گـۆڕاوە بـەدوای چێـژو خۆشـگوزەرانی و گەشـت و سـەفەرەوەیە ئـەو دیاردەیـە زیـاتر بەرخۆری زیاتر بەرهەم دێنێت نەک بۆگەشەی کۆمەڵگا دەتوانین بڵێین کە چینی ناوەند بە فۆرمە (بۆردیۆیی و ڤێبەریەکە)ی بوونی هەیـە بەومانایـەی ڕێـژەی بازرگـان و سیاسـی چـاوچنۆک لەهەڵکشـانی ناسروشـتی دایـە هـەروەها لـەنێو سـێکتەری پـەروەردەدا هەمیشـە بـەدرێژایی ئـەو چەنـد دەیـەی ڕابـردوودا نایەکسـانی لـەنێو توێژەکـانی کۆمـەڵگا دروسـتکردیە بەشـێوەیەک خوێنـدنی ئـەهلی خەریکـە تـەواو باڵدەکێشـێ بەسـەر پروسـەی

خوێندندا لەپێناو وەبەرهێناندا کە ئەمەش دنیایەک کەسی مشەخۆرو بێکار بەرهەمدێنێت. لەکۆمەڵگادا ئەو فۆرمە لەکارکردن زانست و خوێندن دەخاتە ناو پرسیاری قووڵ و گومانی زانستی دروستدەکات نەوەیەکی بێکار دروستدەکات بۆیە چینی ناوەند هەڵگری چەکی گۆڕانکاری نیە بەڵکو کەنارگیرو لاوازەو لەهەمانکاتدا لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا ناسنامەی دیار نییە.

## بەشی چوارەم
## لەنێوان ترادیشن و مۆدێرنەدا

ئێمە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا کۆمەڵێک تیۆری سۆسیۆلۆژی وەردەگرین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا مۆدێرنەو ترادیشنەکان بەیەکەوە هەڵدەکەن؟ هەروەها وەڵامی پرسیاری ئەوەی چۆن نەریتەکان ڕێگا خۆشکەربوون بۆ دروستبونی مۆدێرنە؟ لەگەڵ بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی مۆدێرنە وەک پرۆژەیەکی تازەگەری لەگەڵ ئەنجامی ئەم بەشە.

دیارە پەیوەندیی نێوان مۆدێرنیتەو نەریتەکان لەبواری سۆسیۆلۆیادا، پەیوەندییەکی تاڕادەیەک ئاڵۆزە، چونکە لەبنەمادا مۆدێرنیتە کار لەسەر سەربەخۆیی مرۆڤ و ئازادییە کەسیەکان دەکاتەوە، لەبەرانبەردا کۆمەڵگای نەریتی پابەندی مۆدێلێکی دیاریکراوی پێشینەیە، پەیوەندییەکان لەو جۆرەکۆمەڵگایانەدا لەسەر بنەمای ڕازیبون و کۆکبونی مرۆڤەکانە هیچ بوارێک بۆ

ڕەخنــەگرتن ناهێڵێتــەوە. هــەروەها ئــەو جـۆرە کۆمەڵگایانــە بــە کۆمەڵگای ڕاگوزەری دەناسرێنەوە واتە کارلێک کردنێکی بەرچاو هەیە لەنێوان فاکتەری مۆدێرنیتە لەلایەک و فاکتەرە کلاسیکیەکان لەلایـەکی تـرەوە. پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە چـۆن دەکـرێ لـە ژێـر سـایەی ئـەو پێشـکەوتنە تەکنـەلۆژی و فیکریانـەی کـە جیهـان پێوەی ئاشنابوە دووبارە کۆمەڵگای نەریتی شی بکەینەوەو لەگەڵ ئـەو پرۆسـەیە بیگـونجێ نـین بـەبێ ئـەوەی پێکـدادان ڕووبـدات؟ وەڵامی ئـەجۆرە پرسیارانە بۆ کۆمـەڵگا ئەوروپیـەکان تاڕادەیـەک ئاسانە، چونکە ئەوان توانیان ئەو قۆناغە تێپەڕێنن، کەواتە جۆری ئەو وەڵامە دەوەستێتە سەر ڕەگوڕیشـەی کـەلتوری کۆمـەڵگاکان. کرۆکـی ترادیشـنەکان میراتگـری ڕابـردوون، هـەموو ئەوانـەی کـە کەڵەکەکراون بۆ ئێمـە دەگوازرێنـەوە لـە ئاسـتی مـاکرۆ macro وەک یادەوەری و ئەزموون و سرووت کولتورو هونەر و ئاین و کەلـەپوری کۆمـەڵگا بەگشـتی، یـەکێک لەتایبەتمەنـدیی نەریتـەکان ئەوەیە کە هەم پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوو هەیە هەم لەگـەڵ ئێسـتا بۆیــە بــەردەوامبوونی ڕابــردووە لــە ئێســتادا هــەروەها ڕیشــەی ئێستاش لە رابردوەوە سەرچاوە دەگرێ. (سەیری sztompka, pitor,1993,p59)

یــادەوەری و ترادیشــنەکان پرۆســەیەکن هەمیشــە پەیوەســتن بەیەکــەوە. لای( گیــدنیز) یــادەوەری و ســروتەکان ڕابــردوو ڕێکدەخەن بۆ ئـەوەی پەیوەست بن بە ئێستاوە، بەم شێوەیە یــادەوەری پرۆســەییەکی کۆمەڵایــەتی چالاکــە نــاکرێ تــەنیا بــۆ بیرخستنەوە بێت هەردووکیان دوو پرۆسەی کردارییـن.(سەیری (Giddens,Anthony, 1996,p16).

بێگومـــان ئـــەرکی نەریتـــەکان هێنـــدێ جـــار بـــەرەنگاریی و ڕووبەڕووبونـەوەی تازەگەرییـە بـەو مانایـە نەریتـەکان ڕەوایـەتی دەدەنـە دامـەزراوەکان بۆئـەوەی ببنـە ڕێگـاو شـێوەی ژیـانی مرۆڤـەکان هـەروەک بـۆ ڕازیبـوون وپابەنـدبوون پێـوەی دواجـار هـەموو ئـەو بیروبـاوەرو نـۆرم و بەهایانـەی کەلـە ڕابـردوو دروسـتبووە دەبنـە شـێوەی ژیـانی مـرۆڤ و بـەهای کۆمەڵایـەتی. یەکێکی دیکە لە ئەرک و وەزیفەی ترادیشنەکان بریتیە لەوەی کە سروشتێکی قەناعەتپێکەری دەبەخشێ بە هێماو ناسنامەی گشـتی و شـتە کۆنـەکان بۆئـەوەی وەک هێمایـەک بەشـێوەی هەمیشـەیی بمێنێتـەوە. بـەڵام مـرۆڤ بـەپێی وەرگرتنـی ئـەزموونی تـازەو گۆڕانکارییەکانـەوە خواسـتی تـازەی بـۆ دروسـت دەبێـت، بۆیـە ترادیشـــنەکانیش گۆڕانیـــان بەســـەردادێت. (ئیـــدوارد شـــیلس) ئەنترۆپۆلۆژســـتی بـــەریتانی لـــەکتێبی (ترادیشـــنەکان) دەڵـــێ ترادیشنەکان گۆڕانییان بەسەردادێت. ئەو پێی وایە ترادیشـنەکان پێویسـتی مـرۆڤن، لەمبارەیـەوە دەڵێت مرۆڤـی خـاوەنی ترادیشـن یـان ئەوکەسـەی پشـتی پێدەبەسـتێ هەرئـەویش ناچـاری دەکـات بیگۆڕێـت بۆیـە ترادیشـنەکان لای ئـەو چیدیکـە بـەس نیـە بـۆ بەدەسـتهێنانی شـتی دیکـە.خودی ترادیشـنەکان خۆیـان نـاگۆڕن، بەڵکو هێزێکی شاراوەی بوونە هانی مرۆڤایـەتی دەدات بگۆڕێت. (shills, Edward , 1981 ,p20-13).

بە بۆچوونی ئێمە ترادیشـنەکان بـەدرێژایی مێژوویی مرۆڤایـەتی هەمیشـە لـە ململانـێ دابـوون لەگـەڵ مۆدێرنـەدا، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، کۆمـەڵگاکان کـۆک و گونجـاو بـوون بـۆ مشـتومڕو و

گفتوگــۆی نێــوان پــڕۆژەی مۆدێرنــەو گۆڕانکــاریکردن لــە ترادیشنەکان. واتە ترادیشنەکان هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی خودی پرۆژەی مۆدێرنە بەدرێژایی مێژوو. مۆدێرنە لەهەناوی کولتوری کۆن و داب و نەریتەکانەوە هاتۆتە بوون، لەنێو شارستانیەتی کۆن و ئەفسانەو ئاینەکانەوە هاتۆتەکایەوە.

مێــژوو نوســێکی وەک (نیڤیــاڵ مــۆرێلی) لێکۆڵینەوەیــەکی تێروتەسەلی لەبارەی پرسی مۆدێرنەو ئەنتیکە کردوە لەژێر ناوی مۆدێرنەو کلاسیک یان ئەنتیکە. تێیدا نوسەر لەبەشێکی باسەکەیدا تیۆری (گرامشی) وەرگرتوە بۆ بەجێهێنانی لێکۆڵینەوە فیکری و مێژووییەکەی پێی وایە ئێستا بەڕوونی زۆر جیاوازە لەپێشتر، مۆدێرنە بەگشتی فۆرمی جیاوازی هێناکەیەوە کە پێشتر ئەوە نەبووە، بەڵام هەموو ئەو دەستکەوتانە لەئەنجامی ڕابردوو ئەنتیکەوە هاتەکایەوە، ڕەگوڕیشەی هەموو ئەدگارەکانی مۆدێرنە بەرای ئەو مێژوو نوسە بۆئەدەبیاتی زمان و فیکری یۆنان و گریکییــەکان و ئیتاڵیــەکان دەگەڕێتــەوە بــەپێی بۆچــوونی ئــەو (گرامشی) دووبارە هەڵسەنگاندنی بۆ بەهاو سودی ئەو فۆرمە کلاسیکیە کرد کە ڕیشەی مۆدێرنەو ڕێنسانسی تێدا بەرجەستەیە. هــەروەها مەعریفەیــەکی بەڵگەنەویســتی هەیــە بۆیــە میراتگــری ئەوئەنتیکەیــە لای (گرامشــی) ئــەقلانی و سودبەخشــە، (گرامشــی) نموونــەی پــەروەردەی هێناوەتــەوە ڕێنمــایی ئــەوەی کــرد کــە پــەروەردەی کــۆن بخوێنرێت وەک ڕێبازێک بۆ گواستنەوەی کارامــەیی گەشــەکردنی مۆدێرنــەو پســپۆرییەکانی مــرۆڤ و تواناکــانی قوتابخانــە، چونکــە لای ئــەو فێرکردنــی کلاســیکی پەیوەندییــەکی زۆری بــە گفتوگــۆی پــەروەردەیی ئێســتا هەیــە،

بەڵام هەر خۆشی پێی وایە ئەنتیکە چیدیکە لەگەڵ دنیای تازە ناگونجێ پێویستە منداڵەکانمان فێری پەروەردەی تازە بکەین. (گرامشی) سور بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە کار لەسەر ئەنتیکە بکرێت وەک بابەتی دیبەیت و گفتوگۆکردن. بۆ تێپەراندنی ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی کە پێشتر خەیاڵی منداڵی داگیرکردبوو، بۆیە ئێستا پێویستە رێبازو میتۆدی سەردەم بخوێنێت بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگای هاوچەرخ و هاولاتی بوون. پێشنیازی ئەوەی کرد کە پێویستە لەکۆمەڵگای شارستانی مۆدێرندا هەموو چالاکیەکی کرداری و ئیمپێریکەڵی زانستی کاری لەسەر بکرێت.(Morley,Neville , 2009,p2)

زانست چووەتە نێو هەمووکون وکەلەبەرێکی ژیانەوە بۆیە پێویستە هەر کەسێکی کاراو ئەکتیڤ خواست و ئامانجی دروستکردنی قوتابخانەی پسپۆری هەبێت واتە کار لەسەر جیاکردنەوەی پسپۆرییەکان بکات بەهەرحاڵ ئەوەی (گرامشی) ویستی دۆزینەوەی ڕیشە تیۆری ومەعریفییەکانی کلاسیکی بوو کە بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنە و بیرۆکەی سەردەم چەند گونجاوە(ibid 3).

وەک چۆن پۆست مۆدێرنە لە هەناوی مۆدێرنە لەدایک بوو بەهەمان شێوەی مۆدێرنەش وەک پرۆژەیەکی فیکری و ئابوری و کۆمەڵناسی و مێژووی لەدایک بووی ترادیششنەکانی کۆمەڵگایە بەواتای ئەوەی هەرگیز مۆدێرنە سەرکەوتوو نەدەبوو ئەگەر ترادیشنەکان هاوکاری پێگەیشتنی ئامانجەکەی نەبواییە. زۆرجار ڕیشەی ئەو دەرکەوتنە وەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی

لە ئاینەکانەوە سەرچاوەی گرتوە ئینجا چی ئاینی ئاسمانی بێت یان ئاینی دانراو بێت بۆ نموونە هەریەک لە (چارلس تایلەرو گادامیر) پێیان وایە کە ترادیشنەکان لە نێویشیاندا ئاین و گەلەکەی ئاوێزان و هاوتەریبن لەگەڵ مۆدێرنەدا، بەڵام ئەوە پشت بەوەدەبەستێ کە ئێمە چۆن لە مۆدێرنە تێگەیشتویین، مۆدێرنە خۆی کاری بریتیە لە دوایی ترادیشنەکان بۆئەوەی ترادیشنەکان بەردەوام بن پرۆسەکە دووبارە شیبکاتەوە بەشێوازێکی نوێ، هەڵەیە ئێمە واسەیری مۆدێرنە بکەین بەوەی دژو ناکۆکە لەگەڵ ترادیشنەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆدێرنە تەنیا بەوە کورت ناکرێتەوە.(delanty ,gerard,2000, p42)

زۆرێک لە کۆمەڵناسان کاتێ پێناسەی ترادیشنەکان دەکەن ڕووبەڕووی زۆرێک لە ئالنگاری دەبنەوە، چونکە بەشێکی زۆری تیۆرەکانی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە یان ڕاستر بەپێی دۆخی ژیانی مرۆڤەکان پێناسەو ناساندنی ئەو چەمکە گۆڕانی بەسەرداد‌یت، بۆ نمونە (جۆرج بالاندیە) لەکتێبی ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسیدا کۆمەڵێک خەسڵەت وبنەمای بۆ ئەو بابەتە دەسنیشانکردوە کە ئێمە لەسەرەوە هەندێ ئەرک و تایبەتمەندی ترادیشنەکانمان خستە ڕوو بەپێی جیهانبینی ئەو ئەنترۆپۆلۆژیستە باس لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی نەریتەکان دەکەین ئەوانیش بریتتین لە:

-تەوژمی نەریتە سەرەکییەکان، کە هەوڵدەدات بۆ پارێزگاریکردنی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە پەیوەستە بەڕابردووەوە هەروەها هەوڵدەدات پەروەردەی بکات لەڕێگای ڕەفتارێکی دووبارەبوویەوە وەک بەربەستێک لە دژی گۆڕانە

کۆمەڵایەتییەکان نموونەی زیندووی کۆمەڵگای کوردی وەک ژیانەوەی دیواخانانەی ناو عەشیرەت و ئاغاکان یان یادکردنەوەی ساڵانەی بۆنە خێڵەکییەکان لەڕێگای نمایشی جۆراوجۆرەوە بۆ دووبارە ناسندنەوەیان بەکۆمەڵگا.

–تەوژمی کلاسیکی شکلی. ئامانجی پارێزگاریکردنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دامەزراوە کەلتورییەکانە ئەو جۆرەیان کار لەسەر هەموارکردنی کەلتورەکە دەکاتەوە لەڕوانگەی گۆڕانی ئەرک و ئامانجەکان بەپێی پێویستی قۆناغەکە، کە ئەمەش بە نەرم ونیانی دەناسرێتەوە. ڕێوڕەسمی مارەکردنی ژن و گواستنەوەی هاوسەرگیری نموونەی زیندوون هەم لە ڕێگای ئاینیەوە هەم لەڕێگای دادگاوە، چونکە هاوسەرگیری لەناو کۆمەڵگای ترادیشن بە هەر دوو فۆرمەکەی بوونی هەیە.

تەوژمی بەرگریکردن لە نەریتەکان. ئەوەشیان ڕەنگدانەوەی پەرچەکرداری کاروکردەوەی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە، ڕەنگە دیارترین ئاماژەکانی لەسەر ئاستی ئاینی بێت کە مامەڵە لەگەڵ کەلەپوری ئاین دەکات وەک سەرچاوەو مەرجەع بۆ خزمەتی ئامانجی سیاسی و کەلتوری لێرەدا بەهائاینیەکان دەقۆزرێتەوە لە پێناو گوزارشتکردن بۆ خواستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، کە زۆرجار خۆیان بە مۆدێرنیزم وەسف دەکەن. بۆنموونە ئاینیەکان بەگشتی قۆستنەوەی سیاسیەکان بۆ زیاتر پەیداکردنی ئەندام و هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگادا.

ئەگەرچی بۆچوونی (بالاندییە) و تێبینی و سەرنجەکانی زیاتر بۆ کۆمەڵگای ترادیشنەکان تەواو گونجاوە بەو مانایەی کۆمەڵگای

سەرەتایی و تازە دەرکەوتەی مۆدێرنە هەمیشە تێیدا سیاسی بەشێوەی مێنتالێتی خێلایەتی مامەڵە لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگادەکات، چونکە بارودۆخی ژینگەیی و کۆمەلآیەتی هەم لەمپەرەوە هەم ڕێگا خۆشکەرە بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە دەسەلآتە لەناو کۆمەڵگادا ( Жорж ,политическая антропология Баландье ,москво,2001,c,17).

(گیرارد دیلانتی) پێی وایە پێویستە جیاکاری لەنێوان نەریت و نەریتگەرایی traditionalism, بکەین تراديشن بریتیە لە بەردەوامیی بەهای کولتوری پەیوەست بە ڕابردوو، لەکاتێکدا traditionalismترادیشنالیزم بریتیە لە شیکردنەوەی ئەو بەهایانەی کە نەگۆڕن. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە نەریت و تراددیشنەکان دەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی مۆدێرنەدا، یان بەمانایاکی دیکە ئەگەر بەو لۆژیکە بێت ترادیشنەکان گونجاو نیین بۆ گۆرانکاری یان هەندێ جار دەبنە جێگیر و ڕاگیرکراوو هەمیشەیی.(هەمان سەرچاوە.

(ڕۆبین هۆرتۆن) پێی وایە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان سەرچاوەی بیروباوەرەکان و مۆدێرنەدا، چونکە بنچینەی بەردەوامی بنیاتی و واتایی هەیە لەناو ئاینە کلاسیکیەکان و بیرکردنەوەی زانستی مۆدێرندا. بۆیە ڕێگاچارە ئەوەیە کە ترادیشنەکان بەرەنگاری مۆدێرنە ببنەوە نەک بەمانای ڕەفزی تەواوی لایەنە زانستیەکە بەڵکو لای (هۆرتۆن) ئێستا ترادیشنەکان توانای پەیپێبردنی هەیە لەمیانەی میکانیزمەکانی

پێکهێنـانی خۆگونجانـدنی دامـەزراوەکان، چونکـە میکـانیزم و دامـەزراوەی ئـەو دوورەگانـە hybrid خزمـەتی پێداویسـتی و ئەرکی مرۆڤەکان دەکات.(بڕوانەolupona ,Jacob, 2004, p3

(پیتەر بێرگەر) لەکتێبی (واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاین) پێی وایـە مۆدێرنـە هـەرگیز دژی ئـاین نیـە، چونکـە ئـاین مەعریفەیـەکی ڕۆژانەی مرۆڤە لەنێو کۆمـەڵگادا دەژیت. بـەردەوام ئـەو مەعریفە ئاینیە وەزیفـەو ئـەرکی خـۆی زیندوو دەکاتـەوە بەمانایەکی دیکە ئاین و ترادیشنەکان هەمیشە مەعریفە بەرهـەم دێننـەوە لـە ژیـانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا. (Berger ,peter)

بـەڵام سـەرباری ئـەوەش نەریتـەکان بوونـە هـۆی سـەرهەڵدانی مۆدێرنە، چونکە هەموو بیرۆکەیەکی تازە ڕیشـەیەکی کۆنی هەیـە. لــەناو ســەرچاوەی ئــاینی و کولتــوری و مێــژووی و ئــەدەبی نەتــەوەو یادەوەرییــەکانی مرۆڤــەوە ســەرچاوە دەگــرێ، بــەڵام گرنگترین پرسیار ئەوەیە چۆن گفتوگۆو مشتومڕ دروست دەبێت لـەنێوان دوو ئاراسـتەو دوو نـەوەی جیـاوازدا کـە هەریەکـەیان دەسـت بـە ئـەزموون و مـاریفەی ئـەو کەلـەپوورەوە دەگـرێ کـە بـەدرێژایی مێـژوو لەسـەری پـەروەردە بـووە، بۆیـە لـە نێـوان قبوڵکردن و ڕەفزکردنی پرۆژەیەکی فیکری تـازەی وەک مۆدێرنـە تاک و ڕۆشنبیرو کۆمـەڵگاکان ڕووبـەڕووی چەندین بەربەسـتی ئاینی و ئایدۆلۆژی دەبنەوە.

## بۆچوونی بیرمەندانی ئیسلام لەسەر مۆدێرنیتە و نەریتەکان

ئێمە هەوڵدەدەین بۆچوونی کۆمەڵێک زاناو کۆمەڵناسی جیهانی ئیسلامی بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگای ڕۆژهەلات و ترادیشنەکانی وەرگرین. هەم کۆمەکی توێژینەوەکەمان دەکات هەم بەرچاو ڕوونی دەداتە خوێنەرو قوتابی بۆ هەڵسەنگاندن و بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری و دروستکردنی پرسیارو گەڕان بەدوای کێشە قووڵەکانی کۆمەڵگاو دەسنیشانکردنی ئەو گرفتانەی کە لە کۆمەڵگاکان بوونیان هەیە. بۆچوونی تیۆری و ئەزمونگەری و ئیمپیریکەڵی هەریەک لە(سروش و جابری و ئارکۆن و هیشام شرابی) وەردەگرین لەگەڵ ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەسەرهەڵدانی پرۆژەی مۆدێرنە لەمپەری سەرەکیین.

-(عبدولکەریم سروش) پێی وایە دوو بۆچوون لەسەر تازەگەری هەیە یەکەمیان بۆچوونە گشتیەکەیە ئەویتریان تایبەتیە، بۆنمونە خەڵکە گشتیەکە وەختێ ڕووبەڕووی پرسیاری

تازەگـەری دەبنـەوە دەڵـێن جیهـانی ئێسـتا زۆر جیـاوازی هەیـە لەگەڵ جیهانی پێشـوتر، ئـەوە بەسـە مـرۆڤ چـاوی بکاتـەوە ئـەو جیاوازیانـە بەئاشـکرا لـە بـواری زانسـت و تەکنـەلۆژیا دەبینێـت (سروش) دەڵێ باوای دابنێین کە کەسێکی مردوو زیندو بێتەوە بـە بـەرچاوی خـۆی ئـەو پێشـکەوتنە ببینـێ توشـی تـرس دەبێـت بـاوەڕ بـەوە ناکـات کەلەسـەر هـەمان زەوی دەژیـت کـە پێشـوتر تیایـدا ژیاوە.ئـەو نـوێ بونەوەیـە پێـی دەگوترێـت مۆدێرنیتـە بۆنموونە کارەباو فڕۆکەو کۆمپیوتەر و ڕادیۆ تەلـەفزیۆن وێنـەی ڕەنگاوڕەنـگ ئـامێری زانسـتی وەک میکرۆسـکۆب و قونبەلـەی ئـــەتۆمی هـــەموو ئـــەو ئامێرانـــە پەیوەســـتن بـــەجیهانی مۆدێرنیتەوە.(سروش عبدوالکریم ، ٢٠٠٩، ص١٦١).

جـۆرێکی تـری تازەگـەری هەیـە پەیوەسـتە بـەجیهانی فیکـرەوە، لەڕاستیدا زۆربەی خەسڵەت و ئەدگارەکانی تازەگەری پەیوەستن بـە تازەکردنـەوەی جیهـانی فیکـر ئەوەیـە بۆچونـە تایبەتیەکـە سـروش پێـی وایـە بیرمەنـدانی کلاسـیکی بـەقووڵی جیاوازیـان لـەنێوان تـازەو کۆنـدا کـرد. بـەوەی کـە دەیـانگوت وێنـاکردنی گەردوونی بۆ مرۆڤی هاوچـەرخ بەشـێوەیەکی ئەقلانیـە لەئێسـتادا، لەکاتێکدا لـەڕابردودا ڕوانینێکـی ئەفسـانەییانەبوو، یـان بۆنموونـە ئـەقلی مرۆڤـی ئێسـتا بەشـێوەیەکی جەوهـەری جیـاوازە لـە ئـەقلی پێشوتر یان مرۆڤی ئێستا توانی ڕووبەڕووی سروشـت بێتـەوە و زاڵ بێـت بەسـەریدا، بـەڵام مرۆڤـی کـۆن خـاوەنی ئـەو بیرۆکەیـە نەبووکە ڕووبەڕووی سروشـت بێتـەوە. یـان بۆنموونـە (مـارکس) دەیگووت جیاوازی نێوان جیهـانی تـازەو جیهـانی کـۆن ئـەوەبوو

که فەیلەسوفەکان شرۆڤەی جیهانیان کرد، بەڵام گرنگ لەگۆڕینی دایە. هەموو ئەو گووتانە حەقیقەتی تێدایە، بەڵام من دەمەوێ سەرنجی ئەوە رابکێشم ئەویش ئەوەیەکە ئەو تازەگەریە پەیوەستە بە جیهانی کۆنەوە یان ڕابردووەوە. واتە پەیوەندییەکی مێژوویی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، چونکە تازەگەری پەیوەستە بە پچڕان و باڵابونی ڕابردوو و دەرچون لەو چوارچێوەیە، چونکە ئەوکەسەی کەتوانا ی قسەکردنی هەبێت لەسەر نەریتەکان هەرئەوکەسەیە کە لێی دوردەکەوێتەوە، هەروەها ئەوکەسەی کە قسەلەسەر تازەگەری دەکات هەرئەوکەسەشە لێی دوردەکەوێتەوە لەبەرئەوە کەسانی ڕابردوو قسەیان لەبارەی نەریتەکان نەدەکرد، چونکە ڕۆچوبونە ناویەوە.نقومبونی مرۆڤ بە نەریتەکانەوە دژە لەگەڵ لێکۆڵینەوەو وردبونەوە لێوەی، ئەوکەسەی بەدوای بابەتێکی دیاریکراو دەگەرێت دەبێ توانای ئەوەشی هەبێ لێی دوورکەوێتەوە. مرۆڤی پێشوتر بەهۆی عەقلیانەوە لە جوڵەدابوون، بەڵام پرسیاریان لەبارەی حەقیقەتی ئەقل نەدەکرد، یان ڕۆچوبوونە نێو ئاین و ڕێنمایەکانی ئاینەوە، بەڵام بەدوای زانستی ئاین نەدەگەڕان، خاوەن ئایدۆلۆژیا بوون، بەڵام خاوەن مەعریفە نەبوون لەسەرئایدۆلۆژیا یان بەمانایەکی تر جیاوازی جەوهەری نێوان جیهانی کۆن و جیهانی تازەگەری ئەوەیە خەڵکی جاران وەک ماسی مەلەیان لەنێو ئاین و ئەخلاق و مەعریفەو ئایدۆلۆژیا دەکرد، بەڵام لەو ئاوە دەرنەدەچوون پرسیار لەسەر چیەتی و ماهیەتی ئەو ئاوەبکەن. ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ ئاویزانی ژیانێکی توندی دەوروبەرەکەی بوو بەجۆرێک هەستی بەهیچ دابڕانێک نەدەکرد.

لەو ڕەوشە کۆمەڵایەتیەی کە تێیدا دەژیا، پێیان وابوو ژیانی تا ئاستێکی بەرز سروشتیە و بیرکردنەوەشی بەڵگەنەویست و دروستە ومێژوەکەشی تاکە مێژووە بەوهۆیەوە دەکرا دوورکەوێتەوە، لەپرسیارکردن. ئاسۆی بیرکردنەوەی بەڕوی دونیا نەدەکرایەوە، هۆشیاریەکەشی لەئاستێکی نزمدابوو ibid).

-(محمد ئارکۆن) پێی وایە ئێمە پێویستە لە خودی تازەگەریەوە دەستپێبکەین نەک لە کەلەپورو ڕابردووەوە، پێویستە دەروونی خۆمان بەشێوەی لێکبوردن و نەرمونیانی پەروەردە بکەین و باوەڕ بە تازەگەری بهێنیین کراوەبین، باوەڕبە ڕێژەیی بوونی حەقیقەت بهێنین، کە پێشووتر حەقیقەتی ڕەها لەسەرهەموو ئاستەکانی ئاین زاڵبوو، لێرەوە ئەو دەرەنجامەی کە (ئەرکۆن) پێی گەیشتوە لەبارەی مۆدێرنیتەوە بریتیە لە پچڕانی هەموو ئاین لە کەلەپورو نەریتەکانەوە. (ئارکۆن) پێی وایە ئاینی ئیسلام هەلقوڵاوی ساتە مێژوییەکانە، چونکە وێستگەی گۆڕانە خێراییەکانی مێژووبوو، بەڵام لەئێستادا بۆتە جۆرێک لە کەلەپورو نەریت، کەڵەکەبوونی مەعریفەو ئاراستە سواوەکانی کولتور. هەروەک لە ئێستادا هیچ کەسێکی خاوەن ئەقڵ نیە لەئێستادا ئەوە بڵێ کە ئیسلام وەک ئاین نوێنەرایەتی تازەگەری و مۆدێرنیتە دەکات وتێیدا هیچ بنەمایەکی خۆراگری نیە بۆ مشتومڕ یان گفتوگۆ، چونکە ئیسلام باوەڕێکی ئاینیە (مسرحی فارح ،٢٠٠٦ ،ص٤٧-٤٨)هەروەها نەبۆتە بنەمایەک بۆ تیۆرە فیکریەکان لە تازەکردنەوەو نوێ بونەوەدا، لەلایەکی دیکەوە ئەو بەها سەرەکیانەی کە تازەگەری تێدا گەلاڵەبوە وەک ئەقل و

ئازادی و پشت بەستن بە زانست، پێچەوانەی بەها ئیسلامیەکان نیە بەڵکوو ڕیشەی ئیسلام پێک دەهێنێت.(ئەرکۆن) وای دەبینێ بوونی دەسەڵاتی ئەقڵ بەهیچ شێوەیەک واتای تێپەڕاندن و دەستبەرداربونی دەق نیە بەئەندازەی ئەوەی خۆیندنەوەیەکی تازەی پێدراوە یان ئەنجامگیریە زانستی و مەعریفیەکانە و لێک نزیکردنەوەیەکی ئەقلانیە بەمانایەکی تر تێپەڕینی دەق واتای پچڕاندنی کەلەپورو نەریتەکان نیە.

-(محمد عابد الجابری) پێی وایە ئەگەر مۆدێرنە ئیش لەسەر پچڕانی یا هەڵوەرینی بەرهەمی کەلەپورو بەها کلاسیکیەکان بکات، بەیەکجاری ئەوا لە بەرامبەر تازەگەریدا بەکەمی ڕوودەدات و بەشێوەیەکی پۆزەتیف بەردەوام نابێت و کارلێک ناکات، بۆیە پێویستە تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەو هۆشیارانەمان هەبێت بۆ پرسەکە. لێرەدا بەمەبەستی ئاڵوگوڕی و جەدەلی نێوانیان پێویستمان بە مشتومڕێکی بەردەوام لەنێوان کەلەپورو تازەگەریدا لەنێوان ئێستاو ڕابردوو داهاتودا هەیە. بۆیە (جابری) پێی وایە ڕەگوڕیشەی تازەگەری لەکەلتوری ئیسلامیدا پێویستی بەسازان هەیە لەگەڵ نەریت و کەلەپورەکان نەک پچڕانی یەکجارەکی. جابری وای دەبینێ سەرباری بانگەشەی بەجیهانی کردنی مۆدێرنیتەی ئەوروپا، بەڵام ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بێتە نێو کولتوری عەرەبی، چونکە لەدەرەوەی چوارچێوە مێژووەکەیەتی لەگەڵی کۆک نایەتەوە. پێویستە لەڕوانگەی ڕەخنەگرتنی خودی سیستەمەکە خۆیەوە بێت.(الدکتور الجابری محمد عابد ،٢٠٠٦ص ١٧)

بێگومــان کۆمــەڵێک کۆســپ و تەگــەرە هــەن لەبــەردەم بــەرەو پێشــبردنی بیرۆکــەی مۆدێرنــە لــە جیهــانی ئیســلامیدا، ئێمــە هەوڵدەدەین لەڕوانگەیەکی زانستیەوە تاوتوییێ ئەو بابەتـە بکـەین بـە وەرگرتنـی ئـەدەبیاتی پێشـووی چەنـد توێژەرێـک بـۆ شـیکاری کۆمــەڵگای بــەر لــە مۆدێرنــە. (ئــەدۆنیس) یەکێکــە لــە بیریــارە بەناوبانگـەکانی عـەرەب بەوشـێوەیە وەسـفی کارەکتـەرو کەسـێتی عەرەب و مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەکات. تایبەتمەندیەکانی کەسـێتی عـەرەب هەرلەسـەرەتاوە نـەگۆڕبوە واتـە جێگیربـووە، خـووی بـە ڕابـردوو گرتـوەو بـەرەنگاری نوێگـەری بۆتـەوە، ئـەوپێی وایـە کەســێتی عــەرەب کەســێتیەکی ڕابردوپەرســت و دواکەوتەیــە کەئەمـەش پێچەوانـەی مۆدێرنەیە بەومانایـەی مۆدێرنـە گومـان و داهێنــان و بــەرەنگار بوونەوەیــە، لێــرەدا تــاکی عــەرەب تــاکێکی دامـاڵراوە بەشـێوەیەک بیرۆکـەی غـەیبی و لاهـوتی بەتـەوای زاڵـە بەسـەریدا ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسـەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسـی هەیـە. بـەپێی بۆچـونی ئـەدۆنیس مرۆڤـی ڕۆژهـەڵاتی لکێنـراوە بـەلاهوت و ئـاین، واتـە بوونێکـە بـە بێ خـود، نـامۆ لـە خود، بەئەندازەی ئەوەی ئینتیمای بۆ ئـاین و دەوڵـەت و نەتـەوە هەیە. ئینتیمای بۆمرۆڤ نیە. کاتێک ڕووبەڕووی کەلتورێکی تازە دەبێتەوە ئەوا هەوڵی ئەوەدەدات تێی نـەگات. هەسـتدەکات بـوونی دەوەســتێتە ســەر هێماکــانی ڕابــردوی. لــەژێر ڕۆشــنایی ئــەو ئاماژانـەی سـەرەوە ئێمـە چەنـد خاڵێک وەک کۆسـپێک لەبـەردەم پڕۆســەی بەمۆدێرنــەکردنی کۆمــەڵگای ئیســلامی دیــاری دەکەین.(الحیدری ابراهیم ،ص ٤٣٠)

-هۆشیارییەکی خراپ لەسەر مۆدێرنە. کە ئەمەش پێک دێت لەوێناکردنێکی تیۆری وەک جێگرەوەیەک بۆ واقیعی دواکەوتوی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەو وێناکردنەش هاوشانە بە فیکرەی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە مۆدێرنە کەبێگومان ئەوەش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی پێکدادانی کەلتوری لەهەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ لەڕوی ڕوشنبیری و ئەخلاقی و یاسایی هەروەک دەبێتەهۆی پەروەردەنەکردنی مۆدێرنە لەهەناوی کەلتوری خۆمان بەشێوەیەکی سروشتی، چونکە کاتێک بیرۆکەی مۆدێرنە لەنێو کەلتوری خۆمانەوە گەشەدەکات مرۆڤەکان ڕووبەڕووی دژبوون و گرفتی بەدیهێنانی ئەو پڕۆسەیە نابنەوە لەواقیعدا، چونکەلەبنەمادا ئەو پرۆسەیە هاوشانە بەو شۆڕشەی کە خۆمان بونیادمان ناوە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە تەنیا بە تیۆر وێنامانکرد ئەوا کێشەی قووڵی پەروەردەیمان بۆدروست دەکات.

بەم پێیە دروستبوون و نەشونماکردنی ئەو چەمکە لە ناو خۆدا بە ڕای ئێمە ئەوپەری ئەقلانیەت و لۆژیکیە، چونکە بەبێ دروستبوونی ئەو ململانێییە فیکرییە هەرگیز پرۆسەیەکی وەک مۆدێرنیتە سەرکەوتوو نابێت لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ناتوانێ بۆ ناو فۆرمەکانی خێزان و پەروەردەو شوێنگە و کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا شۆڕبێتەوە.

(ابراهیم حیدری) پێی وایە هەبوونی سیستمی باوک سالاری لەناو کۆمەڵگای عێراقیدا بەرەنجامی بونیادی فیکری ڕابردووپەرستی کۆمەڵگای ئیسلامیە. تەوژمێکی زاڵمانەو سەرکوتکەرانەی هەیە، وەک بەربەستێک بەدرێژایی مێژوو وەستاوەتەوە لەبەردەم ڕێڕەوی چاکسازی و تازەگەری و

پێشــڤەچوونی کۆمەڵایــەتی. هــەروەها ئــەو سیســتەمە وەک بەربەستێک بووە لەبەردەم لەدایکبوونی تەوژمی ڕۆشنبیری و ڕەخنــەگرتن. سیســتەمی باوکســالاری بونیــادێکی کۆمەڵایــەتی جیاوازە، بەرهــەمی کۆمــەڵێک مــەرج و بــارودۆخی مێژویــی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوەبەستراوە. لەڕووی بونیادەوە ئەو سیتمە پێک دێت لە شێوازی بیرکردنەوەو کارکردن و هەڵسوکەوتکردن کە پەیوەستە بە جۆرێکی تایبەت لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئــابوری کلاســیکی ســەرمایەداری، کەهــەموو ئەوانــە وای لەکۆمــەڵگای ئیســلامی کــردوە بەشێوەی جیاواز بــەرەو ڕووی کۆمــەڵگای تازەگــەری بێتــەوە. بەشــێوەیەک خەســڵەت و تایبەتمەندییــەکانی توانــای بــەردەوامبوون و بــەرگریکردن و پارێزگــاریکردنی بــەهاو نەریتــە کلاســیکیەکانی پێدەبەخشــن. لەسەرئاستە کۆمەڵایەتییەکە ئەو سیستەمە زاڵە بەسەرکۆی پەیوەندییە کۆمەڵایــەتی و ئــابوری وسیاســیەکان کــە بێگومــان ئینتیمــای خێڵــەکی و عەشــیرەتگەری بەشــێوەیەکی بــەرچاو بەخۆیەوە دەبینی، چونکە کۆمەڵگای باوکسالاری یەکێکە لەو کۆمەڵگا کلاسیکیانەی، کە جۆرێک لەڕەفتارو بەهای باوی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەیە.(هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٣٨)

چەند کۆمەڵناسێکی دیکە گرنگە ئاماژەی بۆبکەین پێم وایە کۆمەکمان دەکات بۆئەو توێژینەوەییە، ئەگەرچی ئەوکۆمەڵناسانە توێژینــەوەکانیان تایبــەت بــووە بەســەرنجدان و ئێمپێریکــەڵی توێژەر بۆ خودی کۆمەڵگاکانی خۆیان ئەنجامداوە، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا بەسوودە بۆ ئەدەبیاتی پێشوو و دروستکردنی پرسیار وگەلاڵــەبوونی کێشــەی توێژینــەوەی مەیــدانی و تیــۆری هــەر کۆمەڵگایــەک ئــەو کۆمەڵناســانەی کــە ئاماژەمــان بــۆکردن. بەســــەرچاوەی ناســـینی کەســـێتی ڕۆژهــــەلاتی دەناســـرێن و کۆمەڵناسی مۆدێرنن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کـــوردی بــــەئاین موســـڵمانەو ڕەگ و ڕیشــــەی نــــەریتی و تراديشنەكانی زۆرەو پارێزگاری لێدەكات.

(هیشــام شــەرابی) تــوێژەرێکی دیکــەی بەڕەگــەز عەرەبیــە لــە لێکۆڵینەوەیەکــدا بــەناوی( سیســـتمی باوکســـالاری و ئالنگــاری دواکەوتویی کۆمەڵگای عـەرەبی) ئاماژەی بەوەکردوە کە بنیاتی سیستمی باوکسالاری نزیکەی سەد ساڵ دەبێت نەیتوانیوە خۆی بگۆرێت و خۆی نوێبکاتەوە، بەڵکو لە شێوەی مۆدێرنەی ساختە خۆی بەهێزو ڕاگیر دەكاتەوە. ئەو پێی وایە ئەو سیستمە باوک سالارییە نە هاوچەرخە نە کلاسیکیە، جیادەکرێتەوە بە سروشتی ڕاگوزەری زۆر جۆری دیکەی دواکەوتەیی و شوێنکەوتەیی بۆیە سیســـــتمی تازەگــــەری باوکســـــالاری جـــۆرێکی کۆمەلایــــەتی بــەفیرۆچووە و تایبەتمەنــدیی هاوبەشــی کۆمەلایــەتی تێــدا نییــە. (الدکتور، شرابی، هشام ١٩٨٨،ص٢٢)

## ئەنجامی بەشی چوارەم

ترادیشن و مۆدێرنە بەیەکەوە هەڵدەکەن و لەگەڵ یەکتریش لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە ناکۆکیان هەیە، چونکە بۆمان دەرکەوت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە ئەزموونێکی دژبەریی هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەتایبەتی لەنێوان یەکانگیری تاک و ئاپۆڕای جەماوەرییدا ئەو دژبەرییە ڕەنگی داوەتەوە لەناو شارەکاندا لە ناو کۆمپانیاکاندا لەنێو حیزبی سیاسیی و زۆربەی کایەو شوێنگە کۆمەڵایەتییەکاندا. کۆمەڵگای کوردی تائێستاش ئەو جۆرە مشتومڕو گفتوگۆ فیکرییەی بەخۆوە نەبینیوە لەبەر چەندیین هۆکاری کولتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. توێژەر گەیشتە ئەنجامی ئەوەی کە لۆژیکی مۆدێرنە ئەگەرچی بەرهەمی ئەقڵی ئەوروپایەو لەوێوە چەکەرەی کردوە، بەڵام بۆکۆمەڵگا نەریتیەکانیش بەسوودە ئەگەر ئامرازەکانی بەرهەمی ئەو پرۆژەیە بەباشی بەکار بهێنرێت. ئێمە گەیشتیەنە ئەو باوەڕەی کە دەرکەوتنی ئەو پڕۆژە فیکرییە

پێویستی بە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر هەیە لەسەر ئاستی خێزانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دەوڵەت وەک دواهەمین ئامرازی مۆدێرنە. تویژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ترادیشنەکان تەنیا سوود لەلایەنی مادی وەردەگرن نەک لایەنی مەعنەوی مۆدێرنیتە، چونکە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد ترادیشنەکان ڕووبەرێکی بەرفراوانی کۆمەڵگای کوردیان داگیرکردوە تا ئێستاش نەریت و ترادیشنەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن. لەگەڵ هەبوونی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا لێرەدا تویژەر تێبینی ئەو دوالیزمە و دژبەرییە فیکریە دەکات لەداهاتوی نەوەکاندا تێیدا هاوسەنگی پەروەردەو سیستمی کۆمەڵایەتی دەخرێتە ژێر پرسیاری قووڵەوە. کۆمەڵگای کوردی ڕووبەڕووی پرۆژەی مۆدێرنە دەبێتەوە لە چەندیین کەناڵ و ئاستی جیاجیاوە .تاکی کوردی لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی و کولتوری و سیاسی و ئازادییەکانەوە تاکێکی فرە بۆچوونی دژبەیەک و ئاڵۆزە.

هەم کەسایەتیەکی مۆدێرنە لەڕووی پۆشینی جل وبەرگ و بیناسازی و مۆدێلی ئۆتۆمبێل و کەرەستەی بیناسازی و مۆل و مۆدێل و چەندین فۆڕمی تری مادی مۆدێرنە، بەڵام لەسەرئاستی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتەوە وەک کەسێکی کلاسیکی هەڵسوکەوت دەکات، تەنانەت ئەو کەسانەی خۆیان بە لیبراڵ و عەلمانیەتیش نیشاندەدەن، بۆیە تویژەر لەمیانی لێکۆڵینەوەکەیدا تێبینی ئەوەی کرد کە کەسێتی کوردی بارگاوییە بە چەندیین فۆرمی کەسێتی لەنێوان ترادیشن و مۆدێرنەدا ناسنامەی دیارنییە. بەپێی لۆژیکی گرامشی تائێستا بەکەمی سوود لە پەروەردەی کلاسیکی وەرگیراوە بۆ هەڵهێنجانی ئەو ئەدەبیاتەو

چاندنی تۆی مۆدێرنەو ڕەگوڕیشەو بنەماکانی. هەروەها توێژەر گەیشتە ئەو بڕوایەی تائێستاش بەشێوەی ڕێژەیی باوکسالاری زاڵە بەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی، چونکە کاتێک ئافرەت سەربەخۆیی وەردەگرێت کە پشت بە بەرهەمی ئابوری خۆی ببەستێت و ڕەنگبداتەوە لەسەر هەموو کایەکانی ژیانیدا ولەڕووە مادییەکەی پێویستی بەدایک و باوکی نەبێت.

توێژەرگەیشتە ئەو ئەنجامەی تائێستاش کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێکاری یاسایی وەک فۆڕمێکی مۆدێرنە چارەسەر ناکرێن، بەڵکو بە ڕێگاو شێوازی ترادیشنەکان بۆ چارەسەر کردنی گرفتە کومەڵایەتییەکان کە خۆی لە مێنتاڵیتی خێڵەکی دەبینێتەوە. کۆمەڵی کورد پەیوەستە بەڕابردوو و پیرۆزیەکانییەوە لێرەدا مۆدێرنیتە وەک پرۆژەو ئایدیا قبوڵکراو نییە. هەروەها بەپێی ئەو لێکوڵینەوەیە بۆمان دەرکەوت کۆمەڵگای کوردی ئاشنایەتی بە مۆدێرنە هەیە، بەڵام لەڕووی مادی و تەکنەلۆژی نەک لایەنی فیکری ئەو پڕۆسەیە.

-کۆمەڵگای کوردی تائێستاش لە قۆناغی پێش مۆدێرنە و ترادیشنەکاندا دەژی، چونکە مۆدێرنە نەیتوانیوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەپێش مۆدێرنە بسەنێتەوە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا خود نەبووەتە سەنتەری بیرکردنەوە بۆیە بنەما تێوریەکانی مۆدیرنە بەلاوازی دەردەکەون.

توێژەر بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگای کوردی نەیتوانیەوە جیاکاری نێوان ڕەگەزەکان

تێپەڕینێت کەواتە باوکسالاری زاڵە بەسەر مینتاڵیتی کوردیدا بەمانایەکی دیکە ئەرک و مافی لە نێوان ڕەگەزەکان دەستەبەرنەکردوە.

-یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم دروستبوونی مۆدێرنیتە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەیدا نەبوونی ئازادی کارکردنی ژن و پیاوە بەیەکسانی.

## بەشی پێنجەم
## مۆدێرنەو فرانکفۆڕتییەکان
## Frankfurt School and modernity

فرانکفۆڕتییەکان بۆ ئەوە دروستبوون کە ڕەخنەی قووڵ لە ئەقلی مۆدێرنیتە بگرن ئەوان درکیان بەوەکرد کە ئەو پڕۆژەیە چەند بەخراپ بەکارهاتوە لەلایەن سەرمایەداری و ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردنی ئەقڵەوە، ئەوان هەستیان بەوەکرد ڕۆژانە کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا لەلایەن کۆمپانیاو دامەزراوەکانەوە زیاتر کەڵەکە دەبن و پەنگدەخواتەوە. ئەوان درکیان بەوە کرد مرۆڤ چەندە توشی نامۆیی و دڕدۆنگی کۆمەڵایەتی بۆتەوە لە ئەنجامی پێشبینی و بۆچوونە فەلسەفی و کۆمەڵناسیەکانی بەر لە فرانکفۆرتیەکان، بۆیە ئەوان هاتن کۆمەڵێک داهێنان و تیۆری تازەیان بۆ دووبارە دارشتنەوەی تیۆری کۆمەڵایەتی و جێگرەوەیەکی دیکە، هێنا کایەوە بۆیە ئەم بەشە بۆ بۆچوونی ڕەخنەیی ئەو کۆمەڵناسانە لەگەڵ ئەنجامەکەی تەرخانکراوە.

قوتابخانەی فرانکفۆرت یەکێک لە ڕووداوە گرنگ و کاریگەرەکانی فکری سیاسی و کۆمەڵناسی ڕۆژئاوا بووە. ئەو قوتابخانەیە بەهۆی دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیەوە پەرەی سەند، کە وەک دەزگایەکی سەربەخۆی زانکۆی فرانکفۆرت بۆ خوێندنەوەی فکری مارکسی دامەزرا. دامەزراندنی دەزگای ناوبراو وەڵامێک بوو بۆ پێداویستی هەڵسەنگاندنی سەرلەنوێی مارکسیزم بەتایبەتی لە بواری پەیوەندیی نێوان فکرو کاری سیاسی لە هەلومەرجی مێژووی پاش جەنگی جیهانی یەکەم. ئەوقوتابخانەیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣بۆ ١٩٣٠ لە یەکێک لە ئوتێلەکانی ئەڵمانیا دامەزرا لەلایەن کۆمەڵێک بیرمەندی بەناوبانگی کۆمەڵناسی، تێیدا یەکەمین کوبونەوەیان بەناوی ژیاندنەوەی (مارکس)ئەنجامدا. دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیە هیچ پابەندبوونێکی سیاسی و حیزبی پێوە نەبوو، ئامانج لەدامەزراندنی بەردەوام دان بوو بە لێکۆڵینەوەی ئەو پرسانەی کە تایبەت بوون بە زیندووکردنەوەی مارکسیەت هەروەها خواستی دروستکردنی تیۆرێکی ڕەخنەئامێزی دیار بوو لەبەرامبەر تیۆرەکۆمەڵایەتییە کلاسیکیەکان لەسەر فیکری زانکۆکانی ئەڵمانیا زاڵبوو. ئەو قوتابخانەیە کۆمەڵێک ئاراستەی فیکری و کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبوو.(killner, douglas) 1989, p14)

فرانکفۆڕتییەکان کاریان لەسەر ڕەهەندی جیاجیا کرد یەکەم کارکردنیان لەسەر (گرامشی و لۆکاش) بوو کە دوو بیریاری ترادیشنی مارکسیەکان بوو دواتر هەوڵیاندا گفتوگۆو چارەسەری

کێشـــەی ســـەرخان و بابـــەتی ئـــەقلی بکـــەن. هـــەروەها کێشـــەی بەردەوامی  پێکهاتەی سەرمایەداری و وەسفکردنی ئەو دۆخـەی بوە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. دووەم پرس تایبـەت بـە دۆخـی ئـەلمانیا و کـارکردن لەسـەر تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتەکانی سیسـتمی سـەرمایەداری بـوو.  (dodd,nigel 1999,p61

-ئاراسـتەی (مـاکس هۆرکهایمـەرو تیـۆدۆر ئـەدۆرنۆ) گفتوگـۆو مشتومڕێکی  میتۆدی ڕەخنەیی لـەخۆدەگرێ ئامـانجی کۆکبون و یـەکانگیری تێـوره بـە مومارەسـەو کردارەوه.هـەروەک دەتـوانێ هەڵوەسـتە لەسـەر زاڵبـوون و تونـدو تیژیـەوه بکـات بـە هـۆی پێشکەشـکردنی تیـۆرێکی ڕەخنـە ئـامێز لەکۆمـەڵگادا. هـەروەها ئامـانجی بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی مرۆڤـە بەسـەر خودی ژیانی خۆیدا. هەروەها کاری (مـاکس هۆرکهایمـەر) زیـاتر ئاوێتە بوونێکی نایاب لەنێوان فەلسەفەو تێوری کۆمەڵایەتیدا بوو.

-ئاراسـتەی(هێربرت مـارکیۆز) ڕەفـزی سـەرکوتکردنی کۆمـەڵگا دەکـــات،  هـــەروەک نوێنەرایـــەتی شـــۆرش دەکـــات لەمیانـــەی جەختکردنەوەی ئەقڵ لەژیانی مرۆڤدا باوەڕی بەوەیـە، کـە نـاکرێ لەیەک ڕەهەندەوە سەیری کۆمەڵگا بکرێت.

-ئاراسـتەی دەروونـی و کۆمەڵایـەتی، کـە خـۆی لەبۆچوونـەکانی (ئەریک فرۆم و فرۆیدیە) تازەکان دەبینێتەوه ئەو جۆرەئاراستەیە کار لەسەر سەرەتاکانی (مارکس) بۆ پرسەدەروونیەکان دەکات.

-ئاراســـتەی (هابرمـــاس) ئـــەوەش ئاراســـتەیەکی فەلســـەفی و کۆمەڵناســـیە  جـــەخت لەســـەر ســـەرمایەداریی و کۆمـــەڵگای

پیشەسازی ئەقلانی دەکاتەوە ئایدۆلۆژیایەکی تەکنۆکراتی هەیە هەروەها ڕەفتاری گەیاندنی لە تیۆرەکەیدا داڕشت.

(jay ,martin ,1973,p3-41)

ئەو چالاکییە گرنگانەی کە قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەنجامیدا.

١- دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کە گوزارشتێکی تازەی ڕەخنەئامێزانەبوو. تێیدا ئەوگۆڤارە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو باسی کۆمەڵایەتی بوو ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە ئەنجامیاندا لەوانە ژمارە یەکی ئەوگۆڤارە تەرخانکرابوو بۆ چەند تێبینیەک لەبارەی زانست و قەیرانە فیکریەکان. ئەوباسە ماکس هۆرکهایمەر ئەنجامیدا تیایدا دەستی خستە سەر قەیرانەکانی کۆمەڵناسی و پەیوەستی کرد بە وقەیرانە کۆمەڵایەتیەی کەهەیە. هەروەک (هۆرکهایمەر) جەختی لەوەکردەوە دەروونناسی سەربەخۆیی خۆی هەیە رۆلی هەیە لە کۆتایی هێنان بەو کەڵینەی کە لەنێوان تاک وکۆمەڵگادا هەیە.

٢-ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەکی مەیدانی لەبارەی چینی کرێکارو توێژی فەرمانبەران لەئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی ئەوروپی بەتایبەتی وڵاتە پیشەسازیەکان، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارو سەرچاوەی پێویست لەوبارەیەوە.

٣-گرنگی دان بە توێژینەوەی ئیمپێریکەڵ و زانستی کە پشت بەئاماری زانستی باوەڕپێکراو دەبەستێ و مەعریفە بە واقیعەوە پەیوەست دەکات.

٤-ئەو قوتابخانەیە پرۆژەیەکی گەورەی دامەزراند لە زانستەکۆمەڵایەتیەکاندا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە خێزان و

دەسەڵات کە بێگومان ڕەنگدانەوەی بۆچونێکی ڕەخنەئامێزانەبوو لەمرۆڤی ئێستا ئەو پڕۆژەیە پەیوەندیی نێوان ئابوری و مێژوو شیکردنەوەی دەرونی و تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەستکرد بەیەکەوە.

(الحیدری ابراهیم ، ۲۰۱ص الى ۱۳۳)

نامۆبوون لە سیستەمی سەرمایەداری و مۆدێرنیتە لای فرانکفۆرتیەکان

پێشتر باسی ئەوەمان کرد(مارکس) لە کتێبەکانیدا زۆر بەوردی ئیشی لەسەر نامۆبوون کردوە. پێی وایە نامۆبوون لە سیستمی سەرمایەداری و مۆدێرنەدا زیاتر پەرەدەسەنێت، بەوەی کە مرۆڤ نامۆ دەبێت بەتەواوی لەنێو کۆمەڵگادا. بۆنموونە کرێکار وەختێ شتێک بەرهەمدێنێ بۆخۆی نیە واتا خۆی خاوەنی هێزی کارنیە یان خاوەنداریێتی تیایدا نیە. هەروەها (مارکس)بنەچەی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەشێوەیەک وێنادەکات، کە نامۆیە تیادا. لێرەدا پێشەنگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەڕوانگەی تیۆرەکانی (مارکس) دووبارە شرۆڤەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و مۆدێرنیتەیان بەشێوازێکی تر کردەوە. لەدوای دامەزراندنی تیۆرەیەکی ڕەخنە ئامێزانە لە بەرامبەر کۆمەڵگای پیشەسازی و مۆدێرنەو سیستەمی تەکنۆکراتی، ئەوجۆرە ڕەخنەگرتنە بەشێک بوو لە خەباتێک دژی کۆمەڵگای سەرمایەداری. دواتر شیکردنەوەی ئەو پەرادۆکسەی، کە لەنێو کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەبوو.

قۆناغی مەنفاو تاراوگە لەو قۆناغەدا گرنگیان خستەسەر سیستمی سیاسی و کەلتوری کۆمەڵگا دواتر بەرەو بیرۆکەی

ململانێی چینایەتی ئاراستەیانکرد و واتاکەی لەدەست دابوو وەک ئـامرازی شـیکردنەوە لەبـەر ناشـیرنکرن و بـەلاڕێ دابردنـی هۆشـیاری چینایـەتی کرێکـارو گەشـەکردنی بـۆ ئـامێرێکی بیرۆکراتـی، بۆیـە ئـەوان گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی کـە پێویسـتە ململانێی چینەکان لەسەر ئاستی فیکری و ڕەخنەگرتنی بەردەوام شی بکرێتەوە، نەک لەمیانەی خەباتکردن بەشێوەی کلاسیکی وەک ئەوەی (مارکس) پێی گەیاند.

چونکە ڕەخنـەگرتن لـەئامرازە کلاسـیکیەکانی مارکسـیەت واتـای ڕەتکردنـەوەی (مـارکس) نیـە بەئەنـدازەی ئـەوەی تێگەیشـتنێکی تازەترە لە ژێر ڕۆشنایی دۆخی کۆمـەڵگای مۆدێرنـە کـە بووەتـە هۆی نامۆکردنی مرۆڤەکان. (هۆرکهایمەر) ئاماژە بەوە دەکات کە سیسـتمی سـەرمایەدار و مۆدێرنـە ئیـدارەدانێکی تۆتالیتارییـە لـەدایک بـووی پیشەسازی مۆدێرنـە و تەکنـەلۆژیای پێشـکەوتوو دەسـەڵاتێکی سـەرکوتکەرە. لـەم جـۆرە کۆمەڵگایـەدا دەسـەڵات و تەکنـەلۆژیا یـەک شـتن، دەسـەڵاتی سـەرکوتکەر و زاڵـم بـەڕوونی دەردەکـەوێ بـەهۆی بەشـداریی بـەزۆری خـەڵک لـە بەرهـەم و بەرخۆریدا، بەرەنجامەکەشـی ئەوەیـە گەشـەی کۆمـەڵگا وای لـە بەکارهێنەران کردوە کە بەرخۆربن بەشێوەیەکی بەردەوام بەبێ هـیچ جـۆرە ناڕەزایەتییـەک، بـەهۆی کۆمـەڵێک ئـامرازی وەک بانگەشەکردن و پەخشکردن ئەو جۆرە واقیعە هیچ نیە جگە لە هەلخەڵەتانـدن و پەرچـەکرداری پێداویسـتییەکان و ئـەوەش وای کـردوە یـەکانگیری سیسـتەمەکە زیـاتر پتـەو بکـات، بـەوەش

تایبەتمەنـدێتی چەوسـانەوەو لەخشـتەبردن بوەتـە تایبەتمەنـدی نامۆبوون.

کۆمـەڵگای تازەگـەری، کـەخۆی لـە تەکنـەلۆژیای پێشـکەوتوو دەبینێتـەوە بەدیدی هۆرکهایمـەرەوە زانسـت و کارو سیاسـەت و فەلسەفەی بۆ خزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆی ئاراستەکردوە.

(هۆرکهایمـەر) پێـی وایـە ئـەو جۆرە واقیعـە بێزارکـەرە ئـازادی و بەختــەوەری بــۆمرۆڤ بــەدیناهێنێت، چونکــە بەختــەوەری تــەنها لەمیانــەی مومارەســەکردنی ئــازادی و مــافی چارەنوســی خــود دەهێنێتــەدی کــە تێیــدا سیســتمی مۆدێرنــەی ســەرمایەداری ئــەو بەختەوەریـــــەو ئازادیـــــەی تێکشـــــکاندیە. (هۆرکهایمـــــەر) لەکتێبی(دەسەڵات و خێزان) ئاماژەی بە داڕزین وتێک شکان و دژبوونی خێزانی لەکۆمەڵگا ئەوروپیەکان کردوە. ئەوپێی وایە لە قۆنـــاغی گەشـــەی کۆمـــەڵگای پیشەســـازیدا کاریگەریـــەکی ئـاڵوگۆڕکراو هـەبوو لـەنێوان خێـزان و کۆمـەڵگا و دەسـەڵات بـۆ وێنە باوک ڕۆڵ و دەسەڵاتی هـەبووە لەپـەروەردەدا، بـەڵام ئێسـتا دەســەڵاتی بــاوک پشــت بــە دەســەڵاتی دەســەڵاتێک دەبەســتێ لـەڕێگای ئـەو پەیوەندییانـەی کـە بەگشـتی بـەبازاڕی ئابوریـەوە هەیە.

ئەوجۆرە واقیعە هیچ نیە جگە لـە هەلخەڵەتاندن و پەرچـەکرداری پێداویستیەکان ئەمەش وای کردوە یەکانگیری سیسـتەمەکە زیـاتر پتـەو بکـات. بەمـەش تایبەتمەنـدێتی چەوسـانەوەو لەخشـتەبردن بووەتـە خەسـڵەتی نـامۆبوون. سـەرەتای کـاری (هۆرکهایمـەر) هێرشـکردن بـوو بـۆ کۆمـەڵگای بـۆرژوازی و سـەرمایەداری و ئیمپریالیزم پێی وابوو کە دڵڕەقانە مامەڵـە دەکات بۆیـە بـەرگری

لـە سۆشیالیسـتی کـرد، ئەگـەرچی ئـەو ڕەخنەیـەکی قـووڵی لـە مارکسـیـیەت گـرت، بــەڵام بـاوەڕی وابــوو دواجـار بیرۆکــەی سۆشیالیسـت سـەردەکەوێ. ئـەو ویسـتی هۆکـاری گونجـاو بدۆزێتەوە بۆ ئەو کەمکردنەوەی ئازارەکانی کۆمەڵگا لە سایەی سەرمایەداریدا. باوەڕی وابوو کە جۆری بەرهەمی سەرمایەداری و ململانێی چینـەکان سـەرچاوەی نەهامەتیـەکانی خـەڵکن، بۆیـە لـەناوبردنی پێویسـتیە بـۆ گەشـەکردنی کۆمەڵایـەتی. هـەروەها ڕەخنەی لە پۆزەتیفستیەکان گرت باوەڕی وابوو کە وەک دیدی فەلسەفی جوانە، بەڵام لەڕووی زانستیەوە هیچ بەرهەمی نەبوو نـەزۆک بـوو، چونکـە دیسـپلینی نـەبوو، بۆیـە پێویسـت بـوو ڕەتبکرێتــەوە، چونکـە تێـوری کۆمەڵایـەتی لای ئـەو پڕاکتیکـە لەسـەردەمی ئەمـدا بایـەخی تـەواو بـە دووبـارە خوێندنـەوەو لێکۆڵینـەوەی تیـۆریی و پراکتیکـی مارکسـیەکان درا. killner ,douglas 1989p18-20)

تییـۆر لای (هورکهایمـەر) پشـت بـە ئـەنجامی لێکۆڵینـەوەی مێژوویی و زانستی دەبەستێت خـەباتکردن و تێکۆشـانە لـەپێناو پێگەی زانستیدا ibid 27). کۆمـەڵگای تازەگـەری کـە خـۆی لـە تەکنـەلۆژیایی پێشـکەوتوو دەبینێتـەوە بەدیـدی (هۆرکهایمـەرەوە) زانسـت و کـارو سیاسـەت و فەلسـەفەی بـۆ خزمـەت بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستەکردوە. جیاوازی نێوان تێوری ترادیشن و ڕەخنەی تیۆری لای(هۆرکهایمەر)لە چەمکی زانستەوە دەستپێدەکات وەک چالاکی کۆمەڵایەتی هـزری ترادیشـنی تیـۆری هاوتەریبـە لەگـەڵ چـالاکی زانسـتی زانسـتخوازان لـە دووتـوێی

دابەشـــکردنی کـــار ڕوودەدات. ئەمـــەش لەگـــەڵ زۆربـــەی چالاکییەکانی دیکەی کۆمەڵگادا هاوکاتە.

بەرای (هۆرکهایمەر) وەزیفەی کۆمەڵایەتی زانست بەم شێوەیە دەرناکەوێ، بەڵکو ئەوە هۆشیارییەکی ساختەی زانایانی بۆرژوازییە لە چەرخی لیبراڵیدا بەمانایەکی دیکە دەربڕین و جیهانبینی جیاوازی فەلسەفەی زانستیە کە (هۆرکهایمەر) ناوی لێناوە (کانت)ی نوێ، ئەگەرچی (هورکهایمەر) گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ڕاستی زانستی و زانست بۆخۆی هیچ نیە جگە لە بەشێکی گرنگی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی واتاو ماناکانی ئەو ڕاستیە زانستیە بەگشتی پێویستە لەسەر مرۆڤ خاوەنی کلیلی تێگەیشتنی دۆخی مێژوویی بێت یان خاوەن تیۆرەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاست بێت.(bottomre ,tom, p 28-30

## مارکۆزو مرۆڤی تاک ڕەهەندی

(مـــارکۆز) زانایـــەکی بـــەناوبانگی قوتابخانـــەی فڕانکفۆرتـــە. ئـــەو هاوشێوەی (ئـەدۆرنۆ) بـە کاریگـەرتریین ئەنـدامی ئەوقوتابخانەیـە دادەنرێ. تـوانی بـە بۆچونـە فیکریـەکانی لـەبارەی ڕەخنـەگرتن لـە سـەرمایەداری و کۆمـەڵگای مۆدێرنـە، ناوبـانگی بگاتـە ترۆپـک. (مارکۆز)جیا لـە بیرمەنـدانی تـر ئـە وڕێچکەیـەکی زیـاتر فەلسـەفی بـــەکارهێنا بۆشـــیکرنەوەی دیاردەکۆمەڵایەتیـــەکان ،لـــەبواری کۆمەڵناسی و ئەدەب و جوانیناسی و فەلسەفەو سایکۆلۆژیا. ئـەو بـەمیراتگری مارکسـیەت هـەژماردەکرێ لـە شـوێنێکا ئامـاژە بـەوە دەکـات، تائەوکاتـەی چـین هـەبێت مارکسـیەت وەک تیـۆر وەک بیردۆز کۆتایی پێنایـەت بۆیـە ئـەو هـەوڵی دا مارکسـیەت لـە قالبـە کلاســیکیەکەی زیندووبکاتــەوە، بــەوەی کــە هێشــتا لــەدنیای سەرمایەداریدا کاریگەرە.

کۆمـەڵێک چـەمک و واتـای تـازەی هێنایـە نێـو دنیـای مۆدێرنـەو کۆمـــەڵگا بەگشـــتی و کۆمەڵناســـی بەتایبـــەتی. گرنگتـــرین ئـــەو بۆچوونە تازانەی کە کاری لەسەر کرد وەک مرۆڤی تاک رەهەند

وەک کتێبێکی ناوازە دەرکەوت سەرەتا ئەوکتێبە لە جیهانی شەرقی خوێندنەوەی تاڕادەیەک قەدەغەکرابوو کە ڕەخنەگرتنێکی هەمەلایەنە لە دونیای مۆدێرنەو سیستەمی سەرمایەداری یە.
(مارکۆز)بەردەوام بوو لەکارکردن لە بواری سۆسیۆلۆژیاو زانستەکانی دیکە ژیانی ئەکاییمیدا چەندین وتارو لێکۆلینەوەو کتێبی بلاو کردەوە وەک مرۆڤی تاک ڕەهەند لەسالّی ١٩٦٤ بەچاپی گەیاند کتێبی شۆرش و ئەقڵ لەسالّی ١٩٤١ بلاویکردەوە دواتر کتێبی ئێرۆس و شارستانیەت لەسالّی ١٩٥٥ بلاویکردەوە.
هەروەهاکتێبی مارکسزیزمی سۆڤیەتی و
هونەرو ئازادی و چەندین کتێب و وتارو لێکۆلینەوەی تر بلاو کردەوە.،هەروەها بەشداری چەندین چالاکی کۆمەلایتی و ڕوشنبیری و شۆرش و ڕاپەڕینەکانی ئەوروپای کردوە. دواتر لەسالّی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد ئێمە لەو بەشەدا هەولّدەدەین گرنگترین ئاراستە و بۆچوونە کۆمەلّناسی و هزریەکانی مارکۆزە بخەینەڕو.

## مرۆڤی تاک ڕەهەند

(مارکۆز) وای دەبینێ کۆمەلّگای پیشەسازی بەهەردوو سیستەمەکەیەوە واتە سەرمایەداری و سۆسیالیستی توشی نەخۆشیەک بووەتەوە کە پێی دەگوترێ تاک ڕەهەند. مارکۆز لەکتێبەکەی دەلّێ تەکنەلۆژیای کۆمەلّگا پیشەسازیە پێشکەوتوەکان توانیویانە هەموو شێوەیەکی ململانێ لەنێو خۆیاندا دوربخەنەوەو کۆتایی پێ بهێنن بەهۆی

دەستبەسەرداگرتنی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ڕابردودا نوێنەرایەتی نارەزایی و ڕەفزی سیستەمی کۆمەڵایەتی پێشوتریان دەکرد، چونکە مرۆڤی ئازاد بەڕای (مارکوز) کەسێکە بۆخۆی دەژیت، خاوەن ئەو هێزە جوامێرەیە کە بەسیتەمەکە بلێ نا، مومارەسەی کارێکی گەمەپێکراو ناکات کە لە بنەمادا سیاسیەکانی ئەو سیستەمە دایانناوە.کۆمەڵگا ی تاک ڕەهەند لەبنەچەدا ئامانجی لە ڕیشە دەرهێنانی ئەو ڕەهەندە ناوەکیەیە کە لە توانایدا هەیە بەربەرەکانێی سیستەمی کۆمەڵایەتی بکات. بەمانایەکی دیکە مروڤ دەبێتە تاک ڕەهەند وەختێ توانای بەرپەرچدانەوەی لەدەستدەدات بۆ رەتکردنەوەی ئەوسیستەمەی کە هەیە.
(Marcuse ,Herbert ,uk, 1964, p9)

(مارکۆز) دەڵێ (گواستنەوەی مرۆڤ بۆ تاک رەهەندی واتای بەدیهێنانی پرۆسەی یەکانگیری یا سازانی نێوان تاک و کۆمەڵگایە). لێرەدا سەرکوتکردن لەدەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوەوە، مرۆڤ لەنێو خۆیدا هەڵگری سەرکوتکردنە، کۆمەڵێک فۆرمی تازە هاتۆتە ئاراوە بۆکۆنترۆلکردنی کۆمەڵگا وەک دیموکراسیەت و خوشگوزەرانی و لەدەستدانی ئازادی لە سایەی دیموکراسیەت ئەوەیە کە کۆمەڵگای پیشەسازی پێشکەوتو بەخۆیەوە دەبینی، ماف و ئازادیەکان فاکتەری سەرەکی لە هەوەڵین قۆناغە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بوون لەئێستادا گرنگیەکەی کەمی کردوە و داماڵراوە لە ناوەڕۆکە کلاسیکیەکەی، سەربەخۆبوونی فیکرو خود و مافی بەرهەڵستکاری سیاسی لە وەزیفەی ڕەخنەگرتن داماڵراوە.

(مــاركۆز) وای دەبینــێ تارمــایی تــاک ڕەهەنــدی لەکۆمــەڵگا پیشەسازییەکان سەری کێشاوە بۆ داگیرکردنی گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، وەک پێویستی و خواستەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەو نرخ و خزمەتگوزاریانەی کە ئامێری بەرهەم هێنان پێشکەشی دەکــات، ڕۆلێکــی یــەکلاییی کــەرەوە دەگێــڕێ لــە ســەپاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەخشینی سیفەتی ڕەوایەتی پێوەی وەک ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیانـدن و نرخـی تایبـەت بـە شــوێنی نیشــەتەجێ بــون و خواردەمــەنی و جلوبــەرگ و ئامرازەکــانی خۆشــگوزەرانی و نــادی و ڕۆژنامەگــەری و ڕاگەیاندن. هەموو ئەو پێداویستیە بەکۆمەڵەیە پەرچەکردارێکی فیکــری و ســۆزداری دیــاریکراون پەیوەنــدیی بەکاربــەرەکان پەیوەست دەکات بە یەکەوە. هەروەها پەیوەندییەکان پەیوەست دەکات بە گروپێک لە بەرهەمهێنەکان و هۆشیاریەکی ساختە دروستدەکات. دەسەڵاتی سیاسی لە ئێستادا لەڕێگای سەپاندنی دەســەڵاتی بەســەر پڕۆســەی میکــانیکی و ڕێکخســتنی ئــامێری تەقەنی و چونە نێوی ئایدۆلۆژیا بۆ نێو ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیانە بەشێوەیەکی ئەقلانی بەرگری لەخۆی دەکات.ibid 245)

بۆیە (مارکۆز) پێی وایە هیچ گونجاندنێک نیە لەنێوان پێدوایستی تاکەکــەس و پێویســتیەکانی گــرووپ، هــیچ دامودەزگایــەکی نوێنەرایەتی نیە تاک بتوانێ کار بۆ بەرژەوەندیەکانی بکات. یان قسەلەســەر ڕەســەنایەتی خــۆی بکــات، بۆیــە پێــی وایــە مــرۆڤ وادەزانێ لەپێناو چین دەمرێ و تێدەکۆشێ، لەڕاستیدا مرۆڤ لە پێناو پیاوانی حیزبەوە دەمرێ. مرۆڤ پێی وایە لەپێناو نیشتیمان دەمــرێ. لەکاتێکــدا لــەپێناو خــاوەن کارگــەو پیشەســازی و

کۆمپانیەکانەوە دەمرێ ، مرۆڤ پێی وایە لەپێناو ئازادی کۆمەڵگا دەمرێ. لەکاتێکدا لەپێناو قازانجی کۆمپانیاکان دەمرێ. مرۆڤ پێی وایە لەپێناو بڕۆلیتاریا تێدەکۆشێ، لەکاتێکدا لەپێناو بیرۆکراسیەت دەمرێ.(ibid 221.

(مارکۆز) لەکتێبی لەبارەی (ئازادیەوە) پێی وایە سەرمایەداری مۆدێرن و یۆتۆپیای سەرمایەداری بە هەردوو بلۆکی سۆشیالیستی و سەرمایەداری توانیویانە بەهۆی میراتگریی تەکنەلۆژیاوە پێشڤەچوونێکی باش بەخۆیانەوە ببینن بۆ کۆتایی هێنان و کەمکردنەوەی هەژاری و بەندایەتی، بەڵام هیچیان ئەقلانی نین ڕۆژێک دێت خودی کرێکار بە شێوەی ڕاستەوخۆی کۆتایی بە هەژموون و بەکارهێنان و زەوتکردن بێنن. (Marcuse , Herbert , p 5, 2000).هەروەها وای دەبینێ جیاوازی بەرفراوانی نێوان چینی خۆشگوزەران و چەوساوەکان دەبێتە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە چینی بێ بەشکراوان و نەداران، چونکە ئەو کەلێنە تا ئێستاش بەرفراوانە لەوڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپادا، بەهۆی شوێنگەی بنەما سەرەکیەکانی پڕۆسەی بەرهەمهێنان بەهۆی سەختی ژیانی چەوساوەکان چینی کرێکار هێشتا ئەگێنتەکی مێژوویی شۆڕشگێریە، بەڵام ئێستا بەشدارن لە پێداویستیەکانی سەقامگیری سیستمەکە بوونەتە کۆنسێرڤاتیف و پارێزەر. ibid). (116-117

(مارکۆز) پێی وایە تاک ڕەهەندی توانیویەتی ڕەخنەگرتن و ئۆپۆزسیۆن کۆتایی پێبهێنێ ،سیستەمێکی هەمەلایەن و گشتگیری

دروستکردوه لەکۆنترۆڵکردن. جۆرێکی تازەی داهێناوه لـەژیان و دەســەڵاتدا کـه کـۆک و ئاوێزانــه لەگــەڵ هێـزی بەرهەڵســتکارو ئۆپۆزسـیۆن. هــەروەها ئامــاژە بــەوه دەکـات کـه ســەرمایەداری توانیویەتی خۆی نویێ بکاتـەوه لـەرێگای گەشـەکردنی شـێوازێکی تــازەی داگیرکــردن یــان زەوتکــردن، مرۆڤــی تــاک ڕەهەنـد لای (مــــارکۆز) مرۆڤێکــــی بەشــــتکراوه تەنانــــەت هەســــتکردن بەنامۆبوونیشـی لەدەسـتداوه، کـه ئـەوەش ئەوپـەڕی کۆیلـەبوونی مرۆڤه کاتێک مرۆڤ له شێوەی ئـامێرو شـت دەبینـرێ، ئەگـەرچی (مــارکۆز) بۆچوونــەکانی تاڕادەیــەکی زۆر ڕەشــبینی پێوەدیــاره بەشێوەیەکی ڕادیکالانه بۆچوونـه تیۆریـەکانی خسـتۆتەڕو،  بـەڵام ئـەو هــەوڵی ئەوەیـدا شـۆڕش لەفۆرمـه کلاسـیکیەکەی (مـارکس) دوربخاتــەوه بــەوەی جگەلــەکرێکاران و جوتیــاران چەنـد تـوێژو چینێکی تری پەراوێزخراو ڕۆڵی شۆڕش و ڕاپەرین دەبینن، دەبنه داینەمۆی گۆڕانکاریەکان گروپی یەکەم وەک چینه سـەرگەردان و چەوساوەکان و پەککەوتوان و چینه تێکشکاوەکان و ئەوانـەی لـه دەرەوەی پرۆسـەی دیموکراسی بوونیان هەیە. گروپی دووەم کـه (مارکۆز) ناوی لێدەنێ چینه تازەکانی کرێکاران وەک مامۆستایان و ئەنــدازیاران و هونەرمەنــدان و قوتابیــان کــه پەیوەســتن بــه پرۆسـەی بەرهـەم هێنانـەوه. (Marcuse ,Herbert, 1964, p260)

لای(ئــــەدۆرنۆ) پرســــەکه بەشـــێوەیەکی دیکەیــــه ئــــەو بــــه سۆسیۆلۆجستی هونـەری ناسـراوه تێیدا ڕەخنەیـەکی تونـدی لـه مۆدێرنەی سـەرمایەداری گرتـوه پێی وایـه مـرۆڤ لـەژێر سـایەی ســــەرمایەداری مۆیرنــــەدا بەشــــتکراوه و بۆتــــه ماشــــین بــــۆ

دەربازبوون لەو قەیرانەی کە پریەتی لە چەوسانەوە و ناهەمواری نە پێویستمان بە گرووپێکی بەرهەڵستکاری تازە هەیە نە بە ئازادبوونی ڕەگەزی و سێکسی، بەڵکو پێویستمان بە کاری هونەرمەندانی ڕەسەن هەیە کە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە ببنەوە بۆیە هونەری ڕەسەن لای( ئەدۆرنۆ) خاوەنی هێزێکی لەڕادەبەدەرە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زانست. (bottomre tom p41)

گوومانی تێدانییە هەریەک لە( ئەدۆرنۆو هورکهایمەر) لەکتێبی (ڕەخنەگرتن لە ئەقلی ڕۆشنگەری) ڕەخنەیەکی توندیان ئاراستەی مۆدێرنەو زانست و کۆمەڵگای سەرمایەداری کرد. پێیان وابوو کۆمەڵگا نە مۆدێرنەو نە سەرمایەدارییە، بەڵکو بریتیە لە زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. هەروەها ئەزمونکردنی سروشت بەشێوەی پەڕگیری وایکرد مرۆڤایەتی لاوازبێت کۆمەڵگا وەک ئامرازێکی سیستماتیکراوی لێبێت. ئەمەش لەڕێگای پەیوەندییە ناوخۆییەکانەوە هات، وایکرد مرۆڤ هەژموونی بەسەرمرۆڤەوە هەبێت. ئەو پەیوەندییە دوژمنایەتییە لای(ئەدۆرنۆ) سەرەتا لە سەر ئاستی ئایدۆلۆژی ئەفسانەو هونەرەوە دەستی پێکرد (wrikin , Robert , 1998, p4 .

ئەقڵ لای ئەوان سروشتی لە بۆش و بێمانی و پوچیدا بۆ گەمەکانی خۆی کورتکردۆتەوە. لێرەدا ئەقڵ دەبێتە ئەگێنت و کەناڵی دەستبەسەرداگرتن، خودی بیرکردنەوە پێگە و تایبەتمەندی دیاریکراو وەردەگرێ هاوشان لەگەڵ هەژموونی ڕۆشنگەری و پێشکەوتنی سروشتدا، لێرەدا مرۆڤ هێزی زیاتر

دەکرێ و دواتر هەست بە نامۆیی دەکات لەو شتانەی کە مومارەسەی دەکات. ڕۆشنگەری و مۆدێرنە دەکەونە ناو هەمان شوێنی پەیوەندییدا وەک دیکتاتۆریک بەسەر مرۆڤایەتییدا. (Wilson , ross, 2007 , p16)

ئەدۆرنۆ لەکتێبی (پیشەسازی کولتوری) کە کۆمەڵە وتارێک بوو دواتر بووە کتێب و بڵاوکرایەوە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە دۆخی هونەر و کولتور دەکات. ناوی لێناوە هونەرو کولتور لە سەردەمی فاشیزمی ئەقلانیەتی سەرمایەداریدا کە هیچ شوێنێک ناهێڵی بەشتومەک و کەرەستەو کەلوپەلی نەکات. ئەو جگەلە یەکانگیری و یەکبوون لەڕێگای زاڵبوون و هەژموونەوە هەروەها ئەو فۆرمە بەهۆی ئامرازەکانی ئەقڵەوەیە لەژێر سایەی سەرمایەداریدا هەموو بەرهەمهێنان بۆ بازاڕی کەرەستەکان بەرهەم دەهێنرێت نەک بۆ پێگگەیشتنی و دابینکردنی پێداویستی و خواستی مرۆڤ بەڵکو تەنیا بۆ قازانج و بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتر و بەکارهێنانی بەهای ئالوگۆڕی زیاد(adornoo, theodor,1991.p3-4).

(ئەدۆرنۆ) پێماندەڵێت کولتور بۆتە ئامرازێک بۆ خزمەتی دۆخی هاوچەرخی ئێستای سەرمایەداری بەومانایەی کە بەرهەمە کولتورییەکانی وەک کتێب و تابلۆی هونەری و نمایشە مۆسیقیەکان کارلەسەر پرنسیپی قازاج دەکەن کەپێشتر بەم شێوەیە نەبوو.( adorno ,p38 )

(ئەدۆرنۆ) ڕەخنەی لە جۆرەکانی هونەری جاز گرت. (jazz) جۆرە هونەرێکی مۆسیقای میللی ئەمریکی ئەفریقیە لەکۆتایی

سەدەی نۆزدە سەریهەڵدا. هەروەها ڕەخنەی لە فیلم و ڕادێو گرت کە لای (ئەدۆرنۆ ) هەڕەشە بوون لە کولتوری جەماوەر و کولتوری باو، سێنتەری دژبەریی کۆمەڵگای بۆرژوا لای (ئەدۆرنۆ) برتییە لە ململانێی ئازادیەکانی تاک و لەمپەری کومەڵگادا. ( wrikin , Robert , 1998,p 9 ).

ئەگەرچی هونەر لای ئەو کۆمەڵناسە بەسەرچاوەی بەختەوەری و کلیلی شۆڕشگیری دادەنرێت، چونکە هونەرو مۆسیقا دەتوانێ بڵێ نا بەرامبەر بە کۆمەڵگای بەرخۆریی. هونەر تاکە ئامرازی شوێنگرەوەی ئەودۆخە بۆخەباتکردن دژی سیستمی سەرمایەداری و مۆدێرنەیە. کە ڕۆژێک نەتوانرێ لەڕێگای شۆڕشەوە بیر لە کۆتایهێنان بە چەرمەسەرییەکانی مرۆڤ بهێنرێ. ئەو مەعریفەیەی کە لەرێگای هونەرەوە بەمرۆڤ دەگات چاکترین مەعریفەیە، بەڵام بەدیدی (ئەدۆرنۆ) ئەو مەعریفەیەی، کە لەڕێگای زانستەوە بە مرۆڤ دەگات کەموکورتی تییێدایە، چونکە تەنها ڕەنگدانەوەی حەقیقەتە. لەکاتێکدا ئازادبوونی مرۆڤ لە کۆنترۆڵیی سەرمایەداری تەنیا لەڕێگای نارەزایەتییەکانەوەیە نەک ئازادی یە کەسی و جنسیەکان وەک ئەوەی لەشەستەکانی سەدەی ڕابردودا ڕوویدا، بەڵکو لەڕێگای هونەری ڕەسەنە کە هەڵگری توانای لەناوچونی ئێستاو هێنانی بەختەوەری بۆمرۆڤ هەیە، چونکە بەدیدی ئەو کۆمەڵناسانە کولتوری پیشەسازی شوێنی کولتوری جەماوەری گرتۆتەوە. بەومانایەی کە هونەری بەرزو نزم لەخۆدەگرێت و لەناو یەک پاکێجکدا بەکاری دەبات وکڕیار نەسەروەرە نە بابەتە بەڵکو شتێکە گەمەی پێوەدەکرێت.

تیۆری جوانیناسـی لای (ئـەدۆرنۆ) بریتیـە لـە چـەمکێکی تایبـەتی مۆدێرنـە، کـە دەرنـاچێ لـە چوارچێوەی تێزەکـەی کـە بریتیـە لـە بەپیشەسازی کـەلتور ئـەو پێی وایـە کـاری هونـەریی و ئـەزمونی جوانی لـە قۆنـاغی مۆدێرنـەو کۆمـەڵگای پیشـەسـازی پێشـکەوتوو لــەدۆخێکی قــەیراناوی دەژی. تێیــدا کۆمــەڵگای ســەرمایەداری بەرێوەی دەبات. ئەگەر ئەو قەیرانەش کۆتایهێنان نەبێت بە هونەر ئـەوا هونــەر ئەرکـە کۆمەڵایەتیەکـەی لەدەسـت دەدات و دەبێتـە بابــەتێکی پــەراویزخراو ئەگەرچی(ئــەدۆرنۆ)دانی بــەوەدانا کــە تەلــەفزیۆن و وەرزش و ڕاگەیانــدن و مــۆدە و زۆرێــک لــە ئامرازەکــانی بانگەشــەکردن ئەلتــەرناتیڤی تــازەی پێشــکەش بەتاکـەکان کـرد بـەهۆی ئەوگۆڕانـە تەکنەلۆژیایـەی کەلـە سـەدەی بیستەمدا ڕوویاندا و بووە هـۆی فراوانبوونی هونـەرو هەڵکشـانی مــەزن، بــەڵام لەهــەمان کاتــدا بــووە هــۆی بەشبەشــکردن و بڵاوبوونەوەی هونەری خوشگوزەرانی لە جیاتی چێژوەرگرتن لە هونەری باڵاو بینینی قووڵ.

هونەر لای (ئەدۆرنۆ) وەزیفەیەکی شۆڕشگێڕی و ڕەخنەیی هەیە، چونکـە جیهـانێکی جـوان دروسـتدەکات. پێچەوانــەی واقیعــە و ڕووبەڕووی ئەو واقیعە داخراوە دەبێتەوە. لەهەمان کاتدا هـەوڵی گـۆڕینی دەدات. هونــەر لەکۆمــەڵگای پیشەســازی پێشــکەوتوو ژیـانی ڕۆژانـەدا بووەتـە ئامرازێک بۆسـەرکوتکردن و خراپکردن بەدیدی(ئـەدۆرنۆ) هونـەری ڕەسـەن فەزایـەک دروسـتدەکات بـۆ دووبارە بونیادنانەوەی هۆشیاری کۆمەڵایـەتی و شۆڕشکردن و بەخشینی وزەیەکی تازە بۆ تێپەڕاندنی ئەو کۆمـەڵگا بەرخۆریـەی کە هەیە.

ئـەوەی جێگـای هەڵوەسـتە لـە سـەرکردنە سـەرەتای کارەکـانی (ئـەدۆرنۆ) زۆر شـوێنی بایـەخ بـوو، چونکـە لەڕوانگـەی ئـەو مۆسیقا تـەنیا بۆ بەسـەربردن و ڕابواردن نیـە، بەڵکو لـە هەندێ ڕێگـادا کۆمەڵایـەتی و واتـای فەلسـەفییە نـابێ لـە نرخـی کەمبکرێتـەوە. یـەکێک لـەو خەسـڵەتانە بەگشـتی ڕەنگدانـەوەی لەسەر هونەر هەیە ئەویش ئەوەیە کە هونەر نابێ تـەنیا پرسـێک بێت بۆ چێژی تاک. لەڕاستیدا گرنگی مۆسیقا لای ئەو لـەوە دایە ببێتـە ڕێگایـەک بۆ بیرکردنـەوەی مرۆڤ (Wilson , ross, 2007, p4) سەرباری ئەوەی(ئەدۆرنۆ) هونـەر بە شـوێنگرەوەی دۆخـی ئێسـتا دەزانێـت بۆدەربـازبوون لـە قـەیران و کێشـەکان، بـەڵام نـابێ ئـەوەمان بیرچێت هونـەر جـۆرە مەعریفەیەکـە نـەک زانست بێت چارەی دۆخی مرۆڤ بکات، هونەر کاری جوانیناسی و ئیستاتیکایە.

ئەریک فرۆم و مرۆڤی مۆدێرن:

کاریگەرییـەکانی (فـرۆم) هیچـی کـەمتر نـەبوو لـەوانی دیکـە. دوای ئەوەی (هۆرکهایمەر)مەرگی ئەقلی مۆدێرنەو ڕۆشنگەری ڕاگایاند. هەریەکـەو بـەجیا لـەبوارێکی تایبـەت کاریـان لەسـەر تێـوری کۆمەڵایـەتی و ڕەگ و ڕیشـەی سیسـتمی سیاسـی وکێشـە و گرفتـەکانی کۆمـەڵگای ئـەوروپی و ئـەمریکی کـرد. (فرۆم)هـات دنیایەک چەمک و ئایدیای دەرونی و کۆمەڵایەتی و شیکاری کرد لـە دیـدی (مـارکس و فرۆیـدەوە). ئێمـە هەوڵـدەدەین کارلەسـەر دیدگای تیۆری و میتۆدۆلۆژیای(فرۆم)بکـەین و وێنـەی گرنگترین

بۆچوونـــەکانی بخەینـــە ڕوو وەک کاراکتـــەرێکی ڕەخنـــەگری بەناوبانگی قوتابخانەی فرانکفۆرت.

یەکـەمیین هـەوڵی(فرۆم) تێکـەڵکردن و ئاوێتـە کردنـی (مـارکس و فرۆیـد) بـوو بەمەبەسـتی گەشـەکردنی دەروونناسـی کۆمەڵایـەتی مارکسی، ئەگەرچی زۆرێک لە ئەندامانی قوتابخانـەی فرانکفۆرت هـەمان کارییـان کـردوە بـە وردی و درشـتی، بـەلام بـە دیـدو تێڕوانینـی جیاجیـاوە بـەپێی پسـپۆڕی، بنـەماو نەخشـەو پـلان و پوختــەی کــارکردنی لــە دووتــوێی وتارێــک بەناوی(شــیکاری ســایکۆلۆژیای کۆمەڵایــەتی مێتۆدۆلۆژیــا و ئــەرک) تێبینــی و سەرنجەکانی لەبارەی دەرونشیکاری ماتریالیزمی مێژوویی بوو بەگشتی، ئەو سەرەتای گفتۆگۆی لـەبارەی بنچینە سـەرەکیەکانی دەرونشیکاری بوو دواتر ئەوەی نیشـاندا کە ئەو چۆن بیری لـە هەڵوەشـانەوەو ڕاڤـەکردنی تیـۆری (فرۆید)کردۆتـەوە. هـەروەک ئـــەو کـــارەی هاوشـــانە بە ماتریـــالیزمی مێژوویـــی لای (فرۆم)دەرونشـیکاری بابـەت و ماتریـاڵی سـایکۆلۆژیە، چونکـە دەونشیکاری کە پاڵنەر و پێداویستیە غەریزەیـەکان وەک هێـزی پاڵنەری مرۆڤ شیدەکاتەوە. killner ,douglas , 1989,p37 ).

هەروەها(فرۆم) ئەوەی ڕوونکردەوە کە دەروونشـیکاری دەتـوانێ یارمەتی شیکردنەوەی ئەوە بدات کە چۆن بەرژەوەندییە ئـابوری وکۆمەڵایەتییـەکان بـۆ ئایـدۆلۆژیا دەگـۆڕێن هـەروەها چـۆن ئایدۆلۆژیا پێک دێت و کاریگـەری لەسـەر بیرکدنـەوەو ڕەفتـاری مرۆڤ جێدێڵێت.ibid ,p 38)

لێرەدا ئەو ڕوون دەبێتەوە کە(فرۆم) وەک مارکسیەکی تازە دەرکەوت. کە چەند لە خەمی کێشە قووڵەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە ئەو بەدیدێکی ڕەخنەگرانە (مارکس و فرۆید)ی خستە ناو تەرازووی ڕەخنەوە، بەڵام تیۆرەیەکی گونجاوی بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی ئەوکات بەرهەم هێنا. هەندێ پێیان وایە(فرۆم) ئەو پەڕی مرڤ دۆست بووە بۆنموونە (دورکیین کرییان) لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (هیۆمانیزمی ڕادیکاڵ لای (ئەریک فرۆم) تێیدا ئاماژەی بە میتۆدۆلۆژیای کتێبی (دەکرێ ئێوە ببنە خوداوەندەکان) ئەو کۆمەڵناسە بەشێوەی ڕادیکاڵ ئاماژەی بە مرۆڤدۆستی و مرۆڤایەتی کردوە. جەخت لەسەر تاکایەتی ڕەگەزی مرۆڤایەتی کردوە دەڵێ (مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە گەشە بە هێزی خۆی بدات و بگاتە ئاوێزانبوون و هارمۆنی و دورستکردنی ئاشتی جیهانی و هیومانیزمی ڕادیکاڵ بایەخ بە ئامانجی مرۆڤایەتی دەدەات بۆئەوەی بەتەواوی سەربەخۆبێت) هەروەها مەبەستی فرۆم بەپێی توێژینەوەکەی (دورکیین) ئەوەیە کە مرۆڤایەتی بەشێوەی ڕادیکاڵ تەنیا تایبەت نیە بە تاکێتی، بەڵکو یەکانگیریە لەناو پرۆسەیەکی مێژووییدا کە ڕەگ و ڕیشەی لەناو ژیانی واقعی کۆمەڵگا سەرچاوە دەگرێ. (durkin , Kieran (2014,p41

(فرۆم) لە زۆر شوێنی تیۆرو مێتودەکانی ئاماژەی بە چەمکی مرۆڤایەتی کردوە. وەک بیریارێک، بەڵام هەموو ئەو هەڵوێست و بۆچوونە مرۆڤانەیەی بەرەنجامی کێشە و خەمە قووڵەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوو کە پشکی شێری بەر مۆدێرنەی

سەرمایەداری دەکەوێت. مرۆڤی مۆدێرن لای(فرۆم) لەنێو کتێبی (ترس لە ئازادییەوە) دەدۆزیتەوە کە بەهۆی ئامرازەکانی ئەقلانیەتی سەرمایەداری و هەژموونی ئەو سیستمە توشی چەندیین کێشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆتەوە.

من هەوڵدەدەم بەکورتی ئاماژە بە جۆرەکانی ئەو ترسانە بکەم کەبەرۆکی مرۆڤی مۆدێرنی گرتوە .کتێبی (ترس یان هەڵاتن لەئازادی) یەکێکە لە توێژینەوە تیۆریە بەناوبانگەکانی، ئەگەرچی ناونیشانی کتێبەکە بەزمانی ئینگلیزی بەهەردوو فۆرم وەرگێڕدراوە هەم بە fear هەم بە escape بەهەرحاڵ، فرۆم لەساڵی ١٩٤٢ ئەو کتێبەی نوسی، تیایدا بۆچوونەکانی بەڕوونی ڕاگەیاند دژی سیستەمی زۆرەملێی ئەمریکاو سەرمایەداری مۆدێرن، کە چۆن ترس لە ئازادی لە ئەمریکا بوونی هەیە لە ژێرچوارچێوەو کونتێکستی دیموکراسیەتی ئەو وڵاتەدا، هەروەها (فرۆم)بایەخی بە کۆمەڵی ئەڵمانیدا پرسیاری ئەو ئەوەبوو چۆن لە کۆمەڵگای ئەڵمانیادا ئازادی هەستی پێدەکرا لەکاتێکدا (هیتلەر) لەوپەڕی بەهێزی دابوو، هەروەها(فرۆم) ڕەگ و ڕیشەی ئازادی دووبارە گەڕاندەوە بۆچاخەکانی ناوەڕاست لەئەوروپادا ئەو دەستی خستە سەر ململانێی ئابوری و ئاینی لەنێوان بەرزەفتکرن و ئازادیدا.

بابەتی سەرەکی ئەو توێژینەوە ئەزموونگەرییە بریتیە لە مرۆڤ. هەرکاتێ ئازادی بەدەستهێنا ئەوا کەسایەتی بەرزدەبێتەوە باڵا دەکات. ئازادی لای ئەو زانایە ڕیشەیەکی زیاتر سایکۆلۆژی هەیە. تەوەرەی سەرەکی ئەو کتێبە بریتیە لە پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی پێکهاتەیەک یان سیستمێکی هەبێ بۆژیانکردن.

(فرۆم)ئـــەوە نیشـــاندەدات بـــۆچی ئـــەو پێکهاتانـــەی ناوکۆمـــەڵ شێوەیەکە لە سەرسوڕمان و هەستکردنێکی قووڵ بە نیگەرانی، کـــە ئـــەوەش هاوشـــانە لەگـــەڵ ئازادیـــەکانی تاک(فرۆم)ئـــەوەی دۆزییـەوە، کـە ئـازادی نیگـەرانی و نائـارامی لەگـەڵ خـۆی دێنـێ لەکاتێکدا نەبوونی ئازادی ئارامی و ئاسودەیی دێنی.

ترس دوو جۆر واتـای هەیە لای مرۆڤی مـۆدێرن، یەکـەم مـرۆڤ ئازاد بووە لە دەسەڵاتی ترادیشنەکان لەوبارەیەوە بۆتـە کەسـێکی تاکگـەرا یـان ئینـدیڤیژواڵ، بـەڵام لەهەمانکاتـدا دابـڕاوە یـان بـێ دەسـەڵاتە powerless بووەتـە ئامێرێـک لـە دەرەوەی خـودی خـۆی. هـەروەها لـەخۆیی و ئـەوانی تـر نـامۆبووە هـەروەها (فرۆم)پێـی وایـە ئـەو جـۆرە دۆخـەی، کـە مرۆڤـی مـۆدێرن تێـی کەوتوە جۆرێکە لـە نـاوبردنی خـود undermines his self و لاوازی و چاندنی ترس هەموو ئەوەش وا لـە مرۆڤەکـە دەکـات ملکەچی جۆرێکی نوێ بێت لە کۆیلەبوون. لەلایەکی دیکـە پیـاوی مودێرن لە ڕوانگەی فرۆمەوە جۆرێک لـە ئـەرێنی ئـازادی هەیـە positive freedomکە هاوشێوەیە لەگـەڵ کـارە واقعـی و شاراوەکانی مرۆڤ.

(فرۆم) پێی وایە مرۆڤ دەشـێ ئـازاد بـێ بـەهاریکاری مرۆڤـەکان لەگـــەڵ یـــەکتر لەمیانـــەی کردەوەکـــانی وەک خۆشەویســـتی و هەرەوەزی، یان دەکرێ ببێتە کەسێکی سەربەخۆ، بەڵام وەختـێ دۆخی ئابوری و کومەڵایەتی وسیاسی لەبار نەبوو بۆ بەدیهێنانی تـاکێتی ئینـدیڤیژوەڵ ئەسـتەم دەبـێ. لێـرەدا تـرس و هـەڵاتن دروستدەبێ گونجان و سازان دروست نابێ لەگەڵ ئازادیدا، واتە

ئـارەزووکردن بـۆ دەسـتبەرداربوونی خـود و گونجانـدن لەگـەڵ ئەوانی دیکە، ئازادی ڕاستەقینە بەگووتەی (فرۆم) ئەوەیـە کـە مـن دەمـەوێ. تـرس لـەئازادی بریتیـە لـە هـەڵاتن و تـرس لـە بـوون. دابڕان لـە کۆی هاوڵاتیـان، لەدەسـتدانی نەتـەوە، تاوانبـارکردن بـە نەبوونی وەفا و ئینیتیما بۆ نیشتیمان، ملکەچبوون بۆ دەسەڵات، بەدیهێنانی خود بۆ ڕێگریکردن لەهەستکردن بە تەنیایی.

(Fromm , erich , the fear of freedom , 1942, uk)

بە کورتی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕەخنـەگرتنێکی قـووڵی دنیـای مۆدێرنەو ئامرازەکانی ئـەقڵ بـوو. کـارکردن بـوو لەسـەر گرنگی دان بــە پەیوەنــدیی نێــوان پرۆســەی بەئــەقلانیکردن و گەشــەی سـەرمایەداری ئـەوان دیـدی مارکسـیان ڕەتکـردەوە، بـەوەی کـە پێشـینەی بڵاوبوونـەوەی ئامرازەکـانی ئـەقلی کۆمـەڵگای مـۆدێرن پەیوەندی بە ئـەرکی سیاسـەتی ئـابوری سـەرمایەداریەوە هـەبێت. هـەروەها ڕەخنـەی تونـدیان لـە ئەقلانیەتەکـەی (ڤیبـەر) گـرت کـە ئامرازەکانی ئەو ئەقلانیەتە فاشیزمی سەرمایەداری دروستکرد.

## ئەنجامی بەشی پێنجەم

فرانكفۆرتییەكان ڕۆڵی كاریگەریان بینی لە نوێكردنەوەی بۆچوون و تیۆرەكانی (ماركس)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەیەكی قووڵیان لێگرت پێیان وابوو (ماركس) پێشبینی و جیهانبینی بۆ داهاتوو كورتخایەن و هەڵەی گەورەی تێدابوو، بۆیە توێژەر شەنوكەوی زۆربەی تیۆردانەرانی فرانكفۆرتیەكانی كردوگەیشتە ئەو ئەنجامەی كە هێشتا ئەقلانیەت و سەرمایەداریی مۆدێرنە بەرپرسن لە نامۆبوونی بەشێكی زۆری تاكەكانی كۆمەڵگاو نەهامەتییەكانی، چونكە ئەو پرۆژەیە نەبوە هۆی كۆتایی هێنان بە نایەكسانی و هێنانەدی بەختەوەری بۆ مرۆڤ.

فرانكفۆرتییەكان كۆمەڵێك كۆمەڵناسی چالاك و بوێر بوون و بەگرتنەبەری میتۆدۆلۆژیایەكی زانستی بۆشیكردنەوەی دیاردە كۆمەڵایەتیی و هونەری و دەروونیەكان وردوخاشی كۆمەڵگای سەرمایەداریان كرد، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی كە فرانكفۆرتیەكان سەرباری ئەو ڕەخنانەی كە ئاراستەیانكراوە، بەڵام ئەوان توانیان زانستیانە و بابەتیانە دیاردە تازەكانی سەرمایەداری هەڵسەنگێنن، چونكە تیۆری كۆمەڵایەتی لای ئەوان

کارکردن بوو لەسەر پێداویستیەکانی مرۆڤ و نەهامەتیەکانی و دواتر بۆگەشەکردن و پەرەسەندنی ژیانی مررۆڤەکان، چونکە لەبنەمادا بۆ ئەوە دروستبوون تاکو دەسنیشانی کێشەکانی مرۆڤ بکەن بەشێوەی ئیمپێریکەڵ دووبارە مارکسیەت بخەنە تای تەرازووەوە بەو مانایەی کە تێوری کۆمەڵایەتی لای ئەوان خەباتکردنە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بەیەکانگیرکردنی هەردوو لایەنی تێورو پراکتیکەوە.

تویێژەر بەپێی وەرگرتنی مێتۆدۆلۆژیای کارکردنی فرانکفۆرتیەکانەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە مۆدێرنە چەندە پڕۆژەیەکی ئەرێنی بوو بۆ مرۆڤ دوو هێندە کاریگەری نەرێنی کردە سەرکومەڵگا، لێکەوتەی خراپی هەبوو بەسەر هەموو دنیا لەڕێگای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئەقڵ و بەمادیکردنی مرۆڤ و بەکالاکردن و بازرگانی کردنی هونەر و لاوازبوونی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و شوێنگرەوەی ئامرازەکانی ئەقلانیەت لەم بارەیەوە لەسەر ئاستی جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوری مرۆڤی توشی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی کردەوە.

# بەشی شەشەم
# سۆسیۆلۆژیای پۆست مۆدێرنە

پۆست مۆدێرنەش خاوەن چەندیین دیدو ڕوانگەی جیاجیایە و هەر یەکەو بەپێی توێژینەوەو ئەزموونەکانی خۆیەوە پێناسی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتی و هونەری و کولتوریە دەکات. پۆست مۆدێرنە ئاماژەیە بە تێکشاندنی پڕۆژەی مۆدێرنە بەمانایەکی دیکە ئەو پڕۆژەیە بەرەنجامی شکستی مۆدێرنە بوو لە فەراهەمکردنی ئەو دیدگاو بۆچوونە فیکریانەی کە بانگەشەی بۆ دەکرد، وەک ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون و یەکسانی و ئەقلانیەت و هتد... دوای مۆدێرنە لەدنیای کۆمەڵناسیدا، سەردەمێکی تازەی مێژوویيە و گۆڕانێکی بنەرەتییە لە دیدو تێڕوانینی کۆمەڵگا و کولتورەکەی هێندێک دیکە پێیان وایە پۆست مۆدێرنە وەک میتۆدۆلۆژیاو ڕێبازی کارکردنی بە کۆمەڵناسی ئەدەبی و هونەری پەیوەستە. بۆنموونە (سکۆت لاش)لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەژێر ناوی سۆسیۆلۆژیای پۆست مۆدێرنە پێی وایە کە ئەو چەمکە زیاتر کولتوری هونەرییە یان زیاتر مۆدێلێکی کولتورییە بووەتە وشەیەکی باو (lash scott,1990,p1بەهەرحاڵ من لەم بەشەی توێژینەوەکەدا کار

لەسەر پۆست مۆدێرنە دەکەم لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە هەروەها کارلەسەر کولتوری بەرخۆری دەکەم وەک خەسڵەتی دیاری پۆست مۆدێرنە بەگشتی ئەو بەشەیان تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی ئایا پەیوەندی نێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە چیە یان خەسڵە ت و تایبەتمەندی هەریەکەیان چییە؟ ئایا پۆست مۆدێرنە درێژەپێدەری مۆدێرنەیە یان کارکردنی هەریەکەیان سەربەخۆیە؟ هەوڵدەدەم میتۆدۆلۆژیای چەند سۆسیۆلۆژیستێک وەرگرم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو تەمومژەی کەلە چەمکی پۆست مۆدێرنە دروست بووە. هەروەها قسە لەسەر مەترسیەکانی کۆمەڵگاکان دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا باسی کایەی هونەری لەنێوان هەردوو ئاراستەی مۆدێنەو پۆست مۆدێرنەدا لەکوردستان لەگەڵ ئەنجامەکان دەکەم.

## پۆست مۆدێرنە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە

چەمکی پۆست مۆدێرنە لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە کار لەسەر پڕۆسەی لێک هەڵوەشانەوەی جیاوازییەکان و دەق ئاوێزان و بەرخۆری کولتوری دەکات. لە ناو گشت ڕەهەندەکانی کولتور ئەو بەرخۆرییە ڕەنگدەداتەوە لەکاتێکدا پەرەسەندن و نەشونماکردنی پڕۆسەی مۆدێرنە تایبەت بوو بە دەرکەوتنی جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگاوە بەمانایەکی دیکە دەرکەوتنی ڕووبەڕووی ئەو سنورو جیاکارییەی کە دروست بوو، لەمیانەی جۆرێک لە تەموومژیی و نادیاریەوە پێک هات بۆ نموونە سنوری نێوان کولتوری بەرزو کولتوری نزم یان راستی و نمایندەی راستی (تەلەفزیون و فیلم و تابلۆ و ئەدەب) یان لەنێوان سیاسەت و ڕیکلامکردنی بازرگانی، ژیانی ئابوری و کولتور،

بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی، هۆشمەندی مرۆڤایەتی و شتە دروستکراوەکان یان فیکری ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا. (dodd, nigel, 1999, p 131)

پێویستە ئاماژە بە گفتۆگۆی کۆمەڵناسە هاوچەرخەکانی پۆست مۆدێرنە بکەین. لەنێویشیاندا (دانیال بێل) کۆمەڵناسی دیاری بەڕەگەز ئەمریکی ئەو بایەخی بە پێشڤەچوونی ئەو پرسەدا لە دووتوێی توێژینەوەیەکدا بەناوی (کۆمەڵگای دوای پیشەسازی) کە ڕەگو ڕیشەو ئەدگارەکانی پۆست مۆدێرنەی تێدایە، نوسەری ئەو کتێبە ئاماژە بە دژبەریی کولتووری دەکات لەناو سەرمایەداری سەنتەری ماریفەو زانیاریەکان لەنێو کۆمەڵگای دوای پیشەسازی (برایان تێرنەر) پێی وایە ئەو توێژینەوەیە توخمێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی کۆڵەگە سەرەکیەکانی تیۆری پۆست مۆدێرنە.(turner, bryan,1990 ,p2)

(بێل) پێی وایە بیرۆکەی ئایدۆلوژیا وەڕسبووە وەک ڕێکخستنێک بۆژیانی سیاسی، تێرمی کۆمەڵگای دوای پیشەسازی هەنووکە بووەتە چەمکێکی باو ئەو چەمکە ئاماژەیە بەو زنجیرە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخانەی کەلە شێوەی گەورە (ماکرۆ) لەسەرەتای سالانی ١٩٥٠ ڕوویانداوە، یەکێک لەو گۆڕانکارییە گرنگانە پووکانەوەی ئایدۆلۆژیای مارکسیەتە بێل ناوی لێدەنێت دووبارە بیناکردنەوەی پیکهاتەی تەکنیکی ئابوری. پێی وایەکۆمەڵگای دوای پیشەسازی دەبێتە تیۆرێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چونکە لای ئەو کۆمەڵگا لەلایەن بیرمەندان

ودەستەبژێری تەکنیکیەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت، بۆیەکۆمەڵگا هەڵدەکات  خۆی لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا دەگونجێنێت.
جیاوازی خەسڵەت و تایبەتمەندی هەرسێ جۆری پیشەسازی لەدیدگای( بێل)بریتیین لەمانەی خوارەوە
کۆمەڵگای پێش پیشەسازی: چالاکییە ئابورییەکان بەپێی داب و نەریتەکانەوە بوو واتە گەمەکردن بوو دژی سروشت، سێنتەری کارکردنی تایبەت بوە بە دەرهێنانی سەرچاوەی ژینگەی سروشتی وەک ڕاوە ماسی و کانزاکان و دارستان و هتد ئەم جۆرە ئابوریە وەک باسمانکرد لە دیدی بێلەوە  جیاوازبوو لەڕێگای نەریتەکانەوە بەجێدەهێنرا ئاستی چالاکییە ئابورییەکان لەم بەشەدا بەپێی وەرزەکان گۆڕانی بەسەردادەهات.
کۆمەڵگای پیشەسازی: گەمەی ئەم جۆرەیان(بێل)ناوی لێدەنێت گەمەی هەڵبەستراو دژی سروشت سێنتەری کارکردنی بریتیبوە لە پەیوەندیی ماشێنی مرۆڤەکان تێیدا کاری لەسەر گواستنەوەی وزەی سروشتی بۆ نێو ژینگەی تەکنەڵۆژی دەکرد، چالاکییە ئابوریەکانی جەختکردنەوە لەسەر کارگەو کەرەستەبوو، بەڕای (بێل) گرنگترین کێشەی  کۆمەڵایەتی ئەو جۆرە تایبەت بوە بە سیستمی پلەبەندی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە سیستمەکە پشتی بە جیاکاری خاوەنداریێتی سەرمایە دەبەست ئەمەش لای خۆیەوە دەبووە ململانێیەکی پیشەسازی و چینایەتی.
کۆمەڵگای دوای پیشەسازی: ئەم جۆرەیان بریتیە لە گەمەکردن لەنێو مرۆڤەکاندا، چونکە زرنگی و بیرۆکەی تەکنەلۆژی پشت بە زانیاریەکان دەبەستێ هاوشان لەگەڵ تەکنەلۆژیای ماشییندا.

کۆمەڵگای پیشەسازی لای (بێیل)کار لەسەر سێ سێکتەری پیشەسازی دەکات.
پیشەسازی سێیینە کاری گواستنەوە و خزمەتگوزارییەکان، پیشەسازی چوارییینە کاری بازرگانی و پارەدارکردن و ئاڵوگۆڕی سەرمایەیە ، ئەوی دیکەیان کاری تەندروستی و پەروەردەو فێرکردن و توێژینەوەو خۆشگوزەرانییە. , (waters Malcolm , 1996, p109).

یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی لای ئەو کۆمەڵناسە ئەوەیە کە زۆربەی هێزی کار چیدیکە بەشداری کشتوکاڵ و کارگە ناکات، بەڵکوکاری خزمەتگوزارییە لەناو پەروەردەو تەندروستی و گواستنەوە و گەیاندن و خۆشگوزەرانی و بەسەربردنی کاتی بەتاڵ و توێژینەوەو حکومەت. لێرەدا شوێنگە situs لای ئەو کۆمەڵناسە بە ستونی سەرەکی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دادەنرێت کە پێچەوانەی جۆری ئاسۆیی چین و پێگەیە. ململانێی کۆمەڵگاو مروڤەکان لای بیل لەسەر شوێنگەیە نەک چینەکان وەزیفەی ئەو شوێنگانەش لە چوار ئاستدایە وەک (زانستی، تەکنۆلۆژی ، فەرمانگەکان، کولتور).
گەشەکردن و برەوسەندنی مەعریفە ی کۆمەڵایەتی لای (بێل)هاوکاتە لەگەڵ دیموکراتیزەکردنی خوێندن و پەروەردەوە، پلەبەندی stratification لای( بێل) دوو شێوەیە: یەکیان بنەمای سەرەکی پلەبەندی لە کۆمەڵگای دوای پیشەسازی،

گۆرانکارییە لە خاوەندارێتی بۆ مەعریفە یان لە چینەوە بۆ پێگە کەواتە مەعریفەی چینەکان بوونەتە گەورەترین پێگەی گرووپەکان لەکۆمەڵگادا. دووەم: ڕەهەندێکی یەکتر بڕو پچڕ پچڕی هەیە سەبارەت بە نایەکسانی و نادادی کۆمەڵایەتی، ناتوانیین بڵێین دابەشکاریەکی تەواو هەیە، چونکە شێوەی بڕیاردان بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاتنی کۆمەڵگای پیشەسازی دەگۆڕێت. کۆمەڵگای پیشەسازی بەپێی بازاڕ ڕێک خرابوو بژاردەی جیاوازی مرۆڤەکان بەپێی دەست مایەی مرۆڤەکان دیاریدەکرا، بەلام لەکۆمەڵگای دوای پیشەسازی بەدیهێنانی ئەم بریارە کۆمەلایەتیە هاوشانە لەگەڵ پلانی گەشەی داهاتوو. (ibid 119

یەکێک لەو ڕەخنانەی کە(بێل) ئاراستەی پڕۆژەی مۆدێرنیتی کردوە لەکتێبی دژبەریی کولتور ئاماژەی بۆکردوە کە مرۆڤی تووشی نامۆبوونی خود کردوە. مرۆڤایەتی توشی دوالیزمی بووە لەنێوان هەبوونی خودی بنەرەتی و سەپاندنی خودی کۆمەلایەتیدا بۆیە دڵەراوکێی تاک لە دنیای مۆدێرنەدا شوێنی ئاکار و بالابوونی ئیتیکی گرتەوە.p 13

هەروەها گۆڕانی تاکایەتی بەشێوەی ڕادیکاڵ لە بواری ئابوری بووەتە هۆی لە ناوبردنی فۆرمی کلاسیکی پەیوەندییەکۆمەلایەتییەکان و نەمانی بەهای ئاینی. turner bryan , 1990,p57)

جگەلە (دانیال بێل) هەمان ناونیشانی کتێب لەلایەن کۆمەڵناسی دیاری فەرەنسی( ئالان تۆرێن) بلاو بۆتەوە بەلام بەدوو ئاراستەی جیاوازی کارکردن لە بواری پۆست مۆدێرنەدا،

هەوڵدەدەم دیدیگای جیاوازی هەریەکەیان لەبارەی ئەو پرسە بخەمە ڕوو.

(ئالان تۆرێن)لە کتێبەکەییدا ئاماژە بە سەرهەڵدانی جۆرێکی دیکەی کۆمەڵگا دەکات بەناوی (دوای پیشەسازی)کە جیاوازە لەکۆمەڵگای پیشەسازی، چونکە لەڕوانگەی ئەوتوێژەرە کۆمەڵگای پیشەسازی بە تەکنۆکراتی و ئابوریەکی رێکخرروا وەسف دەکرا. تێیدا هەژموونی هێزو دەسەلاتی تێدابوو کاریان لەسەر ڕێبازی بەرهەمهێنان دەکرد. هەموو ئەو جۆرە ناساندنانە لای (تۆرێن) ڕاستیەکی مێژووگەراییە، لەجیهاندا نواندنی خۆی دەکات، قسەکردن لەسەر جەماوەری کۆمەڵگاو یان گۆڕانی خێرای کۆمەڵگاکان، بەڕای (تۆرێن) ئێستا ئەو دەستکەوتانەی کە کۆمەڵگاکان بەدەستیان هێناوە گەورەترە لە میراتگری تراديشنەکان، نواندنی بژاردەکانییان زۆر جیاوازترە لە هەڵبژاردەی ئێمە. شێوەی تازەی هەژموونی کۆمەڵایەتی لای ئەو کۆمەڵناسە خۆی لەم چەند تایبەتمەندییە دەبینێتەوە:

-یەکانگیری کۆمەڵایەتی

پڕۆسەی بەرهەمهێنان، ستایلی ژیان دەسەپێنێت کە هاوشانە لەگەڵ ئامانج و خواستی دەسەلاتەوە ئەمەش وا لە تاک دەکات لەژێر فشاردا بێت بۆئەوەی بەشدار بێت نەک تەنیا بۆ کارەکەی، بەڵکو هاوکات لەگەڵ بەکارهێنان و پەروەردەدا لەنێو سیستمی رێکخستنی کۆمەڵایەتییدا.

-گەمەی کولتوری

مەرجی گەشەکردن لای (تۆرێن) تەنیا لەنێو کایە بەرهەم هێناوە کورت ناکرێتەوە، بەڵکو پێویستە کۆنترۆڵی پێداویستی و هەڵوێست و ئاراستەکان بکرێت. پەروەردە لای ئەو سۆسیۆلۆجیستە چیدیکە بەدەست خێزانەوە نەمایە تەنانەت قوتابخانەش ئێستا ژینگەو ڕەوشێکی ئێجگار سەربەخۆییە.

-دەستدرێژیەکانی سیاسەت

کۆمەڵگا لای (تۆرێن) لەئێستادا تێکچڕژاو و ئاڵۆزو فرە ئەگێنتی جیاوازە لەلایەن ڕێکخسنێکی ساسی و ئابورییەکی گەورەوە دەستی بەسەرداگیراوە، زیاتر لەجاران بەشێوەی توندوتۆڵ لەڕووی سیاسیەوە دەسەلاتی سەپاندوە. touraine ,alain ). p7)زۆرێک لە کۆمەڵناس و فەیلەسوفان کاریان لەسەر پۆست مۆدێرنە کردووە، بۆیە ئەو چەمکەش هاوشێوەی مۆدێرنیتە ئالۆزو فرە ئاراستەیە هەریەکەو لە ڕوانگەی قوتابخانەی هزری خۆیەوە سەیری کردوە. هێندێکیان گرێی دەدەن بە هونەرو ئیستاتیکاوە هەندێکی دیکەیان پەیوەستی دەکەن بە کایەی سیاسەتەوە. هەندێکی دیکە پێیان وایە ڕووانینێکی دوورتری مۆدێرنەیە لەوانە هابرماس و تۆرێن و چەندین بیرمەندی دیکە قسەیەکی باوی هابرماس هەیە. دەڵێی:(مۆدێرنە پرۆژەیەکی تەواو نەبووە) وەک ئاماژەیەک بۆ درێژەپێدانی بیرۆکەی مۆدێرنە هەروەها(پیتەر وەیگنەر) وای دەبینی مۆدێرنە تەنیا یەک جۆری کۆتایی هاتوە ئەویش ڕێکخستنەکەیەتی، (تۆرێن) ئاماژە بەوە دەکات کە پۆست مۆدێرنە شکستی هێناوە لەچارەکردنی کێشەکان پێی وایە بەشێوەی پەرگیری نواندنی مۆدێرنەی لە جیهاندا تێکشکاند، جیاکاری وەزیفی لەنێوان کایەکانی ژیانی

کۆمەڵایەتی و هونەری و ئابوری سیاسی نەهێشت پێی وایەکە هەژموون بەسەر هەموویان دەکات بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی ئەقڵەوە. پۆست مۆدێرنە نەهێشتنی جیاوازیەکانە لەنێو ئەو جیاوازیانەی کە لەنێو سیستمی کۆمەڵایەتی هەن. ترسی (تۆرێن) لە پۆست مۆدێرنە پەیوەندی بە گروپی ڕادیکاڵ و دەسەڵاتەوە هەیە، چونکە کۆمەڵگای تۆتالیتی لە کولتوری تۆتالیتی دوورکەوتۆتەوە، بۆیە بەڕای (تۆرێن) تاکە چارەسەری ئەو کێشانە گەڕانەوەیە بۆدیموکراسیەتی ڕاستەقینە کە لە ئەکتیفی هاوڵاتیەوە سەرچاوە بگرێ. بۆ ئەوەی توانای بەدەستهێنانی یەکبوونی هەبێت. دۆخی پۆست مۆدێرنە لای(تۆرێن) لەزۆر ڕێگادا ڕەنگدانەوەی قەیرانی مۆدێرنەیە. بەڕای ئەلتەرناتیفێکی بەس نییە ئەوە لەکاتێکدا (تۆرێن) پێی وابوو بەرەنجامی مۆدێرنە دیالۆگی کراوە و بەردەوامە لەنێوان خودو ئەقڵدا ئەمەش گرنگە بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی ئەو پارچە پارچەکردن و دابڕانەی کە لە دنیای پۆست مۆدێرنەدا بوونی هەیە، چونکە لای ئەو کۆمەڵگا چیدیکە کۆمەڵێک دامەزراوە نییە خاوەن ئیرادەیەکی سەروەری بێت، بەڵکو پڕییەتی لە ململانێی لەنێوان نێوەندگیری و گفتۆگۆدا لەنێوان خودگەرایی و ئەقلانیەتدا، ئەمەش ڕووی تەواوکاری و دژبەریی مۆدێرنەیە. (gerard , delanty,2000, p112)

(تۆرێن) پێمان دەڵێت لەسەردەمی دوای پیشەسازییدا چینێکی خاوەن مەعریفە سەرهەڵدەدات توانای داهێنانیان هەیە یان بەمانایەکی دیکە ئەو چینە هەڵگری هێزێکی تایبەتن وەک کەرتی

کرێکـارانی گشـتی و بزووتنـەوەی قوتابیـان ئەمانـە مـەزنترین ڕێکخسـتنی بەرهـەمهێنانیان هەیـە هـەروەها لـەدوای پیشەسـازی سەرچاوەی سەرەکی تەنگژەو ململانێکانن.

ئەگـەرچی تیرۆوانیینـی هەریـەک لـە دوو کۆمەڵناسـە بۆکۆمـەڵگای دوای پیشەسازی جیاوازبوو هەریەکەیان توێژینەوەکانیان تایبەت بـوە بـە دوو کولتـوری جیـاوە، کولتـوری فەرەنسـی و ئـەمریکی بەڵام هەدووکیان کۆکن لەسەر ئەوەی ئێستا سەردەمێکی دیکەیـە دامــەزراوەی دیکــەی ســەرمایەداری چووەتــە نێــو پەیوەندیــە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆی لە ئابورییەکی زەبەلاحی سەرمایەداری و بـەرخۆری کۆمەڵایـەتی دەدۆزێتـەوە مرۆڤـی توشـی کۆمـەڵێک قەیران کردۆتەوە.

یەکێکی دیکە لەو کۆمەڵناسانەی زۆربەی کارەکانی تەرخانکردوە بـۆ پۆسـت مۆدێرنـەو دۆخـی کۆمەڵایـەتی ئێسـتای کۆمـەڵگای بەرخۆری ئەویش (زیگمۆن باومانە)کە لەم بەشەدا توێژەر کـاری لەسەر کردوە بە بەکارهێنانی تێکستەکانی نوسەرو شیکاری ورد بـە پشـت بەسـتن بـە کۆمـەڵێک سـەرچاوەی زانسـتی بـواری ئەکادیمی. بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی پۆست مۆدێرنـە پێویسـتە لـە سۆسـیۆلۆژیای باومـان تێبگـەین کـە میتۆدۆلۆژیـای کـارکردنی بریتی بوو لـە شـیکردنەوە و وەسـفرکردنی کۆمـەڵگا بـە شـێوەی میتافۆر.

یـەکێک لـە ئامانجـەکانی نوسـینی ئـەم بەشـەی تایبـەت بـە(زیگمۆن باومـــان) دۆزینـــەوەو ســـادەیی کردنـــی بۆچوونـــەکانی ئـــەو لەســـەرکۆی کۆمـــەلگا، هـــەروەها مەبەســـتێکی تـــری ئـــەو باســـە ئاشنابونی خوێنەرانی بـواری کۆمەڵناسـیە بـە بیرمەنـدێکی تـازەی

دونیای پۆست مۆدێرنە، لێرەدا دەمەوێ بەسود وەرگرتن لە تێکستەکانی ئەو بیرمەندەی پۆست مۆدێرنیستە شەنوکەویی چەمک و تێگەو تیۆرەکانی بکەم.

(زیگمۆن باومان) ناوێکی دیاری کۆمەڵناسیە، ئەو کۆمەڵێک بیرۆکەی تیۆری تازەی خستە سەر تیۆرو و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، لە دونیای تازەگەری و دوای تازەگەریدا، ئەگەرچی باومان بە سۆسیۆلۆجستی دوای مۆدێرنەو تازەگەری دەناسرێ، بەڵام شوێن پەنجەی تیۆرەکانی لەدونیای تازەگەری مۆدێرنەشدا دیارە.

باومان لەساڵی ١٩٢٥ لە وڵاتی پۆڵەندا لەدایک بوە، بەڵام لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا پەروەردەبووە (باومان) بەشداری شەڕی کردوە لە دژی ئەڵمانیای نازیدا لەڕیزی سوپای سوردا لەشەڕی دوهەمی جیهانیدا، هەروەک باومان لەساڵی ١٩٦٨لە پۆلەندەوە کۆچی کردوە بۆ ئەوروپا دواتر چالاکیە زانستیەکانی دەست پێکردوە.

زۆرترین بەرهەمی لە دوای خانەنشینکرنییەوە بڵاوکردوە وەک مۆدێرنەو هۆلۆکۆست، مۆدیرنەو دژەکانی، ئازادی، پۆست مۆدێرنەو نیگەرانیەکانی، ژیانی بەرخۆری، بیرکرنەوەی کۆمەڵناسیانە، هەژاری، ترس، کەلتورو کۆمەڵگا، جیهانگیری، ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵناسی و تاک و کۆمەڵگا، چەندین وتارو لێکۆلێنەوە وکتێبی تر باومان ئێستا لەژیاندا نەماوە لەساڵی ٢٠١٧کۆچی دوایی کردوە.

ئەگەرچی (باومان) کاریگەری مارکسی بەسەر کارەکانیەوە دیارە لەگـەل ئەوەشـدا ڕەخنـەگرێکی قـووڵی تیـۆری مارکسـیش بـوو هاوشێوەی فرانکفۆرتیەکان لە زۆر شوێندا ڕەخنەکانی ئاراستەی مارکسـیەت و کۆمـۆنیزم و سۆشیالیسـتی کـردوە، زۆرێـک لـە نوسـەرانی بـواری کۆمەڵناسـی پێیـان وایـە کـە کارەکـانی باومـان زۆر قورسـن و تێگەیشـتنی ئاسـان نیـە و ئـاڵوزو فرەڕەهەنـدە بۆ نموونـە نوسـەریکی وەک (دینـیس سـمیس) پێـی وایەکـە باومـان سـەختریین کۆمەڵناسـە، چونکـە ئـەو بەتـەنها کۆمـەڵناس نـەبوو بەڵکو فەیلەسوف و گێڕەڕەوەی چیرۆک و حیکایەت خوانە.
کارەکانی ئەو سۆسیۆلۆژیستە زیاتر بایەخدانە بەوشتانەی کە لـە جیهـان دەگـوزەرێ یـان ئـەوەی کـە ژن و پیـاو ئـەنجامی دەدات، نــەوەک گرنگــی دان بــە هەنــدێ چــەمکی ئەبســتراکتی وەک مرۆڤایـەتی و مـرۆڤ بەمانایـەکی تـر ئـیش کردنـی ئەولەسـەر ئـەزمونی ژیـانی مرۆڤـە لـەژیانی ڕۆژانەیـدا، واتـا ژیـانی حـەقیقی مرۆڤـەکان، هـەروەک یـەکێک لـە کارەکـانی (باومـان) کەشـفکردنی جیاوازیەکانی نێوان تازەگەری و دوای تازەگەری بوو وەک دوو دۆخی بوون لە چوارچێوەی ئەقل و ڕێگای لێکۆڵینەوەی جیهان و بـۆ نموونــە هەریــەک لــە مــرۆڤ و کۆمــەڵ و گرووپــەکان وکەلتورەکان دەشـێ هـەردوکیان لەهەمانکاتـدا مۆدێرن و پۆسـت مـۆدێرن بـن. لێـرەدا بـەپێی بۆچونـەکانی (زیگمـۆن باومـان) سۆسـیۆلۆژیا دێـت و یارمـەتی ژیـانی سـادەی مروڤـەکان دەدات وەک من و تۆ بەمەبەستی سـەیرکردنی لەمیانـەی ئەزمونـەکانمان یان دەرخستنی ئاراستەیەکی باوی ژیان کە دەکرێ بەرێگای جیا جیا شـی بکرێتـەوە هـەروەک سوسـیۆلۆژیا ئـەوە دەخاتـەڕو، کـە

شتەکان زۆر جیاوازن لەگەڵ یەکتر هەروەها باومان بایەخی دا بە دۆزینەوەی ئەوەی چۆن چیرۆکی ژیانی مرۆڤەکان بەهۆی پێکهاتەو هێزە کۆمەڵایەتیەکانەوە دیاری دەکرێ، بەتایبەتی چۆن ژن و پیاو بەرەو ڕووی یەکتر دێن لەگەڵ ئەو جۆرە ژیانە دژبویەی، کە بەتەواوی لە پشت بریارە کەسیەکانیانەوەیە، چونکە ژیانی مرۆڤایەتی لای باومان بریتیە لە کۆمپانیایەک هەریەکە لە ئێمە لەگەڵ ئەوانی تر دەژین لەنێو پرۆسەیەکی نائاسایی کە باومان ناوی لێناوە نادیاری مەعریفی یان ناوەخن کە دەتوانێ کارمان لە گەڵ پیاوانی خاوەن کار بۆدەستەبەر بکات.

## مۆدێرنەو هۆلۆکۆست

یەکێک لەکارە جوانەکانی ئەو سۆسیۆلۆژیستە نوسینی کتێبی مۆدیرنەو هۆلۆکۆستە، دیارە (باومان) بەڕەگەز جولەکەبوو، بەڵام لەو کتێبەدا تەفسیرێکی کۆمەڵناسیانەی تازەی بەگوێی خوێنەردا، سەبارەت بە پاکتاوکردنی جولەکەکان لەشەڕی دوەمی جیهانیدا. پوختەی نوسینی ئەو کتێبە ئەوەیە کە (باومان) پێی وایە ئەو دیاردەی قڕکردنە ئەوپەری هیچی و هێرشی مۆدیرنە نیشان دەدات. قێزەونترین تاوان بوو بەرانبەر بێتاوانەکان ئەنجامدرا. ئەو بارودۆخەی دونیای ئەقلانیەتی مۆدیرنە سەلماندی کە خراپترین شێوەی ئەقلانیەتە دژی مرۆڤایەتی، ئەگەرچی ئەو باوەری بەوەبوو کرانەوەی دونیای ئەقلانیەت و دیموکراسی

فەزای ئازادی لەنێو کۆمەڵدا دروستدەکات، بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئەقلانیەت ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە سەنترالیزمی سیاسیەوە. (باومان) لە شوێنێکدا ئاماژە بەوەدەکات هیچ کام لەسیستمی سەرمایەداری و سۆسیالیستی نەیانتوانی ڕەگوڕیشەی ئازارو نیگەرانیەکانی کۆمەڵگا شی بکەنەوە. (باومان) هۆڵوکۆست بەڕەمزی چەوسانەوەو ئازاری دونیا دەناسێنێت. هەروەها ئاماژە بەوەدەکات هۆڵوکۆست دەرگای ئەوەی کردەوە بەڕووی کۆمەڵناسیدا شی کردنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە بکەین لەجیهاندا پاش ئەو ڕووداوە قێزەونە. هۆڵوکۆست پەنجەرەیەک بوو دەشێ لەڕێگای ئەو پەنجەرەیەوە کەسێک بتوانێ دەست بۆ کۆمەڵێک شتی نەبینراو بەرێت. یەکێک لەوشتانە ی، کەمرۆڤ دەیبینێ وەک باومان دەڵێ ئیجگار گرنگە نەک تەنها بۆ شاهێدو قوربانیەکان بەڵکو بۆ هەموو ئەوکەسانەی کەئێستا لەژیان ماون یا خۆزگە دەخوازن بژین. دیارە هۆڵوکۆست و هاوشێوەی ئەو دیاردەیە لای (باومان) کۆتایی نەهاتوە و دەشێ ڕووبداتەوە وەک لە کتێبەکانی ئاماژەی بۆکردوە.

(باومان) هەوڵیدا پەیوەندی بەتین دروست بکات لە نێوان ئەزمونی جولەکە لە دونیای مۆدێرنە وئەزمونی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی ئەو بینی کە جولەکەکانی ئەوروپا بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا ڕوڵی کاریگەرو پیشەنگیان هەیە. لەو ڕوانگەیەوە ئەوان خاوەنی ئەزمونیکێ تازەبوون پێش ئەوانی تر جولەکەکان پێشەنگبوون، چی لەدونیای مۆدیرنەو دوای مۆدیرنەدا.

ئەو لەکتێبەکەی کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنیت وەک بۆچی هۆلۆکۆست وەک ئەگەریک ڕوویدا؟بۆچی ڕێگری لێنەکرا؟ بۆچی

قوربانی سەرەکی نەتەوەی جولەکەبوون؟ (bauman , zygmunt , 1989ئێمە هەوڵدەدەین لەم لێکۆڵینەوەدا بەکورتی ئاماژە بەوەڵامی( باومان) بکەین لەم بارەیەوە.

کوشتنی جولەکەکان لای (باومان) بەشێوەیەکی ڕێکخراوبوو، لەبەرئەوەی ئەخلاقی بوونی مرۆڤەکان بەشێوەی ڕێکخراو سەرکووت دەکرا لەلایەن کۆمەڵگای مۆدێرنەوە، شارستانیەتی مۆدیرن تەنها مەرجێکی کافی نەبوو بۆ هۆلۆکۆست، بەڵکو ئەقلانیەتی شارستانی مۆدێرن بیرکردنەوە لە هۆلۆکۆستی دروست کرد. کوشتنی بەکۆمەڵی جولەکە لەلایەن نازیەکانەوە، تەنها دەردەستکراوێکی تەکنەلۆژی نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەکۆمەلگای بیرۆکراسی دروستبوو. (باومان) ڕەفزی ئەو بۆچونەی کرد کە بەرەنجامی تەقینەوەی نازیەکانە لەدژی سامیزم، چونکە ئەو بزووتنەوەیە ڕیشەی لەنێو پێش مۆدێرنەبوو. هەروەها ئەو پێی وایە سەرەڕای پەرت و بڵاویی و دابڕانی جولەکەکان لەیەکتر لەنێو وڵاتانی جیاجیای ئەورووپا پەروەردەبوون، بەڵام لەگەل هەموو ئەوانەشدا دابڕاویی و دورەپەرێزبوونیان لەگەل یەکتر پاراست. bauma zygmunt, (1999, p123-127

لەسەرەتای قۆناغی مۆدێرنیتەدا نەتەوەی جولەکە فێری ئەوەبوو چۆن خۆی ڕێکبخات و لەگەل گۆڕانکاریەکان هەڵبکات. بەوشێوەیە لەنێو کۆمەڵگا ئایدۆلۆژیایەکی یەکانگیریان پێک هێنا و ڕەسمی جیاوازی گروپەکانیان کرد باشترین توانای وەزیفیان بەکارهێنا بۆیە ئەوان لای نازیەکان مەترسیان دروستکرد وەک

ئاماژەمان بۆکرد لەگەل دەرکەوتنی مۆدێرنە جولەکەکان توانیان پەیوەندی بەهێز دورست بکەن.

## سۆسیۆلۆژیا لای باومان

سۆسیۆلۆژیا چی یە؟چۆن لە وانی دیکە جیا دەکرێتەوە؟بەوە جیادەکرییتەوە کە جەخت لە کردوەی هەنووکەیی دەکات. ئەو کردەوانەی، لەکۆمەڵگادا هەن،کردەوە ئەو شتانەیەکە تاک ئەنجامی دەدات بەشێوەیەک لە شێوەکان واتاو مەغزای خۆیان هەیە. سۆسیۆلۆژیا لای (باومان) واسەیری کردەوەی مرۆڤەکان دەکات کە دورەپەرێز نیە، بەڵکو بەشێکە لە تۆڕێکی گشتی نێو مرۆڤایەتی بەشێوەیەک کردەوەکانی ئێمە کاریگەری بەسەر ئەوانی ترەوە هەیە. بۆنمونە وەختێ من بەتەنیام لە ژورەکەی خۆمدا یان کاتێ قسە لەگەڵ خۆم دەکەم ئەوە کردەوەی کۆمەڵایەتی نیە، چونکە کەس بەشدار نیە لەگەڵم، بەڵام من کاتێ قسە بۆ گروپێک دەکەم لەشێوەی سمینارێک ئەوە کردەیەکی کۆمەڵایەتیە، چونکە بووەتە بەشێک لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بۆیە شتەکان دەبنە کۆمەڵایەتی.

(باومان) لە کتێبی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسیانە دەڵێ (هێشتا کۆمەڵناسی وەک زۆربەی کایەکانی دیکەخاوەنی تێڕوانینی خۆیەتی لەسەر دیاردەکان، هێشتا خاوەنی کۆمەڵێک پرسیارە بۆلێکۆڵینەوە لە کردەوەکانی مرۆڤایەتی هەروەها خاوەن کۆمەڵێک بنەمای شی کردنەوەیە. bauman zygmunt 1990, p7، ئەو پێی وایە دواجار کۆمەڵناس ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و شوێنی خۆی گرت وکاری خۆی دیاریکرد، ئەوە دوای ئەوە هات کە پێشوتر و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ڕۆشنبیران

بوون، لەئێستادا کۆمەڵناس بەشداری ئەو پڕۆسەیە دەکات و کۆمەڵگا شیدەکاتەوە، لەنێوان گەمەی زمان و فۆرمەکانی ژیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵناس دەتوانێ لەوە زیاتر بکات. کۆمەڵناسان دەتوانن گەشە بە کۆمەڵناسی پۆست مۆدیرنە بدەن و کاری لەسەر بکەن لەمیانەی ستراتیژێکی رێکخراو ئاخافتنێکی ئەقلانیدا، بەواتای ئەوەی کە پێویستە کۆمەڵناسان لێکۆڵینەوە بکەن لە سروشتی جیهانگیری و ژیانی بەرخۆری و بێکاری و کلیلی خاسیێتەکانی بە پۆستمۆدێرنەکردن و گوزەرانکردن و ژینگەی پۆست مۆدێرنە. کۆمەڵناسان پێویستە لەگەڵ خەڵکی سادە بن و نزیکبن لێیانەوە، هەروەها پێویستە بەدوو رێگا هاوبەشیان پێبکات: یەکەم گواستنەوەی زانین و ماریفە دوەم ئەزموون وکارامەیی(smith , dennis , 1999, p 81).

پێویستە کۆمەڵناسان هەستی گشتی بۆخەڵک دەستەبەر بکەن هەروەها نەخشەی جیهان و ماریفە کە ئەوەش لای خۆیەوە یارمەتی دەدات لە سەقامگیربوونی ئەقلی مرۆڤەکە بۆ وەرگرتنی بریارو هەڵبژاردنی ئازادیەکانی پێویستە ئیشی کۆمەڵناسی سیستەماتیزەکراو رێکخرا بێت، بەڵام نابێت دورەپەرێزبێت لەو ژیانەی کە لێوە ی پەروەردە بووە و گەشەی کردوە. کاتێک کۆمەڵناس لەکۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە پێویستە ڕازی بێت بەوەی پۆست مۆدێرنە ژیانێکی ناهەموارو ماریفەیەکی گوماناوی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەڵام پێویستە دەست بەرداری مێژوی ڕۆشنگەری نەبێت کە خەونی کۆمەڵگایەکی ئەقلانی هەیە. پێویستە چیتر قسە لەسەر زانستی ڕێساو یاسا کۆمەڵایەتیەکان نەکات لەجیاتی ئەوە

پێویسته قسه لەسەر بەها مرۆڤایەتیەکان و ئامانجەکانی بکات. پێویسته کۆمەڵناس زانیاری تەواو بداته ژنان و پیاوان یارماتیان بدات بۆ تێگەیشتن دوریانخاتەوە لە یادەوەری و خەیاڵی بێبنەما، پێویسته لەسەر کۆمەڵناس دووبارە هاوڵاتی بەئاگا بێنێتەوە لەو ناوەخنیە بەرخۆریەی کە هەیە هەروەک پێویستە مرۆڤ بەئاگابێنێتەوە لەو دۆخە نەخوازراوەی کە کۆمەڵگای بەرخۆری دروستی کردوە لەکاتێکدا مرۆڤ خواستی سەربەخۆیی و سۆلیداریێتی هەیە.(bauman, zygmunt, p11-12)

ئەگەرچی ئەو وەزیفەی کۆمەڵناسی لە دۆخی پۆست مۆدیرنەوە دەبینێت، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات بۆژیانکردن لەگەل خەڵک لەنێو کۆمپانیادا پێویستمان بە مەعریفەی زۆر و هەستی گشتی (کۆمان سێنس) لەژێر نێوی ئەو مەعریفەیەدا هەیە، لێرەدا سۆسیۆلۆژیا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو هەستە باوە یان گشتیە هەیە کە باومان لە زۆر شوێندا ئاماژەی بۆکردوە.

کۆمەڵگا لای(باومان) بەهۆی هەڵبژاردەو ئارەزووی مرۆڤەکانەوە دیاریدەکرێ، چونکە هەموو کۆمەڵێک بژاردە بۆ مرۆڤەکانی دیاریدەکات بۆ ڕێبازی ژیانی ڕەنگە لای پەسەند بێت یان پەسەند نەبێت. هەروەها پێی وایە کەلتوور ئەوشتەیە کە ڕودەدات یان دروست دەکرێ. مرۆڤ خۆی سیستەم و و واتا لەنێو بووندا پێک دەهێنێ، ئەوەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خەڵک هەمیشە ئەوە بەدەست ناهێنێ کە خۆزگەی بۆدەخوازێ. باومان پێی وایە هەریەکە لە مرۆڤ پێویستە چانسێک وەرگرێ بۆ بیرکردنەوە لەمیانەی ئارەزویەکانیەوە یاخود وەک تاکێک لەنێو کۆمەڵگادا هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات.

هەروەها ئەوان پێویستە هانی ئەوە بدرێن بۆ دروستکردنی ئەو پژاردە ئارامە لەژێر ڕۆشنایی ئارەزووەکانیان و بەرپرسیاریەتیان، لێرەدا (کۆمان سێنس) ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە پەروەردەکردن و سنوردانانی مرۆڤەکان.بەپێی بۆچونی باومان کۆمان سێنس یان هەستی باو ئاماژەکردنە بەو بیرۆکەیەی کە هەریەکە لە ئێمە توانای ئەوەمان هەیە بۆ ژیان بژین بۆیە پێویستمان بەوەیە بۆ ئەوەی ژیان بەدەست بهێنین. لێرەدا ئیشی کۆمەڵناسی وەک لەپێشتر ئاماژەمان پێکرد لای باومان بریتیە لە نزیکبوونەوە بەشداریکردن لەژیانی سادەی خەڵک بەهۆی گواستنەوەی ماریفە و توانستی ئەزموون. کۆمەڵناس لای ئەو بیرمەندە دروستکردنی هەستێکی گشتی و ماقووڵە بەتەوای فەراهەم کردنی ئازادیەکانەوە بۆتاک و کۆمەڵ بەشێوەیەکی ڕێکخراو. (زیگمۆن باومان) ئاماژە بەوەدەکات وەختێ کۆمەڵناس لە پۆست مۆدێرنیتە دەکۆڵێتەوە پێویستە ڕازی بێت بەوەی، کە خودی پۆست مۆدێرنە نائارامی لەگەڵ خۆی هێناوەتە نێوکۆمەڵگا لەهەمانکاتدا پێویستە لەسەر کۆمەڵناس ئەوە فەرامۆش نەکات، کە خەونی ڕۆشنگەری بریتیە لە پێگەیشتنی ئەقلانیەت هەروەک پێویستە لەسەر کۆمەڵناس ڕازی بێت بەوەی،کە مێژوو نەبێتە بەشێک لەو، بەواتایەکی تر کۆمەڵناس پێویستە مومارەسەی پیشەیی بوونی خۆی بکات و لەجیاتی ئەوەی قسە لەسەر زانست و یاسا و مێژوو بکات پێویستە بۆ بەهاو ئامانجەکانی ژیانی مرۆڤ خەبات بکات.

(ibid , 165)

**ئازادی لای باومان**

بێگومـان ئـازادی چـەمکێکی تـری باومانـە لـە کتێبـە تیۆریـەکانی ئامـاژەی بـۆکردوە زیـاد لـە جارێـک، بـەڵام (باومـان) بـە دیـدێکی جیاوازترلـەوانی دیکـە دەڕوانێتـە ئـەو پڕۆسـەیە، باومـان ئـازادی تەواو گرێداوە بە کۆمەڵناسیەوە. لێرەدا شیکردنەوەی باومان بۆ ئـــــازادی وەک پڕۆســــــەیەکی کۆمەڵایـــــــەتی زیـــــاتر کۆمەڵناســیانەیە.(باومان) کۆکــە لەگــەڵ ئــەوەی ئــازادی لـــە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیا دەستی پێکرد، بەڵام لـە ئێستا دا ئازادی دۆخێکی تـەواو جیاوازە ئێستا کۆیلـە لـە کۆیلایـەتی ئـازاد بـووە، ئەگـەرچی باومـان پێـی وایـە خـودی گەشـەکردنی ئـەو تێگەیـە لـە ئــەوروپا ســەریهەڵداوە، زیــاتر پەیوەنــدی بــە بڵاوبونــەوەی تاکگــەرایی و ســەرمایەداریەوە هەیــە، واتــە تــاکێتی بەرهــەمی ڕوخـــــــانی تـــــــاک ســــــــەنتەری دەســــــــەڵات بووە.(б а у ма н ,з у г му н т ,c ,14–15).

(باومان) پێی وایە تاک دەشێ هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات بەرانبەر بە کردەوەکانی لەنێو دونیای فرە دەسەڵاتی ئەوروپادا، (باومان) لەلایەک باوەڕی بەوەیە کە خودی سەرمایەداری بووە هـۆی گەشـەکردنی ئـەو پڕۆسـەیە لەلایـەکی تـر پێـی وایـە کـە سـەرمایەداری وەک سـەرەتا پێویسـتی بـە ئـازادی هـەبوو بـۆ پەرەسەندنی. ئازادی تـاڵانکردنی زەویـە کشتوکاڵییەکان، ئازادی جوڵـەی بازرگـانی کردنـی کـڕین و فرۆشـتن لـە ئێسـتادا ئـازادی بازاڕ بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەترۆپک دایە.

باومان لە توێژینەکەیدا (بەناوی ئازادی)بەقووڵی لەسەر چەند تەوەرێک قسەدەکات. سەرەتا دەیەوێ ئەوە بڵێ کە ئازادی بەرمەبناو بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتییە لەزەمەن و شوێنێکی دیاریکراودا ئەو پێچەوانەی(ڕۆسۆ هۆبزو) و زاناکانی دیکە، لەمەڕ ئەو چەمکە بیردەکاتەوە پێی وایە تاکی ئازاد بەپێی قۆناغە جیاجیاکان ژیانی کۆمەڵایەتی دروستکردوە، لێرەدا ئەو ئازادی پەیوەست کرد بەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە، ئەو پێی وایە لەدایک بونی ئازادی گرێدراوە بەجیاوازی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتر سەبارەت بە ماف و ئیمتیازیان کە بەشێکیان لە دۆخێکی باڵا ژیانیان دەگوزەراند بەشەکەی تر لە دۆخێکی نزمدا بوون. لێرەدا باومان بوونی ئازادی لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێتەوە بۆ هاوشێوە نەبونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی.لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگای مۆدێرن پێداویستی مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەرداهات بۆ سەقامگیری کارکردن و کۆنترۆلکردنی ڕەفتاری مرۆڤەکان لەرێگای ڕێگریکردن و پشتگیریکردنەوە لێرەوە بەپێی بۆچوونی ئەو کۆمەڵناسە ململانێکە لەنێوان دواکەوتەیی و سەربەخۆیی خود لەلایەک نێوان ئازادی و ڕێکخستنی ئازادی لەلایەکی ترەوە دەرکەوت. (ئازادی ئەمڕۆم دیاریکراوە بەهۆی ئازادی دوێنێ مەوە). (bauman ,zygmunt , 1990, p23)

ئازادی لای(باومان) لە مۆدێرنەی شلدا پێناسەیەکی دیکەی هەیە پێی وایە ئازادی بەرخۆرییە، ئازادی ژیان و خۆشەویستی بەبێ دەست تێوەردانی کۆمەڵگا، بازدان بە نێو چینە کۆمەڵایەتییەکان و ژێندەرو کولتورو ئاکار بۆ گەران بەدوای بەدیهێنانی شتە

کەسیەکان بەو مانەیە بێت نائاگایی و نەستی گشتی جەماوەر چیدیکە پەیوەندی نامێنێ بە پلە بەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەڵکو بەتوندو تۆڵی و ڕاگیریەوە پەیوەستە بەرهەمهێنانی کۆمەڵی مۆدێرن، بەڵام زیرەکانە ئەو مرۆڤە ئامادەکراوە بۆ بەرخۆری و بەکاربەری تایبەت ئەمە خواستە سەرەکیەکەیە ئەو رەفتارە لەدەرەوەی شار هاوشێوەی ناوەندێکی گەورەی بازاڕی شاری یارییە(blackshaw, tony , 2005, p120).

(باومان) ڕەخنە لە کۆمەڵگای مۆدێرن و بیرمەندانی وەک(ڤیبەر) دەگرێ بەوەی ئازادیان لە دووتوێی ئەقلانیەتدا وەک فاکتەرێک بۆ دڵنیاکردنی سیستەمەکە بەگشتی بەکارهێنا کە هێزی خۆی سەپاندوە ئەو جۆرە ئەقلانیەتە ڕێگا بە هەموو کەس نادات بە دیدی (باومان)ببێتە خاوەنداریێتی ئازادی.(باومان) لە بەشێکی تری لێکۆلینەوەکەی لەبارەی ئازادیەوە ئەوەمان پێدەڵی کە بوونی ئازادی لەهەر کۆمەڵگەیەک واتای ئەوەیە کە مرۆڤ زیاتر هەست بە بەر پرسیاریەتی شتەکان دەکات. دەبێ مرۆڤ ئازادبێت لە بەدواداچوونی ئامانجە تایبەتەکانی. هەروەها دەشێ مرۆڤ ئازابێت لەهەڵەکردن، تاکە شتێک، کە (باومان) باوەڕی پێیە ئەوەیە بوونی کۆمەڵگایەکی ئازادە، کۆمەڵگایەک کە بێ بەشت نەکات لەوەی کە دەیکەیت بەپێی ئارەزوەکانت بێت ڕووبەڕووی لێپێچینەوەو سزا نەبیت، لێرەدا(باومان)دیسان بۆچوونەکەی درێژە پێدەدات و دەلێ دەشێ مافی خۆت بێت کە کەس ڕێگریت لێنەکات و سزات نەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیامە دەبێتە پەیامێکی گومڕا چۆن؟ رەنگە تۆ ئازاد بیت لە کۆچ کردن بۆ وڵاتێک، بەڵام پارەی تیکێتت نیە، ڕەنگە تۆ ئازاد بیت لە

گەڕان بەدوای ئەو کارەی، کە حەزت پێیەتی، بەڵام دەبینی شوێنێک نیە هاوشانی ئەوە بێت کە تۆ دەتەوێ. ڕەنگە تۆ حەز بەوەزیفەیەک بکەی کە ئارەزوی لێدەکەی، بەڵام ئەو وەزیفەیە بەردەست نیە.( б а у ма н ,з у г му н т ,c 13 ).

ئەو دیسان ئازادی گرێدەداتەوە بە پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ بوونی تایبەتمەندی جیاوازی تاکەکان، بوونی تاکی ئازاد بەڕای (باومان) ئاماژەکردنە بە جیاوازی بارودۆخ لە نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا ئەمەش ڕۆڵی دەبێت، لە جێگیرکردن و سەقامگیری ئەو جیاوازیانەو دووبارە بەرهەم هێنانەوەی، بەواتایەکی تر ئازادی لای (باومان) مەرجێکی پێویستە لەپێناو تەواوکاری و بەرهەم هێنانەوەیەکی ڕێکخراو لەکۆمەلگادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (باومان) پێی وایە ئازادی لە ئێستادا بوونی جۆرێک لەسەربەخۆیی ئازادی تاکەکان لەشێوەی بەرخۆریدایە، ئامرازەکانی دەوڵەت ئاراستەی دەکەن بەرەو دورخستنەوەی خود، ئەوەش کەمتر پەیوەندی بە بەرهەم هێنانەوەی سیستەم و سەرمایەو کارەوە هەیە زیاتر پەیوەندی بە بازاڕی بەکاربردنەوە هەیە.(smith, dennis, 1999, p106).

**پۆست مۆدێرنە لای باومان**

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی کولتوری ئەوروپا بریتیە لە قسەکردن لەسەر دوای تازەگەری. بێگومان ئەوەش واتای کۆتایهێنان نیە بە قۆناغی مۆدێرنە وەک (باومان)ئاماژەی بۆکردوە. لە سێ دەیەی رابردوودا ژیانی ڕۆشنبیری ئەوروپا

گۆرانێکی مەزنی بەسەردا هاتوە زۆر پاشگری هاوشێوەی پۆست کۆلۆنیال و پۆست ڕۆشنگەری و پۆست پیشەسازی بەردەوام بەکاردەهێنرێت. وەک (باومان) دەڵێ دوبارەبەکارهێنانی ئەو چەمکانە بەقووڵی گوزارشتە لەوەی کە گۆرانکاری بە کردەوە ڕوویداوە. چوار گۆڕانکاری گەورە لە دونیای مۆدێرنە ڕوویانداوە، کە (باومان) ئاماژەی بۆکردوە بە خەسڵەت و سیمای پۆست مۆدێرینە دادەنرێت وەک:

یەکەم: نزمبوونەوەی ئاستی قەبارەی دەوڵەتی ناسیۆنالیزم، دواتر کەمبونەوەی خواستی نەتەوەیی بەتایبەتی دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت، بەمانایەکی تر جیهانگیری بووەهۆی لەدەستدانی گرنگی دەوڵەتی نەتەوە. هەروەها هابرماس پێشبینی ئەوەی کرد کۆمەڵگای دوای مۆدێرنە ململانێ کەلتوریەکانی لە نیوان هاوڵاتیانی نەتەوە جیاجیاکاندا قووڵتر دەبێتەوە.

دوەم : هۆشیاربونەوەی مەترسیەکان زیادیکردوە. خێزان بەدیدی زیگمۆن باومان زیاتر درکی بە مەترسی نائارامی کردوە، هەروەک دەوڵەتی خۆشگوزەران نەیتوانی پێویستی مرۆڤەکان دابین بکات. (باومان) پێی وایە بەکارهێنانی زانست و تەکنەلۆژیا خێراتر بووە لە جیهاندا، مەترسی زانست هەڕەشە لە ژیان وتەندروستی مرۆڤەکاندەکات.

سێیەم: کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن بەکاربردن یا بەرخۆری زیاترە لەکارکردن لەئێستادا ئەو دیاردەیە دەستەبەری پەیوەندی ژیانی تاک و کۆمەڵگادەکات.

کولتورەکان بە گووتەی( باومان) خۆیان ڕادەستی هێزی بازاڕ کردوە، بووەتە کێبرکێی کاڵاکان لەگەڵ یەکتر، هەموو ئەوەش

بریتیە لە سەرکەوتنی بازاڕ نەک تەنها وەک ڕێکخستنێک بەڵکو وەک ئایدیایەک، ئەوانە پۆست کۆمەڵگاو ژیانی پۆست مۆدیرنە پێک دینێ، کە خۆی لە جیاوازی کەلتورەکان دەبینێتەوە.
چوارەم : خەسڵەتی پۆست مۆدیرن لای(باومان)کۆتایی هاتنی ئیمپریالیزمی ئەوروپیە لەساڵی ١٩٩٠ بۆ نموونە شارەکانی وەک پاریس و ئەمستردام و لەندەن و ڤیەنا جگەلەوەی پایتەختی بازرگانی و سیاسەت بوون لەنێو چوارچێوەی ئەوروپادا، بارەگای فرەنەتەوە و فرە ڕەگەزن. ئەو کۆمەڵە خەسڵەتانە بەڕای (باومان)بوونە هۆی ئەوەی گۆرانکاریەکی مەزن لە دونیای مۆدیرنیتە ڕوبدات. کۆمەڵگا هەنگاو بەرەو پۆست مۆدیرنیتە بەرێت، دیارە بچووک بونەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەرزبونەوەی ترس یان ڕیسک، هەروەک بە جیهانگیری کردنی سەرمایەداری و ڕوخانی ئیمپڕیالیزمی ئەورووپی لای ئەو سیما و خەسڵەتە دیارەکانی دونیای پۆست مۆدیرنەیە (smith,
dennis, 1999, p9-11ئەرگومێنتی (باومان)لە بارەی پۆست مۆدێرنە بریتیە لە پرسیاری بێکۆتایی ئەقلانییەت کەئەمەش بووەتە هۆی نەمانی گێڕانەوەی مەزنی مۆدێرنە ئەو ئەقلانیەتەی کە نیهیلیزمی بەرهەمهێنا.مۆدێرنەی شل شوێنی نەرێنی پۆست مۆدێرنە دەگرێتەوە (balckshaw ,tony , 2005, p11).

(باومان) ڕوونتر لەوانی دیکە باسی پۆست مۆدێرنەی کردوە تێیدا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە دوای مۆدێرنە شەپۆلێکی میدیایی کولتوریی زیاد لە پێویستە شلەژاوە و پارچەپارچەیی و

هەڵـــدەكات و بـــەخێرایی دەڕوا، لەســـەرووی هەمویانـــەوە كاراكتەرێكی كولتوری هەیە لـەنێو تاكێتیدا سیفەتی فرەیی هەیـە، لـەنێو دۆخـی پۆست مۆدێرنـەدا جیهانی مرۆڤایـەتی لـە ئاراستەو پاڵنـــەری جیاجیـــای دەســـەڵات پێـــك دێـــت. پرۆســـەی پارچەپارچـەكردنی كۆمـەڵگای پۆســت مـۆدێرن پەیوەســتە بـە تایبەتمەندێتی كردنـی ژیـان بـەپێی بۆچوونی ئـەو پێگـەی ئایدیای كۆمۆنێتی یان كۆمەڵگا گۆڕاوە بۆیە (باومان) پێی وایە كە پۆست مۆدێرنە سـەردەمی كۆمۆنێتیـە communityئەمـەش بیرۆكـەیكی گرنگە وای لەكۆمەڵناسان كرد دووبارە پەنای بۆببەن بەمەبەستی ڕێگارەیەک بۆ ڕزگاربوونی دۆخی نەگونجان و ئـاوێزان نـەبوونی تـەوژمی پۆسـت مۆدێرنـە لەلایـەک و سـتەمی كۆمـەڵگای تـازەو پەیوەستكردنییان بـە بیرۆكـەی كۆمـۆنیتی و هـاوڵاتی بوونـەوە. (dodd, nagel,1999, p162

(گیـرارد دیلانتـی) پێـی وایـە بیرۆكـەی كۆمـۆنیتی پەیوەنـدی بـە كۆمـــەڵگای پۆســـت مۆدێرنـــەوە هەیـــە كـــە دەتـــوانێ پێشـــبینی وێناكردنی كولتوری بكـە بەشـێوەیەک بگـونجێ لەگـەڵ سـەردەمی جیهانگیری ئێمە لەگەڵ ئەوەشـدا گرنگـە ئـەو بابەتـە پەیوەسـت بـە پرۆسەی گەیاندنەوە لەنێو ژیانی كۆمەڵایەتییدا بكرێ. delanty). gerard, 2000, p130، كۆمـەڵگای پۆسـت مۆدێرنـە زیـاتر بەرخۆرییـە وەک ئـەوەی كـاركردن بێـت. گـەڕان بـەدوای چێـژ شـوێنی گـەڕان بـەدوای قـازانج دەگرێتـەوە. ڕیتمـی سیسـتمی سەرمایەداری لە كۆمەڵگای پۆسـت مۆدێرنـەدا بریتیـە لـەزاڵبوونی پرەنسـیپی چێـژ، كولتـوری جیاوازییـەكان شـوێنی هـەژمموونی

سەرمایەداری گرتۆتەوە، لۆژیکی شێوەی جیاوازی یەکانگیری لۆژیکی کولتوری پۆست مۆدێرنە دیاری دەکات. ( dodd, nagel,1999, p163).

لای (باومان) هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەنووکە بووەتە بەرخۆر ئەمە پرسێکی تازە نییە لەپێش قۆناغی مۆدێرنەی شلە وە هەبووە ئەو دیاردەییە بە گووتەی (باومان) تەنیا تاکەکەسی نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم خەسڵەت و سیمایەکی کۆمەڵایەتی هەیە هەروەها سیماو تایبەتمەندییەکی دەروونی و ڕەفتاری هەیە بە پلەی دووەم.

مرۆڤ لەکۆمەڵگای بەرخۆریدا تەنیا سەرسام نییە بە چێژی خواردن و خواردنەوە و ئاسودەگی و بەسەربردنی کات بەڵکو ئەمەش تێدەپەڕێنێت، بەرخۆری کۆمەڵێک پەیوەندی و جیاوازییە لەنێوان کۆمەڵێک ئاراستەو ستراتیژەوە. هەروەها کۆمەڵێک پەیوەندی و جیاوازییە لەنێوان پەیبردن و حوکمی بەهایی لە جیهاندا هەروەک تێڕوانین وێنای بەختەوەری و ڕێگاکانی بەدیهێنانیەتی.(bauman zygmunt , 2005,p83-84)

بەرخۆرو بەکاربەرەکان لای (باومان) دڵخۆشن بەوەی کەلوپەل و شتەکانییان زوو بەسەردەچێت هەمیشە ڕازیین بەوەی ئەو کەرستەو شتانەی کە دەیکڕن تەمەنی کورت بێت، دڵخۆشن بە زیادە مەسرەفی، ژیانی بەرخۆریی وەک یاری پەیژەو مارە، ڕێگاکەی لەسەرەوە بۆخوارەوەیە، یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە، ئەوپەڕی کورتخایەنە ،سەردەکەوێ و دووبارە دەکەوێ. مرۆڤ دەگاتە لوتکە دواتر دێتەخوارەوە، بۆنموونە لە ژیانی جوانکارییدا

مرۆڤ ئەو جل و بەرگە دەپۆشێ کە ئەوانی دیکە دەیانبینن یان پێویستە ئەو کارە بکات، خاوەنی بێت سەیر بکات. هەمیشە کەسی بەرخۆر بۆ یەکتر دەپۆشن، خۆجوانکردنی جەستەی مرۆڤ لای (باومان) ئامرازێکە هاوشانە لەگەڵ چەرخی بەربڵاویی ئێستا، ئەو شتانەی مرۆڤ خۆی پێ جوان دەکات دواتر بەخێرایی دەستبەرداریی دەبێت.58 , ibid ).

(باومان)دەیەوێ ئەوەمان پێبلێ گۆرانکاری لە سروشتی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای بەرهەم هێنەوە بۆکۆمەڵگای بەرخۆری بەشێوەی بەرچاو ڕوویداوە، چونکە هەمیشە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ڕاگیردەکات بەهۆی کۆمەڵێک ئامرازەوە وەک ئاین و ئاکارو داب و نەریت و هتد ... ژیانی ئێمە بەگشتی بووەتە ڕێگایەک بۆ بەرخۆری دەتوانیین لەماڵ بازاڕ بکەیین، وەک دیلیڤەری، سەیری تی ڤی دەکەیین، بێ توێتەرو یوتوب و فەیسبووک ناتوانیین ئارامبگرین ، لەماڵەوە جیهان دەبینیین، لە مۆڵەکان بازاڕ دەکەیین چێژ وەردەگرین لە ڕاگەیاندن لەکافتریا لە هۆڵی وەرزش لە ڕێکپۆشی جەستە، لەنمایشی جەستە، تاکی شل لە دۆخی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا بژاردەی زۆرە بەرخۆری دەبێتە هەڵبژاردەی کەسەکان. لەکولتوری بەرخۆریدا مارکێتەکان لەسەر خواست و ئارەزو و خۆشی مرۆڤەکان کاردەکەن بەم شێوەیە ژیان بووەتە بازنەیەک بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکان. بەهەرحاڵ بەرخۆری لە دیدی باوماندا چەندیین جۆری هەیە بەخۆریی جەستەیی و منداڵی بەرخۆر دواتر لە باسی کۆمەڵگای بەرخۆر تیشکی زیاتر دەخەینەسەر.

بەدیدی ئێمە (باومان)کەمتر کاری لەسەر میتۆدۆلۆژیا کردوە زیاتر تێبینی و سەرنجی خۆی بووە ئەو جگەلەوەی وەزیفەو ئەرکی کۆمەڵناسی لەدنیای دوای مۆدێرنەی دەسنیشانکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هونەرو بابەتی ئەدەبی بەشێک بووە لە شیکردنەوەکانی لەمەڕکێشەکانی کۆمەڵگاوە بۆ نموونە سەیری هەر توێژینەوەیەکی تیۆری دەکەی ڕاستەوخۆ پاڵەوانی فلیمێک یان ڕۆمانێک دێنێتەوە لەبارەی کێشەکانی تاک و کۆمەڵگا لەدنیای مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا بۆیە ڕەخنەی زۆری ئاراستەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکانی لەبارەی بەرخۆری کۆمەڵگاو پرسەکانی دیکە ڕاستیەکی بەرجەستەکراوە، بەڵام زیاتر تیۆری و شیکارییە هاوشێوەی (خەیاڵی کۆمەڵناسی ڕایت میلز) هەردووکیان شوێنی بەیەک گەیشتنیان لەنێوان پرسەگشتیەکان و گرفتە تایبەتیەکان بوو لەنێو کۆمەڵگادا بەمانایەکی دیکە کۆمەڵناسی لای ئەوان وەک کۆک تێلێک وابوو تێیدا جۆرێکی تایبەتیان لەم بوارەدا دروستکرد.ئەو جۆرە کارکردنە تەنیا پێویستی و گوومانەکانی کۆمەڵناسی نییە، بەڵکو بەرگری خودی کۆمەڵناسیە وەک زانست وەک ڕێگایەک بۆ تێگەیشتنی جیهان لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵناسی هەم تیۆرییەو هەم کاری مەیدانی و ئیمپێریکەڵ پەیوەندیی بە هەموو کایە زانستیەکانی دیکەوە هەیە هەر دیاردەیەک کە ڕوودەدات بۆ شیکردنەوەی چەندیین ئامرازی بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان چەندیین ڕووی هەیە.

# جان فرانسوا لیۆتارد و دۆخی پۆست مۆدێرنە

(لیۆتــارد) ڕۆلێکــی ئێجگــار گــەورەی بینــی لــە ناســاندن و پەرەسەندنی بیرۆکەی پۆست مۆدێرنە هیچی کەمتر نەبوو لەوانی دیکە هێندێک پێیان وایە کە ئەو یەکەم کەس بوە باسی دنیای دوای مۆدێرنیتــەی کــردوە تەنانــەت بــەباوکی ڕۆحــی وەسـفیان کروە، ئەگەرچی ئەو بیرمەندە زیاتر کاری لەسەر فەلسەفەکردوە، بەڵام توێژینەوەکەی لەبارەی دۆخی دوای مۆدێرنە پەیوەندی بە کۆمەڵناسیشــەوە هەیــە ئێمــە هەڵــدەدەین لــەم باســەی کۆتــا لێکوڵینەوەکـەدا ئامـاژە بـە گرنگتـرین تـەوەرەکانی هـزری لیۆتـارد دەکەین.

پرســیاری ســەرەکی (لیۆتــارد) دۆخــی پۆســت مۆدێرنەیــە ئــەو تێکســتە شــۆڕ بوونەوەیــە بــەنێو دنیــای سیاســەت و ئــازادی و بــەرخۆری و ئــەدەب و هونــەرو زمانناســی و دەروونناســی ئاکـارو کۆمەڵناسی و زۆر بواری دیکە.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد پۆست مۆدێرنە بەرەنگاربوونـەوەی فـوڕمی مۆدێرنـەی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتییـە، هێنـدێ لـە پۆسـت مۆدێرنــەکان ئــەوە دووپــات دەکەنــەوە کــە ئیــدی ئــەو شــێوە ڕێکخســـتنە مەعریفەیـــە بەســـەر چـــووە پێویســـتە دووبـــارە پێداچوونــەوەی بۆبکرێـت.گرنگتریین پێناســەی(لیۆتارد)بۆ پۆسـت مۆدێرنـە ئـەو میتـا نارەیتیڤەیـە metanarratives کـە نـاکرێ بـاوەڕی پێبکـرێ incredulity واتـە چـەمکێکی گووماناوییـە. (lyotard, 1984 xxiii)

(ستیڤین کۆنوور) گەورە ئەدیبی بەریتانی لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (کولتوری پۆست مۆدێرنە)پێی وایە (لیۆتارد) زیاتر کاری لەسەر کولتوری پۆست مۆدێرنە کردوە نەک خودی پۆست مۆدێرنە. سەرەکیترین ئەرگومێنتی کتێبی دۆخی پۆست مۆدێرنە تایبەتە بە ئەرکی گێڕانەوە لەنێو گووتاری مەعریفەی زانستی یان ڕێکارەکانی ئەو مەعریفەیە وەک شێوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی. سەرەتا ئەوەی سەلماند کە تایبەتمەندییەکانی زانست ڕەفزو سەرکووتی ئەو شێوە ڕەوایەتیەی دەکرد کە پشتی بە گێڕانەوە دەبەستا. ئەو پێناسەی گێرانەوەی مەعریفەی کردوە لەسەر بنەمایەکی ئەنترۆپۆلۆژیانەی کۆمەڵگای سەرەتایی تێیدا گێرانەوە بەشێوەی ڕوون بەرجەستە دەبێت. گێڕانەوە کۆمەڵێک ڕێسایە دەربارەی ئەوەی کێ لە نێو گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا مافی بەرپرسیاریەتی هەیە قسە بکات و گوێبگرێ(connor, steven, 1997,p24).

بۆ سەلماندنی بۆچوونە تیۆرییەکانی (لیۆتارد) نموونەی خێڵی (کاشیناهوای) هیندی هێناوەتەوە کە لە باشوری ئەمریکا دەژیین کاتێک پشت بە دەستەواژەیەکی جێگیر دەبەستن. گێڕەرەوە سەرەتا گێرانەوەکەی بە ناساندنی خۆیەوە دەستپێدەکات بەناوی(کاشیناهوا) دواتر جەخت لەسەر ڕەسەنایەتی خێڵەکەی دەکات. دواترماف بەخۆی دەدات قسەبکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو گوێی لەو چیرۆکە بووە لەلایەن کەسێکی تری هەمان خێڵی (کاشیناهۆ) گوێگریش پابەند دەکات بە گۆێگرتن ئەمەش نمونەیەکە لە ڕەوایەتی دان بە خود.(ibid 5

سەرەتا پێویستە ئەوە ڕوونکەینەوە کە مەعریفەی زانستی بەشێکە لە گووتار (لیۆتارد) لە کتێبی دۆخی پۆست مۆدێرنەدا دەڵی (بەدرێژایی ئەو چڵ ساڵەی دواییدا زانست و تەکنەڵۆژیا پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ دەنگناسی و تیۆرەکانی زماننـاسی هەبووە lyotard ,1984, p3) بەهەرحاڵ ئەو جۆرە گێڕانەوە لای (لیۆتارد) ڕێگایەکی سەرەکییە کە لەمیانەیدا ڕەوایەتی دەداتە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان تاکوو خواستەکانییان دووبارە بکەنەوە. دەرکەوتنی ئەو جۆرە گێرانەوەیە ئاماژەیە بۆ ڕابردوو هەروەها کردەوەی گێرانەوەکان بەگووتەی (لیۆتار) بۆ ئێستایەکی یەکدوای یەکە.(connor, steven ,1997, p25 )

(لیۆتارد) پێماندەڵی مەعریفەی زانستی بەشێوەی بەرچاو گەشەی کردوە ئەو ناوی لێدەنێ سەردەمی کۆمپێوتەر بەشێوەیەک ئەو ماریفەیە سنوری نێوان دیسپلینی زانستی و سنوری مامۆستاو قوتابی لەناوبردوە، تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر وای لە قوتابی کردوە بەشێوەی سەربەخۆ زانیاریەکان بەدەستبێنێت. بۆیە لەسەردەمی دوای پیشەسازی و بەرخۆریدا بەتایبەتی لەنێو کۆمۆنیکەیشنی دوور و کۆمپیوتەر دا گۆڕانێکی گەورەی بەسەر داهاتوە دوور کەوتۆتەوە لە ناوەخنی بەهای مەعریفی، پارچەپارچەبوونی مەعریفە لە نێو کولتوری پۆست مۆدێرنە ئێجگار تەشەنەی سەندوە بەهۆی زۆری گوومانەوە

incredulityئەمەش لای لیۆتارد بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە دەگەرێتەوە بەئاراستەی گراند نارەیتیف لەنێو گەشەی مێژووییدا.بەپێی بۆچوونی (لیۆتارد) کۆتایی ئەم شێوازە ی پۆست مۆدێرنە دوو ئاراستەی هەیە :

یەکەم: کولتوری پۆست مۆدێرنە دەناسرێتەوە بە ڕێژەگەراییی ئەمەش خواستی حەقیقەتی کێبڕکێکردنی فۆڕمەکانی مەعریفەی هەیە، (لیۆتارد) ناوی لێدەنێت گەمەکانی زمان.
دووەم: خەسڵەتی دۆخی پۆست مۆدێرنە دەناسرێتەوە بە زیادبوونی هۆشیاری و رازیبوون بە نائارامی ئەمەش بەشێوەی توند گورازشت کردنە لە زانستی دوای مۆدێرنە. (dodd,nigel, 1999,p136-137

(لیۆتارد)باس لە پێگەو سروشتی ماریفە دەکات بەو مانایە مەعریفە چییە؟چۆن دروستبوو؟چۆن رێکخراو و بەجێهێنرا لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا. بە دەربڕینێکی دیکە ڕاپۆرتی دۆخی پۆست مۆدێرنە لەبارەی ئەو رێگاو شێوازانەیە کە گەشەی کرد لە کۆمەڵگا واتە مامەڵەکردنە لەگەڵ پەروەردەو تەکنەلۆژیاو زانست وتوێژینەوەو پەرەسەندن. ئەو پێی وایە مەعریفە ئێستا بووەتە کەرەستەیەک لەبازاڕەکاندا کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت. هەروەها بووەتە بنەمایەک بۆ هێز و دەسەڵات لەنێو کۆمەڵگادا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەعریفە ئەو شێوە زانیاریارانەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی هێزو دەسەڵات پێویستە.هەروەها بووەتە بنەمایەک بۆ دەسەڵات لەنێو کۆمەڵگادا، ئەو پیێ وایە ماریفە هێشتا جیانەبۆتەوە لەدەسەڵات، چونکە مەعریفە لەشێوەی کەلوپەلی زانیاری پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات. دەشێ وەک بنەمایەک بەردەوام بێت وەک گرەوی کێبڕکێی جیهان لەدەسەڵاتدا.ئەوەی کە گەورەترین تەکنەلۆژی

لەبەردەســـتدایە، ئـــەوا لەبەرامبـــەردا گـــەورەترین ســـەرچاوەی مەعریفـەی هـەیـە بەپێچەوانـەوەش هـەر ڕاسـتە، جیهـانی کێبڕکـێ کردن بۆ دەسەڵات و هێز، بریتیە لە شەڕکردن لـەپێناو مەعریفـە و بـەکارهێنانی بـۆ سـەرچاوەی نـەوت و گـارزو خـەڵوز، لێـرەدا لیۆتارد مەعریفە پەیوەست دەکات بە سیاسـەتکردن، چونکـە لای ئـەو کۆمپانیـای نێـو نەتـەوەیی هاوشـێوەی نـەوت و کۆمپیوتـەر شـــوێنی دەوڵـــەتی وەک بنـــەمای کـــارکردنی لـــەڕابردوو دا یـــان لەسەردەمی مۆدیرنەدا گرتۆتەوە.

مەعریفـەی زانسـتی لـە ڕوانگـەی (لیۆتارد)نـاتوانێ نوێنەرایـەتی گشـتگیری totality مەعریفـە بکـات هەمیشـە بـوونێکی خسـتنە سـەری addition نارەیتیڤە، گێڕانـەوەش لای لیۆتـارد بـریتیین لـەو چیرۆکانـەی کۆمەڵـەکان دەربـارەی خۆیـان دەدوێـن لـەبارەی بـــــوونی ئێســـــــتایان و مێژوویـــــــان و هیوایەتـــــــەکانی داهاتوییان.(malpas , simon, 2003, p18– 21)

ئەگـەرچی چـەمکی گێڕانـەوە بەتـەواوی پێوەنـدیی بـە ئەدەبـەوە هەیە، بەڵام (لیۆتارد) زیرەکانە لەبواری فیکری پۆست مۆدێرنەدا بـەکاری هێنـا پێـی وابـوو هـەموو فـۆرمێکی گووتـار گێرانـەوە دەخاتەگەڕ بۆ پێشکەشکردن و ئامادەکردنی ئایدیاو بۆچوونەکەی بۆنموونـە مێـژوو پێـک دێـت لـە گێرانـەوەی ڕابـردوو سـایکۆلۆژیا چیرۆکـی خـودیی مـان بۆدەگێڕێتـەوە. سۆسـێولۆژیا وەسـفی جیاوازی فۆرمەکانی کۆمەڵگا دەکات کە کاریگەری بەسەر تاکەوە هەیـە. بەهەمانشـێوە زانسـتیش مانیفێسـتی جۆرەکـانی گێرانـەوە دەکـات وەسـفی جیهـانی فیزیـایی دەکـات بـەم پێیـە هەموزانسـتە

کۆمەڵایــەتی و مرۆڤایەتیــەکان وەســفی  گێرانــەوەی کارەکــانی خۆیان دەکەن.

میتا گێڕانەوە گوازارشتکردنە لە شتێکی بـەرزتر میتا پێشگرە بۆ نموونە لەزماناسییدا metalanguage میتا زمان بریتیە لە زمان بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفی کارکردن لە زمانێکی دیکەدا. میتا نارەیتیڤ پێک دێت لە کۆمەڵێک ڕێسای گێڕانەوە وگەمەی زمان ئەمەش واتای ئەوەیە کە میتا گێڕانەوە گەمەکانی زمان ڕێکــــدەخات. هــــەروەها دەستنیشـــانی هـــەموو شکســـت و سەرکەوتنێکی بەیانکردنی جووڵەی زمانەکە دەکات. malpas simon, 2003p24,

لای (لیۆتارد) بنەمای مۆدێرنە جۆرێکی تایبەتی ڕێکخستنی میتا گێڕانــەوەبووە، میتــا گێرانــەوە بەشــێکی زۆری تیۆریــەکانی ئــەو فیلەسوفە پۆست مۆدێرنە پێک دەهێنێت، بەڵام خودی گەمەکردن پێویستی بە ڕەوایەتی دانە بەهۆی گێڕانەوە بۆ نموونە چەرخی ڕۆشنگەری دەبێتە مافێکی گشتی زانست، لێرەدا هەموو کەسێک بەدیدی (لیۆتارد) مافی ئەوەی هەیە لەمیانەی پەروەدەدا بۆ ئەوەی ببێتە زانستخواز بۆیە زانست دەبێتە وەزیفەی کۆمەڵگا ئەو ڕەوایەتیدانە ی مەعریفە باوە بەدیدی (لیۆتارد) بەهۆی گێرانەوەی ئازادی بووە. هەروەها دووەم پێدان و بەخشینی ڕەوایــەتی دان خــۆی لــە مەزەنــدەکردنی روحــی ئایــدیالیزم دەبینێتەوە مەبەستی ئەوەیە پێمانبڵێت کە بابەتەکە تەنیا خەڵک نییە، بەڵکو بیرۆکەی سەربەخۆیی ئەقلانیەتە بۆنموونە دیالێکتیکی (هیگل) زیاتر ڕەوایەتی دا بە گووتاری زانستی بەم شێوەیە لای

ئەو پۆست مۆدێرنیتە روحی مۆدێرنە بەهۆی ڕەوایەتی دانی بە میتا گێڕانەوە بووە(lash, scott, 94).

وەک باسمانکرد گەمەی زمان لای( لیۆتارد)، جۆرێکی تری تیۆرەکەیەتی لەسەر دۆخی دوای مۆدێرنیتە، ئەو کۆمەڵێک تێبینی کردن و سەرنجدان لەبارەی ڕۆلی زمان لەدونیا دوای مۆدیرنە دەخاتەڕوو، پێی وایە هەوەڵیین بنچینەی گەمەی زمان بریتیە لە بابەتی گرێبەست یا دیار و نادیار، لەنێوان ئەو ڕۆڵەی کە گەمەکەرەکان دەیگێڕن، بەواتای ئەوەی گەمەی تایبەتی رێساکانی زمان خۆی لە شیعر دەبینێتەوە ئەوەش لای (لیۆتار) سروشتی نیە، بەڵکو لەلایەن کۆمەڵگاوە دیاریدەکرێ. دوەمین خاڵ ئەوەیە هەموو دەربڕینێک پێویستە بیری لێبکرێتەوە وەک جوڵە یا گەمەکردن بەدەربڕینەکان، ئەوەی سێهەم لای( لیۆتارد) نە ڕێسایە نە گەمەیە، بەڵکو گۆڕانکاریکردنە لەسروشتی زمانەکە بەمانایەکی دیکە هەموو جوڵەی زمانێک ملکەچی رێساکانە، ئەو پێی وایە پەیوەندییە کۆمەڵایتییەکان لەڕێگای ئەو سێ جۆرە لە وەزیفەی زمان پێک دێن جیاوازی جۆری زمانەکان کۆمەڵێک ڕۆڵی دیار دەگێڕن، هەروەها چۆن جیاوازی جۆری کۆمەڵگاکان فۆرمی جیاوازی سیاسەتکردنی هەیە لەشێوەی یاساو شەرعیەت ، بەگوتەی (لیۆتارد) ئێمە لەنێو ڕیزبەندی ئەو جۆرە گەمەی زماندایین بۆ رێکخستنی مەعریفەی کۆمەڵگاکان بەهۆیەوە ناسنامەی کۆمەڵگاکان دیاریدەکات.

## لای کۆمەڵناسانی پۆست مۆدێرنە

زۆرێک لە کۆمەڵناسان و توێژەرانی ئەو بوارە پێیان وایە سەردەمی ئێستا سەردەمی مەترسی و ڕیسکەکانە. ئەو مەترسیانە هەڕەشەی جدی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێگەیاندن و ئاستەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەکەن سەردەمی هاتنی ڤایرۆس و پیس بوونی ژینگەو بڵاوبونەوەی چەندیین نەخۆشی و پەتای وەرزییە. زیادبوونی تیرۆرو نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی هەلی کارو دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی نەتەوەکان و لە دەستدانی ناسنامە و پێکدادانی کولتورەکان و هەژموونی بیروباوەڕی سەرمایەداری و چەندیین فۆڕمی دیکەی نێگەتیڤی ئەو پرۆسەیەی کە جیهانی گلۆباڵ و سەرمایەداری بە پلەی یەکەم بەرپرسە لەو ڕووداوە نەخوازراوانەی کە بەردەوام هەرجارەو بەشێوەیەک خۆی دەردەخات. هەموو ئەو دیاردە ترسناکانە بەڕای ئەو بیرمەندانە بەرەنجانی دۆخی مۆدێرنەو پۆست مودێرنەیە کە خۆی لە تەکنەلۆژیاو ئامرازەکانی دەبینێتەوە هەروەک بەرەنجامی زیادبوونی بەرخۆری و بەکاربەرو کەرەستەو کەلەوپەلی مادییە.

(گیدنز) گەورە کۆمەڵناسی بەریتانی پێی وایە کە ئێمە ئێستا چوینەتە نێو چەرخی پۆست مۆدێرنیتە، لەکتێبی دۆخ و ئاکامی

مۆدێرنە دەڵێ: (ئێمە بەرەو ئاکامێکی ڕادیکاڵی جیهانی دەڕۆیین کە پێشتر وێنەی نەبووە) (giddense , Anthony,1990p3).

سەرچاوەی سەرەکی ئەو پچڕانەی کە بوە هۆی سەرهەڵدانی خەسڵەتی مۆدێرنە و دینامیکیەتی ئەو پرۆسەیە خۆی لە ناجێگیری سیستمی لۆکاڵی و جیابونەوەی کات و شوێن و دووبارە ڕێکخستنەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەبینێتەوە، (گیدنز) ناوی لێدەنێت the reflexive ordering چەمکی reflexiveداهێنەری خودی گیدنیزە کە لەزۆربەی توێژینەوەکانی ئاماژەی بۆدەکات.

-ئەو چەمکە سیماو خەسڵەتی هەموو کردەوەکانی مرۆڤایەتیە، بوونی مرۆڤایەتیە هەمیشە لە پەیوەندی دایە و دەستی پێوەدەگرێ، واتە بەردەوامبوونی گشت مرۆڤەکانە بەشێوەی ڕۆتینی لەسەر ئەو بنەماو بنچینانەی کە ئەنجامی دەدەن. ئەو کردەوانەی کەلە ژیانی ڕۆژانەمان بە ئاگاداری و ورياکردنەوە دەیکەین ئێمە هەموو ئاگامان لەو کردەوانەیە کە دیکەین ئەگەر بچوکیش بێت مرۆڤایەتی تەنیا کردەوەش نییە، بەڵکو مرۆڤ خۆدێکی هۆشیاری هەیە بە گووتەی (گیدنیز) بۆیە ئەو بە ورياییەوە پەیوەندی دەبەستێ. پرسیاری ئەو چەمکە تایبەتە بە کارو کردەوەکانی مرۆڤ وەک بۆچی ئەمە دەکەین؟چی دەکەین؟چ خواستێکمان هەیە لە پەیوەندییکردن دەمانەوێ چیمان دەستکەوێ؟ بەگشتی ڕفلێکس چاودێری کردەوەکانی مرۆڤ دەکات.

سەرەتای سەرهەڵدانی مۆدێرنە لای(گیدنز) بریتیە لە سیستمی ئابوری مۆدێرن کە ئەویش پێک دێت لە یەکەم: سیستەمی

سەرمایەداری ئابوری ئەوەش کالاو بەرهەم هێنان و خاوەنداریێتی سەرمایەو کرێی کار دەگرێتەوە لەچوارچێوەی کێبڕکێی بازاڕدا. بنەمای دووەمی مۆدێرنیتە لای (گیدنز) بریتیە لە ڕێکخستنی پیشەسازی بەشێوەیەکی ڕێکخراوکەئەوەش خۆی لە تەکنەلۆژیاو بەرهەمهێنان و کەلوپەل و گواستنەوە و ژینگە دەبینێتەوە. سێیەم بنەمای مۆدێرنیتە لای( گیدنز) بریتیە لە توانای چاودێریکردن ئەوجۆرە لای (گیدنز) ئاماژە بە چاودێریکرنی کۆمەڵگا دەکات، بەشێوەیەکی چالاک لەڕێگای کۆمەڵێک کەناڵەوە کە لە بەشەکانی پێشتر باسمانکرد .چوارەم: ڕەهەندی مۆدێرنە لای (گیدنز) بریتیە لە هێزی سەربازی کە ئەوەش خۆی لە بەرزەفتکردنی توندو تیژی بەشێوەیەکی مەشروع لە چوارچێوەی دروستکردنی شەڕدا دەبینێتەوە. (giddense p169-171

## ئۆلریش بێک و مەترسیەکان

کۆمەڵگای پیشەسازی لای ئەو کۆمەڵناسە دەبێتە مەترسی لەسەر پرۆسەی مۆدێرنە بۆیە ئەو پێی وایە کۆمەڵگای پیشە سازی نیوەی مۆدێرنەیە، تاک لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەوروپیدا لە قۆناغی ڕاگوزەریدا دەژیت بەومانایەی کە کۆمەڵگای پیشەسازی بووەتە کۆمەڵگای ڕیسکەکان. لە و قۆناغە ڕاگوزەرییەدا تێیدا بەرهەم هێنانی سامان هاوکاتە لەگەڵ ڕیسک یان بەمانایەکی دیکە ئەو قۆناغە بە چڕی ڕیسکی لەگەڵ

خۆیهێناوه کـه ئـهوهش بـهرهنجامی پرۆسـهی بـه مۆدێرنهکردنـه، ناوهندی کێشهی کۆمهڵگاکانی ئهوروپا بریتینیه لـه بهرهـهمهێنان و دابهشـکردنی کـهلو پـهل و نرخـهکان، بـهڵکو ریگریکـردن و کهمکردنهوهی مهترسیه خراپهکانه که بهرۆکی ئـهوروپای گرتـوه. لهبهرئـهوه لـه ئێسـتادا گفتوگـۆکردن لـه ناوهنـده ی بڕیـاره سیاسـیهکان لـهبارهی ڕیسـک دهسـتی پێکـردوه هەرکەسـە لای خۆیـهوه پێی وایـه ئـهو جۆره ڕیسکانه هەڕەشـەیەکی جدی لـه ژیانی ڕۆژانهیان دهکات. وهک خواردن و شێوهی ژیان ئهو پێی وایـه ڕیسـک بۆتـه سـامناکی واتـه مـرۆڤ ئیـدی لهسـهروی ڕیسکهوهیه هـهروهک پێی وایـه کـه ڕیسـکی بـه مۆدێرنـهکردنی مرۆڤەکان هەڕەشەیەکە چیتر گەڕانەوەی بۆ نیە لە ژیـانی مـرۆڤ و ڕوەک وئاژەڵدا .کە ڕەنگە ئەو سـامناکیە ببێتـەهۆی لـەناوچوون و خـاپورکردنی مرۆڤایـەتی. (بێـک) هەوڵیـدا بابـەتی ڕیسـک لـە زانسـتی سروشـتیەوە بگوازێتـەوە بـۆ نێـو کایـەی سۆسـیۆلۆژی، تێیدا دەرهاویشتە خراپەکانی ڕوونکاتـەوە لەوبارەیەوە پێی وایە کـە ڕیسـک ئیـدی بۆتـە پێکهاتەیـەکی کۆمەڵایـەتی کـە نەخشـە ڕێگایـەکی دراماتیکی هەیـە لـەنێو بـواری گشـتیدابۆتە کێشـەیەکی جیهـانی زۆر زەحمەتـە دورکەوێتـەوە لـە مـرۆڤ ئـەو پێی وایـە ڕیسـک بـە شـێوەیەکی ڕێکخـراو لەلایـەن گروپـی سیاسـیەوە دروسـتکراوەو سیفەتێکی کۆمەڵایـەتی وەرگرتـوە تـەنها خـەمیان سودی ئـابوری و قازانجـە. beck , Ulrich 2009,ward at risk , policy press)

مێـژوی مرۆڤایـەتی لـە هـەموو کۆمەڵگایـەک و سـەردەمێکدا ڕووبـەڕووی ڕیسـک و هەڕەشـەکانی تەندروسـتی دەبێتـەوە ئـەو

کۆمەڵناسە ئەو چەمکەی بۆ سێ قۆناغ بەکارهێنا پێش مۆدێرنەو پیشەسازی و مۆدێرنەو دوای مۆدێرنە پێی وایە ڕیسک لەسەردەمی ئێستادا خاسیەت و ئەدگارەکانی بریتیین لە کێشەی ئاو هەوا و پیسبونی ژینگە و خواردەمەنی، هەموو ئەو کێشانە بە بەراورد بە پێشوتر زۆر جیاوازن بۆیە پێی وابوو کە کۆمەڵگا پیشەسازیەکان و کارگەکانیان هەڕەشەی جدی لە مرۆڤایەتی دەکەن لەداهاتودا، چونکە لای ئەو مەترسیەکانی ئێستا نەک تەنها دەرگا بۆکۆمەڵێک ڕووداو دەکاتەوە، بەڵکو لەسەرئاستێکی ئێجگار بەرز ئەو پەڕی سامناکی و ڕیسک ڕوودەدات بەشێوەیەک ڕیسک دەبێتە نۆرم becoming ‘the norm، بۆیە لەئێستادا کارەساتەکان زۆر مەترسیدارن بەراود بە سەدەکانی ڕابردو بەشێوەیەک هەڕەشە ی لەناوبردنی ژیانی سەرزەوی مرۆڤەکان دەکات.

ئەو زانایە پێش چەندیین ساڵ بەر لە ئێستا باسی مەترسیەکانی پیشەسازی و پرۆسەی جیهانگیری کردوە ڕاستی بۆچونەکانی دەرکەوتن لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆڤید ١٩ کۆرۆنا بەرای ئێمە ئەو نەخۆشیانە بوونەتە دیاردەی کۆمەڵایەتی هیچ گەرەنتیەک نییە بۆئەوەی دووبارە نەبنەوە، بۆیە وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی دووبارە سەرهەڵدەدەنەوە هەرجارەو بەناوێکی دیکە لەژێر هەژموونی سەرمایەداری ئەگەرچی کۆمپانیاکانی سەرمایەداری لەهەولی کۆنترۆڵکردنی ئەو نەخۆشیەن، بەلام تائێستاش بەردەوامە و لە داهاتوشدا بەشێوازێکی دیکە درێژە دەکێشێ بۆ

قازانج و بەبازاڕکردن و ساغکردنەوەی کەلوپەلی پزیشکی و درەمان و چەندیین فۆڕمی بازرگانی کردن.

کۆمەڵناسی فێری ئەوەی کردووین کە دۆخی سەرمایەداری هۆکارێکە بۆسەرهەڵدانی دیاردە ترسناکەکان لەوبارەیەوە ئەو جۆرە لە نەخۆشیە کوشندانە هەمیشە پێشبینی کراو بووە لەلای زایانی کۆمەڵناسی، بەڵام هەموو ئەو پاساوانە لۆژیکی بن یا نا لۆژیکی هیچ بایەخێکی نیە، چونکە دواجار مرۆڤ لەهەموو شتێکی تر بە بایەختر و بەنرخترە دەبێ زانست هەمیشە لەخزمەت مرۆڤایەتی بێت لەئایندە دەکرێ وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە بڵاوبونەوەی ئەو نەخۆشیە بدرێتەوە، وەک بۆچی تا ئێستا زانست بەوهەموو ئامرازە پێشکەوتنەوە نەیتوانی بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەو نەخۆشیە بکات؟ بۆچی هەرلەسەرەتاوە نەتوانرا بەری پێبگیرێ ؟بەهەرحاڵ کۆمەڵناسی وەک بوارێک بۆشیکردنەوەی دیاردەو ڕووداوەگەورەکان قسەو لێکدانەوەی خۆی هەیە. کۆمەڵناسی هەمیشە لەنێو هەناوی کێشەو ڕوداوە مێژوویەکان گەشەی کردوە سۆسیۆلۆژیای پزیشکی وەک بەشێک لە کۆمەڵناسی تایبەتە بەو کێشانە بەوردی دەڕوانێتە پەیوندی نەخۆشییەکان بە کۆمەڵگاو بڵاوبونەوەیان.

نەک تەنیا (بێک)کۆمەڵناسانی کلاسیکیش هەر لەدێرینەوە باسی ئەو ڕووداوانەیان کردوە بۆ نموونە (دۆرکایم) باسی خۆکوشتنی و هاریکاری کۆمەڵایەتی کردوە کاتێک کۆمەڵ ڕووبەڕووی کێشەو بەڵاو پەتا دەبێتەوە (باومان) یەکێکی ترە لەو زانایانەی کە بە چڕی لە کتێبی مۆدێرنەی شل و پۆست مۆدێرنەو جیهانگیری باسی کارەساتەکانی سەرمایەداری و کۆمەڵگای

دوای پیشەسازی و کێشەکان کردوە کردوەکە لە داهاتودا بەڕۆکی مرۆڤ دەگرێ.
ئەو تارمایەی کەڕووی لە هەموو دونیا کردوە سەیرە مرۆڤ لە ئاستی هێشتا دەستەوەستانە ئەقل ناتوانێت پەی پێ ببات وچارەی دۆخەکە بکات بەیەکجاری بنبڕی بکات ئەگەر ئەوروپا بەو هەموو بیریارو زانسخوازو گەشەسەندنە ئەقلی و مەعریفەی خۆیەوە نەتوانێ ڤایرۆسەکان بەیەکجاری بنبڕ بکات. ئەوا لە بەرامبەردا ئەقڵی شەرقی و جیهانی ئیسلامی دەبێ چاوەڕێی ڕەحمەتی ئەوروپا بکات لەم بارەیەوە. زۆرێک لەو گووتارە فیکرو زانستیانەی کە ڕۆژانە بڵاو دەبنەوە لە توێژینەوە زانستیەکانی دنیا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو نەخۆشیە لە ئاژەڵەوە گواستراوەتەوە بۆمرۆڤ بە دیاریکراوی لە شەمشەمەکۆرە bat هەروەک هێندێکی تریان پێیان وایە دەستی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی سەرمایەداریە هێندێکی تر پێیان وایە، کە ئەوە دەرفەتێکە بۆ زیاتر چەسپین وزیاترکۆنترۆڵکردن و دووبارە هەیمەنەی دەسەڵات بەسەر خەڵکەوە.

بەڕای ئێمە کۆڕۆنا گەورەترین ڕووداو بوو تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆی نەبینیوە بەجۆرێک مرۆڤ نەک تەنها لەبێ متمانەیی تەواو لە ترسی تەواو دەژیا، بەڵکو ڕق و کینەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر یەکتر بڵاو کردۆتەوە وای کرد، کە تۆ ڕقت لەویتر بێت ئەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەتەوای لێک هەڵوەشێتەوە شتێک نەما بەناوی خۆشەویستی

ئەوی دیکە . لەم بارەیەوە خۆشەویستی تەواو غائیب بوو، ئەو ڕووداوە مرۆڤی تووشی هیستیریا کرد بەشێوەیەک حەزی دەکرد کەس نەبینێت دوورکەوێتەوە، ڕەنگە خاڵی ئەرێنی ئەو ڕووداوە بریتیبێت لەوەی دووبارە ژیانی خێزانی و لۆکاڵی پەیوەندییەکانی جارانی گەڕاندەوە سەردەمی زوو.کۆڕۆنا بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرامبەر بە کۆی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان و شتەکان گۆڕی هەموو جیهان و سروشت و مرۆڤایەتی خستە ژێرپرسیاری جدییەوە هەر لە خێزانەوە تا دەزگاو کایەکانی تری نێو کۆمەڵ، مرۆڤ بیرکردنەوەی گۆڕا بەرانبەر سەرمایەداری new لیبڕالیZ، مۆدێرنە، زاست، تێو، ئازادی، شا، مرۆڤ، سروشت، بەگشتی دووبارە پێناسەی شتەکان دەکاتەوە.

یەکێک لەو دیاردە سەیرانەی کە شوێنی پرسیارە ئەوەیە تائیستاشی بەشێکی خەڵک و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگا باوەڕی بە کووتانی ئەو ڤاکسینە نییە، تەنانەت لەکاتی سەرهەڵدانی ئەو دیاردە ترسناکە هەمان باوەڕ ڕەنگی دابوویەوە لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی ئەو ڤایرۆسە بەشێکی کۆمەڵگای کوردی وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکە هەمان باوەڕی وەهمی لەبارەی ڤایرۆسەکە هەیە، پرسیار ئەوە نییە ئەو دیاردەیە دەستکردە یان نا هەروەها پرسیار هەر ئەوە نییە گرووپەکانی نێو دەسەلات بازرگانی پێوە دەکەن، بەڵکو هەنووکە ئەو ڤایرۆسە مرۆڤ دەکوژێ و تەشەنەی سەندوە، ئەو جۆرە باوەڕە وەهمیە لە نێو کۆمەڵگاکانی دیکەش هەیە بۆ نموونە ڕوسیا لەکاتی بڵاو بوونەوەی کۆڕۆنا بەشێکی خەڵکەکەی بەدەستکردی (پۆتین) و

دەسەڵاتی دەزانی بۆنموونە بەپێی سەرژمێریەک کەلە سایتی ڕۆژانەی مۆسکۆ بڵاو بوویەوە ڕێژەی ئەوکەسانەی کە باوەڕیان بە فێڵ و وەهمی دەستکردی ئەو دیاردەیە هەبوە دووبەرانبەر بوو، بەڵام دواتر ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژەی توشبوان بەرزدەبوویەوە تا کەرەنتینەیان ڕاگەیاند لەناو هەموو دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکا ن و شوێنە گشتیەکان تائێستاشی ڕێژەی توش بوون و مردن لە ڕوسیا لەڕیزی پێشەوەی وڵاتانە.ناهۆشیاری تاک بەرانبەر مەترسی ئەو دیاردەیە زیاترە لە ترسناکی خودی کۆرۆنا.

## کۆمەڵگای بەرخۆر

گومانی تێدا نییە یەکێک لە خەسڵەت و سیماکانی پۆست مۆدێرنە کۆمەڵگای بەرخۆر دروست دەکات، کۆمەڵگای بەرخۆر ئەو کۆمەڵگایەیە کە زیادە مەسرەفی دەکات لە خواردن لەگەڕان لە خواردنەوە لە گۆڕینی کەل و پەل وکاڵاکان و کەرەستەکانی ڕۆژانە، هەریەک لە ئێمە لەم سەردەمی جیهاتگیریەدا بووینەتە بەرخۆر. کۆمەڵگای کوردی ئێستا بووتە بەرخۆر بەهەموو پێوەرێکی زانستی بەرخۆری لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا لە ناو چایخانەکاندا لە ناو خواردنگەکاندا لەنێو کایەی میدیادا بەگشتی لە نێو پانتایی گشت ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکاندا ئامادەگیی هەیە. تاکی کوردی بووەتە کەسێکی بەرخۆر ئەو دیاردەیە لەکۆمەڵگای کوریدا دەتوانین بڵێیین بووەتە کولتور وەک چۆن بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە کولتور،

کولتـوری بـەرخۆری ئەوەیـە کۆمـەڵگای کـە بەشـێوەی فـراوان کەرەســـــتەو ئامرازەکـــــان بـــــەکاردێنێت، خزمەتگوزاریـــــەکان بـــەکاردەبات زۆر گەشـــت دەکـات، زوو مـــۆدێلی ئۆتۆمبێلەکـــەی دەگۆڕێت، ژینگە پیس دەکات.

یەکێک لە دەرکەوتەکانی کولتوری بەرخۆری بە (گووتـەی مایک فێزەرســتۆن) پەیوەنـدیی بـە فراوانبـوون وتەشەنســەندنی نیـو لیبرالیزمەوە هەیە تێیدا کار لەسەر یەکانگیری ئابوری نەتـەوەو سەرکەوتنی هەڵبژاردنی سیاسییەکان دەکات کە لەبنەمادا پشت بە گەشەی ئابوری بۆ سنورداركردنی بەرخۆریزم دەبەستێ.
(Featherstone ,mike ,2007, xvii)

تـوێژەرانی کۆمەڵناســی و ئـابوری ئامــاژە بـەوە دەکـەن خـودی کولتـوری بـەرخۆری و بـەرخۆریزم تایبەتـە بـەڕۆژئاواو ئـەمریکا، بـــەڵام لەگـــەڵ بچووکبوونـــەوەی جیهـــان و زاڵبـــوونی فیکـــری سـەرمایەداری وتـەکنەلۆژیا بەشـێوەی بـەربڵاو ڕووی لـە هـەموو شوێنێکی ئەم جیهانە کردوە بۆیە کۆمەڵگاکان بەپێی هەلومـەرجی ژینگـەیی و کۆمەڵایـەتی پریشـکی بەرخۆرییـەکان بەردەکـەوێت لەنێویشدا کۆمەڵی کوردی.

لەڕاستیدا هەریـەک لـە ئێمـە ڕۆژانـە مامەڵـە لەگـەڵ بـەکاربردن و بـــەرخۆری دەکـــەین بـــۆ نموونـــە خواردنـــەوەی زۆر چـــای، بەکارهێنانی مۆبایل، یان ئۆتۆمێل دەکڕین، یان بەشـداری یـاری فوتبـــۆل دەکـــەین، کێشـــە ئـــەوە نییـــە، چونکـــە ئێمـــە ڕۆژانـــە بەریەکـەوتنمان لـە گـەڵ شـتگەلێک دەبێـت کـە پێویسـتیین لـەم سـەردەمی پۆست مۆدێرنـەدا، بـەڵام کێشـە لـە زیـاد بـەکارهێنان و ســـەرفکردنی کەلوپـــەل و کاڵاکانـــە ئـــەو کاڵایانـــەی کـــە بـــەکاری

دەهێنیـــین. بـــەڵام لـــە کۆمـــەڵگای بەرخۆریـــدا ئـــەوەی کـــە بەکاریدەهێنیین نەک هەر پێشبینیمان دەگۆڕێت، بەڵکو ئاراستە بۆ ئـــەوانی دیکـــە فەراهـــەم دەکـــات لـــەبارەی چینـــی ئـــابوری و کۆمەڵایەتیمان و دۆخ و ڕەگەزو نەریت و تەمەنمان، ئەم پێشبینی و ئاراستـانە بەشـێوەیەکی بـەهێز کاریگـەریان لەسـەرە لەلایـەن ڕێکلامکـارو بازاڕکارەکـان کـەوا مێشـکیان پڕژانـدووین بـە وێنـەو پەیام لەسـەر تـۆڕی کۆمەڵایـەتی ڕۆژانـە هاویارەکانمـان ئـەوانیش یارمـەتیمان دەدەن لـەوەی چ کاڵایـەکی بەکاربـەر شـیاوی ئەوەیـە بیکڕین، چۆن ئەو کاڵایانـە بـەکاربهێنیین تـاوەکو جیـاوازی نیشـان بـدات و لـەکوێ بیـانکڕین. (murphy , wendy, p15, 2017)
بەم پێیە بەکاربردن بووتە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەمان وەک چۆن میدیا بووەتە ژیـانی ڕۆژانـەی پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی نێـوان مرۆڤەکان بەهەمانشێوە بەرکاربردن و بەرخۆریش بووەتە ژیانی ڕۆژانەمان.
بـەپێی گووتـەی کۆمەڵناسـانی بـواری پۆسـت مۆدێرنـە چەنـد قۆناغێـک هـەبوە بـۆ پەرەسـەندنی بـەرخۆری و بـەرخۆریزم یەکەمین قۆناغ: لە سەرەتای شەستەکانی ڕابـردوو دەسـتپێدەکات تا کۆتایی حەفتاکاندا کە خۆی لە نزمبوونەوەی کاری پیشەسازی و لاوازی کـارکردنی چینـەکان بەشـێوەی کلاسـیکی و کولتـوری چینەکان بەگشتی دەبینێتەوە.
دووەم قۆناغی برەوسەندنی بەرخۆری و بەکاربردن دەگەڕێتـەوە بۆ سـەرەتای سـاڵی حـەفتاکان تـا نـەوەدەکانی سـەدەی ڕابـردوو لەمیانـەی ئـەو قۆنـاغـەدا consumption بـەکاربردن بـووە.

پێکهێنەری ناسنامەی تاکەکان وخۆی دەرخست دواتر ناسێنرا وەک پێکهێنەری سەرەکی بە پیشەسازیکردن. لێرەدا بەکاربەر سەری هەڵدا و بەکارهێنان لە بەرهەم هێنان جودابوویەوە.

سێیەمین قۆناغ: لەسەرەتای ١٩٩٠ دەستپێدەکات تا ئەمڕۆ بەردەوامە بەو مانایەی فەرامۆشکردن و بەلانانی بەرهەم هێنان لێرەوە دەستی پێکرد. ئەم پرۆسەیە پەیوەندیی هەڵسوکەوتی بەکاربەر بە بەکارهینان دەبەستێتەوە وەک هاوڵاتی دەچێتە نێو بازاڕی کارەوە.(Wendy p16 ,2017, Murphy)

لەکوردستاندا بەرخۆری لەهەموو ئاستەکاندا بوونی هەیە وەک لەسەرەوە هێمامان بۆکردکۆمەڵگای کوردی بەشێوەی ناسروشتی پەرەی سەندووە کارگەو مانیفاکتۆری تێدا نەبووە، تاکو قۆناغی کۆمەڵگای پیشەسازی تێپەرکردبێت. هەروەها دوای پیشەسازیشی بەخۆوە نەبینیوە بەومانایەی کە قۆناغی مۆدێرنەی وەک هزرو بیرکردنەوەی مەدەنی مرۆڤانەی نەبڕیوە، بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەی کە هیچ پڕۆسەیەکی گۆڕانکاریان بەشێوەی ڕادیکاڵ بوونی نەبووە تێیدا ئەو کەرەستە و کالاَیانەی کە بەکاری دێنێت خۆماڵی نیین و لێرە بەرهەم ناهێنرێت وەک هێمامان بۆکرد کۆمەڵی کوردی کۆمەڵگای پیشەسازی نیە تا بەرهەمهێنانی هەبێت ئەوەی کە دەشێخوات زۆربەی کەرەستەکانی لەدەرەوە هاوردە دەکرێ، بۆیە ئەوەی هەیە سیماو خەسڵەتی بەرخۆرییە بەشێوەی نائەقلانی و بێ پلانە، چونکە لە قۆناغی ڕاگوزەرییدا هەمیشە دنیایەک پێکدادانی سیاسی و کۆمەلایەتی ڕووبەرووی کۆمەڵگا دەبێتەوە.

ئەوەی هەیە کاریگەری کولتوری دەرەوەیە بەهۆی تەکنەلۆژیاو ئامرازەکانی دیکەی گلۆبالیزم مرۆڤی توشی بەرخۆرییەکی ئێجگار ناسروشتی کردۆتەوە. زۆری سەنتەرەکانی جوانکاری و زۆربوونی سەنتەرەکانی لەش جوانی پیاوان و ژنان، وەرزشکردن، کردنەوەی بێشوماری نوسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی زەوی و سەرهەڵدانی مودێلەکان لەنێو سۆشیال میدیا، ڕیکلامکردنی زۆر لە تۆرەکانی ئینتەرنێت، زۆری مۆتێل و میوانخانەکان، ریستۆرانتەکان، کافتریاکان، سوپەرمارکێتەکان، نادی کڵەپەکان، هەموو ئەوانە لەنێو چینەکانی کۆمەڵگا مومارەسە دەکرێت. ئەوەی جێگای هەڵوەستەلەسەر کردنە چینی ناوەند لە هەموو چینەکانی دیکە مومارەسەی بەرخۆری دەکات بەبێ ئەوەی سودی بۆنەوەکانی کۆمەڵگاکەی هەبێت. کارگە دروستناکەن، بازاڕی کار دروستناکەن گەنج و بێکار ی خۆماڵی لە خۆبگرن، بەڵکو کارە بازرگانیەکانی تەنیا بۆ خاوەنداریێتی کەسییە نەوەک بەکارهێنانی بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پێشڤەچوونی کۆمەڵگا، چونکە هیچ پاڵنەرێکی سەرمایەداری تێدا نییە بەمانایەکی دیکە ئەو گرووپە بازرگانانە بیر لە بەرژەوەندی گشتی ناکەنەوە وەک سەرمایەدار، بەڵکو تەنیا بۆ خاوەنداریێتی خۆیی و خێزانەکەی کاردەکات. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەپێناو ئایندەی نەوەکانی داهاتوو ئەقڵیەت و روحی سەرمایەدارییان نیە، تەنیا بەشێکیان نەبێ ئەوانیش پاڵنەری سەرمایەداریی هانیان نادات بۆکردنەوەی پڕۆژەی خزمەتگوزاری بەئەندازەی ئەوەی پاڵنەری ئاینی و کولتوریان

لەسەرە. جگە لەمەش بەشی زۆری خاوەن جێشتخانەو مۆتێل و بازەڕەکان کرێکاری خۆماڵی کەمتر دەخەنەگەڕ زیاتر بیانییەکان لەو شوێنانە کاردەکەن. لێرەدا ڕێژەی بێکاری خۆماڵی ڕۆژانە لە زیاد بووندایە ئەو دیاردەیە زانکۆ و شوێنە ئەکادیمیەکانیشی گرتۆتەوە لەکاتێکدا کوردستان خاوەن چەندیین پسپۆڕ و ئەکادیمی خۆماڵیە.

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی بەرخۆری کارکردنە لەسەر خواست و ئارەزوو بۆیە لە بواری خوێندنی بالاش ئەو بەرخۆریە ڕەنگی داوەتەوە، ئەو کەرتەش وەک سێکتەرەکانی دیکە بووەتە کەرەستەو کالا وەک هەموو کەرەستەکانی دیکەی بەبازاڕکردن ئەمە جگەلەوەی خەریکە زانکۆ و قوتابخانە تایبەتیەکان بەتەواوی هەژموون بەسەر پرۆسەی خوێندن دەکەن. ئەمەش جۆرێک لە نادادی کۆمەلایەتی دروستدەکات لەنێوان چین و پێگە جیاوازەکانی قوتابیەوە. بەرخۆری لە ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان بەشێوەی بەرچاو لەزیادبووندایە، سالانە قوتابی دەردەچێ کاری دەست ناکەوێ ڕووبەڕووی دنیایەک کێشەی کۆمەلایەتی و دەروونی دەبێتەوە. بەرخۆریزم وەک بیرۆکە ئێستا کار لەسەر بەبازاڕکردن دەکات، کردنەوەی زانکۆی ئەهلی و قوتابخانەی ئەهلی تەنیا بەخشینی بڕوانامەیە و یەکێکە لە سیما دیارەکانی بەرخۆری لەکوردستان لەکەرتی پەروەردەو خۆیندنی بالادا. ڕاستە بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری گرنگە بۆ هەر نەتەوەیەک، بەلام لەپاڵ ئەمە پێویستە ئەو دەرچوانە ڕۆڵیان هەبێت لە گۆرانکاریەکاندا. بەرخۆری لەسەر ئاستی هونەر و مۆسیقا لەم چەند سالانەی دواییدا بووەتە کولتوری میدیایی، فیلمە

خۆماڵییەکان تەواو فەرامۆشکراون، کۆپی فیلمە بیانیەکان چەندیین ساڵە بوونەتە دیاردەی بەرخۆری مۆسیقاو هونەری کوردی ڕۆژبەڕۆژ لە پاشەکشێ دایە لە قەیرانی قووڵدایە تەنانەت هونەری ڕەسەن غایبە و لاسایی کردنەوە شوێنی گرتۆتەوە. چێژ وەرگرتن کۆپی کردن و نمایشی جەستە نییە، بەڵکو هونەر کارکردنە لەسەر بەرهەمهێنانی فیلمی جوان کە تەواو دەربڕی ئیستاتیکا بێت، دەربڕی کێشە هەنووکەیەکانی کۆمەڵگاکەی بێت. بەرخۆری لەکوردستاندا تەنیا تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراوی سەرمایەدار یان خاوەن کار، بەڵکو چینە هەژارەکەش و توێژەکانی دیکەش بەشێوەی جیاواز مومارەسەی دەکەن و لەکرینی کالاو کەرەستەکان بەشداری هەقیقین.

## هونەری کوردی لەنێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا

سۆسیۆلۆژیای هونەر کار لەسەر ئەوە ناکات هونەر ببێتە بوارێکی تایبەتمەندی کۆمەڵناسی بەئەندازەی ئەوەی هونەر کایەیەکی مەعریفیە. پرسیاری ئێمە ئەوە نییە هونەر چیە؟چێژو و حوکمی جوانیە یان ئەو پرسیارانەی کە لە کۆنتێکستی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی جوانی هاتەکایەوە هەروەها باواز لەوە بێنین هونەر بەرهەمی ئایدۆلۆژیایە یان ئەوە تا چەکێکی بوراژوایە بۆ هێورکردنەوەی خەفەکردنی مرۆڤ و ئازارەکانی لەنێو سیستمی سەرمایەدارییدا. پرسیاری سەرەکی ئێمە ئەوەیە هونەری کوردی بە درێژایی ئەو چەندە دەیەی دواییدا چی ڕۆلێکی لە گۆرانی سترەکتوری کۆمەڵگا بینیوە؟ ئایا هونەری کوردی لە نێوان مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا چوون

جیادەکرێتەوە؟ ئایا هونەری پۆست مۆدێرنە دەتوانێ لەرێگای خەیاڵکردن و جوانیەوە واقعی کۆمەڵایەتی شیبکاتەوە؟ ئایا هونەری مۆدێرنەی تێپەراندوە، تاکو لەوێوە کار لەسەر پۆست مۆدێرنە بکات.

مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان ئەو شاهێدییە دەدەن کەخەباتی هونەر و فۆرمەکانی رۆڵی گرنگیان بینی لەگۆرانکاریەکانی کۆمەڵگادا. کۆمەڵناسی کار لەسەر ئەو هونەرمەندانە دەکات، کەچی پێشکەشی کۆمەڵگای خۆیان دەکەن. داهێنانی هونەرمەند چییە لەکۆمەڵگادا بەپێی سەردەم و بارودوخی کۆمەڵایەتی جۆری کارکردنی هونەریش گۆڕانی بەسەردا دێت بۆنموونە کاری هونەری کوردی لەپێش ڕاپەریین زیاتر فۆڕمێکی سیاسی وەرگرتبوو بەتایبەتی لەنێو کاری ڕۆماننوسییدا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە خاڵی بوو لەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە. ئەگەر سەیرێکی هونەری دراماو شانۆی کوردی بکەین و ئاوڕێک بۆ دواوە بدەین یان ڕاستر لەسەر دەمی مۆدێرنەدا هونەری کوردی لەوپەڕی جوانییەوە کاری دەکرد. هەرلە نوسراوی دەقەوە تا کارەکتەرو دەرهێنەر بەهۆی جوانییەکانی هونەری ئەو سەردەمە جەماوەر بە چێژەوە سەیری دراماکان و شانۆگەرییەکانی دەکرد لەکاتێکدا چەندیین سانسۆڕو فشاری لەسەر بوو، کەچی داهێنان هەبوو دەتوانین بلێین هونەری کوردی تا دووهەزارەکانیش کاریگەری دنیای مۆدێرنەی لەسەر بوو وەک کایەیەکی کولتوری کاری جوانی پێشکەش دەکرد، بەڵام دواتر بەرەبەرە پوکایەوە بەتایبەتی لەبواری شانۆو دراما و فیلمدا، ڕەنگە کەسێکی رەخنەگری بواری کۆمەڵناسی

هونەرو ئەدەب فاکتەرەکەی بۆ فۆرمی مۆدیرنە بگەڕێنیتەوە کە کاری شێوەو ناوەڕۆک بوو یان بۆ دەستپێوەگرتنی هونەری ڕەسەن بگەڕێنێتەوە یان بۆ غەمەکانی کۆمەڵگا. یان بۆنموونە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێننەوە کە هونەری مۆدێرنە کاری گەران بوو بەدوای واتا و جەوهەرو پرەنسیپی هونەریدا، بەڵام ئەوەشیان نابێتە بیانو، چونکە دوای گۆرانکارییەکانی دنیای هونەری لەسەردەمی پۆست مۆدێرنەدا کە کار لەسەر جیاوازی و هەڵوەشانەوەی هونەری مۆدێرندەکات، کەچی نیشاندان و پەخشکردنی فۆڕمی هونەری دوای مۆدێرنە هێشتا لە لوتکەی گەشەکردنیدایە بۆ نموونە لەڕوسیا خەڵک تامەزرۆی سەیرکردنی شانۆیە یان لە وڵاتانی دیکە بەهەمانشێوە کێشە لە دەق و داهێنان و و خودی هونەرمەندایە.

جگە لەمەش ئەو بیانوانە نابنە پێوەر لەسەر داهێنان لەم بوارەدا، چونکە هونەرمەند بەپێی ئەزموونی قووڵی خۆی لەڕێگای خۆیندنەوە پسپۆرییەوە ئەفراندن دەکات و خۆیی دەناسێینێ لە هەموو سەردەمێکی ژیاندا بەمانایەکی دیکە هونەرمەند کاتێ داهێنان لە دەق و نووسینی شانۆ دەکات کەسێکی شارەزا و لێهاتووە پەیوەندی بەکات و شوێنەوە نییە. هونەری کوردی لەسەردەمی ئێستای پۆست مۆدێرنەدا لە قەیرانی قووڵدایە خراپترین ئاستی هونەری پێشکەشدەکات بەدەگمەن نەبێت ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن مرۆڤ تەنانەت تاقەتی سەیرکردنی درامای کوردی و مۆسیقای ئێستای نییە، چونکە بەشێکی زۆریان بۆ ڕیکلام و نمایشی جەستەو بازارکردنی

هونەرە ئەوە جگە لەوەی کۆمەڵێک موهەریجی هونەری ئەو چەندەیەی ڕابردوو لە ژێر ناوی کۆمیدیا دەرکەوتوون منداڵی کوردیان فێری جوێن و قسەی نەشیاو کردوە بۆتە دیاردەیەکی بەر بڵاو ئەم جۆرە فۆرمەی کارکردن ئەو پەڕیی قەیرانی هونەری کوردی نیشاندەدات ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە ناشیرنە لەژێر پەردەی هونەری کۆمیدیاوە بۆ پەیداکردنی پارە ئەو پەڕی گاڵتە جاڕییە بە نەوەی کوردی و بەهاکانی ئەو جۆرە بەناو کۆمیدیایە نەکێشەی کۆمەڵگا نیشاندەدات نە جوانی هونەر نمایش دەکات بەڵکو کاریگەری نێگەتیفی لەسەر پەروەردەی منداڵان جێهێشتوە لەنێو پەیوەندییەکانی خێزانی و گەڕەک و شوێنەکاندا فێری چەندیین ڕەفتاری نابەجێی کردوون ڕۆژانە دووبارە ی دەکەنەوە. پێشتر هونەری مۆدێرنە هونەرمەندی جوانی دروستکرد، کەچی هونەری ئێستا کۆمەڵێک کەسی لاوازو بێ ئەزموون و هەزەلی دروستکردوە.

سالانە چەندین پارەو بودجە تەرخاندەکرێت بۆ کۆمەڵێک هونەرمەند ئەوانەی کارلەو بوارە دەکەن کەچی ڕۆژ بەڕۆژ لە پاشەکشەی قوولدایە هۆڵەکانی شانۆ چۆل و خامۆشن، بەڵام لەدنیای دەرەوەی پۆست مۆدێرنەدا تا ئێستاش بەرهەمی نوسەرانی شانۆ کاریگەرن هۆڵ و شوێنی نمایشی شانۆ لە بینەر و جەماوەر جمەی دێت . هونەری دراماو بەشەکانی دیکە تا سەرەتای دووهەزارەکان تاڕادەیەک کاری لەسەر جوانی و کێشەکانی کۆمەڵ دەکرد بە شێوازی مۆدێرن پێشکەش دەکرا، بەڵام ئەوەش کۆتایی هات ئەو بۆچوونە ڕاستە بازاڕی بەرخۆری و ئەنتەرنێت و ڕیکلامی بازرگانی و فۆرمەکانی دیکەی پۆست

مۆدێرنە هاتنە نێو کۆمەڵگا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هونەریش ئیدی کۆتایی هات، کاری هونەری کۆتایی نایەت تا ئەوکاتەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هەبێت، تا ئەو کاتەی جیاوازی کولتوری و پێگەی کۆمەڵایەتی و جیاوازییەکانی دیکە هەبن، تا ئەو کاتەی تاکایەتی هەبێت، وەک( بۆردیۆ)دەڵێت (کایەی بەرهەمهێنانی هونەر شۆڕشێکی هەمیشەییە و بەهاییەکی جیهانی هەیە). (inglis david , Hughson john , 2005p 37) ، بەڵام کێشەی هونەری کوردی نەبوونی تێکستی باشە نەبوونی خەیاڵە، چونکە خەیاڵ توانای خوڵقاندنی شێوەیەکی تازەی مەعریفەو درک کردنی هەیە ڕۆماننوس هەرگیز بەبێ خەیاڵ ناتوانێت دەقێکی ئەدەبی لەشێوەی چیرۆک و ڕۆمان بنوسێ بەهەمانشێوە لەنێو کایەکانی هونەری شانۆ و دراماو و گۆرانیی و بەشەکانی دیکەی هونەر ڕاستە، چونکە خەیاڵ بەسەرچاوەی داهێنان و هونەری نوسین و بیرکردنەوە دادەنرێت. هەروەها نەبوونی دەرهێنەری ئەکادیمی و کەسی ئەکتیڤ و پسپۆرو خۆنەویست و داهێنەر لە بواری هونەری کوردیدا کەمە ئەوەشی کە هەیە هونەر وەک کاڵایەکی بازرگانی دەبینێت بەر شەپۆلی ئەو تەوژمە بازرگانییەکەوتووە کە هونەر وەک کەرەستەی بەبازاڕیکردن تێگەیشتوون. ناکرێ هونەرمەندان دابڕاوبن لە جیهانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و بنیاتی کۆمەڵگا، چونکە وەک (بۆردیۆ) دەڵێ ئەوان پشت بە ئەگێنت و گووتارو و دامەزراوەکان دەبەستن وەک سەرمایەی کولتوریی و کاریزمی، چونکە شوێنیکی گرنگیان هەیە بۆ بەجێهینانی مەعریفەی جوانی

نـەک ڕوویـەکی سیاسـی بێت، هونەرمەنـد کایـەی بەرهـەمهێنانی کولتورییــە بــەرای (بۆردیــو) کایــەی بەرهــەمهێنانی هونــەری لەسەدەی نۆزدە سەربەخۆ بووە ئاماژە بە سێ کەسێتی گرنگی بـواری هونـەری و ئـەدەب لەفەرەنسـا دەکـات ئـەوانیش هەیـەک لـە(بۆدلێری شـاعیرو گوسـتاف فلۆبێرو ئیـدوارد مانێـت) بـوون خاڵی هاوبەشی نێوانیان ئەوە بوو توانیـان ڕاستەوخۆ بچنە نێو ململانـێ لەگـەڵ دامـەزراوەکانی دەوڵەتـدا کـەکۆنترۆڵی نوانـدنی هونـەریان کردبـوو، بـەڵام ئـەوان توانییـان نوێنەرایـەتی کـاری هونەری خۆیان بکەن ڕووبەڕووی دامەزراوەکان ببنەوە.(ibid 40) هونـەر وەک کایەیـەک دابەشـی کۆمـەڵێک ڕێگـا دەبـێ نـەک تـەنیا خاوەن پێگەی بەرزو پێگەی نزم، بەڵکو هونەر دابەشی هونـەری گـەنج و هونـەری کـۆن دەبێـت. ئەوانـەی پێشـەنگ بـوون، کـاری هونەری بـەلای (بۆردیۆ) هـەم لـە ئـامێزگرتنی ترادیشـنەکانە هـەم ڕووبەڕووبونــەوە و بەرەنگارییــە. هــەروەها کــاری هونــەری هەمدیسـان ڕاکێشـانی بینـەری زۆرە بـۆ دەسـتکەوتی مـادی و و بینـەری کەمـە بـۆ پێشکەشـکردنی ڕێـزی کۆمەڵایـەتی، ئەگـەرچی (بۆردیۆ) باوەڕی بەوە بووکـە زۆربـەی چێژەکانی هونـەر ڕۆڵـی لـە دووبـارە بەرهـەمهێناوەی نـادادی کۆمەڵایـەتی هـەبووە لەگـەڵ ئەوەشــدا تــاوتوێکردنی کایــەی ســەربەخۆیی بەرهەمهێنانــەوەی هونەری لـەڕووی سۆسـیۆلۆژیەوە بـە شـیکردنەوەی دیـدی پـاکی مێژوویـی بۆجـوانی پەیوەسـت کـرد. (webb jen ,schirato tony , 2002,p167-17) ئەمـەش هاوشـێوەی بۆچـوونی هەندێ لە بیرمەندانی مۆدێرنەو پۆسـت مۆدێرنەیە کە باوەڕیـان بـە ئـەزموونی پێشـەنگەکان avant garde هـەبوو، چونکـە

هونەری پۆست مۆدێرنە خۆی لە فرە پارچەیی کولتوری دەبینێتەوە لەژێر سایەی سەرمایەداری هاوچەرخدا پێیان وابوو هونەر لەسەردەمی پۆست مۆدێرنەدا توانایەکی شاراوەی بۆ بەرهەمهێنانی کردەوەی سیاسی وبەرگریکردنی نامرۆڤانەی بازاڕی ئازاد هەیە.

## ئەنجامی بەشی شەشەم

پۆست مۆدێرنە پەرچەکرداری پڕۆژە تەواو نەکراوەکانی مۆدێرنەیە، بەرەنجامی شکستی مۆدێرنیتە بوو لەهەمبەر پرسەکانی کۆمەڵگا ڕەخنەگرتنی کۆمەڵناسان بوو لەبەرانبەر پرسەکانی ئەقڵ و ئازادی و داوەری کۆمەڵایەتی و ژێندەرو چەندیین گرفتی دیکەی پەیوەست بە کۆمەڵگاوە. توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کۆمەڵگاکان لەسەردەمی پۆست مۆدێرنە دەژین، چونکە کولتوری بەرخۆری و بەکارهێنان ڕووی لە زیادی کردوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر سیماو خەسڵەتی پۆستمۆدێرنەیان تێدا زاڵە، مەترسیەکان ڕویی لە زیادییە پلان و کارنامەی مرۆڤەکان ڕوون نییە، مرۆڤ لە نائارامی ژیان گوزەر دەکات، سنوری پەیوەندییەکانی مرۆڤ کراوەترن لەجاران مەعریفە بەشێوەیەکی باش بۆ تاک والا بووە، ڕێژەی بەکارهێنانی کالاکان و کەرەستە زیاتر بوون لەجاران. توێژەر

گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگای کوردی لە ئێستادا بەر شەپۆلی تەوژمی بەکاڵاکردن کەوتووە کە لە زۆربەی ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕاگەیاندن و هونەریدا ڕەنگیداوەتەوە.

لەکوردستاندا خواست و ئارەزووی کڕینی کاڵاو زوو گۆڕینی کەلوپەل وکەرەستەکان بەشێوەی زێدە مەسرەفی بووەتە دیاردەی کۆمەڵایەتی. بەشێکی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی جیاجیا ئەنجامی دەدەن. هەروەها توێژەر تێبینی ئەوەی کرد کە هونەری کوردی بەتایبەتی دراماو فیلم و شانۆ بەهۆی کاریگەری سەرهەڵدانی سیماو ڕووکارەکانی پۆست مۆدێرنەوە لە قەیرانی قووڵدایە.بەپێی تیۆرەکانی پۆست مۆدێرنە بۆمان دەرکەوت کە سەردەمی ئێستا سەردەمی دوای پیشەسازی و فرەیی و لێک هەڵوەشانەوەی فۆڕمی کۆنی پیشەسازی وهونەری و ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی مۆدێرنەو زیادبوونی جیاوازییەکان و چێژو ئارەزووەکانی مرۆڤە.

# سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1- Alberto Martinelli, Global Modernizationa ,2005 London EC1Y 1SP.
2- marvasti amir, Qualitative Research in) Sociology,new dalhi.
3- bryman ,a Quantity and quality in social research, Unwin Hyman Ltd 1988.
4-. kumar ranjit, research methodology, 1999) new dalhi.
5- Hans Haferkamp and Neil J. Smelser,social change and modernity ,p38.
6- Simon Malpas, Jean-Franyoi s Lyotard,routledge, 2003.
7- oxford ,dictionary of sociology ,
8- yaghoubi, roya,key terms and theories
9- Gerard Delanty, Social Theory in a changimg world , uk ,1999.

10- Gerard, Delanty modernity and postmodernity , First published 2000,uk.
11- Marta Björg Hermannsdóttir,self identity in modernity ,2011,university of Akureyri.
12- beck ,urich,world at risik , 2008, polity.
13-peter wagner, peter ,a sociology of modernity,2003- Routledge.
14- Harvey , david, the condition of post modernity ,1990, Blackwell, Oxford.
15- dennis smith ,zegmunt bauman, prophet of postmodernity.
16- hall, stuart , formations of modernity, 1992, polity press.
17- Held david and mcgrew tony ,modernity and its futurs ,1992, polity press.
18- Touraine , alain, a new paradigm for underatanding todays world , translate , illeott, Gregory,2007, polity press.
19- Derek Sayer, capitalism and modernity An excursus on Marx and Weber1991, Routledge.
20- Robert J. Antonio,marks and modernity, 2003 ,Blackwell.
21-. Stuart Hall, Formations of Modernity,1992, polity press.
22- Ben Fine and Alfredo Saad-Filho,marxs capital, Pluto Press,2004.
23-. ROBERT N. BELLAH,durkeim ,on morality and sociology,1973,the university of Chicago press.
24- watts miller , Durkheim , morals and modernity1996 by UCL Press,p32.

25- Michael Hughes, sociology the core,7th edition, 2005, mc graw hill.
26- lukes ,steven,Durkheim , emile , his life and work a historical and critical study 1985,usa.
27- allen , Kieran, Durkheim , a critical introduction , 2017, Pluto Press.
28- lee david and newby howard , the problem of sociology, Routledge, 2000.
29-adorno, culture industurial , routledge 1991.
30- turner brian , maxs weber from history to modernity ,uk,1992, preface.
31- stewart simon, A Sociology of Culture,2013, ,University of Portsmouth, UK.
32- weber max science as a vocation , 2004 usa
33- Kieran Allen, Marx, The Alternative to Capitalism,2017, Pluto Press.
34- adams , matthew, self and social change , 2007
35- giddens ,Anthony , Modernity and Self-Identity, uk m 1991.
36- goodwin ,robin.changing relations , Cambridge University Press 2009.
37- press , salem, theoris of social movements , 2011
38- melucce , alberto, challenging cods , 1996, cambredge university.
39- giddens,Anthony , the consequences of modernity, 1991, polity press.
40- castell manuel , the information age , 2010
41- haferkamp,hans , social change and modernity, 1999, oxford.

42- BOURDIEU, on televition , transtale by Priscilla Parkhurst Ferguson ,1998,usa.
43- lubton, Deborah,digital sociology , Routledge,2015.
44- castells , manuel , the network society , 2004
45- sztompka ,piotr the sociology ofsocial change ,1994,uk.
46- perry marvin,westeran civilization A Brief History , Seventh Edition, 2011.
47- Veblen ,thorstein , The Theory of the Leisure Class 2007, oxford.
48- wynne , Derek,lesure and lifestyle and the new middle calass 1998, ukp.
49- shills, Edward , tradition , Paperback edition 1983
50-. Morley,Neville, Antiquity and Modernity,2009, ISBN.
51- olupona ,Jacob, Beyond Primitivism, 2004 ,uk
52- killner ,douglas , critical theory ,Marxism and modernity , 1989, polity press.
53- dodd,nigel,social theory and modernity ,polity press , 1999.
54- jay ,martin the dialectic imagination a history of fankfurt school,and the inistitude of social research ,1973uk.
55- bottomre ,tom, The Frankfurt School and its Critics.
56- Marcuse ,Herbert , one dimentional man ,uk, 1964
57- Marcuse , Herbert , an essay on liberation,2000
58- durkin , Kieran , the radical humanism of erich fromm ,usa , 2014.

59- Fromm , erich , the fear of freedom , 1942, uk
60- Wilson , ross, adorno , theodor 2007, Routledge.
61- adorno and Horkheimer, , dialectic of Enlightenment, Translated by Edmund Jephcott, 2002.
62- wrikin , Robert , ADORNO ON POPULAR CULTURE 1998, Routledge.
63- waters , Malcolm ,bell Daniel, 1996, Routledge
64- touraine ,alain, the post industrial society , Translated by Leonard F. X. Mayhew,1971, Random House.
65- balckshaw ,tony , zygmunt bauman , 2005, Routledge.
66- bauman , zygmunt , Holocaust and modernity , 2008 ,polity press.
67- lyotard,jian , the postmodern condition report on knowledge , 1984.
68- connor, steven,postmodernist culture, ecund idition , black well,1997.
69- beck , Ulrich 2009,ward at risk , policy press
70- giddense , Anthony , Modernity and Self-Identity 1991,polity press.
71- kireran , allen, Marx and the Alternative to Capitalism,p55,2011.
72- lukes ,steven,Durkheim , emile , his life and work a historical and critical study 1985,usa
73- melucce , alberto, challenging cods , 1996, cambredge university.
74- lash scott, sociolology of postmodernity , 1990, routledge.

75- giddense , Anthony , in defence of sociology, 1996, polity press.
76- killner ,douglas,critical theory , marxism and modernity,polity press, 1989.
77-Touraine, Alain, the post industrial society , Translated by Leonard F. X. Mayhew, RANDOM DOUSE, 1971.
78-Beck, Ulrich andElisabeth , individualization , 2001, SAGE Publications.
79- bauman, zygmunt , liquil life ,polity press , 2005.
80- bauman, zygmunt , sociological thinking , blackwell, 1990.
81- Emirbayer, Mustafa,emile Durkheim, ,2003, Blackwell.
Consumer cuture and postmodernit,2007, SAGE
82- Featherstone, Mike, Publications , Inc.
83- Murphy,wendy , consumer culture and society, 2017, SAGE Publications, Inc.
84-Allen, Kieran,maxs weber a critical introduction , 2004, pluto press.
85-turner ,bryan,theorise of modernity and post modernity theory ,1990, Sage Publications, Inc.
86- Allen, Kieran,marxs and alternative to capitalism, 2011, pluto press.
87- webb jen ,schirato tony , understanding Bourdieu,allen unwin, 2002.
88- inglis david , Hughson john ,sociology of art ways of seeing 2005,palgrave macmilan .
89-berger , peter, the social reality of religion,1976, Penguin University.

## سەرچاوە ڕوسیەکان

1- в.осипова .социология эмиля дюркгейма ,1997
2- Хозяйство и общество , ,2016,москва, с, 200) (макс вебер.
3- Жорж ,политическая антропология , Баландье ,москво,2001 .

4- бауман,зигмунт,свобода,фонд либерально миссия,2005.

## سەرچاوە عەرەبیەکان

1- لوڤيڤر هنري ما الحداثة ،ترجمة جهاد كاظم 1983،دار ابن رشد.

2-إبراهيم الحيدري ،النقد بين الحداثة وما بعد الحداثة،دار الساقي2012

3- دكتورة الجولاني ،فادية،التغير الاجتماعي مدخل النظرية الوظيفية لتحليل التغير ،1984،دار الاصلاح للطباعة والنشر.

4- تورين ،ألان ،نقد الحداثة،ترجمة عبد السلام الطويل، 2010،افريقا الشرق.

5- لاروك بيار ،الطبقات الاجتماعية ،ترجمة جوزف عبود ،منشورات عويدات،1972

6- دكتور الجابري محمد عابد ،2006،مركز دراسات الوحدة العربية

7- د.خليل معن ،التغير الاجتماعي2004 دار شروق.

8- مسرحي فارح ،الحداثة في فكر محمد أركون،2006،منشورات الاختلاف.

9- سروش عبدوالكريم ،التراث والعلمانية ،ترجمة ،القبانجي أحمد،2009،منشورات الجمل.

10- د.علي المحمداوي ،ايشكالية السياسة للحداثة من فلسفة التراث الى فلسفة

التواصل هابرماس نموذجاً، ٢٠١١،منشورات الاختلاف.